# جیهانبینیی نەتەوەییانە،
# لە هزری مەسعوود محەمەد دا






ناوی کتێب: جیهانبینیی  نەتەوەییانە، لە هزری مەسعوود محەمەد دا

ناوی نووسەر:  هەڵۆ بەرزنجەیی

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

چاپی یەکەم : ٢٠١٨

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی تاران

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( ١٠٤١ )ی ساڵی ٢٠١٨ پێدراوە

هەڵۆ بەرزنجەیی

# جیهانبینیی  نەتەوەییانە،
# لە هزری مەسعوود محەمەد دا

کوردستان  ٢٠١٧

## پێشەکییەکی پێویست

مەسعوود محەمەد، سیمبۆلی هەرە دیاری قەڵەم و هزریکە،کە بە درێژایی و پانتایی ڕووبەری نیو سەدە، لە هەلومەرجی سەختی داگیرکراوی و دابەشکراوی نەتەوە و خاکێکدا و لە بارودۆخێکی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ڕەوشێکی سیاسی نالەباری بارگاوی،بە ململانێی توندوتیژ و خوێناوی دا،کار دەکات و لە کایەکانی ژیاندا، بە بێ دوا کەوتن، بەوپەڕی بوێرییەوە،بە دەربڕینی بیر و بۆچوون و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانیەوە ئامادەگی خۆی دەسەلمێنێ.

مامۆستا مەسعوود، نوسەریکە بە زمانێکی چڕ و خەست و قووڵ، لە ڕەهەندەکانی کێشەی ژیان و مرۆڤ دەدوێ و گەرەکێتی، لە ئاڵۆزترین ساتەکاندا، لە ڕێگەی هۆشیاریی و ڕێنمایی بابەتییەوە/ ئۆپژەکتیڤ، بەختەوەریی و ئاسوودەیی بۆ مرۆڤ، بهێنێتە دی و فەراهەم بکات.

ئەم بیریارە. لە زەمینەی ڕاستەقینەی، مەیدانی خەباتدا" کورد و کوردستان"ەکەی، کردۆتە بەرهەسترین و سەرەکیترین و بە بەهاترین، کەرەسەی نووسین و لێدوان و چوونە نێو بواری بابەتە ئالۆز و بەهادارەکانی دنیای ڕۆشنبیریی و مەعریفەوە. بیروڕا و تێبینی و سەرنجەکانی، هەڵقولاوی ناخی دەروونی واقیعی کۆمەڵایەتی و دەرئەنجامی خوێندنەوەیەکی قووڵ و تێگەیشتنێکی بەرز و واقیعبینییەکی بەرچاوگەش و شارەزایی و لێهاتوویەتی بێوێنەیە. ئاخر مەسعوود بە چاوی خۆی شتەکانی بینیوە و بە ئەقڵی خۆی لێکی داونەتەوە و بە بیرکردنەوەی خۆی هەڵی سەنگاندوون.

ئەقڵی مەسعوود، بەردەوام لە کار و بیرکردنەوەدا بووە و هەرگیز وچانی نەناسیوە و قەڵەمی هەستی بە ماندووبوون، نەکردووە و بە درێژایی بیرکردنەوە و تێڕامانەکانی، لە کەوشەنی ڕاستی ویستی و هەقپەرستی دا،وزە و توانای خۆی خەست کردۆتەوە و بە دەوری ئەو تەوەرانەدا،مۆڵی خواردووە.

مەسعوود محەمەد،باوەڕی وابوو،هەرچی دید و ڕوانین و فەلسەفەیە،کە هەیە، سەرجەمیان، گەر ڕاستیان لە خۆی نەگرتبێت و ئالای هەقپەرستیان بەرز نەکردبێتەوە و ڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئاسوودەیی مرۆڤدا نەبن،هەرگیز پوولێکی قەڵب ناهێنن،لە مەیدانی مرۆڤایەتی و ژیاری دا.

بەڵێ ئەمە کرۆکی بیرکردنەوەی ئەم نووسەرەیە،لەسەر چەمکی ئازادی و سەربەخۆیی و کۆمەڵگای کامەرانی. لە ناواخنی هزر و بۆچوونە واقیعییەکاندا،کە زادەی هەڵکەوتێکی کوردییە، مۆرک و ڕەسەنایەتی کوردانە، دەبەخشێتە جیهانبینییەکەیی و زۆر بویرانە و بە پەڕۆشەوە، وەک هزرڤانێک، داکۆکی لە بیر و بۆچوونەکانی دەکات و بابەتییانە دەیانخاتە ڕوو. هاوشانی ئەم ڕاستییە بەڵگەنەویستە، هەل و چانس بە خوێنەر دەدات، ئازادانە مامەڵەی تەندروست بکات و خۆی سەرپشک بێت،لە بڕیاردان و هەڵبژاردنی بابەتەکان دا.

کـار و بەرهەم و خزمەتێکـی، ئەم بیرمەنـدە پێشکەشـی ڕۆشـنبیریی و بیـری کوردایەتی کردووە، شایانی دەیان لێکۆڵینەوەی بەرز و تێزی دکتۆرای بە پێز و توێژینەوەی شایستەی بەردەوامە.

ئەم هەوڵە خاکەڕاییەی بەردەستتان، لە بنچینەدا خوێندنەوەیەکە، بۆ هەڵگۆزینی تێز و بۆچوونی بیروباوەڕی نەتەوەیی/ کوردایەتی، لە دەریـای قـووڵ و فراوانـی بەرهەمەکـانی مامۆسـتا مەسـعوود دا. مـن لێـرەدا توانیـومە ئەم چەپکە گـووتە و بۆچوونـانە هەنـدێ کـورت و بڕەکیـان درێـژ، بـخەمە بەر دیـدی ئێـوە،هەروەک ئەو ماسیگرەی جارێ ماسی بچووک و جارەکیش هی گەورە دەبێت بە قولاپەکەیەوە. بمبوورن گەر کورتیم هێنابێت، یاخود ئەوەی لە مـن بەجێماوە،بـا قەڵەمێکی دیکە، بەسـەری بکـاتەوە. دیـارە ئەم کـارەش بـۆ خـۆی، هەروەک خوێنـدنەوە و لـێ تێگەیشـتنی نووسـینەکانی، مامۆسـتا سـەخت و دژواریـی خـۆی هەیە. بەنـدە دوای هەڵبژاردنی تێزەکان، بە پێی سـەلیقە و لە کێش هـاتنی بیر و قەڵەمـم، هەوڵـم داوە، داوە تیشـکێکی ڕوونـاک کەرەوەی زیـاتر ئاسـانتر بـخەمە سـەر بۆچوونەکـانی مامۆسـتا مەسـعوود و لەگەڵـێ شوێنیشـدا، بە پشـت بەسـتن بە بیـروڕا و تێکسـتی ڕۆشنبیرانی کورد و بێگانە، باسەکە گەشتر و دەوڵەمدتر بکەم.

هیـوادارم ئەم هەنگـاوەم، لەم سـەرە ڕێـی هەورازی کـاروانی هـزر و جیهـانبینی مەسعوود محەمەد دا، ببێتە سەرەتا و ڕچە شکاندن و هاندەرێکی ئەرێنی، بۆ کاری بە پێزتـر و شـەقاوهەڵنانی گەورەتـر، لە پێنـاوی هەڵچنینەوە و بینـاکردنی کۆشـک و تەلاریی هزریی کوردیی و بە بڕشت کردنی، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

مامۆسـتا مەسـعوود، بە ئامـادەگی کارا و بەرچـاو و هەسـتی، بە هـزری گەش و قەڵەمـی ڕەنگینـی،بە باوەڕ و تێڕامـانی بیـری نەتەوەیـی و خەرمـانی نووسـینە بە پێزەکـانی، لە پانتـایی کـایەی هـزر و ڕۆشـنبیری کـوردی دا،گەیشـتۆتە چڵەپـۆپەی هەڵکەوتن و خزمەتکردن. هاوکار کاریکەرێتییەکی قووڵ و گرنگیشی لەسـەر ئەقڵـی کوردی نیو سەدەی ڕابووردوو دروست کردووە و تابێت،بیر و بۆچوونەکانی زیاتر دەدرەوشێنەوە. هەر بۆیەکا مەسـعوود مـحەمەد ئێسـتا نـاوێکی شایسـتە و سـەنگینی لە گۆڕەپانی ئەم مێژووەدا بەدەسـت هێنـاوە و بە هەق هێـژای ئەوەیە، وەک بیریـار و زانـایەکی هەڵکەوتـوو و لێهـاتوو، پێگەیەکـی گەورەی بـۆ تەرخـان بکرێـت و کـار لەسەر بەرهەمە دانسقەکانی بکرێت. ئـاخر "**چەمکی کوردبوون**" ،بێ بەرهەمەکانی مامۆسـتا مەسـعوود، لە ڕووی هزریـی و زانیـاریی و زانینـەوە،هەژار و ڕووتەڵە و ڕۆشنبیریمان کەلێندار دەبێت.

شایانی گووتنە، ئاسـوودەم گەر بێت و بەم هەوڵە نـاچیزەیەم ، گیـانی مامۆسـتا شاد بێت و کتێبخانەی کوردیش دەوڵەمەند بێت.

**هەڵۆ بەرزنجەیی**

**سەرەتای ساڵی ٢٠١٧، بەرلین**

**ئەو بەرهەمانەی مەسعوود محەمەد، کە لێرەدا خوێندنەوەیان بۆ کراوە:**

١ـ دەمودووی هزر، و. حەکیم کاکەوەیس،٢٠١٤، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی ژمارە(٨)

٢ـ حاجی قادری کۆیی بەرگی یەکەم،بەغدا ١٩٧٢، ب ـ ٢ ـ ١٩٧٤، ب ـ ٣ ـ١٩٧٦ ، هەموویان لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.

٣ـ چەپکێ لە گوڵزاری نالی ،١٩٧٦، بەغدا – چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

٤ــ مرۆڤ و دەوروبەر بەرگی ـ ١ ـ ١٩٧٧ و ب ـ ٢ ـ ١٩٨٤،بەغدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی ـ ٣ ـ ١٩٩١،سلێمانی لە بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٥ـ هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا. و. حەکیم کاکەوەیس. حەساری گەورە/ کوردستان ٢٠٠٩

٦ـ بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەرکوێیەک بێت. ١٩٨٤،بەغدا، لە بڵاوکردنەوەی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

.

٧ ـ بۆچوونێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو،٢٠١٢هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە،وەشانی www.mamosta.net،کوردستان ٢٠١٠

٨ ـ حەمە ئاغای گەورە، ١٩٨٦، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

٩ ـ زمانی کورد، و .ح. کاکەوەیس،٢٠١٠،سلێمانی وەشانی سایتی www.mamosta.net

١٠ـ لە پەرۆشەکانی ژیان، و. مەسعوود محەمەد ستۆکهۆڵم ١٩٩٧، بڵاوکراوەی کتێبی هەرزان

١١ــ بۆگۆڕباتشۆڤ، و. ح. کاکەوەیس، کوردستان لە بڵاوکراوەی ڕێکخراوی زمانناسی ژمارە (١١)

١٢ـ پەرەسترۆیکای گۆڕباتشۆڤ، و. ح. کاکەوەیس کوردستان ٢٠١٤

١٣ـ گەشتی ژیانم ، چاپی سێیەم، کۆیە ٢٠٠٩

١٤ـ كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟ و. ح. کاکەوەیس. ٢٠١٢، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە
١٥ــ ژیــان و جیهــانبینی، هەڤپەیڤینێــک لەگەڵ مەســعوود مــحەمەد، هەڵــۆ بەرزنجەیی، چاپی یەکەم، بەرلین ١٩٩٩
١٦ـ بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا، بەغدا، ١٩٧٤، چاپکراوی کۆڕی زانیاری کورد
١٧ـ کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ، هەولێر٢٠١٠،دەزگای ئاراس

لەگەڵ کۆمەڵی وتار و چاوپێکەوتنی مامۆستادا، لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا

******************************

# دەموو دووی هزر

١ ـ { گەلی کورد، وەک لە لای کەسێکی شارەزای وەک ئێوە ئاشکرایە، بە بارودۆخێکی مێژوویی وەها دەورە دراوە، مێژووی مرۆڤایەتی ناتوانێ یەک نموونەی تری لێ بهێنێتەوە، چونکە کورد کراوەتە چوار پارچە یا زیاترەوە و وڵاتانی دنیا و وڵاتانی ناوچەی دابەشکردنەکەش بە گەلەکۆمەکێ کاریان بۆ بەردەوامی ئەو دابەشبوونە کردووە و یاسایان بۆ هەمیشەیی و شەرعییەت پێدانی داناوە و هاوکاری و هاوپەیمانییان لەسەری کردووە و ئەگەر لە توانای ئەو دەوڵەتانە بەدەر بووبێ گەلی کورد کۆت و زنجیر بکەن و مەودای ببڕن بۆ ئەوەی هەموو بزاوتنێکی رەت بکەنەوە، لە مەودای قەومییەتی بەرتەسکدا، بۆی هەیە ئەو بێزارییەی ئەم گەلەی تێئاخێنراوە لەگەڵ هەر خۆبزواندنێکی بێزاریدا، دەمی تیغ و نووکی تیژی سوپای ئامادەکراو بۆ هێشتنەوەی ئەو دابەشبوونە بە گۆشتیدا بچێ جا نرخەکەی هەرچەند خوێن و بەربەستکردنی ئازادیی کورد و قوربانیدانی بێ.

ئەگەر قوربانییەکانی گەلی کورد لەو بوارەدا بژمێردرێت، لە ژماردن ماندوو دەبیت و پێویستە بە چاوی نوقاوەوە باوەڕ بکەی هەستی کورد بە ئازاری کارەساتێک بەسەر منداڵیاندا دێ و چەوساندنەوەیەک بەسەر کەسوکار و نیشتمان و ئازادییاندا دەبارێ، بەقەدەر ئازاری ئەو عارەبانەیە کە بە هۆی ئەو قەسابخانە و زوڵمانەوە دەیچێژێ کە بەدەستی دوژمنی عارەب، لە مێژووی کۆن و نوێدا بەسەریدا هاتووە.

***هەستکردنی کورد نەمردووە تا بە هۆی دابەشبوون و کوشتوبرەوە ئازاری نەبێ لە کاتێکدا عارەب، گوێی دنیا بە دەربڕینی ناڕەزایی لە دابەشبوون و زوڵم، بە تێکۆشان بۆ یەکگرتنەوە کەڕ دەکا و جیاوازیی کورد و عارەب لەم بوارەدا هەر ئەوەیە کە عارەب چەندین حکوومەت و دەیان ئێزگە و سەدان رۆژنامە و یەک جەماوەر پیاوی دیپلۆماتکار و سیاسەتمەداری رەسمی و نارەسمییان هەیە و لە نێو دەوڵەتاندا و لە هەر دەوڵەتێکیش بە جیا، کە بەرژەوەندی عارەب بخوازێ، نوێنەرایەتییان دەکەن و بە هەزار و یەک زمان باسیان دەکەن و بەوپەڕی روونی، کە لەوێ بکەوێتە تەنگژەوە، لە دەیان وڵاتەوە سینگ و ئامێز بۆ لە باوەشگرتن و بەخێرهاتنی دەکرێتەوە و ئەگەر شێرەژنێکیان، جەمیلە، لە جەزائیر ئازار بدرێ حکوومەتە عارەبییەکان لە پێش گەلە عارەبییەکانەوە رادەپەڕن و بە سندان لە جێی قوززەڵقورت، بە بڕینی پەیوەندی سیاسی یا ئابووری یا بە بزووتنەوەی چەکداری ئەگەر پێویست بێ، بەرپەرچ دەدەنەوە و هەموو ئەوانە بۆ عارەب هەن و جێی خۆشحاڵی هەموو مرۆڤێکی بە ویژدانی شەرەفمەندی عارەب و نا عارەبە و لەوەش زیاتریان شایستەیە بەڵام کەس لە عارەب و ناعارەبی پرسیوە ئاخۆ کورد چۆنە؟. کاتێ دەڵێم بە بەردەوامی پێچەوانەی هەموو ئەوانەیان هەیە، زانیاریت زیاد ناکەم چونکە خۆت ئاگاداریت} . ل ١٤ ـ ١٥***

دۆزی کورد، بەو ستاتووەی تێی خزێنراوە، پرسێکی بێهاوتا و تاقانەیە لە جیهاندا. کرداریی نامرۆڤانەی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان، بەسەر چەند دەوڵەتێکی دەستکردی ئیمپریالیزمدا، کار و گوناهێکە، شیاوی لێبووردن نییە. راستە، لە بنچینەدا ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسایی، لە١٩١٦دا، بەم کارە، بەپێی رێکەوتننامەی ناوزڕاوی "سایکس پیکۆ" هەڵساون ئەو دەوڵەتانەی هەمان ئیمپریالیزم قوتی کردنەوە و بەشێکی کوردستانیان بە زۆرەملێیی پێوەلکێندراوە، بە توندترین شێوە، بە ئاگر و ئاسن و چەکی کۆن و مۆدێرن، لەو رۆژەوە هەتا ئێستا، داکۆکی لەو داگیرکراوی و شێوە دابەشکراوییە دەکەن و سەرسەختانە دژ بە کورد و ویستە رەواکانی وەستاونەتەوە و شەڕی لەناوبردنی دەکەن. ئەم داگیرکەرە نوێیانە، هەموو رێگا و شێواز و میتۆدێکی یاسای قەرەقۆشی و نایاساییان، لە رووی نەتەوەیی و سیاسی و سەربازیی و رۆشنبیریی و فەرهەنگییەوە، دژ بە کورد خستۆتەکار. هەر ساتێکیش کورد بەرانبەر بەم حاڵەتە، بۆ مانەوەی خۆی،

بەرگریی کردبێ و جوڵابێ و تەکانێکی دابێ، سەرکوت کراوە و بە کۆمەڵ کوژراوە. کەچی سەرباری هەموو سیاسەتێکی نامرۆڤانەی دوژمن، هێشتا نەتەوەی کورد، لە پێناوی رزگاری و سەربەخۆیی وڵاتی خۆیدا، لەسەر پێی خۆی وەستاوە و هەر ماوە و کۆڵی نەداوە. راپەڕینی زۆری کردووە و خوێنی زۆری داوە. هەتا نەشگاتە دوا ئامانجە رەوا و پیرۆزەکانی، دەست لە خەباتکردن هەڵناگرێ.

**لە پێش هەموو شتێکا چونکە کوردم**
**چۆلەکەی ناو هەزاران داوی ووردم**
**باڵی فڕین، دەنووکی هاوارکردن**
**زیاتر چەقۆم نزیک ئەخا لە گەردن** (گۆران)

مەسعوود محەمەد، لێرەدا، ناوەڕاستی ساڵانی(٦٠)ی سەدەی بیستەم، گفتوگۆ لەتەک تێکڕای رۆشنبیران و دەسەڵاتدارانی عارەب لە رێگای رۆشنبیرێکی گەورەیانەوە (د. عبدولرەزاق محێدین)ەوە دەکات. ئاماژە بە ئازار و ژان و ئامانجەکانی عارەب دەکات، کە چۆن بە دەست دوژمنەکانیانەوە دەناڵێنن. بە واتایەکی دیکە، ئازاری فەلەستینی کردۆتە دەلاقەی تیشکهاویشتن بۆ سەر ئازاری کورد و هاوسات، پەنجەیەکیش بۆ خەباتی کورد و فەلەستینی ڕادەکێشێ. لە دەروازەی ئەم تێزەشەوە دەتوانین ئەم ڕاستییانەمان لا ڕوون بێتەوە. هەرچەندە ساتەوەختانێکیش هەبن، ڕاپەڕینی کورد دامرکابێتەوە و هەست و نەستی کوردبوون برەک سڕ کرابێ، لێ ئەو هەستە هەرگیز نامرێ و چۆن عارەب بۆ کوژرانی منداڵەکانیان و کاولبوونی ماڵەکانیان گوێی دنیا پڕ دەکەن لە هاوار و پەنا دەبەن بۆ نێوەندە جیهانییەکان و دەزگاکانی پەرلەمانی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراوە حکومی و نا حکومییەکان و هێز و لایەنە نێوچەیی و جیهانییەکان. دەوڵەت و حکومەتە عارەبییەکانیش بە هەمان شێوە و بەو ئیمکانێتەی هەیانە، دەیکەنە هەڵا و میدیای بینراو و بیستراو و خوێنراویان، تژی دەکەن لەم هەڵمەتە و دەیکەنە ڕۆژی حەشری خۆیان. بە پەلە کۆبوونەوەی لوتکە سازدەکەن و هەر کەس و لایەنێک، سڵاوێک لە دوژمنەکەیان بکات، بایکۆتی دەکەن و پێوەندی ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسی لەتەکدا دەبڕن و بە توندی هێرشی دەکەنە سەر و بۆیان بکرێ سزای قورسی دەدەن. لەم

سەردەمەدا، کە دنیا وەرچەرخانێکی دیکەی بە خۆی داوە، دەوڵەتی عارەبی زۆر هەن بە ئاشکرا و نهێنی جۆرەها پێوەندیی بە ئیسرائیلەوە دەکەن. عارەب ئەم پێوەندییە بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانن، کەچی سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و میدیا و عەوامی عارەبی، بەردەوام بزاڤی کوردایەتی و سەرکردەکانی بەوە تۆمەتباران دەکەن، کە پەیوەندییان بە ئیسرائیلەوە هەیە. ئەم هەڵوێست و سیاسەتە دووفاقییەی عارەب، ڕاستییەکە، وا بە تەوێڵیانەوە. بەداخەوە، بەم تۆمەتانە، گەلێ سەرکردە و هێزی کوردییان تا ئێستا، تۆقاندووە و خەپاندووە. مامۆستا مەسعوود، هەر لێرەدا، قامک دەخاتە سەر خاڵێکی تری یەکجار گرنگ. بەوەی داگیرکەران و دوژمنان کورد، بەرانبەر بە هەر چالاکییەکی شارستانییانەی کورد، هێندە دڕندانە، شاڵاو دێنن و بە خراپترین شێوە وەڵام دەدەنەوە، بە ڕادەیەک لە شەڕانگێزی و بەربەریێتیدا، نموونەیان لە جیهاندا، کەم بەرچاو دەکەوێ. واتە هێندە نابەخشندە و ناکراوە و نادیموکراسین، کورد ناتوانێ لەتەکیاندا بە گفتوگۆ و دانوساندن، هیچ ئامانجێ بەدەست بهێنێ.

ئەوەتا، لە مێژوودا دەیخوێنییەوە، بەشێکی زۆری سەرانی کورد، بەدەستی داگیرکەران، لە سەر مێزی گفتوگۆ و بە شێوەیەکی نمەکحەرامانە کوژراون و گیانیان بەخت کردووە. داگیرکەران تەنانەت مافی شیوەنگێڕان و پرسەیان بۆ گیانبەختکردووانی کورد قەدەغە کردووە. لە باشووری کوردستان ڕۆڵەی کورد، گولله باران دەکران، دەوڵەتی داگیرکەری عێراقی، نرخی گوللەکانیان لە کەسوکارەکەی دەسەندەوە. تەرمی ئەوانەیشی لە سێدارە دەدران، بە کەسوکاریان نەدەدرایەوە. کاتێ پرسیاری چارەنووسیان دەکرا، بێسەروشوێن دەکران و کەس وەڵامی چنگ نەدەکەوتەوە. لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش، بە هەمان شێوە، سزای ئەوانە دراوە و دەدرێ، کە لە نێو دڵ و هەستی خۆیاندا، پرسە بۆ گیان بەختکردوویەک دادەنێن، یاخود فرمێسکێ بۆ مناڵێکی باوک شەهید دەڕێژن. پێشەوا قازی و هاوڕێکانی لەسێدارە دران و بۆ چاوترساندنی گەلی کورد، ماوەیەک تەرمەکەیان بە هەڵواسراوی لە ناوەڕاستی شاردا هێشتەوە. بێشکچی دەڵێ:

" کوردستان وڵاتێکە لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەش و پارچەکراوە. کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە. داواکردنی "با شۆڕشگێڕە کوردەکان لەگەڵ شۆڕشگێڕە عێراقییەکان یەک بگرن! داخوازێکی شۆڕشگێڕانە نییە، چونکە ئەم بۆچوونانە سوودیان بۆ ئیمپریالیزم دەبێت". (١،ل ٦٠/٦١)

**پیاوکوژینە**
**هەر لووتکەیەک**
**دڵی لاوازتان نایگاتێ و لەبەردەمیا دێتە لەرزین.**
**سەری ببڕن، هەتا داوێن هەڵیبدڕن**
**نەوەک خوێنی شەهیدێکی کوردستان.**
**مابێتەوە و لە ناوەوە چرۆ بکات،**
**نەوەک داری تفەنگ بڕوێ و سەر هەڵبدات،**
**ببێتەوە بە دارستان.** (فەرهاد شاکەلی)

***٢ـ {کورد، وەک دەزانی بە کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوری خۆی و بارودۆخەکەیەوە گەلێکی بێوێنەی مێژووە و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە میحرابەکەی بە روونی نووسراوە "گەلی لێقەوماوی ژمارە یەک" و دیدی هیچ چاوێک نایبوێرێ. کورد لە ریزی هەموو میللەتانی دنیادا، جگە لە بارودۆخەکەی، بە هیچ شێوەیەک لە هیچ شتێکدا تایبەتمەندێتی نییە. ئەگەر کوردێک دەنگ هەڵبڕێ ـ هەر بە قسە و واز لە کرداریش بێنە ـ سوپا و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی لێ تیژ دەبن و ناڵە لە ناخیدا دەتاسێنن و رێ نادەن هەناسەی دوای هەناسەدان هەڵمژێتەوە و ئەگەر فرمێسکێک لە چاوی ژنە کوردێک بۆ کیژۆڵەیەکی غەدرلێکراو داباریێ، بۆ جێبەجێکردنی یاسا و دەستووری بە پیرۆزکراو سونگی چاوی دەردێنێ و شیوەن لە کوردستاندا بۆ کارەساتە نەتەوەییەکان، لە پشت پەردە و پەرژینەوە نەبێ نییە و پەردە و پەرژینیش لە سزا دەرباز نابن.***

***کارەساتی کورد لە چارەنووسیاندا هەتا رۆژی ئەمرۆ بزرە و لە بزربوونی شتە بێواتاکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بزرترە و لە بزربوونی شتە بێواتاکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بزرترە. مێژوو کورد و تێکۆشان و شۆڕشیان و داستانی قارەمانانیان، ئەگەر بزریش نەبن قەڵەمی ساختەکاری بە سەریاندا دێ و شۆڕشەکانیان دەکاتە فیتنە و قارەمانێتییان دەکاتە شێتایەتی و قارەمانیان دەکاتە خائینگەلێک کە دادپەروەری سزای دابن}.ل ١٦-١٧***

ئەو بارودۆخە ناهەموارەی بەسەر نەتەوەی کورددا سەپێندراوە، کوردی کردۆتە نەتەوەیەکی لێقەوماوی ژمارە یەک لە جیهاندا. نەتەوەیەک بە ٦٠ ملیۆنەوە،

خۆی و نیشتمانە داگیرکراو و دابەشکراوەکەی کە هێندەی ئەم هەموو وڵاتانەی ئەمریکای لاتینی(گواتیمالا، هیندۆراس، نیکاراگوا، کوبا، ئالسەلفادۆر، جامایکا) دەبێت، عەلی/ ئازاد مستەفا، دەڵێ:

" ئێمەی کورد کە لە وڵاتێکی بەرفراوان و بەپیت و بەرەکەت و پڕ سامان و دارایییەکی زۆردا دەژین، وڵاتەکەمان لە جەرگی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و پانتاییەکەی نیوملیۆن کم چوارگۆشەیە، کە دەکاتە دوو ئەوەندەی پانتایی هەر پێنج دەوڵەتی ئەوروپایی( نەمسا و بەلژیکا و دانیمارک و سویسرا و هۆلەندە) لە پێنج دەوڵەتی سۆسیالیستخوازی ئەوروپایی( هەنگاریا و بولگاریا و ئەلبانیا و چیکۆسلۆڤاکیا و ئالمانیای خۆرهەڵات) یش پێکەوە زیاترە. هەروەها لە هەر حەوت دەوڵەتی عارەبی( لوبنان و کوێت و بەحرەین و قەتەر و میرنشینە عارەبییەکان و ئوردن و تونس) یش بخەیە سەریەک زیاترە و ئەوەندەی پانتایی ئەو حکومەتانە دەبێت و ئەوەندەشی لێ دەمێنێتەوە کە (٥) دەوڵەتی تری وەک کوێت یان حەوت وڵاتی وەک لوبنانیشی لێ دروست بکرێت!! دوو ئەوەندەی بەریتانیا یان ئەڵمانیای خۆرئاوا و ئەوەندەی هەموو فەرەنساش دەبێت!!. ئەم وڵاتە بەربەرینە ناوی لەسەر نەخشە نییە و تا ئیمرۆ وەک ماڵە میراتێ بەسەر ئەو کیانە ئیستیعمارییە داگیرکەرانەدا دابەش کراوە. وڵاتی ئێمە پەنجا ئەوەندەی لوبنانە و دە ئەوەندەی بەنگلادیش و پازدە ئەوەندەی بەلژیکا یان هۆڵەندە زیاترە!!. شازدە ئەوەندەی ئەلبانیاشە!. نەتەوەی کورد بەسەر یەکەوە **(٢٥)** ملیۆنە..کە سێ ملیۆنی پترە لە هەموو دانیشتوانی هەر سێ وڵاتی سۆسیالیستی( ئەلبانیا و بولگاریا و هەنگاریا) بەسەریەکەوە و شەش ملیۆنیشی پترە لە سێ وڵاتی ئەوروپای خۆرئاوا( دانیمارک و سویسرا و نەمسا) بەسەر یەکەوە! چوار ملیۆنیشی زیاترە لە نیوەی هەموو دەوڵەتانی جامعەی عارەبی کە پازدە دەوڵەتن و یازدە کورسیشیان هەیە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان، کە ئەم دەوڵەتانەن بەسەر یەکەوە( ئوردون، لوبنان، کوێت، یەمەنی دیموکراتی، بەحرەین، قەتەر، عومان، میرنشینەکان، لیبیا، مۆریتانیا و سۆمال!). بەم بەراوردکردنە کێشەی هەرە ڕەوای نەتەوەکەمان دەردەکەوێ... نەتەوەی کورد (حوکمی زاتی پێ ڕەوا نابینن) کەچی یازدە دەوڵەتی عارەبی کە نیوەی ڕاستی ئەندامانی جامیعەی عارەبین و یازدە ئاڵاشیان بەسەر تەلارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەشەکێتەوە، بە هەموویان و بەسەر یەکەوە لە ژمارەی کورد کەمترن!!".( ٢ ل ١٦-١٧).

حاجی  فەرموویەتی:

**بولگار و سیرب و یۆنان هەم ئەرمەن و قەرەباغ**
**هەر پێنجیان بە تەعداد نابن بە قەدی بابان**
**هەر یەکە موستەقیللن کول یەکی دەوڵەتێکن**
**ساحێبی جەیش و رایەت ئەرکان حەرب و لێدان**

سەرباری ئەم هەموو بنەما و خەسڵەتانە، هەرچەند هاوار دەکات کەس دەنگی نابیستێ، قوربانی دەدات، کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە، داوای مافی خۆی دەکات، فەرامۆش دەکرێ، خۆی نیشان دەدات، کەس لێی ناڕوانێت. خۆ گەر بێت و داگیرکەران، لە شوێنێکدا سەرکوتکردنی کوردیان بۆ نەچێتە سەر، هەوڵی ناوزڕاندنی دەدەن و تاوانباری دەکەن بەوەی کوتەکی دەستی ئیمپریالیزمە. مێژوو و فەرهەنگ و داوا ڕەواکانی دەشێوێنن و داستانی خراپەکارانەی بۆ هەڵدەبەستن.

ڕەنگە بەسەدەها سەرچاوە هەبن لە لایەن دوژمنانەوە نووسراون، بۆ کوێرکردنەوەی ناوی کورد و سڕینەوەی کوردستان و لەناوبردنی ڕۆڵی کورد لە ناوچەکەدا. ئەوەی جێی سەرسوڕمان و سەربەرزییە، داگیرکەران بەم هەموو شێواز و میتۆدانەی بە کاریان هێناون، هێشتا نەیانتوانیوە، بە مەرامە گڵاوەکان بگەن و بە پێچەوانەوە کورد هەر ماوە و وەک شاخی پیرەمەگروون خۆی ڕاگرتووە.

***٣ـ { لەسەر ناتەبایی فەلسەفی نێوان نەتەوایەتی و کۆمۆنیزم و لەسەر مەحاڵبوونی کۆکردنەوەیان لە یەک بونیادی حیزبیشدا، ناتەباییەک، نەک هەر لە نێوان پەیڕەوی نێونەتەوەیی و پێڕەوی نەتەوەییدا هەیە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی، ئەو ناتەباییەی لەگەڵ هەموو پەیڕەوێکی سیاسی تریشدا هەیە، چونکە حیزبێک پەیڕەوی ڕێبازی نێونەتەوەیی بکا، هەر کاتێ بەرژەوەندی نێونەتەوەیی بخوازێ، دەستبەرداری ئەو ئامانجە دەبێ کە لە بنەڕەتدا لە پێناویدا دروست بووە، ئەویش لەسەر بنەمای قوربانیدان بە بەش لە پێناوی گشتدا، وەک مارکسییەکان دەڵێن، لەگەڵ باوەڕهێنانیش بە ئاسۆی بەرین و مەیدانی فرەوانی ئەم بنەمایەدا، جێبەجێکردنی لەسەر خەباتێکی دابەشکراوی وەکو کورد، بە هەر پێوانەیەک بێ ئەنجامێکی پێچەوانەی دەبێ و هەر لۆژیکێک ڕاستییەکان سەرەونخوون نەکاتەوە***

***رەتی دەکاتەوە چونکە کورد لە خەباتی خۆیدا پێویستی بە چەندان و چەندان ئەو توانایە هەیە و دەبێ بە پێی ئەو بۆچوونە دەستبەرداری ئەو کەمەی خۆی بێ کە هەیەتی و ببیەخشێتە میللەتێکی هەزار ملیۆنی کە ئەوەندە توانای هەیە باس ناکرێ و ئەگەر کورد هەرچی هەیە بیداتێ پێی زیاد ناکا و ئەوجا فرسەتی ئەوەشی نابێ بە هۆی ئەو هاوکارییە کەمەوە سوپاسێک بکرێ. سواڵکەرێک دەستکەوتی رۆژێکی سواڵکردنی خۆی دەخاتە سەر سامانی ملیۆنێرێک و لە بەرانبەریشدا، نە سوپاس دەکرێ نە خەڵات دەکرێ چونکە ئەوە فەرزە و سەپاوە و بۆ بەخشینی دەستخۆشی لێ ناکرێ و نەبەخشینی سزا و کافربوونی بەدواوەیە}. ل ١٩ ـ ٢٠***

دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان پارتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هێندە بەڵگەنەویستە، لە ڕاستیدا چ شرۆڤە و شیکارێک هەڵنەگرێت. مامۆستا مەسعوود، بەو گووتە و باس و نموونە زیندووانە، بەجوانی و دروستی ئامانجی پێکاوە. هەڵبەت، لە مێژووی سەدساڵەی ڕابووردوماندا، هەزاران نموونەی دیکەی زیندووی لەم جۆرە بەرچاو دەکەون. کۆمەڵناسی گەورەی تورک بێشکچی دەڵێ:

"چەپی تورک بزووتنەوەی کوردی بە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی تاوانبار دەکرد و بە نا ئینتەرناسیۆنالیستی ناشۆڕشگێڕیان دادەنا.(...) لە لایەکی ترەوە چەپی تورک بەرگری لە مافەکانی گەلی ڤێتنام و فەلەستین و نیکاراگوا و ئەنگۆلا کرد، بۆ بنیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان. بەڵام هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد بە شێوەیەک بووکە تەنانەت بە کوردی قسەکردنیشیان بە هەڵەیەکی گەورە دەزانی، جا نەخوازەڵا نکوڵی کردن لە مافیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان. بۆئەوەیش کە شۆڕشگێڕانی کورد نەبنە ئامانجی تاوانبارکردنی چەپی تورک، داکۆکییان لە زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی و ئەو مەسەلانە نەدەکرد کە پێوەندییان پێیەوە هەیە. بەتەنیا بانگەوازیان بۆ مارکسیزم و لینینیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم دەکرد. دەبێت تێگەیشتنی کورد لە نەتەوەپەرستی لە هی تورک و عارەب و فارس جیاواز بێت، نەتەوەپەرستیی تورک و عارەب و فارس دوژمنکارانەن و مۆرکێکی ئیمپریالیستیی هەیە. نەتەوەپەرستیی کورد لە دژی هێرشی نەتەوەپەرستیی دوژمنکارانە و ئیستیعمارانە و رەگەزپەرستانە، بەرگری لە کورد دەکات و، بۆ هەمان ئەو مافانە تێدەکۆشێ کە تورک و عارەب و فارس

هەیـانە. نەتەوەپەرسـتی کـورد مـۆرکێکی دیمـوکراتی هەیە، چـونکە بەرەنگـاریی چەوساندنەوەی ئیمپریالیستی و ئیستیعماری ڕەگەزپەرستی بووەتەوە"(١. ل ٤٨).

هەر لەم دیدەوە،دەتوانین بڵێین: هەموو ئەوانەی خەبات و هەوڵیان، بۆ ئامانجی نـانەتەوایەتی کـورد لە گەڕدا بـووە و خەرج دەکەن، بەو سـواڵکەرەی بچـوێنین، کە کردە و بردەی سواڵکردنی ڕۆژانەی، خڕ دەکاتە گیرفانی دەوڵەمەند و ساماندارێکی گەورەوە. ئەوەی بە نێوی نێونەتەوەییەوە لە کوردستانی بندەست و بێدەسـەڵاتدا کـراوە، بـۆ خـزمەت و گیرفـان و خەزێـنەی شـورەوی و چینـی دەوڵەمەنـد و دەسەڵاتدار و خاوەن سەرمایە و تەنانەت سوودی میللەتانی سەردەستیشەوە بووە. بۆ نموونە: حیزبی کوردی بەناوی شۆڕشەوە، لە قەندیلەوە هەڵگری دروشم و باس لە یەکێتـی خـاک و دەوڵەتـی تورکیـا، ئێـران، ئێـراق و سـوریا بکـات و بە مـافی ڕۆشنبیریی و ئۆتۆنۆمی ڕازی بێت و بیەوێ ئەنقەرە و تاران و بەغدا و دیمەشق دیموکراتیزە بکات، لە ئاکامدا خزمەتی میللەتانی سەردەستەی تورک و فارس و عـارەبی کـردووە و پاسـەوانێکی خـۆڕایی سـنوورە دەسـتکردەکانی دەوڵەتە زۆڵەکەیانی کردووە.

***٤ ـ { حیزبی نەتەوەییش، بە تایبەتی لەناو گەلێکی لاوازی دابەشکراوی وەک کورددا، ئەگەر ئەو دروشمەی دووپات کردەوە و ئامادەکاری بۆ شەڕی چینایەتی کرد، بە پێچەوانەی ئەرکی مێژوویی سەر شانی خۆی ڕەفتار دەکا چونکە خەباتی نەتەوەیـی کە ئامـانجی بەدەسـتهێنانەوەی مافەکـانی گەلێـک بـێ نەک یەکـێ لە چینەکانی، پێویستی بە توانای سەرجەمی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە هەیە بە یەکگرتوویی و یەکڕیـزی و لە بـارودۆخی کـورددا توانـای دار و بەرد و هەرچـی بە ئاسـماندا دەفـڕێ و چـی بەسـەر زەویـدا دەخشـێ پێویسـتە چجـای ریزیـان دابەش بـێ و ئامانجیـان پـێچەوانە بـێ و بـبن بە شـەڕ بە سـەر یەکەوە و بە شـەڕی نـاوخۆوە سەرقاڵ بن نەک کاروباری تر؟ ئەو خەڵکانەی لە ناوخۆدا پێکدا دەدەن بە کەڵکی ئەوە نـایەن ببنە سـەربازی شـەڕی نەتەوەیـی بەڵکـو مـاددەی خـاون و بـۆ ئەوە ئامـادەن پـارتی کۆمۆنیسـت وەک کەرەسـە بەکاریـان بێنـێ. ئەوەش بـانگەواز بـۆ شەڕی چینایەتی دەکا، بیەوێ یا نەیەوێ کۆمۆنیستە و دژی نەتەوایەتییە و بیەوێ یا نەیەوێ بورغویەکە بە مەکینەی کۆمۆنزمی جیهانییەوە}. ل ٢٠ ـ ٢١***

یەکریـز و یەک ئامـانج دەبـێ تێکـڕای نەتەوە سـەنگەری خەبـاتی نەتەوەیـی هەڵبژێرێ... شەڕی داگیرکەران ئەرکێکی هێندە سانا نییە، بۆیە هەر بە یەکگرتویی هەمـوو کـورد دەتـوانین بەرگـری بکەیـن و بەرگە بگـرین. دەسـەڵات یـاخود دەوڵەت مانا و ناسنامە بە هەموو ئەو دیاردە و هەڵکەوتوو و بەهایانە دەبەخشێ. کەسی بێ دەوڵەت دەکەوێتە ڕیزی نەبووان و هـیچ قەپـانێ نـایخوێنێتەوە و چ هەژمـارێکی بـۆ ناکرێ.

کـورد خـاوەنی دەیـان هونەرمەنـد و شـاعیری هەڵکەوتـووە و هیچیـان لەوانـی نـاوچەکە کەمتـر نییە، کە نێوبانگیـان ڕەهەنـدی جیهـانی وەرگرتـووە. کـورد چـونکە دەوڵەتی نییە، تاکەکانیشی بێبەشن لە کۆمەڵێ نازناو و دەرەتانی ناوبانگ دەرکردن.

" پێویسـتە نەتەوە چەوسـاوەکان بـایەخ بە بەهـای نەتەوەییـان بـدەن و دەزگـای تـایبەتی خۆیـان دابمەزرێـنن بـۆ ئەوەی تـا سـەر سـەربەخۆیی و ئازادییـان بەهێـز بکەن". بێشکچی (١- ل ١٦).

ئامـانجی هەرە بـاڵای پـارتی نەتەوەیـی، کـارکردنە لەسـەر یەکێتـی و تەبـایی و سـەرفرازی و بەختەوەریـی و سـەرکەوتنی تێکـڕای ڕۆڵەکـانی نەتەوە، لە قۆنـاخی خەبـاتی ڕزگاریـدا، تەماشـای جـۆش و خرۆشـدان بە پـرس و داوای "سـەربەخۆیی" وەک گرنگتـرین و پیرۆزتـرین ئەرک و پرنسـیپی مـۆڕاڵی و ئامـانجی بـاڵای سیاسـی دەکرێت. هەڵبەت لەسـەرەتای خەباتـدا، پرسـی ئـازادی و سـەربەخۆیی، پـێش بە هەر جـۆرە دروشـمێکی تـری، نـاوخۆیی دەگـرێتەوە. پـاش سـەربەخۆبوون، دەرفەت بـۆ تێکۆشـان، بـرەو دانـی کـۆمەڵایەتی و یەکسـانکردنی کـۆمەڵگە و سـەرفرازکردنی زەحمەتکێشـان و لێقەومـاوان سـاز دەکرێـت. چـونکە لە دەمـی خەبـاتی ڕزگاریـدا، داگیـرکەر و دوژمنـان هەژار و دەوڵەمەنـدی نەتەوەی بندەسـت، لە یەکتـر جـودا نـاکەنەوە. فڕۆکەیەکـی داگیـرکەر گونـدێکی کوردسـتان بۆمبـاران دەکـات، گەورە و بچووک و ڕاست و چەپی دەکوژێ.

ئەوەی تـا ئێسـتاش بەرانـبەر کـورد کـراوە، داگیـرکەران کـورد لەسـەر کوردبوونەکەی دەیکوژن، نەک لەبەر پلە و نازناوەکەی: جوتیارە یاخود موڵکدارە!، نەتەوەییە، یاخود چەپە!. لەڕاستیدا ئەم قسانەش بەو مانایە نین، کەوا ئەو کۆمەڵە داوا و دروشمە، چ بایەخێکیان نەبێ و گرنگ نەبن. لێ وەک دەڵێن: پێویستە کاری گرنگتر لە پێش گرنگەوە ئەنجام بدرێ. هەروەک چۆن بە لای کەسێکی تینووەوە، پەرداخێ ئاو، لە سینییەکی ڕازاوە بە شیرنی جۆراوجۆر لەبەرتر و گرنگترە.

**فارس و کورد و عارەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە**
**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە** (نالی)

***٥ ـ { گەلی کورد باوەڕی بە خۆی و مافەکانی خۆی هەیە و بە قەدەر ئەو ڕێزە ڕێزی گەلان دەگرێ کە ڕێزی لێ دەگیرێ. ئیتر لە بارەی ئەوەوە فەلسەفە و مەزهەبەکان چی دەڵێن با بڵێن. ئەو فەلسەفەیەی شەرم لەوە دەکا فەتوای ئەوە بدا کە مافی سروشتی هەر گەلێکە لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانی خۆیدا سەرپشک بێ و مەرج و بیانووی بۆ بدۆزێتەوە، لە باشترین باردا فەلسەفەکە پێویستی بە چاککردن و ڕاستکرنەوە هەیە، دەنا دەبێ ڕاست بکرێتەوە. ئەوە دەڵێم و بەر لەوەی بگەمە قسەکردن لە سەر شۆڤێنیزم یا نەتەوایەتی دوژمنخوازانە، دەتوانم شتی زیاتر بڵێم، چونکە میللەتی مافخوراو و دابەشکراو داوای نەکردووە بچەوسێتەوە یا دابەش بکرێ تا ئەگەر داوای لابردنی چەوساندنەوەی کرد پێی بڵێن: بوەستە تۆ پێچەوانەی خۆتیت و بەڵگەت بەدەستەوە دا. ئەگەر ماڵێک داگیر بکرێ و خاوەنماڵ بە داگیرکەر بڵێ ئەی داگیرکەر ماڵەکەم چۆڵ بکە، نابێتە ئەو دەستدرێژیکەرەی خەسڵەتەکانی شۆڤێنێتی تێدا بێ. ئەگەر قسەکردنی بۆ دەرکردنی داگیرکەرەکە تێپەڕاند و کردی بە کردار، شایستەی نەفرەتی مێژوو و تووڕەبوونی فەلسەفەکان نابێ، بەڵکو بەوەی بە ماڵ و ژیانی خۆی هەوڵی وەرگرتنەوەی مافی خۆی دەدا، پارچە فوخارێک دەخاتە سەر تۆماری مێژوویی خۆی و بەڵگەیەک دەخاتە بەردەستی فەلسەفەکان تا وزەی لێ وەرگرن و بە لاپەڕەکانییەوە ببنە بەڵگەی ڕاستی بابەتەکانی. ئەگەر مێژوو حاشای لە چاکەکانیشی کرد و بیری فەلسەفە بە رووی هۆش و هەستدا تەماوی بوو، با بە رووی ڕەشەوە کە گەورەیی ڕاستگۆیی لێ سڕاوەتەوە لە دنیای بەدبەختەکان و زوڵملێکراوان دوور کەونەوە}. ل ٢٤***

گەوهەر و بنەمای سیاسەتکردن و مامەڵە و دۆستایەتیکردن، لەسەر بنەمای باوەڕبەخۆبوون و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خۆیی هەڵدەستێت. هەر فەلسەفە و بیروباوەڕ و سیاسەتێکیش جێگە و پێگەی، ئەم ڕاستییانەی تێدا نەبێت و وەک ڕیال پۆلەتیک، لەم دیاردەیە نەڕوانێت، ئەوە دەبێتە قوربانی بارودۆخ و ناتوانێ ڕەوتی مێژوویی خۆی، بەرەو ئاقاری سەرکەوتن تاو بدات. جا بۆیە گەرەکە، بە چاوی

بەنرخەوە، لەم ڕاستینەیە بڕوانێ و گەر باری لەنگ بوو، خۆی ڕاستکاتەوە. باوەڕ بەخۆبوونیش، زەمینەی لەدایکبوونی ویست و خواستە. هەرکەسێ ئەم چەکەی لە مەیدانی خەباتدا بەدەستەوە نەبێت،جەنگاوەرێکی باش نابێت و ناتوانێ، لە هیچ شەڕ و خەباتێکدا سەرکەوتوو بێت. چ جارێکیش پێی ناکرێ، گوزارەی دروست، لە خۆی و پرسی ڕەوای نەتەوەکەی بکات. ئەگەر شۆڤێنیزم، بریتی بێت، لە سڕینەوە و نکۆڵیکردن، لەوەی بەرامبەر و ژیان گوزەراندن لەسەر هەژماری بوون و هەبوونی کەسانی دیکە، ئەوە بە درێژایی مێژوو، دیاردەیەکی وا لە کورددا سەری هەڵنەداوە و بەرچاو ناکەوێ... بە مانایەکی دیکە کورد دەسەڵاتی بەسەر هیچ نەتەوەیەکی تردا نەبووە، تا شۆڤێنییانە ڕەفتاری کرد بێت. هاوکات تەواوی تیۆریی و تیۆریستان و بیرمەندان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، نەتەوەی بندەست، هیچ جارێک، گەر بیشیەوێت، ناتوانێت ببێتە شۆڤێنی.. ئاخر لەبەر ئەوەی بندەستە.

***٦ - {کورد لە خاکی کوردستان و ئاو و ئاسمانیەوە کەلەپووری ڕەگداکوتاوی خۆی لە کۆنی کۆنەوە بۆ ماوەتەوە و بۆن و بەرامە و شیعری بیرەوەری باوباپیرانی بە ئەمڕۆوە گرێی دەدا و بە پاشەڕۆژدا ئیلهامی نەمری دەگەیەنێتە نەوەکانی و نەوەی نەوەکانی}. ل ٣٠***

**لە ئاسمانەوە نەهاتووم،**
**من میوان نیم**
**من میوانی سێبەرقورسی کوردستان نیم**
**بەر لە مێژوو**
**کانییەک بووم، لێرە دەربووم**
**بەر لە مێژوو**
**ئاگرێک بووم لێرە هەڵبووم** (پەشێو)

وێڕای ئەوەی مێژووی کورد، لە زۆر قۆناغدا، لە تاریکیدا ماوەتەوە، لێ هێشتا بەشی ئەوەندە بەڵگە و ئارگومێنت لەبەردەستدان، بیسەلمێنن، کە یەکێکە لە نەتەوە هەرە ڕەسەن و دێرینەکانی نیشتەجێی ناوچەکە و کوردستان نیشتمانی مێژووکردی خۆیەتی. ڕەگوڕیشەی ئەم مێژووەش بۆ هەزاران ساڵ پێش لە زایین

دەگەڕێتەوە. سەرباری ئەو هەموو داگیرکاری و شەڕ و شۆڕ و لەشکرکێشییەی هێز و ئیمپراتۆرەکان، بۆسەر کوردستان، کەچی هێشتا هێندە ئەدەب و فەرهەنگ و مێژوو ماوەتەوە، کە بتوانێ ببێتە سەرچاوەی ئیلهام لێوەرگرتن و کولتوورێکی دەوڵەمەندی مایەی شانازیی. بە نموونە: ئاین و ڕامانەکانی مانیزم و زەردەشت و بەرهەمەکانی باباتاهیری عوریان و چەندانی تر. هادی محەمەدی دەڵێ:

"ئەگەر کورد بەشێوەی جددی ئاوڕ لە گاتاکانی زەردەشت بداتەوە و لە کولتور و دیسکۆرسی خۆیدا ئەندێشەی زەردەشت بژێنێتەوە، بەمجۆرە دەتوانێ تۆکمەترین سیستمی ئێتیکی ئەخلاقی بە دەست بێنێ و بە تێکهەڵکێش کردنی لەگەڵ هیومانیزمی ڕۆژاوایی، هەم مرۆڤی مۆدێرن و خاوەن باوەڕ بخوڵقێنێ، هەم بۆ پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی خاک و کۆمەڵگە بەرنامەی شیاو دابڕێژێ". (٥ل١٨).

شایانی ئاماژە پێدانە، گەر دەرەتانێک لە سێبەری ئازادی و دەسەڵاتی خۆیی کورددا ساز بێت، هەوڵی پشکنین و لێکۆڵینەوەی نوێ لەو دارستانی ئەنگوستەچاوەدا بدرێت، چاوەڕێ دەکرێت، گەلێک سەرچاوەی گەوهەریی نوێی بەنرخ و شایستە بدۆزرێتەوە و چەندەها راستی نوێش تیشکی رووناکییان بچێتە سەر و بەدووری نابینم، تەواوی مێژووی ناوچەکە سەرلەنوێ بخاتەوە ژێر پرسیارەوە.

***٧ ـ{ ئەی من چی بکەم کە سەر بە نەتەوەیەکم مێژوو باڵی شکاندووە و نافڕێ و ئێستاش چوارپەلی بەستووە و ناڕەوا و چەوساندنەوە لۆژیکی مۆر کردووە و ڕێ دەرناکا و تەماشاکەر چاو بە هەر لایەکی گەرمیان و کوێستانیدا بگێڕێ و ڕێبوار بە هەر دۆڵێکیدا بەرەو لووتکە هەڵگەڕێ یا بەرەو هەڵدێر داگەڕێ، جگە لە کەلاکی ئاواتی پێکراو و خوێنی قارەمانی زامدارکراو و کەلاوەی بەڵگەی گەورەیی کارەسات، بەڵگەی ئیرادەی ژیان و پارێزگاری ماڵ و ماف نابینێ و هیچ دەرگایەکی هیوا لە بەردەمیدا، بەرەو ئێستا و پاشەڕۆژ ناکرێتەوە، ئاواتی هاولاتێتی عێراق نەبێ لەسەر بنەمای شەریکی لەگەڵ ئێوەی کوڕانی یەعروبدا کە بە دەستوور پارێزراوە و ڕێی تێ دەچێ زیاد بکا و پەرە بسێنێ، ناشڵێم ئەوە کەمە، بەلام جگە لەوە هیچ دەرگایەکی تر ناکرێتەوە}. ل ٤٣ ـ ٤٤***

**هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان**
**ویشان شاردەوە گەورە گەورەکان**
**زۆرکار ئارەب کردنە خاپوور**
**گنای پاڵە هەتا شارەزوور**
**ژن و کەنیکان وە دیل بشینا**
**مێرد ئازا تەلی وە رووی خونیا**
**رەوشت زەردەشت مانەوە بێکەس**
**بەزەییکا ناکا هورموز وە هیچ کەس**
واتە:

شوێن نزرگەکان وێرانبوون، ئاگرەکان کوژانەوە... گەورە پیاوان خۆیان شاردەوە.. زۆرداری عەرەب کردیان وێران و خاپوور.. گشت گوندەکان هەتا شارەزوور... بە دیلی گیران ژنان و کیژان...پیاوە ئازاکان لە خوێندا گەوزان

بێکەس مایەوە ئایینی زەردەشت...هورمز(ئاهورامەزدا)بەزەیی بە هیچ کەس نایەت(٣، ١٩٠)

مامۆستا مەسعوود، لە قوڵایی مێژووی بندەستییەوە، تێهەڵدەچێتەوە بۆ گوزارشتکردن لەو مەینەتییەی، کە مێژوو بە چارەنووسی کوردی بڕیوە. کورد بەشێوەیەک برینداار و شەتەک دراوە، جارێ هەر لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ و دیمەنی چواردەوری گۆڕی گیانبەختکردووانی خەباتەکەیەتی و لاشەی کوژراوی ژن و کۆرپەی تاسێنراو و خاکی وێرانە. کاتێ مامۆستا، ڕووی دەمی لەم ڕۆشنبیرەی عارەب دەکات، باس لەو دەرەتانە دەکات، لە عێراقدا هەلی ڕەخساندنی هەیە. ڕۆشنبیرانە، چاوەڕێی هەڵوێستی دۆستانە و مرۆڤدۆستانە و هاوکۆییە لێیان. دەنا وەکی دیکە، لە ڕەوشێکی وەهادا، عارەب تێیدا سەردەست و کورد بندەست، ئەو هاوکێشە لەنگە و کورد زیانی لێکردووە و ناتوانێ هیچ هەنگاوێ بێتە پێشەوە، چونکە ڕێگەی لێ بەندکراوە، ڕۆڵی ئاسایی خۆی بگێڕێ. هەرکات لاسەنگی لە هاوکێشەکەدا نەما، ئەوسا کورد و عارەب، دەتوانن بە هاوبەشی کار بۆ هێنانەدی ئامانجە گەورەکان بکەن.

با سەرنجێ لە هاوکێشەی لاسەنگی نێوان کورد و عارەب، لە عێراقی دەستکردی ئینگلیز بگرین و بزانین پاش تێپەڕبوونی ساڵانێک مەلیک فەیسەڵی قەرزکراو لە

حیجازەوە، چی دەربارەی میللەتی عێراق دەڵێ: "بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە کە ئازاری دڵم دەدا دەڵێم، تا ئێستا شتێک بەناوی میللەتی عێراقەوە بوونی نییە".

مازینی پارێزەری ئیتالی، لە ساڵی ١٨٥١، دا دەڵێ: دەوڵەتێک لە سایەیدا، چەند نەتەوەیەک ناچار بکرێن، تێیدا یەکگرن و پێکەوە بژین، ئەمە نەک ویستی سیاسی نییە بەڵکو کارەسات و دۆزەخی ژیانە".

" ئاخر پێوەنداریێتی ئینتمای ئیتنیکی هەمیشە بەهێزترە، لە هەستی هاووڵاتیبوون".(٤،ل ١٠٥) د. میران.

**زمانم لێ داگیرکرا**
**مێشک و دڵم خورا، بـــرا**
**خوێنییان مژیم گۆشتیان خواردم**
**ئێسکیان بە سەیان سپاردم**
**لای تورکە نیوەی کەلاکم**
**عەجەم بەر بۆتە لالاکم**
**عارەبیش بەشی خۆی دەوێ**
**قاچێک لێرە و پێ یەک لەوێ** (هەژار)

***٨ - { پێگەیشتن لە تێگەیشتنی مرۆڤ ئەگەر ببێ، لە دوای تەمەنێکی دوور و درێژدا دەبێ و لە لای ئێمەش سیاسەت بە لای زۆرەوە کاری لاوان و منداڵانە و هەندێکیان وەک میوەی کاڵن، تام و بۆنیان پێنەگەیشتووە و پێوەدەدەن. ئەوجا سۆز دێت و قورەکە سەختتر دەکا و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکا و هەر بە سروشت خەونی پیران دەشێوێنێ و دەبێ چی لە چالاکی لاوان و هەرزەکاران بکا کە لە هەر یەکەیاندا بنەمای شانازیکردن بە رەگ و رچەڵەکەوە هەیە و وەهمیان پەتی لە خۆباییبوونیان درێژ دەکا و لە بازنەی دادپەروەری و ویژدان دەردەچن! ئەوجا دەست دەخاتە سەر دڵی وڵاتی کورد و دەڵێ ئەمە بەشێکە لە نیشتمانی عارەب. ئەوجا کوردیش کە هەستی برینداربووە و سۆزی شێوێن دراوە، دەست بۆ نیوەدوورگەی عارەبی درێژ دەکا و وەڵامی شەڕفرۆشتنەکەی دەداتەوە و ئەمەش شەڕەدەندووکی لێ پەیدا دەبێ و بۆ گەرمبوون ئامادە دەبێ. دەروونەکان لەم رۆژگارەدا خەسڵەتی دەمی تیغیان هەیە و کە بەر یەک دەکەون ئاگریان لێ دەبێتەوە}. ل ٤٧ - ٤٨***

کامڵبوونی ئاستی ئەقڵی و مەعریفی، جیاوازە لەسیاسەتی هەرزانە و ئەندێشەی خوێن گەرمانە، ئەم دەستەیەی عارەب، کە نوێنەرایەتی ئەم تەوژمە دەکەن، چەند لە خۆبایی و بەرچاو تاریک و نیگاتەسکن، هێندەش سەرەڕۆ و پەڕگیرن و ئارامی و مانای ژیان دەشێوێنن. کاتێکیش کار و شۆڤێنیزم، دەگات بەئەندازەیەی، ئەم دەستەیەی عارەب لێبڕاوانە، کوردستان بە بەشێک لە نیشتمانی دانەبڕاوی عارەب دادەنێن و پێناسەی دەکەن، ئەوسا باوەڕنەهێنان بە هەبوونی نەتەوەیەک و دان پێدانەنان و سڕینەوەی ناسنامەکەی، دەرئەنجام کار و پەرچەکرداری لێ شین دەبێتەوە. بەم هۆیەوە ناکۆکی و شەڕ سەرهەڵدەدات و "خوێن" دەڕژێ و برینەکان قووڵ دەبنەوە. ئەودەم پێوەندییەکان ئاڵۆزتر و چارەسەکردنیان سەختتر دەبێت. هەر ئەوەشە وای کردووە، بە درێژایی زێتر لە سەدەیەک، ئاسۆی هیچ چارەسەرێکی ڕاستەقینە، لە دۆزی کورددا، لەو دەوڵەتانەی نیشتمانەکەیان داگیرکردووە و هەوڵی ژینۆسایدی دەدەن، بەدیی نەکرێت. کریس کۆچیرا دەڵێ:

" ئەگەر کوردەکان بەو پێوەندییەی نێوان زۆردار و زۆرلێکراو وەک ڕاستیینەیەک بەردەوام ڕازی بن، هەر بەو قایلبوونە، نیوەی شەڕەکە دەدۆڕێنن".

***٩ -{ ئەگەر سووربوونی ئێمەی کورد لەسەر پێداهەڵدانی گەلانی دنیا و بە پیرۆز زانینی خەباتیان بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک وەڵامیان بدەنەوە بەس بێ بۆ بەستنی پەیوەندی نێوان ئێمە و ئەوان کەواتە بۆ شاعیریش ئاسانە بە مانگدا هەڵبدا و بڵێ پەیوەندیم پێوەی هەیە و وەڵامی گردەبڕیش لە هەردوو بارەکەدا بێدەنگی تەواوی ئەو گەلانە و مانگە و دەستی کورد و شاعیرەکەش جگە لە هەندێ خەیاڵ هیچی تریان تێدا نییە. ڕەنگە هەبێ بڵێ گەلان لەگەڵ عاشقانی ئاسماندا بەراورد ناکرێن چونکە گەلان هەموویان لەسەر ئەرزن و شایستەی خۆشویستن و هاوسۆزین و منیش دەڵێم ئا ئەمە هی خەم و پەژارەیە چونکە گەلان خەڵکی زەوین و بەداخەوە حکوومەتیان هەیە و دەبیستێ و تێدەگا و زۆریشیان تێدەگەن و دەمانبینن بە شان و باڵیاندا هەڵدەدەین و بە پیرۆزیان دەزانین، ئەوجا لە ئاسماندا بێدەنگن و ناکەن چاکە بکەن و بە وشەیەک تەنها سوپاس و پێزانین دەربڕن.***

***جیاوایی نێوان نەتەوەیی و نانەتەوەیی لە باسی مەسەلەی گەلاندا ئەوەیە نەتەوەیی لە دەربڕینی ناڕەزایی بەرانبەر ئیستیعمار و دەستدرێژیکردندا خۆی و بەرژەوەندی گەلەکەی لە جیهانی شیوعییەتدا ناتوێنێتەوە و بە چاویلکەی***

***ئومەمییەت لە مەسەلە جیهانییەکان ناڕوانێ بەڵکو بە پێی عەقڵ و ویژدانی لێیان دەڕوانێ و ئەگەر ناچاریش بێ مەیل و خۆشەویستی هەبێ، بەرەو ئەو لایە دایەشکێنێ کە بەرژەوەندی گەلەکەی خۆی تێدابێ. ئەگەر دیتیشی ڕووداوەکان پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گەلەکەیەوە نییە، خۆی لەوە بەرزتر رادەگرێ ببێ بە کەرەنای ئومەمییەت، بەڵکو ڕێزی خۆی دەگرێ و ئەوە دەڵێ کە شایستەی بێلایەنێکی بەڕێز بێ.}} ل ٥٤***

دەمێکە ڕەخنەی توندی ئەوە لە سیاسەتکار و سەرکردەی کوردی دەگیرێت، کە لە گۆڕەپانی خەباتدا، بەردەوام کچی خۆی کردۆتە قوربانی کوڕی خەڵکی. لە کاتێکدا باش دەزانێ، خەبات و سڵاو و چاک و چۆنی، خۆشەویستانەی یەک لایەنەی نێوان کورد و ئەوانی دیکە!!، چ سوودێکی لێ نەچنراوەتەوە و هیچ بەرێکی لێ شین نەبووە.. هەزاران چەپ و کۆمۆنیستی کورد، لەباشووری کوردستان لەسەر دەستی ڕژێمەکەی سەددام لەناوچوون و گیانیان بەخت کرد، کەچی شورەوی هەر بەردەوام بوو، لەسەر هاوکاری و دۆستایەتی سەددام و عێراق. ستالینیش هەمان کاری لەتەک قەوام سەڵتەنەدا ئەنجام دا. تا ئێستا لایەنی بەرانبەر هەست بە هیچ ناکات و سەنگ بۆ ئەم جۆرە کارانە دانانێت. بەشێکی باشی خەباتی کورد، وەک جۆگەلە ڕژاوەتە ئەستێڵکی خەڵکانی دیکەوە. ئاخر تا کورد لە چاوی بەرژەوەندی مۆسکۆ و پەکین و واشنتۆن و لەندەن و ئەنقەرە و تاران و بەغدا و دیمەشقەوە، تەماشای پرسی خۆی بکات و هەنگاو بۆ سیاسەت و ژیان هەڵبهێنێ، هەر دەبێتە پاشکۆ و چارەنووسی بەش مەینەتی دەبێت. تاقیکردنەوەکانی ڕابووردوو هەزاران جار کردیە قوربانی دنیای سۆزانی دەرەکی و سوپاسنامەیەکی پێ ڕەوا نەدیترا. لە ئێستادا، لە ساڵی ٢٠١٤ وە، کورد شەڕی ( دەوڵەتی ئیسلامی، ناسراو بە داعش) لە بری هەموو دنیا دەکات، کەچی لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەشەڕی داعشدا، وەک لایەنێکی کارا بانگهێشت ناکرێ و دەرفەتی بۆ سازناکرێت، تا نمایشتی ئازار و داوا ڕەواکانی بکات. جا بۆ ئەوەی سیاسەتێکی ستراتیژیی سەرکەوتووانە و ڕاسیۆنالانە پێڕەو بکرێت، گەرەکە کورد فۆرمەلەی دۆزەکەی خۆی بکات و بەلایەوە بەرژەوەندی باڵای نەتەوە، ڕوانگە و پێوەر ببێت بۆ تەماشاکردنی جیهان. لە ڕاستیشدا هەر باوەڕ و ئامانجی نەتەوەیی، هیوا و ووزە بەم بیرکردنەوە و هەڵوێستانە دەبەخشێ.

**تا چرای ئێمە نەسووتێ،**
**ئێوە هەرگیز ڕووناکایی**
**نابینن بەچاوی خۆتان**
**تا ئێمە دیل و کۆیلە بین**
**هەرکۆت و نیر،**
**تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان**
**فرمان دەکەن؟**
**قوڕتان بەسەر! گەر بشمرین**
**تەنیا دیلی دەدۆڕێنین**
**چ هەیە لە دیلی تاڵتر؟...**
**گەر بشمرین هەر**
**سەرکەوتووین.**
**کوا لە کۆیلەی شەهید زاڵتر؟** (پەشێو)

***١٠ ـ{ ئای کورد چەند پێویستی بەوەیە بە گڵۆپ لەبەر دەرگای ماڵەکەی ئەم گوتە بەنرخە بنووسێ" گەلی کورد باوەڕی بە خۆی و مافەکانی خۆی هەیە و بەقەدەر ئەو ڕێزەی لێی دەگیرێ ڕێزی گەلان دەگرێ}. ل ٥٤***

ئەم ڕێز لەخۆگرتنە، واتە قوربانی نەدانی خۆڕایی و نەزانانە بۆ بێگانە، واتە لابردنی نیری کۆیلایەتی و سڕینەوەی سیمای پاشکۆیەتی و سەربەرزبوون و بوونە خاوەنی کەسایەتی کوردبوونە. ڕوونتر قسە بکەین، گەر هەموو کورد لە پێناوی مەسەلە نەتەوایەتییەکەیاندا چوونە سەر یەک سکە، با ڕێگاکانیش جیاوازبن، لێ گەرەکە ئامانج یەک بێ و بە یەک ئاڕاستەدا بڕوا، دۆست و دوژمن و بێگانە، ناچارن ڕێزی زێتری بۆ بنوێنن، هەر بۆیە پێویستە پێڕەوی ئەو پرنسیپە بکرێ، چۆن بەرانبەر لێت دەڕوانێ و مامەڵەت لەتەکدا دەکات، تۆش بە هەمان نیگا و هێندەی ئاستی هەنگاونانی ئەوان بچیتە پێشەوە. پێویستە مامەڵەی " ئەو ـ ئەوان" بەرامبەر بە "من ـ ئێمە"، وەک مامەڵەیەکی هاوتا و سەربەرزانە، لەسەر بنچینەی "ماف و ڕێز" جێبەجێ بکەیت. باوەڕی کورد بە بوون و ژیان و گەیشتنە ئامانج، هەر ورە بەرنەدان نییە، بەڵکو هاوسات سووربوونیشە لەسەر درێژەدان بە بەرخۆدان. هەروەها وەک دەبینین، دەرهەق بەو کوێرەوەرییەی کە بەسەریدا هاتووە و دێت، کورد هەرگیز ملکەچ نابێت، بۆیەکا پێویستە، بەهەمان گیان و هەستیشەوە، دۆستایەتی و دوژمنایەتی بەرانبەرەکەی بکات.

**١١ـ{ ئێمەی کورد لە چارەسەری "کێشە"کەماندا زۆر پێویستمان بە پتەوکردن و بەهێزکردنی "نەتەوایەتیمان" هەیە تا ئەوەندە بەهێز بێ قابیلی بێدەنگکردن و پەراوێزخستن و دابڕان نەبێ. نەتەوایەتی بەهێز وەک تۆوێکە ڕەگ و دەمار بەدەوریدا گرد دەبنەوە و ریشوو و توێکڵ هاوکار دەبن بۆ ئەوەی ببێتە بەرێک و سوودی لێ ببیندرێ و کورد کوا ئەو تۆوەی هەیە و چۆن بیخەینە سەر رێگای بەهێزبوون؟ بەڵام ئەوەی کە کورد هەستێکی نەتەوەیی وای هەیە بۆ بنیاتنانی کەسایەتی دیاریکراوی خۆی پشتی دەگرێ، ئەوە راستییەکە و کاروانی شەهیدان لە هەر خاکێکدا لێی بووبن شایەدە و هەندێکیان هەتا ئێستاش لە بیرەوەری سەردەمی منداڵی گەنجەکانماندا ماون و لەو چاوانەدا دیارن کە بۆ نیشتمانپەروەری دەچروشکێنەوە و هەر دەڵێی ڕێڕەوی کارەبا یا لێشاوی گڕاون}. ل ٦٧**

لە مێژە وتراوە، هێز لە یەکگرتندایە. باوەڕی نەتەوایەتیش تاکە دەرمانی سارێژکەریی ئازار و برینی ڕەوشی داگیرکراوی و دابەشکراوی میللەتانی ژێرچەپۆکی بێگانەیە. هەر بەم ڕێبازەش بەشی هەرە زۆری گەلان، ڕزگاریان بووە و دەوڵەتیان دامەزراندووە. باوەڕی نەتەوەیی، ڕوانگەیەکی گەش و تەندروست و دروستی لێنواڕینی کێشەی نەتەوەیە و کتومت وەڵامدەری بارودۆخی داگیرکراویی و دابەشکراویی و بندەستییە، چونکە ئەم بیرە، جەختی جددی لەسەر یەکێتی و تەبایی ڕیزەکانی نەتەوە دەکاتەوە و وەک پرنسیپ بۆی تێدەکۆشێ و قوربانیی بۆ دەدات. بیری نەتەوەیی، خۆی دەکاتە بەردەبازی ڕێی رزگاری و نیشتمانە گەورەکەی کوردبوونی بۆ هەموو پێکهاتە و ڕەنگ و دەنگەکان.،گەرەکە. لێ هەرچی ڕێبازی ئایدۆلۆژی و ئایینی هەیە، لە چوارچێوەی سوودی تەسکی خۆیانەوە، لەم پرسە دەڕوانن. میللەتانی دیکە ـ وەک ئەوەی عارەب و فارس و تورک کردوویانە و بەردەوام دەیکەن ـ ، گەر ئاڵای هەر بیر و ئایدۆلۆژی و ئاینێکیشیان بە ڕووکەش بڵندکردبێتەوە، لە بنچینەدا هەر لەژێر پەردەی ناسیۆنالیزمە شۆڤێنێتەکەیاندا بووە و بۆ خزمەتی نەتەوەیی بوونەکە بووە. نەتەوایەتیش لەو قۆناخ و شوێنەدا، بەبڕشت و کاریگەرە، کە توانا و وزەی هەموو یان زۆرینەی خەڵکەکەی بگرێتە خۆی. تا بەهێزیش بێت نەخشی لە چارەنووسسازیدا کاراتر دەبێت. تۆ چەند لە ڕێگای بنەماکانی زمان و مێژوو و جوگرافیا و کەلتوورەوە کورد بیت، هێشتا پێویستت بە بنەمایەکی تریش هەیە ببێتە تەواوکەر و هەوێنی بەستنەوەی هەمووی پێکەوە.

ئەویش بنەمای "هەست"ی نەتەوایەتی هاوبەشی کوردبوونەکەیە. ئەم فاکتە بزوێنەری هەموو ئەوانی دیکەیە. بێشکچی، دەڵێ:

کورد پێویستی بەهەستی نەتەوایەتی هەیە نەک بیر و هەڵوێستی مارکسی لینینی. (١- ل٥١).

ئەگەر دەرمانی دەردناکی کورد نەتەوایەتی نەبوایە، وا زانایەکی وەک بێشکچی نەدەکەوتە داوییەوە.

" ئایدۆلۆژی نەتەوەخوازی نقوومبوون لە کەلتووری نەتەوەدا دەخوازێ. پەیبردن بە مێژووەکەی و بوژانەوەی زمانە میللیەکەی لە ڕێگەی بوارەکانی فیلۆلۆجی و لێکسیکۆگرافی و برەودان بە کەلتوور، بەتایبەت دراما و هۆنراوە و وەگەڕخستنەوەی هونەر و پیشەدەستییەکان و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و گۆرانیی فۆلکلۆری"(....) " نەتەوەخوازی ئایدۆلۆجییەکە کە نەتەوە لە نێوەندی بایەخی خۆی دادەنێ و هەوڵی گەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی دەدات... نەتەوەخوازی ئەو بەها میللییانە دەردەخات کە ئایدیای نەتەوە دەیانورووژێنێ". ئەنتۆنی دی سمیس (٥،ل ١٧).

***١٢ ـ { ئەو راستییە بە بەرجەستەیە لە گەرموگوڕی گەنجە خوێندەوارە رۆشنبیرەکاندا وا دەبینی، پێت وایە ئەوانە پەیامبەری نیشتمانپەروەری کوردن، جا چ لێرە و چ لە نیشتمانەکانی تری کورددا و چ لە پەیمانگاکانی ئەوروپا و ئەوانەش کە لە پێناوی گەیاندنی پەیامی نەتەوەییدا قوربانی بە خوێندن و پاشەڕۆژیان دەدەن و کەلاوەیەک بۆ کەسوکاریان جێدەهێڵن و ئەو پەیامەیان لە پەیامی خوێندن و رۆشنبیری و مەعاش پێ بەرزترە چەند زۆرن. لە دیاردەیەکی دەگمەنی دیاردە رەسەنە نیشتمانپەروەرییەکاندا دەیبینی کە لە کورددا هەیە و لە گەلێکی تردا دەگمەنە ئەوەش ئەوەیە زۆرینەی شێخ و مڵکدار و و عەشیرەت و هەرچییەکی لە بواری سیاسی ئەمڕۆدا پێی دەڵێن "رەجعی"ی کورد، لە ئامادەیی و قوربانیداندا بۆ بەرژەوەندی کورد و مەسەلەکەی وەها دەکوڵێن، بە هۆی روونی مەبەست و حەماسیانەوە، وا دەزانی ئەوان لە مەیدانی تێکۆشاندا پێشەنگی خەبات و مشتی بەهێزن. خۆڕاگرەکانیان، لە یادەوەرییەکاندا و تەنها لە پێناوی کورددا و دوور لە هاتوهاواری پێشکەوتنخوازی و دیموکراتی}. ل ٦٨***

**گەورەی هیچ قەومێک وەک گەورەی کوردان**
**لە ڕێی وەتەندا نەبوون، قوربان فکریی میللەتیان**
**ئەحیا کردەوە قەدری وەتەنیان ئەعلا کردەوە شادین**
**ئەی میللەت بۆ ئەم گەورانە فەخری تەئریخی لایەقی بەوانە** (پیرەمێرد)

پێدەچێت دەستەگەلێک هەبن، هەروا سەرپێی و ڕواڵەتییانە تەماشای ئەم بڕگە و هەڵسەنگاندنە بکەن و نیگایان لەسەر دیاردەی ناشرین و بیرکردنەوەیان، لەسەر خاڵی ئاڵۆز لەنگەر بگرێ، لێ گەر واقیع، کلاورۆژنەی بینینی ڕاستییەکان بێت،مامۆستا مەسعوود، مەسەلەکەی دروست پێکاوە. کەسایەتییەکانی وەک: شێخی نەهری، عەبدولسەلام بارزانی، سمکۆ، شێخی نەمر، پێشەوا، مەلا مستەفا، قاسملۆ، بۆ کێ و لەپێناوی چیدا، چارەنووسی خۆیان بەو دەردە بردووە. ئێمە لێرەدا مەحکووم دەبین بە دوو بڕگە:

یان ئەوەتا ئەوانە بە بەشێک لە مێژووی خۆمان نازانین، یاخود دەبێت وەک ئەوەی کە هەبوون وەریان گرین  و قبوڵیان بفەرمووین. تۆ چەند هاوار بکەیت و سەر بە هەواری تیۆرییەکاندا شۆڕ بکەیتەوە، هەوڵی دۆزینەوەی ڕێسا و یاسا و پاساوی هزریی بدەیت، بڵێیت بارزانی خێڵەکی و دواکەوتوو بوو، هیچ دادت نادات، چونکە لە زەمینەی واقیع و مێژوودا، تازە بارزانی توانیویەتی، نێزیک بە نیو سەدە زێتر، درەوشاوەترین سەرکردە و ڕابەری گەورەترین شۆڕشی کورد بێت. ج. نەبەز لەم ڕووەوە دەڵێ:

"هەرچەندە دەسەڵاتی سەرکردەی کلاسیکی کورد لە بنەڕەتدا دەسەڵاتێکی ئایینییە، بەڵام ئەم سەرکردەیەتییە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاینی لە کوردستاندا نەداوە و نادات، بەڵکو هەمیشە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی کوردی هەوڵ دەدات" .(٦،ل ١٠).

بەم پێودانگە، سەرانی کلاسیکی کورد، زۆر سەنگینتر و لە پێشترن، لەو سەرکردانەی، بە دەستەواژەی ئیمڕۆ، لە سەر پێشکەوتنخوازیی و مۆدێرنێتی و شتگەلێکی دیکە!! دێنە هەژمارکردن.

***١٣ــ { نەتەوایەتــی کــورد لە هەمــوو شــتێکدا بەدی دەکەی کە تروســکایی نیشــتمانپەروەری تێــدابێ، ئەوانە نەبــێ کە لە بــن چەنــد چینێکــی خۆڵەمێشــی نانەتەوەییدا حەشار دراون، ئەوەش ئەگەر لەگەڵ سەرجەمی گەلدا پێوانەی بکەی بەشێکی کەمە لە زۆر. نیشتمانپەروەری کورد لە مێژووی نوێیدا دیاردەیەکی زەقە و لە خەسـڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتــی نــاوینی دوای یەکەم جەنگــی جیهــانییە و ڕەنــگە پێویستی بە خاوێنکردنەوە و خۆڕاهێنان هەبێ ئەوجا ڕێکخستن و ریزکردن، بەڵام حەقیقەتێکی هاندەرە و وەک دەستپێکردنی "مەسەلە"ی کورد سەرەتایەکی نایابە بەرەو هەناسەدان و ژیان لە ئاستی دەوڵەتاندا. ئەگەر قەدەری عارەب وابێ بۆ بەدەستهێنانی ماف پشـتی کورد بگرن بە مەرجی هەبوونی نەتەوەیی کورد کە شانازی بە خۆیەوە بکا و بژێوی لە سەر تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی بێ و لە هیواکانی خۆیەوە سەری هەڵدابێ، فەرموون ئەوە میتاڵی خاوێن و جەوهەری ڕەسەن و کۆی بکەنەوە}. ل ٦٩***

گەر سەرکردەکانی کورد، ئەوانەی ئیمڕۆ، بەلا ڕێدا نەبرێن و گرفتاری کێشە و پێوەنــدییە هەرێمــی و جیهانییەکــان نەبــن، خۆیــان تەفــرە نەدەن و مــیللەت هەڵ نەخەتێنن، وا زۆرینەی کورد نەتەوەییە. کورد نەتەوەیەکی زیندووە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، هەرگیز کۆڵ لە خەباتکردن نادات. زۆرینەی کوردان بەم خەبات و ئامانجەوە وابەستەن. ڕەنگە نیشتمانپەروەریی کورد، بە قەولی ئیمڕۆ مشتوماڵ و فۆرماتێکی، لەسەر بنچینەی هاوچەرخبوون، گەرەک بێت، بەڵام لە هەموو سات و کاتێکدا، هێشتا سەرچاوەی وزەبەخشین و پاڵنەرێکی بەهێزی مەیدانی خەباتە. هەر میللەت و لایەکیش پشتیوانی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بکات، گەورەترین گرەو لە ژیانیدا دەباتەوە، چونکە نەتەوەی کورد باشترین و بەنرخترین سامانە لە میتاڵ و کەرەســەی خــاوێن و گەوهەریشــی زۆر ڕەســەنە و تــا بڵێــی مرۆڤدۆســتانە و ژیانخوازانە، هەڵسوکەوت دەکات. بنۆڕە بەدرێژایی مێژووی زوڵم و زۆرداری، لە کورد کراوە، کورد هیچ کات، پەرچەکرداری نامرۆڤانەی نەبووە و پەنای بۆ کارێکی تیرۆریستی و ناشارستانی و دوور لە مۆڕاڵ نەبردووە. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا، دەیان هەزار سەربازی عارەبی عێراقی، کە بەشێک بوون لە سوپای ئەنفال، بەدیل گیران لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردەوە. کەس نامەردانە ڕەفتاری لەتەکدا نەکردن.

کەچـی کـورد لەسـەر خـوانی میوانـداری و مێـزی گفتوگـۆ و لەنـاو مـاڵی خـۆی دەکوژرێ. ئەمە جیاوازیی نێوان کورد و ئەوانی دیکەیە، جیاوازییەک مێژوو ڕەنگی ڕشـتووە. کوردسـتان بە درێژایی مێـژوو مـۆزایکێکە لە نیشـتمانی ئـایین و ئـاینزا و پێکهاتەی جۆراوجۆر،پێکەوە ژیان تێیدا بەرجەستە بووە.

***١٤ ـ {خـۆ هەر لەو نەتەوە و کۆمەڵگـانە بژێـوی نەتەوایەتـی و ژیـان و گەشـەکردن بە کـورد دەگـا و ئەوەش زادی بەپیتـی بێ کۆتـاییە و قەدەغە نییە و ئەوپەڕی ساکار و روونە و لە خەیاڵی خەیاڵبازان و داهێنانی قسەزانانەوە نەهاتووە و نەتەوایەتی کوردیش لەسەر دوو پایە بەهێز دەبێ و راست دەبێتەوە و لەسـەر ئەو دووەش نەبێ بینای بەهێز هەڵناسێ: رۆشنبیری و ئابووری}.ل ٧١***

حاجی قادر، دەمێکە فەرموویەتی:

**بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارە**

**ئەمن خامەم هەیە شیر نادیارە**

دەستنیشـــانکردنی دوو چەمـــک و دوو فاکـــت و دوو ئـــامراز بـــۆ پتەوکـــردن و مەحکەمکردنی نەتەوایەتی کورد، بۆ بەکارهێنانیان، لەشـەڕی سـەخت و دژواری، دژ بە داگیرکەرانـی نیشـتمانەکەی، جێـی سـەرنجی تـایبەتییە. مامۆسـتا مەسـعوود، لە روانـگەی بـاڵای مەعریفـی و ڕۆشـنبیرییەوە، وەک زانـایەک، سـاتێ لە هۆکارەکـانی لاوازی نەتەوایەتـی و بەدەوڵەت نەبـوونی کوردسـتان دەکـۆڵێتەوە و ئەنجـامگیری دەکات، داوا دەکات، قورسایی کار و تێکۆشان بخرێتە سەر بەبرشـتکردنی ئەو دوو هۆکـارە. رۆشـنبیریی، بە هەمـوو ڕەهەنـدەکانییەوە و ئـابووریی، لەسـەر بنەمـایەکی بەهێــز. داگیــرکەرانیش بەوپەڕی هۆشــیارییەوە سیاســەتی نەخوێنــدەوارکردن و ناپیشەسازی لە کوردستاندا پێڕەو دەکەن.

بۆ نموونە: "ساڵی (٧٠) کـان لە کوردسـتانی تورکیـا دا ٧٠% کـورد نەخوێندەوار بووە. ساڵی ١٩٧٥ لە تورکیادا(١٨) زانکۆ و (١٥٧) پەیمانگا هەبووە، تەنیا یەک زانکۆ لە ئەرزەرۆم و یەک کۆلیژی پزیشکی و دوو پەیمانگا لە دیاربەکر هەبووە (...). بە هەر (١٠، دە هەزار کەس یەک دکتۆریـان هەبـووە.)".(٧،ل ١٩). کەواتە بە مەبەسـت ئەم مـیللەتە نەخوێنـدەوار کـراوە، داخـۆ دەبـێ، بە چ شـێوازێ بتـوانێ بەشـداری

لەشـــەڕی ڕزگـــاریخوازی نەتەوەکەیـــدا بکـــات؟؟!... گومـــانی تێـــدا نیـــیە، هەمـــوو دڵسۆزییەکی نواندووە. لێ گەر خوێنەوار بوایە، داگیرکەر بواری بدایە بخوێنێ، سەنگ و کاریگەرییەکی باشتری دەبوو. ئەوەتا بۆ شەڕی داگیرکەران شاعیر داوا دەکات و دەڵێ:

**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان**
**هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سۆپەرتانە.** (ا. موختار جاف)

کۆمپانیای نەوتی کەرکووک، بە ئێستاشەوە، کە بە دەست کوردەوەیە، ڕێژەی کارمەند و کرێکاری کورد لە ٨ـ١٠% تێپەڕی نەکردووە... داگیرکەر هەرگیز ڕێگە بەوە نادات سامان و بەرهەمی کوردستان، بۆ ئاوەدانی بە پیشەسازیکردن و پێشکەوتنی کوردستان خەرج بکرێت. ئەم ئازار و ژانە بۆ کورد کە خاوەنی ئەم زێڕە ڕەشەیە، پەشێویشی هێناوەتە گۆ و لە ١٢ وانە بۆ منداڵان دا دەڵێ:

**مناڵەکان،**
**ئەی برسییە ژینتاڵەکان:**
**لەسەر سنگە نەوتاوییەکەی**
**بابەگوڕگوڕ،**
**نێزیک تاڤگەی سەرەوژووری**
**زێڕینی گڕ،**
**گلکۆیەکی بچکۆلەم دی.**
**لێی نووسرابوو:**
**"ئا لێرەدا مناڵێکی چاوگەشی کورد**
**لە برسان مرد** "!

ئایا بۆ میللەتێکی ١٥ ملیۆنی ئەو کاتە، ئەوە دەرەتانە، تا بتوانێ پێشکەوتن ئەنجام بدات و ڕۆشنبیری دەوڵەمەند و ژیانی خۆشگوزەران بکات؟!. سیاسەتی وا داگیرکەرانە و دوژمنکارانە، لە کەم شوێنی جیهاندا پێڕەو کراوە. چ ڕێگە و دەرەتانێ دەبەخشێتە نەتەوەیەک تاوەکو بتوانێ، ئامادەگییەکی پێویست و ئەرێنی لە مەیدانی هەبوونی خۆیدا هەبێت.

عەتـا قەراخـی دەڵـێ: "بەڵام لە ڕوانـگەی روانیـنەوە بـۆ پەیوەسـتکردنەوەی سـەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی بە دەرکەوتنی چینی بۆرژواوە، ئەوە ناسروشـتی گەشەی ئابووری بە کاریگەری ناسروشتی بوونی تۆپۆگرافیای کوردستان لە دوو رووەوە رۆڵی هەبووە لە دواخستنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی هەست و هۆشـیاری نەتەوایەتیـدا. یەکەمیـان بـریتییە لە لاوازی خـودی ئەو ژێرخـانە کۆمەڵایەتییە کە نەیتوانیوە زەمینەی پێکهێنانی و سـەرخانێکی کۆمەڵایەتی پتەو و بەهێز برەخسێنێ کە هەست و هوشیاری نەتەوەیی دەکەونە ئەو پانتاییەوە. هەڵبەت مەبەست لەم قسەیەش ئەوە نییە کە سەرخان کامڵ نەبێت ئیتر رەگەزەکانی هەست و هوشـیاری نەتەوەیـی دەرنـاکەون، نەخێـر ئەو ڕەگەزانە دەردەکەون بەڵام ئەگەر سیسـتێمێکی ئـابووری یەکگرتـوو بـوونی نەبێـت ئەوا هەسـتی نەتەوایەتـیش بە شێوەیەکی یەکگرتوو دەرناکەوێت، بەڵکو بە شێوەی پچڕ پچڕ و ناوچەیی دەبێت و زۆر جـار دەبێـتە هاوشـێوەی هەرێمگیـری و سـنووردارێتی خێڵایەتـی لە کاتێکـدا هەستی نەتەوایەتی دەبێت هەموو جەستەی نەتەوە بگرێتەوە و هەموو سنوورەکانی نێـوان بەشـەکانی نەتەوە یـان کـۆمەڵ هەڵبوەشـێنێتەوە و نەتەوە بکـاتە یەکەیەکـی یەکگرتوو. دووەمیان لەبەرئەوەی بۆرژوازی کوردی وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی لە ئەنجـامی لاوازی ژێرخـانی ئـابووری کوردسـتان و کاریگەرییەکـانی داگیرکردنـی بەردەوامـدا وەکـو چینێکـی کـامڵی کـۆمەڵایەتی دروسـت نەبـووە و بـۆرژوایەکی سروشـتی نەبـووە لە ئەنجـامی گەشـەی ئاسـایی مێـژووی و لە هەنـاوی قۆنـاخی فیۆداڵیدا دروست بوو بێت و خاوەنی کەسێتی کۆمەڵایەتی خۆی بێت، لەسـەر ئەو بنەمـایەش لە جەوهەریـدا داواکـارییە دیموکراتییەکـانی نەتەوەی هەڵگرتبێـت، بەو پێـیەش دروسـتکردنی دەوڵەتـی نەتەوەیـی بە ئەرکـی خـۆی بزانێـت بەڵکـو بە پـێچەوانەوە بـۆرژوایەکی نـاتەواوە لە رووی خەسـڵەتی چینـایەتییەوە و زیـاتر بە کاریگەری دەرەوە دروستبووە و لەبری هەڵگرتنی دروشمی گۆرانکاری جۆرێک لە خۆپارێزی پەیڕەو دەکات و سیمایەکی مشەخۆرانە و قاچاخچییانەی هەیە. چونکە لەسەر بنەمای گەشەیەکی ناسروشتی و لە زەمینەیەکی نائاسابیدا دروستبووە"،(٨، ل ١٣٣. ـ١٣٤).

## حاجی قادری کۆیی بەرگی -١-

***١٥ - { بۆیە من بە رادەی پەرۆش و ئەسەفم بۆ هەڵە و سەهوی کوردێکی رۆشنبیر ئەوەندەش بە گلەییم لە سووربوون و پێداگرتنی لەسەر هەڵە}. حاجی قادر ١. ل ٢٠***

هەڵەکردن دەرئەنجامی بێ چەندوچوونی کارکردنە، لێ درێژەدان بە چەوتی و سووربوون و پێداگریی لەسەر هەڵە و هێنانەوەی پاساو بۆی و هەوڵی بەخشینی رەوایەتی پێی، ئەوە مژارەکە بە ئاقارێکی دیکەدا وەردەچەرخێ و باسەکە دەبێتە جێی سەرنج و مایەی رەخنەگرتن. مامۆستا لەم تێکستەدا، ئەوپەڕی تێگەیشتن نیشان دەدات، بۆ هەڵەکردن و دڵسۆزی خۆی بۆ بەهەڵەداچوونی تاکێکی کورد دەردەبڕێ، واتە دوای هەڵەکردن و بەولاتریشەوە!، نایەوێ تاکێکی کورد وا بە سانایی بدۆڕێنێ و ژمارەیەک بۆ بەرەی فراوانی دوژمنان زیاد بکات. جا ئەگەر بێت و ئەو تاکە هەڵەکەرە، دەستەیەک یان پارتێک و هێزێک بن، ئەوا قەبارەی خەمەکەش لەگەڵیدا گەورەتر دەبێ.

***١٦ - { بە نیسبەت گەلی کوردەوە ئەو رەوشتەی راست پۆشی وەیا مەیدان لە خەڵق تەنگکردنەوە و دەرپەڕاندنیان لە کۆڕی زانست و رۆشنبیری زیانێکی زلتری هەیە لە چاو گەلێکی دیکەی چەسپاوی، خاوەن کیان و سامان، چونکە وەک "بدیهیە" وایە بە رادەی هەژاری پێویست هەیە بە ماڵ... بەڕادەی نەزانین پێویست هەیە بە زانست.. بە ڕادەی نەخۆشی پێویست هەیە بە دەرمان. ئێمە لەسەرەتای هەموو کارێکداین. دوو هەزارساڵ زیاترە دەتلێینەوە... تروسکەی خۆشیمان نەدیوە.. تازە بە تازە مەودایێک پەیدا بوە بۆ سودی کوردەواری تێیدا هەڵسوڕێین، بۆیە لە گەلانی دیکە محتاجترین بۆ ئازادی لە گوفتار و نوسین و کردار و توێژینەوە بێ ئەوە یەکدی بترسێنین وەیا مەیدان لە یەکدی تەنگ کەینەوە: هەموومان یەک دڵ و یەک دەست و یەک ئامانج بایی هەڵگرتنی ئەو ئەرکە ناکەین وا بەسەر شانی کوردەوەیە، دەوجا دەبێ حاڵمان چی بێ کە خەریکی دوشمنایەتی بین لەگەڵ یەکتر و بەوەدا دەرگەی کرایەوە لە رووی خۆمان داخەینەوە. ئەوەندە لە کاروانی گەلانی پێشکەوتوو دوا کەوتووین ئەگەر لە شەقامی بێ کۆسپ و هەمووارەوە بە راکردن ماوە ببڕین دیسانەوە تا کاتێکی گەلێک دور و درێژ ماوەیێکی ئەوتۆ نابڕین لە چاو ئاسمان گەردیدا خۆ بنوێنێ}. ح.ق ١ ل ٢٢***

" کورد پێویستییەکی زۆری بە زانست هەیە. بۆیە دەبێت هەر خۆی شارەزایی لە کوردستاندا پەیدا بکات و، دەبێ سەرلەنوێ مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، واتە مێژووی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و لوبنان و فەلەستین بنووسرێتەوە. هەر کورد دەتوانێ بینووسێتەوە، چونکە بەپێی ئەو نووسراوانەی کە حاڵی حازر لەبەردەستدان، کورد لە هەموویان زیاتر زیانی لێکەوتووە. ئەم کارە قورسایی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و بەرژەوەندی کورد لەبەرچاو دەگرێت. بێشکچی، (١،ل٢٥)

نەتەوەی بندەستی کورد، وێڵی ئەو ئازادییەیە، کە لێی زەوت کراوە، چونکە لەو بەها و نرخە گەورە و گرنگە بێبەشە. هەوڵیش بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، تژی لە مانا و پیرۆزییە، بە کۆی خەباتی گشتی ڕۆڵەکانی نەتەوە دێتە کایەوە. هەر بۆیەشە، خەباتی نەتەوایەتی، وەک ئەرکێکی سەرشانی هەر تاکێکی کوردە، لە ڕاستیدا، هێندە تێکۆشانێکی قورس و گران و بە قیمەتە، مەودا بۆ هیچ کەس و لایەک ناهێڵێتەوە، دژ بە یەکتر بوەستن و شەڕی یەکتر بکەن و بانگاشە و دروشمی لابەلا و خۆکوژی بەرز بکەنەوە. نەتەوەی کورد، بە دووریی و مەودایەک لە کاروانی پێشکەوتنی گەلان پاشکەوتووە، گەر بێتو بە خێراییەکی زۆریش ڕێ بکات، سەدان ساڵی دەوێت، تا دەگاتە ئاستی سەرەتایی و پێگەی هەرە دامێنی گەلانی پێشکەوتوو.

***١٧ ـ{ حسابی کورد لەوەدا نییە وەک خاوەن پەزی عادەتی لەگەڵ خۆیدا بڵێ "مەڕگەلەکەم زاوە، داخوا کەی بێچووەکانی بفرۆشم قازانجی زیاترە". کورد جاری خەریکی ئەوەیە لێکدانەوەئێکی دیکە بکا و بڵێ "گورگ لە پارێزی مەڕگەلەکەمدایە.. وا پێدەچێ کەوتبێتە ناو کۆزی بێچووەکانیشەوە. تۆ بڵێی چ بکەم خۆم و مەڕەکە لە ددان و چنگاڵی گورگ ڕزگار بکەم!}.ح.ق.١ ل ٢٤***

کەواتە، تا کورد نەگاتە دوا ئامانجی قەوارەی سیاسی و پەرژینی پۆڵاین بە دەوری نیشتمانەکەیەوە دروست نەکات، هێشتا هەر لەبەردەم مەترسیدایە. هەر چرکەساتێ بێت،داگیرکەران و دوژمنان، بە کەڵبەی درێژ و چڕنووکی خوێناوی و مستی پشتشکێن، دەتوانن خەونەکانی لێ بەتاڵ بکەنەوە. چەندین ڕێکەوتننامە و مافی ئۆتۆنۆمی و شتگەلێکی ترمان لەگەڵ دوژمناندا ئیمزا کرد، بەڵام هەمووی

مرەکەبی سەر کاغەز بوون، ئەو چرکەساتەی داگیرکەران ئارەزوویان کرد بێت، هەموو هەڵوەشاوەتەوە. کەواتە بڕیاری شەڕ و ئاشتی هەمیشە لای ئەوانە و بە پێی بەرژەوەندییە دوورونیزیکەکانیان لە تاکتیک و ستراتیژ کاریان پێ کردووە. بە واتایەکی دیکە، پرسی سەربەخۆیی و خۆرزگارکردن، لە پێش هەر ئەرک و داوا و دروشمێکی ترەوە دێت. گومانی تێدا نییە، کەوا گەلێک دروشم و ئامانجگەل هەن، دەکەونە ئەگێندای دوای قۆناغی سەربەخۆییەوە. هەربۆیە، هەوڵ و تێکۆشانی خۆ ڕزگارکردن و پاراستنی خاک و ڕۆڵە و ناسنامەی کوردبوون، پێویستە تا دوا وێستگەی مسۆگەرکردنی ئارامی و دڵنەوایی بەردەوام بێت.

پرسی سەربەخۆییش هەمیشە ویست و ئاوات و داوای کەسانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر بووە. وەک تاکە شارێیەکی سەخت و گرانی خەبات، ڕۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوایەتی، ئەم ڕێبازە دەگرنە بەر بۆ گەیشتنە ئامانج و هەواری سەربەخۆیی. ئاخر پرسی کورد بۆتە گەمەیەکی خوێناوی ناوچەیی و جیهانی، بە تایبەت بەدەست داگیرکەرە ڕاستەوخۆیەکانییەوە.

**حاڵی کورد ئێستا لە بەینی تورک و ئێران و عەرەب**

**بێچوە تەیرە کەوتۆتە داوی منداڵانەوە** (ئەحمەد.م.جاف)

***١٨ - {تا گیروگرفت و خەتەری کوشندە هەبێ دەبێ ئامانج نەهێشتنی ئەو گیروگرفت و خەتەرە بێت: خۆخەریککردن بە ئامانجی لابەلا لەگەڵ پێداویستی ژیان و بوونی میللەت ناگونجێ}.ح.ق.١ ل ٢٥***

بارودۆخی کورد و کوردستان، بە داگیرکراویی و دابەشکراوی، ڕەوشێکی ڕوون و ئاشکرایە، جەختکردنەوە لەسەر ئەم ڕاستینە بەڵگەنەویستە ڕێگە بە چ گفتوگۆ و چەلەحانێیەک نادات. کەواتە ئەرکی هەرە سەرەکیی نەتەوەیەکی بندەست، بەرزکردنەوەی دروشمی یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی و فەراهەمکردنی ئازادییە. ئەوسا بەم شێوەیە هاوکێشەکە گەلێ زەلال و خویاکردییە، هیچ دروشم و ئامانج و داوایەکی هزری و فەلسەفی بەر لە داوا و ئامانجی (سەربەخۆیی)، وەک دیارترین و بە نرخترین ئامانج، ناکەوێتەوە. بۆ نموونە ئێستا، ( ٢٠١٦ ) کورد لە باشووری نیشتمانەکەیدا ڕووبەرووی شەڕی داعش بۆتەوە، ئیدی گەرەکە، تەواوی کێشە و

داخوازییەکانی دیکە، سەرپێ نەرم بکرێن و بخرێنە خزمەتی ئامانجی، بەربەرەکانی داعش و پاراستنی کوردستانەوە. ئەمەش گەوهەری گوتار و ئەرکی نەتەوەییانەیە. ئەویشــی لەم ڕاســتە شــەقامە لادەدات، ڕووە و هەڵــدێر مــل دەنــێ و مێــژووش قسەیەکی دیکەی بۆی دەبێت.

***١٩ . { من لە پشت چاویلکەی ڕەشەوە سەیری جیهانی کوردەواری ناکەم. هێندەی هەر مرۆڤێکی دڵ خۆش بە بوون و ژین و چارەنووس ئومێدم هەیە کورد بە مافی نەتەوایەتی خۆی بگا. دەمێکە گەییوم بەو قەناعەتە کە زەمانی تواندنەوەی کورد بەسەرچووە}.ح.ق.١ ل ٢٥***

وردبــوونەوە لە پرســی کــورد، بە دیــدێکی ڕەش و نائومێــدانەوە، بەشــێکە لەو ئــاڵایەی بــێ شــەڕ و بەرگریکردن،هەڵــدەکرێت بــۆ خــۆدان بەدەســتەوە لەبەردەم دوژمنــان. ئومێــد و خەبــات و داوای نەتەوەیەک، بــۆ گەیشــتنە دوا ئامانجەکــانی، گەرەکە بە گیانی گەشبینی بە ئایندە، بارگاوی بێت. بەدرێژایی چەندین سەدەیە، کــورد دەســەڵاتی نەمــاوە و لێــی دەدرێ و کوشــتاری لــێ دەکــرێ، کەچــی بەرگەی شــەڕی هەمــوو داگیرکەرانــی گرتــووە و سەرســەختانە لە ســەنگەری بەرگریــی و مــانەوەدا بەربەرەکــانی ناحەزەکــانی دەکــات و ئامــادەیە بە خــوێن و فرمێســکی ڕۆڵەکــانی بەرگــری لە وڵاتەکەی بکــات. نەتەوەیەک بەم خــۆراگریی و نەبەزیــی و تێکۆشــانەیەوە چــۆن دەمرێــت؟! هەروەک چــۆن کوشــتن و ســێدارە و زینــدان و ڕاگــوێزان و سیاســەتی ســوتماک و کۆمەڵکــوژی و چەکــی کیمیــاویی و ئەنفــال نەیبەزاند، هەر ماوە و سەربڵندە، وا لەمەو پاشیش هیچ سیاسەت و ملهوڕییەک ملی پێ کەچک ناکات.

**کورد نابڕێتەوە و خەیاڵتان خاوە**
**بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە** (پیرەمێرد)

***٢٠ . { بەڵێ کورد میللەتێکی نەمرە، دەماری زیندووەتی لە فرکەدایە هەر دەڵێی ئەگەر بشیەوێ ناتوانێ بمرێ}.ح .ق.١ ل ٢٦***

مێژووی بەرخۆدان و تێشکان و هەڵسانەوەی کورد هێندە دوور و درێژە، ڕەنگە جێی سەرسوڕمانی زۆر کەس و مایەی باوەڕ نەکردنی زۆری تریش بێت. ئێمە دەزانین، کەوا چەندین گەلی دیکە لەناوچەکەدا هەبوون، بەرەنگاریی شالاو و ئافاتی داگیرکەریان پێ نەکرا و تەفروتوونا بوون، یاخود بێ ناونیشان ماونەتەوە. لێ کورد لە ڕێگای خەبات و قوربانییە بەردەوامەکانییەوە، هەم سەرکەشە و هەمیش بۆتە سیمبۆلی خەبات و بەرخۆوەدان.

جەمال نەبەز دەڵێ: " کوردستان بە پێچەوانەی ئەو دەوڵەتە دەستکردانەوە، مێژوویەکی چەند هەزارساڵە و کولتووریکی چەند هەزارساڵەی هەیە و بەشێوەیەکی خۆڕسکی و لەسەرخۆ هاتووەتە بوون. کوردستان ڕاستینییەکی دیرۆکی و جوگرافیایی و فەرهەنگییە".(١٠.،ل٢٨٧).

**قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر رووی زەمین**
**میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین**
**میللەتێ لاوی لە رێگەی سەربەخۆیی نیشتمان**
**بێتە بەر سێدارە،بێ ترس،دەم بە خەندە و پێکەنین**
**قەومی وا نامرێ، ئەژی، با دوژمنی هەر شەق بەرێ**
**ساحێبی رۆڵەی نەبەردە، خاوەنی عەزمی مەتین** (بێکەس)

***٢١ ـ { بە نیسبەت کوردایەتی و گیانی میللی کوردەوە،حاجی هەر دەمایەوە وەک یەکەم چرای شوعلەدار کە تاریکی شەوکوێری لە دەوری کوردەواری بپێچیتەوە، فکر و فەلسەفەکەشی ئەو یەکەم سەرچاوەی تاقانەیە دەبوو کە دڵ و مێشکی کوردانی بە بیری وەتەنپەروەری ئاودابێ و هەستی شانازیکردن بە کوردایەتی لە روحیاندا خەلق کرد بێ}.ل ١٨٢٨١***

ڕۆڵ و کاریگەرێتی حەزرەتی کۆیی، لە مێژووی بیری نەتەوەییدا، زۆر گەش و پرشنگدار و جێی بایەخە. هەر بۆیە مامۆستا مەسعوودیش، یەکێ لە کارە هەرە بەرز و قەبە و زلەکانی،کە شاکارێکی بێوێنەیە، بە هەمان هەناسە و هەست و گیانەوە، بۆ ئەم شاعیر و کەسایەتییەی تەرخان کردووە. حاجی و شیعر و

بیروبـاوەڕی، چرایەکـی گەش و زێـڕینن، لە دوای خـانی، لە تاریکسـتانی وڵاتـی کوردان دا، هەڵبووە و هەتا ئێستاش، پرشنگ دەدەنەوە. شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

**حاجی قادر کۆیی هەڵۆیەک لە هەیبەت سوڵتان.**
**چرایەکی بە گەردنیا هەڵواسیوە و**
**بەشەوەزەنگدا ئەگەڕێ**
**پڵنگێک زەنگێکی پێیە و**
**لە تاریکیدا لێی ئەدات**
**بەفر سەری خۆی هەڵدەگرێ و**
**لەناو بیاباندا ئەمرێ!**

***٢٢ ـ{ بەهەمەحاڵ تا ئێستا بۆ پاراستنی یادی حاجی و شانازیکردن بە ناوییەوە تا بیستبێتم، لە کۆیێ دوو سێ جێگە و فێرگەی بە ناوەوە کراوەتەوە و بریارێکیش هەیە بۆ بەرپاکردنی پەیکەرێکی حاجی لە گۆرەپانێکی کۆیەدا و بەس. لەمەدا گیانی ناوچەپەرستی وەک کوڵەوژ لە چاوان دەچەقێ و کە لێی ورد دەبیەوە بەزەییت بە کوردایەتی دادێ: نەبونی یادگاری حاجی لە غەیری کۆیی نوقسانییەکی زلە، چونکە خۆبـواردن و خەو لەخۆخسـتن لە عاسـت حـاجی قـادردا وەک چـاو نوقانـدنە بـۆ نەدیتنی رۆژ، رۆژیش وا بە تاقی ئاسمانەوە، نە ئەستێرە لە تەکیدا نمودی هەیە و نە مانگ.***

***ئەگەر گیـانی تەسـکی ناوچەپەرسـتی نەبـێ لەلایەن خەلـقەوە حـاجی قـادر ئەو ناوچەپەرستە نەبووە هەر لە کۆیی یادی بکرێتەوە. حاجی هەر بۆ کۆیی نەژیاوە و نەسووتاوە... حاجی عاشقی هەموو کوردستان بووە، بۆ هەمـوو کـورد تـلاوەتەوە. بەڵام بەداخەوە بە کردەوە دەردەکەوێ هێشتا کورد بە تێکڕایی ئەوەندە لە قەپێلکی ناوچەپەرستی دەرنەچووە ئەو وەفادارە بێ بەرامبەر حاجی دەبوا ببێ}.ل٨٣ـ٨٤***

ئێمە گەر شـاعیرێکی وەک گۆتەی ئەڵمـانی(١٧٤٩ـ١٨٣٢)، بە نمـوونە بهێنینـەوە، دەبینین تەنیا لە شارێکی وەک بەرلین دا زیاتر لە (٤٠) قوتابخـانە و شـەقام و تەلان و مەیدان و کۆڵان، تەلاری شانۆیی و ئینیسـتیتوتی زمـانی ئەڵمـانی و چەنـدین شـتی

تری بەناوەوە هەیە و خۆیشی لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری فرانکفۆرتە Frankfurt am Main.

ناوەکانی شیلەر و مارتن لۆتەر و بسمارک و ئاینشتاین و سەدان و هەزارانی تریان بە هەمان شێوە. زیادڕەوی ناکەم گەر بڵێم ئەم ناوانە، هەتا هەنووکەش، ڕۆژانە لەسەریان دەنووسرێ و بەرنامە و کۆڕیان لەسەر ساز دەکرێ. کەچی میللەتی ئەڵمان، هێشتاش خۆیان بە کەمتەرخەم دەزانن لە ئاستیاندا و کە ناوێشیان دێت، بەوپەڕی تاسە و ڕێز و سەنگەوە باس دەکرێن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، وا پێویست بوو، لە شارەکانی سلێمانی و دهۆک و کەرکووک و سنە و ئامەد و قامیشلی و... شار و شارەدێکانی دیکەی کوردستان، چەندین شەقام و دەزگا بەناوی حاجییەوە، بە ناوی زەردەشت و خانی و جەزیریی و فەقێ تەیران و مەولانا خالید و مەحوی و وەفایی و شەرەفخان و خانی لەپزێڕین و مەستوورە و خانای قوبادیی و مەولەوی و قەدری جان و هێمن و هەژار و هەردی و پەشێو و شێرکۆ بێکەس و سەدانی دیکەوە لە نووسەر و هونەرمەندان هەبووایە. ڕەنگە نەبوونی ئەمانەش هەر لە دەردی بێ دەوڵەتییەکەوە شین بوو بێت.

**خۆشەویستم!**
**لە پیاوێکی گەڕۆکم بیست،**
**لەلای ئەوان کچانی کۆک،**
**لە باتی گوڵ**
**هۆنراوە دەدەن لە بەرۆک،**
**گەورەکانیان**
**بۆ پەیکەری هونەرمەندێک**
**دێنە سەر چۆک.**
**کەچی لە گشت کوردستانا**
**لە مەڵبەندی**
**بێکەس و حاجی و گۆرانا،**
**گەر بگەڕێی سەر تا خواری**
**وەک**
**غەریبێ،**
**بەدی ناکەی**
**تاپۆی پەیکەری ئەدیبێ !** (پەشێو)

ئەم جۆرە هەڵکەوتووانە، سیمبۆلی هەموو نەتەوەن و پێویستە ناو و بەرهەم و مێژوو و خەباتیان، لەبەرچاو و ناو دڵی نەوە بە نەوەدا، بە زیندوویی و بەرزی جۆش بخوات و ڕابگیرێن و ببنە بابەتی سیستەمی خوێندن. ئەمانە بەشێکی زیندوو و گرنگ و کاریکەری ناسنامەی نەتەوەیی پێکدێنن.

***٢٣ ـ {لەگەڵ ئەمەشدا، وایە هەرچەند باسی فەقێیەتی و گەشەی جارانی و کزبوونەوەی ئێستاکەی پەیوەندی راستەخۆی لەگەڵ باسی حاجی قادر نەبێ لایەنێکی "جوگرافی" لە گەشتوگەڕانی کۆنینەی فەقێی کوردا هەیە، دەلالەتێکی یەکجار زلی تێدایە بۆ بونی هەستێکی بەرچاوی نەتەوایەتی، هەرچەند بە جۆرێکی خامۆشیش بێ، لە سەرانسەری کوردستاندا بە درێژایی ئەو رۆژگارانەی کە هاتوچۆی خوێندنی فەقێیانەی تێدابووە. ئێمە خەریک بین باسی حاجی بکەین وەک یەکەم چرای بیری نەتەواەتی، رەوا نییە چاو بنوقێنین لە دیاردانی تارمایی هەستی نەتەوایەتی لە گەشتی فەقێیان بە هەموو لایێکی کوردستاندا، هەر نەبێ لەبەرئەوە کە حاجی خۆی فەقێ بووە و گەشتی بە چەند هەرێمێکی کوردستاندا کردووە بۆ خوێندن}.ل ٢٥٥-٢٥٦***

دوای بەخشینەوەی خاکی کوردستان، وەک ماڵە میرات، بەسەر ئەو چەند دەوڵەتە دەستکردانەدا، دەستبەجێ هەوڵی ئەوە درا تەلبەند و پەرژینکردنی سنوورە دەستکردەکان، لە نێوان پارچەکانی کوردستان ئەنجام بدەن، بۆ قوڵکردنەوەی دابڕان و دوورکەوتنەوە و پچڕاندنی پێوەندیی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕێگریی لە چالاکی سیاسی. داگیرکەرێکی وەک بەعسی عێراقی هەر بەوەش نەوەستا و بە قوڵایی ٢٠ کم دووجا،ناوچە سنوورییەکانی بە تورکیا و سوریا و ئێرانەوە،کە دەکاتە باکوور و رۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان، لە باشووری دابڕاند و خەڵکەکەی ڕاگوێزا، بۆ ناوچە عەرەبییەکان. ئیدی نە لە بەرنامە و پەروەردە و خوێندندا، باسی کوردستان هەبووە، و نە ڕایەڵە و تۆڕی پێوەندی هاتووچووی نێوان شارەکان، بۆخەڵکی کوردستان هێندە ئاسان بووە. گەشت لە کەرکووکەوە بۆ کرمانشان و لە مێردینەوە بۆ هەولێر و لە کۆیەوە بۆ قامیشلی پڕ بووە و هێشتاش تژییە لە سەرەڕۆیی و دژواری و ترس و لەرز و زۆرجارانیش ئەنجامدانی هەر مەحاڵە. ڕێگاوبان بەسەدان هەزاران پرسگە و خاڵی پشکنین و

بۆسەی سەربازی دوژمن تەنراوە، یاخود هەر ڕێگە پێ نەدراو بووە. هەر هامشۆکردنێکیش ئەنجام درابێ، بە قازانج و زیان بووە. بە واتایەکی دیکە، یاسای ئەو دەوڵەتە دەستکردانە، ڕێگربوون. پەنیر و ماست لە شاری سەردەشتەوە بە قاچاخ بۆ قەڵادزێ دەبرا. خەڵکی پێنجوێن بە دزی و نایاسایی چوونەتە مەریوان. زاخۆیی بە نایاسایی چوونەتە سلۆپی و نوسەیبینی بە ڤیزە چوونەتە قامیشلۆوە.. هتد. هەر کەسێکیش لەم هاتووچۆ و کارەدا بگیرایە، ڕووبەڕووی سزای توند دەبۆوە و دەبێتەوە. هەربۆیە گەلێ گرنگە، ئەو سنوورانەی، بەنێو جەرگی کورددا ڕاکێشراون، چ ڕێز و بەهایەکیان نەبێت و هەموو تاکێکی کورد، لە هەوڵی سڕینەوەی ئەم کارە تاوانکارییەدا بێت، کە ئیمپریالیزم ڕەنگڕێژی کردووە و تورک و فارس و عارەب دەیپەرستن. هەر لەم سۆنگە و ڕوانگەیەوە، کوردایەتی، بە توندی دژ بەو بیر و ئایدۆلۆژییایانە وەستاوەتەوە و دەوەستێتەوە، کە لە هەوڵی بەرجەستە و پیرۆزکردنی سنوورە دەستکردەکاندا بوون و دەبن. ئاخر ئەو سنوورانە دەستکرد و قێزەون و دژ بە ویست و داوای کورد کێشراون، چ پرسێ بە کورد لەو تاوانی سنوورکێشانەدا نەکراوە. ئەو سنوورانە، کوردستانیان پارچە پارچە کردووە و کوردیان دیلکردووە.

**تەلەگرافی پیرۆزبایی بۆ وڵاتی برین ناچێ،**
**باڵی نامە بڕ ناکاتە ئەولای سنوور**
**لەودیوەوە جەندرمەکانی سوڵتان**
**شیر و تیریان بۆ سەربڕینی ڕۆژە**
**نازانن لەناوچاوی هەموو مناڵەکوردێکا**
**ئەمشەو جەژنی نەورۆزە.** ( فەرهاد شاکەلی)

هێمنی شاعیریش لە نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە سنوور و وونبوونی گراوییەکەی دا دەڵێ:

**منی لە تۆ ون کردوو تۆ لەمن دوور**
**ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور**

***٢٤ ـ { گوتەیێکی یەکجار پەرەسەندو هەیە دەڵێ بزوتنەوەی کوردایەتی کوتەکی حازر بە دەستی ئیمپریالیزم و خوێنمژی و کۆنەپەرستییە لە رۆژهەڵاتی نێزیکدا، ئەم گوتەیە چەندین سەرچاوە دەیڵێنەوە، هێندەش لە یەکدی دوورن شتێک نییە کۆیان کاتەوە مەگەر دوشمنایەتییان بۆ کورد. شۆڤێنی لای راست و شۆرشگێڕی لای چەپ بە نۆرە بارەها ئەم گوتەیان کوتاوەتەوە} . ل ٢٦١ ـ٢٦٢***

تاوەکو کورد، هەر بەو واقیعە تاڵەی بندەستی، ڕازی بێت و بەردەوام زووخاوی ژیانی مەینەتی بچێژێ، هەرگیز لە قەفەزی دیلێتی ڕزگاری نابێت. بەرانبەر بە هەر ڕاپەڕین و بەرزکردنەوەی داوایەک، لە لایەن کوردەوە، ئەم تۆمەتە بەتاڵانە و کۆمەڵێ ناهەقی دیکەی، وەک مۆری ناپاکی و چەمۆڵەی ترسناکی نەفرەت لێبوون و هەڕەشەی مەرگ، بە ڕووی کورد دا بڵندکراوەتەوە. بە کورتی و کرمانجی، هەمیشە کورد بەرامبەر بە هەر، کردار و ڕەفتارێکی، خراوەتە خانەی تاوانبارییەوە. ئەم تۆمەت بەخشینەوە و تاوانبارکردنە، لەلایەن شۆڤێنیست و چەپڕەوەکانی میللەتانی سەردەستەوە، خراوەتە پاڵ کورد. سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی تورکیا، حەیدەر کوتلوو، پێش ڕووخانی دیوارەکەی بەرلین، لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەژیا. سەروەختێ دیوارەکە، ساڵی ١٩٨٩ ڕووخا و هێلانەکەی لێ تێکچوو، میدیای ئەڵمانیا چاوپێکەوتنێکیان، لەتەکدا ئەنجام دا. ساتێ لێیان پرسی بەرنامەت چییە و بەرەو کوێ دەچیت؟ ڕاست و ڕەوان، وتی: "دەچمەوە وڵاتی خۆم تورکیا و پارێزگاریی لە سنوورەکانی دەکەم، چونکە پ. ک. ک، دەیەوێ تورکیا پارچە پارچە بکات". سەعدی یوسف شاعیر و کەسایەتییەکی کۆمۆنیستی دیاری عێراقییە. زۆر شۆڤێنیستانە چاوی بەو گەشە سەندنەی کوردستان و داوا ڕەواکانیدا هەڵنایە و نیگەرانە، بە دەنگ و ڕەنگی فیدراڵی و داوای سەربەخۆیی کوردستان قەڵسە، بۆیەکا بێشەرمانە لە وتارێکدا، ناوی کوردستانی بە مەیموونستان هێنا...هتد .

***٢٥ ـ { دەک هەزار لەعنەت لە سیاسەتی دوور لە واتای ئینساف و مرۆڤایەتی. وەی کە ناخۆش و جگەرسووتێنە ئەندامی میللەتێکی ژێر چەپەلۆک و بێدەسەڵات بیت: لە بن دیواری "مسجد الاقوصی" خۆت بە کوشت بدەیت پێت دەڵێن "شعوبی"، لەناو ماڵی خۆت بەرگری داگیرکەر بکەیت پێت دەڵێن خزمەتکاری بێگانە، دۆستی رۆژاوا بیت ـ ئەگەر بە دۆستت قبوڵ کا ـ کلکی ئیمپێریالیزمیت، سەر بە رۆژهەڵات بیت ـ ئەگەر لێت گەرێ شوێنی کەویت ـ بێ دین و "اباحی" و روخێنەریت...شۆرش بکەیت فیتنەچیت، بوەستیت و خامۆش بیت واوەیلا بۆ رۆژگارت} .ل ٢٦٣***

جـا بنـۆڕە، چ میللەتێـک لەم جیهـانەدا، بە سـەرە ڕمـی ئەم هەمـوو تـاوان و هەڕەشەیە، گەمارۆ دراوە. چ هەڵکەوتێکی دژوار و سەختە، گەرەکتە داوی گەمارۆ دراویی خۆت بپسێنی و دەتەویَ هەبیت و هەناسەی ئارامی ژیان، هەڵمژی و ڕۆڵت هەبێت لەم گەردوونەدا و بەشداریی لە بونیادی شارستانێتیدا بکەیت، لێت نـاگەڕێن و بـۆت ناسـەلمێنن. ئـاخر، مامۆسـتا ووتەنـی: لای مزگەوتـی (مسـجد الاقصـی) لە پێنـاوی ئیسـلامدا بکـوژرێی هەر بە شـعوبی دێیـتە هەژمـاردن. ئەمەش تـۆمەتێکی قورسـە. لەنـاو مـاڵ و نیشـتمانی خۆتـدا، شـەڕی داگیـرکەر بکەیـت، دەکـرێیتە خزمەتکـاری بێگـانە، ئەمەش بڕیـاردانێکی نادروسـتە. خـۆ گەر جـاریَ بـاس لە چاکەیەکی دۆستانەی ڕۆژئاوا بکەیت، یاخود وڵاتێکی ڕۆژئاوایی لەسەرت بەدەنگ بێت، وا مۆری کلکی ئیمپریالیزمت لێدەدەن. ئەمەش مۆرێکی ناشـرینە لێت دەدەن. نەخاسمە بە گاڵتە و بە نـاویش بێت، بکەویتە خـانەی دۆسـتایەتی ڕۆژهەڵاتەوە، وا کـافر و تەرەقەسـووری بـیَ ئـایین و لادەریـت. ئەمەش دیسـان گونـاهێکە گەورەیە. ئیدی دەرهەق بەم هەمـوو سـتەم و کوشـتن و بڕینەی دەسـەڵاتی داگیـرکەران، گەر بێت و پەنا بۆ چەک و بەرپاکردنی خەباتی چەکداری بەریت، دەهـۆڵی جیاخوازیی و فیتنەچێتی و ئیسرائیلی دووەمت بۆ دەکوتن و سـەرکزیش لە مـاڵی خۆتدا دانیشـیت، هەر دەتکوژن.

ئەوە نییە تـا ئێسـتاش ڕۆژانە هەزاران کەسـی سـڤیل، بەر بۆمبـارانی فـڕۆکەی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا دەکەون. شێخی پیران و سمکۆ و سەید ڕەزا و پێشەوا و قاسملۆ و شـەرەفکەندی، نموونەی زیندووی ئەم باسـەمانە. خـاڵێکیش کە لێـرەدا شـایانی ئامـاژە پێـدان بێـت، هەمـوو داگیرکەرانـی کوردسـتان، لەسـەر بەخشینەوەی ئەم تۆمەتانە و دژایەتی کورد، وەک یەک و پێکەوە کۆکن. کوردیش لەم ڕووەوە جوانی گووتووە: "سەدساڵ بکەی بێگانە پەرستی
ئاخرەکەی هەر دێنی نوشووستی".

وەکو تریش نە مێژوو، نە حەقیقەتی ژیـان، لێت ناسـەلمێنن، ڕۆڵەی نەتەوەیەکی نیشـتمان داگیـر و دابەشـکراو بیـت و خەریکـی خزمەتکردنـی بێگـانە و دەوڵەتـی داگیـرکەر بیـت. پاسـۆکیش دەڵـیَ: " کەسـیَ بە سنگەخشـیَ، بـڕوا، نـاتوانی ببێـتە دارشەقی بنهەنگڵی خەڵکانی دیکە".

***٢٦ ـ {گەشت و خوێندنی فەقێیان، جگە لە ئیسپاتکردنی هەبوونی گیانێکی نهێنی کوردایەتی خزمەتێکی یەکجار گەورەی "بوونی قەومی" کوردیشی کردووە}.ل ٢٦٤***

ناوەکانی مەلای جەزیری و حاجی قادر و مەولەوی و مەحوی و ع. سەجادی و هەژار و قانع، نموونەیەکی گەشاوەی ئەم باسەن. ئەمانە زۆربەیان و چەندانی دیکەش، بەناوی فەقێیەتی و بۆ خوێندن، سەرباری سنوورە دەستکردەکان، لە هامووشۆی کەرتەکانی کوردستان نەکەوتوون و وەک قاسید، هەواڵیان هێناوە و بردووە. واتە تاکە دەستاوێژی تەقەڵ تێهەڵدانی بەشەکانی کوردستان بوون پێکەوە و پێوەندییە ڕۆحییەکەیان پاراستووە و سووڕی دەورانی خوێنی جەستەی کوردیان تەواو کردووە و نەیانهێشتووە دڵی کورد لە لێدان بکەوێت. میللەتێ کە دەرەتانی خۆسەلماندن و بەرزکردنەوەی ئاڵای بوون و هەڵبڕینی دەنگی داخوازی لێ هەڵبڕا، و مەحکومی داگیرکراوی و دابەشکراوی، چەندین دەوڵەتی زۆڵەک بێتەوە، هەروای بەسەر دێت.

***٢٧ ـ {بە نیسبەت کوردەوە چونکە کیانێکی سیاسی نەبووە کۆی کاتەوە سەر یەکتر و لە ڕێی دەسەڵاتی "میری"یەوە پەیوەندی سەقافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەموو لایێکی گەل و وڵاتەکەی بەیەکەوە ببەستێتەوە و بەرەو باوەڕێکی گشتی یەکگرتوویان ببا، تا بڵێی پێویستی بووە بە بوونی پەیوەندی "خۆڕسک" ی ئەوتۆ نەیەڵێ خەلقەکە یەکدی فەرامۆش بکەن. دەتوانم بڵێم هاتوچۆی کۆچەری کە لە خودی خۆیدا دیمەنی ژیانێکی سەرەتایی و دورە ژیارە، سوودی ئەوەی هەبووە بە درێژایی کات کوردەواری ئەم دیو ئەودیودی سنووری نێوان دەوڵەتان بەیەکەوە بلکێنێ. با بە شێوەیەئیکی نەکام و ناپوخت و لە پەراوێزی رووپێو "مساحە"ێکی تەسکیشدا بێ، چونکە کە پەیوەندی کەم بوو، کەمێک پەیوەندی دەکا زۆر. ماوەی درێژە پێدانم نییە و بەو باسەی چەندوچۆنی ئەو پەیوەندییانە کە کوردی بەیەکەوە بەستوون و هەستێکی "مشترک" ی بۆ دروست کردوون و کامیان لە گرنگیدا پێش کامیان دەکەوێتەوە وەک "زمان، مەفتەن، نژاد، مێژوو، ئایین، یەکیەتی چارەنووس و سوود و زیان، سەقافەت، ئابووری..." تەنها بە جۆرێکی سەرەتایی و وەک بەدیهیە دەبێ ئەوە بڵێم زمان و مەفتەن لە ژووررووی هەموو پەیوەندیێکەوە دێن نەک هەر بەنیسبەت کوردەوە بەڵکو بە نیسبەت هەموو میللەتێکی جیهانەوە لە رووی***

***دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی... رەنگە لە هەموو مێژوودا دوو میسال هەبێ، لەبەر هۆی یەکجار تایبەتی و بێ سابیقە "پێشینە" هەستی نەتەوایەتی و خەباتی قەومی لەسەر بنجی "یەکیەتی زمان و مەفتەن" هەڵنەستا بێ. با لەوە واز بێنین و موناقەشەی ئیعتیرازی ئەو فەلسەفانە نەکەین کە بەلایانەوە هۆی پەیوەندی نەتەوایەتی هەیە گرنگتر لە زمان و نیشتمان چونکە ئەو موناقەشەیە سەرەتای هەیە بەڵام کۆتایی دیار نییە(...). وەک گوتم نەبوونی کیانێکی سیاسی بۆ کورد هۆی هەرە بە هیزی پەیدابوونی هەستێکی نەتەوایەتی گشتی لە کوردان کەم کردۆتەوە. سەرنجێکی سەرپێیی دەری دەخا لەم حاڵی پڕ پێویستی بۆ بوونی پەیوەندی خۆڕسک کەوا کەلێنی نەبوونی کیانی سیاسی کەمێک پڕ کاتەوە لەناو کوردا، گەشتوهاتووچۆی خوێندنی مزگەوتان لە کوردستاندا پەیوەندێیکی وای پێکهێناوە تاکی نەبێ. نە بازرگانی، نە فەلاحەت، نە پیشەسازی، نە هیچ کەسب و کارێکی کە هاتووچۆ بە خەڵق دەکا و بە یەکتریان دەناسێنێ، نەیتوانیوە سەرانسەری وڵاتی کوردان بەیەکەوە ببەستێتەوە بە قەدەر گەشتی فەقێ و مەلایان کە بە هەموو کوردستاندا بڵاو دەبوونەوە و لە دێیەکەوە بۆ دێیەک و لە شارێکەوە بۆ شارێک بە نیازی خوێندن جێگۆڕکێیان دەکرد و لەو جێگۆڕکییەدا خەڵقییان دەناسی و پێکیان دەناساندن}.ل ٢٦٥ ـ ٢٦٧***

Ernst Gellner، گێلنەر دەڵێ: " کومەڵگە بەبێ یاسا و ڕێسا نابێ. یاسا و ڕێساش بەبێ گوشار و ناچارکردن مەیسەر نابێ، زۆرلێ کردنیش بەبێ دەستگا و ئامێرێک (واتە دەوڵەت) جێبەجێ نابێت".

گەر بێتو، ئەندامانی خێزانێکیش، لە تەمەن و سەردەمێکی دیاریکراودا، پێکەوە لە ماڵێکدا، شوێنێکدا گوزەران نەکەن، سۆز و هەستیان بۆ یەکتر و وابەستەییان پێکەوە کز و سست و لاواز دەبێت، بە تایبەتی گەر خاوەنی ماڵێک، چوار دیوار و بنمیچێک نەبوون. واتە میللەتێ ئەگەر خاوەنی دەزگایەکی وەک دەوڵەت نەبێ، وا شیرازە پچڕاو دەمێنێتەوە. چوارچێوەی کیانێک بۆ نەتەوەیەک، دەبێتە داینەمۆی هەڵسوڕاندنی کاروباری گیانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی نەتەوە. کەموزۆر تاکەکان بەکار لەیەکترکردن، بەشداری لە بەرهەمهێنانی دەگێڕن و دەرئەنجام هەست و بەرژەوەندی و پەیوەندییەکی هاوبەش و هاوکۆییان، لە نێوان دا سەرهەڵدەدات. ئۆرگانی دەوڵەت کاری کۆکردنەوە و بەخشینەوەی بۆ

چالاکی و کردەی یەکەکان و دانەوەیەتی پێیان. بایەخی خوێندنگا و مزگەوتەکان و هاتووچۆی (فەقێ)کان، ئەم ناوەندانە لەم سەری کوردستانەوە بۆ ئەوسەری، رایەڵە و ئەڵقەی گرێدان و بەستنەوەی ئەم پارچانە بوون پێکەوە و هەمان کات دەستاوێژی کۆمۆنیکاسیۆن و پردی هاتووچۆ و کەناڵی دەنگ و باسەکان بووە پێکەوە. هەر ئەمانە قاسیدی ئاڵوگۆڕی زانیاری و هاوکات ڕەتکردنەوەی سنوورە دەستکردەکان و بەزاندنی کۆسپە دروستکراوەکان بووە. هەموو ئەمانەش دەروازە و ڕاڕەوی هەناسەدانی گیانی نەتەوایەتی و نەمرکردنی هەستی کوردایەتییە. گەر داگیرکەر توانیبێتی زۆر شتمان لێ قەدەخە بکات، وا هەرگیز نەیتوانیوە بەسەر هەست و باوەڕماندا زاڵ بێت.

دەستەیەک لە شاعیرە دیارەکانمان، پەروەردە و هەڵکەوتووی ئەم مەڵبەندانەن و شیعرەکانی خانی و خانای قوبادی و وەفایی و مەولەوی و بێکەس و پیرەمێرد، لەم کەناڵەوە بە یەکتر گەیشتوون.

هاگەن شولتسە، Hagen Schulze، دەڵێ: " هەتا پێش کۆبوونەوەی ساڵی ١٨٤٨، لە فرانکفۆرت، وڵاتی ئەڵمانیا لە نێزیکی٤٠٠ میرنشین، پێکهاتبوو. ساتێ ئەم نوێنەرانە لە فرانکفۆرت کۆبوونەوە، هەموویان "بسمارک"ی ڕاوێژکاری میرنشینی پروسیایان، بەسەرۆکی خۆیان پەسەند کرد. چونکە لەو سەردەمەدا پروسیا لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئەڵمانیاوە، بنەمای بەهێز و یەکگرتووی دەوڵەتی زێتر تێدا بەرجەستە ببوو. بسمارکیش سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنابوو. خاڵێکی دیکەی گرنگی یەکگرتنی ئەڵمانیا بەستنەوەی سەرتاسەری وڵاتەکەیان بوو، بە تۆڕی هێڵی شەمەندەفەر، بۆ بازرگانی زیاتر و گەشەسەندنی ئابووری و پێوەندیی نێوان میرنشینەکان و نێزیک بوونەوە لە یەکتر و هەستکردن بە نەبوونی جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا".

کوردستان دەسەڵاتی نەبووە، ڕێگاوبانی ئەمسەرەوسەریی و تۆڕی هێڵی ئاسنین ڕاکێشێ و هەموو وڵات پێکەوە، تۆڕبەند بکات و دەزگای باج دامەزرێنێ و بازاڕی هاوبەش بخولقێنێ، بۆ گەشەی ئابووری و بەستنەوە و تێکەڵبوونی ناوچەکان، بە یەکترەوە و سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕکردنی کەرەسەکانیان. یاخود دەزگای (پۆست) ی نەبووە، جار هەبووە بۆ گەیاندنی هەواڵێک، چەند کەسێک گیانبازییان بە ژیانی خۆیان کردووە، چونکە داگیرکراو بووە. بڕوانە مام هەژاری شاعیر، بۆ گەیاندنی نامەیەک بە کۆنگرەیەک لە وارشۆ، کە پەیامی نەتەوەیەکی لە خۆ گرتووە،چ دەڵێ:

**کوردێکم دەویٚ چاپک و پتەو**
**سەفەرێک هەیە بۆم بکا بە شەو**
**نەهێڵیٚ تورک و عەجەم بزانن**
**داگیرکەرانن لە کوردستانن**
**ماڵ لە خانەخویٚ حەرام کراوە**
**مەسەلی کوردە و لە کورد رووی داوە**

ئیدی بەم شێوازە پرۆسەی کامڵبوونی "نەتەوە" لەسەرتاسەریی کوردستاندا ئیفلیج کراوە. کاتیٚ کورد، لە دەزگایەکی کارا و بەهێز و کاریگەری وەک "دەوڵەت" بێبەش دەبیٚ، ئیتر چی دیکە نەیتوانیوە، ڕەوتی مێژوویی خۆی بە سروشتی درێژە پیٚ بدات.

گەر بهاتایە و لەسایەی دەوڵەتدا، خەونەکەی پیرەمێرد:

**( ئەلەتریک لە بەرانانەوە هەتا گۆیژە... تەلی بەسەر شارا ڕاکێشرابوو)**

بهاتایە دی و هێڵی ئاسنین بەسەر چیا و تونێلەکانی شاهۆ و گۆیژەو ئەزمەڕ و پیرەمەگروون و هەندرێن و سەفین و قەندیلەوە بکێشرایە، ڕۆڵەکانی نیشتمانی کوردستان، بوار و هەلکەوتییان لەبەردەم دا بووایە، خاوەن دەوڵەت بوونایە، وەک خوداپێداوانی میللەتانی دیکە، ئەوە ئێستا نەخشەیەکی ترمان لەبەرچاودا دەبوو. ئەحمەد .م.جاف، ئا بەم شێوە پەیامەکەی، دوای ڕزگاریی و ئازادبوون لە بندەستی، لەم تابلۆیەدا دەنەخشێنیٚ و رایدەگەیٚنیٚ:

**ئەمرۆ باوابیٚ بەڵام رۆژیٚ ئەبیٚ ئەولادی کورد**
**بێنەوە مەیدان بە عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە**
**نەوجوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە**
**هەر لە کرمانشان هەتا ورمیٚ و سنە و بۆکانەوە**
**رێکی ئەخەن وەزعیەت وان و جزیرە و باشقەلا**
**عەقرە و زاخۆ دەبەستن رێک بەقەد بۆکانەوە**
**خانەقین و مەندەلی و خاکی لوڕستان یەک بە یەک**
**وەک وەستا ئەدروون بە بالاًی مەنتیقەی بابانەوە**
**پاش قڕانی مودەعی دەست پیٚ ئەکەن تەعمیری موڵک**
**رێگەی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە**

جەمال نەبەز دەڵێ: " نەبوونی دەوڵەتی کوردی، مانای وایە کە بوونی کورد خۆی لەبەر مەترسی نەماندایە، چونکە هەر دەزگەی دەوڵەتییە کە لە ڕەوشی ئیمرۆدا دەتوانێ خاکی نەتەوەیەک بپارێزێ لە دەستدرێژیکەران و هەر ئەویشە کە لە جیهانی ئیمرۆدا دەتوانێ ڕەوایەتییەکی قانوونی بۆ ئەوە دروست بکات کە خاکی وڵاتێکماڵی نەتەوەکە. نەبوونیی دەوڵەتی، مانای وایە ئەو خاکەی کوردستان کە چەند هەزار ساڵێکە نیشتمانیی نەتەوەی کوردە، بە ماڵی کورد نەدرێتە قەڵەم، بەڵکو بە ماڵی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەشکردووە و هیچیشیان دەوڵەتی کوردنین).١١، ل ٨٣

٢٨ـ ***{لە کورد بەولاوە کە کیانی سیاسی پێک نەهێناوە، رەنگە میللەت نەمابێتەوە بێ کیان لەسەر رووی زەوی. قوتابی سەردەمی نوێ لەناو میللەتی خاوەن کیان بەهۆی بەسەرچوونی قۆناغی خەباتکردن لە پێناو ئەو کیانە، خەریکی خەباتێکی تازە داهاتووی ئەوتۆیە لە هیچ رووێکەوە ناکێشێتەوە سەر ئەو رۆڵە و دەورەی کە خوێندنی مزگەوت لە کوردەواریدا بینیویەتی. خۆ ئەوەی راستی بێ نەبوونی کیانی سیاسی کورد ئیمرۆش رۆڵی قوتابیەکی کورد جودا دەکاتەوە لە هی قوتابیەکی روس وەیا ئەڵمان وەیا تورک. ئەگەر جورئەت بکەین راستیی بڵێین و شەرمی حزوری گەلان نەمانگرێ، خۆ هەڵسونی قوتابیەکی کورد لە بزوتنەوەیێک کە بەرهەمی بۆ گەلی خاوەن کیان دەبێ، بێ تەئویل بەر واتای ئەو چەند بەیتەی حاجی قادر دەکەوێ کە بۆ ئەو شاعیر و نووسەرانەی کوردی داناوە زمانی بێگانە بەکار دێنن:***

**وەک مریشکێ کە عەقڵی نەیهێنێ**

**بێت و هێلکەی مراوی هەڵبێنێ**

**وەک بگاتە کەناری جۆگەلەیێک**

**نایەتە شوێنی بمرێ جوجەڵەیێک}.** ***ل ٢٧١ ـ ٢٧٢***

دوای گەیشتن بە کیانی سەربەخۆ، دەشێ ئیدی هێندە پێویستی خوێن و قوربانیدان،بۆ گەیشتنە ئامانج،ئامرازێکی سەرەکی نەبێت، یاخود بەو قەبارە و شێوازەی قۆناخی بندەستی نەبێت. کاتێ تاکێکی ئەڵمانی، فەرەنسی، چاو هەڵدەهێنێ و هۆشی بە ژیان دەشکێ، هەبوونی دەوڵەتیش دەکەوێتە بەر حوکمی

بەڵگەنەویستی زیهنی، وەک هەبوونی نان و ئاو، باوک و دایک، شەو و رۆژ و ئاسمان و زەوی و ترۆمبێل و فرۆکە و ئامێری موزیک، چۆن هەموو ئەمانە، هەن و سەیریان دەکات و بەکاریان دێنێ و لێیان تێدەگات، بەشێکن لە کایەی ژیانی و هێما و ئاماژەیەکن لە ناسنامەی نەتەوایەتی، لە دەوڵەتیش بەهەمان شێوە دەڕوانێ، کە پێی وایە بوویەکی ئەزەلی و ئەبەدییە. دیارە بۆ هەبوویەکی لەم چەشنە، پێویست ناکات چیدی، خۆی بکاتە قوربانی. هەزاران بواری دیکەی وەک: ئەدەب و موزیک و وەرزش و تاد... هەیە، ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات و سەروەری بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی تۆمار بکات.

کەچی ئەوەتانێ گەلانی وەک( کاتالان و سکۆتلەندی و باسک و ئیرلەندی) لە ئەوروپاشدان، تا ئێستا بەو هەبووە (دەوڵەت)، نەگەشتوون و بێبەشن لێی، بۆیەکا بە شێوازی جۆراو جۆر، بەردەوام هەوڵی بۆ دەدەن. بنۆڕە بێشکچی، چ سەرنجێکی لەم ڕووەوە بۆ تۆمارکردووین:

" یەکێک لە هەرە ڕووداوە تراژیدیە دڵتەزێنەکان لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا لە یەکەم چارەکی سەدەی بیستەمدا بریتییە لە بەئەنجامگەیاندنی سیستەمی کۆلۆنیالی نێودەوڵەتی لە کوردستاندا(...) کوردستان لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، دابەشکردن و لولدان و بەشکردنی وڵاتێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووداوێکی پڕ مانایە.)١٢،ل ٥٩).

***٢٩ - { جگە لە دیاردانی گیانێکی کوردایەتی و بەردەوام بوونی پەیوەندییێکی بەهێزی مادی و مەعنەوی لە میانی دانیشتوانی سەرانسەری کوردستان، لە خوێندنی فەقێیان و مانەوەیان لە چوارچێوەی وڵاتی کوردزماندا لە هەردوو قۆناغی فەقێیەتی و مامۆستایەتی، واتە خوێندن و دەرس گوتنەوە، دەلالەتێکی گەورەی دیکە هەیە، وەک دوای کەمێک بۆت روون دەبێتەوە، چەندین دەرگای باس و لاباسی زێدە فراوان دەکاتەوە کە سەر دەکێشنەوە بۆ لایەنی هەرە گرینگ لە بوونی مادی و مەعنەوی کورد و پرسیارەکانی سەر بە چارەنووس و نەگەیشتنی کورد بە دروستکردنی کیان و لە یەکدی نەچوونی باری رۆشنبیری و باری ئابووری کورد و دەیان لاڕێ و کولانەی لاوەکیٚ جانبیٚکە ئەگەر نوسەر جڵەوی خامەی شل کا بۆ شەرحدانیان بە زەحمەت و ئەرکێکی زیهنی و دیراسەیێکی مێژوویی بێ پایان نەبێ لێیان نابێتەوە}.ل ٢٧٤-٢٧٥***

ڕۆڵـی بـنکە ئایینییەکـان و هـاتووچۆ و جموجـوڵی فەقێکان،ـ وەک دیـاردەیەکی تـایبەتی، سـەر بە قۆنـاغی خـۆی ـ بەنـاوی خوێندنەوە، لەمسـەری کوردستانەوە بـۆ ئەوســـەری، هەر گەشــتێکی دوای ئــایین و زانیــاری کەوتــن نەبــووە، بەڵکــو لەو حاڵوبـارەی کـورددا، وەک گرێـدان و رایەڵەبەسـتنی بەشــەکانی کوردســتان بـووە پێکەوە. بە واتـایەکی دیکە، تـاکە دەرفەتـی تاقـانە بـووە، بـۆ دانەبڕانـی یەکجـارەکی بەشەکانی وڵات لە یەکدی و ئاگاداربوون و گۆڕینەوەی دەنگوباس بووە. بە قەولی ئیمـڕۆ، هەروەک K.W.Deutsch، دەڵـێ: کەنـاڵی کۆمۆنیکاسـیۆن بـووە. سـنوورە دەسـتکردەکان، هێنـدە ئاسـتەنگ و کۆسـپبوون، دەرەتـانی هەناسەدانیشیان لە کـورد بـڕی بـوو تـا ئێسـتا هەمـان دۆخە. بۆیەکـا ئەم فـاکتە، هـاتووچۆی فەقێیـانە و وانە ووتنەوەی مامۆستایانیان، دەبێت،وەک ئەوەی هەبووە ڕۆڵـی کتومتیـان، وەک خـۆی لە مێژوومـان دا وەرگیـرێ و هەڵ بسـەنگێندرێ، بە هـیچ جۆرێـک نەکـرێتە قوربـانی هیچ پرسگەلێکی دیکەی داتاشراوی ئاینزایی و ئایدۆلۆژی.

***٣٠ ـ{ دەلالەتــی پەیوەســتبوونی خوێنــدنی فەقێیــان لە پەراوێــزی ســنووری کوردســـتانی گەورە ئەوەیە کە کــورد لە رووی خوێنـــدەواری و رۆشـــنبیری و زانسـتەوە بە پێـی سـەردەمەکانی رابووردوو، هاوتـای میللەتـانی دروادسـێی خـۆی بووە، کە تورک و فـارس و عـارەبە، پێویستـی نەبووە بـۆ خوێنـدن هانـا بباتە بەر بێگـانە. لەو تــاکە مەیـدانەی رۆشـنبیرییەدا کـورد هەنگاوێـک دوا نەکەوتــووە لە دروادســێکانی و بەقەدەر ئەوان مەلا و زانــای بەرزی لە ریــزی هەرە پێشـــەوەی زانسـتدا هەبـووە. شەخسـی حـاجی قـادر بـۆ مەبەسـی خوێنـدن بە شـار و دێـی کوردستانـدا دەگەڕا وەک هەزاران مەلا و فەقێی کورد بەلام بۆ مەبەسی دەرکەوتن و خـۆ بە عـالەم ناسـاندن چـووە ئەسـتەمبوڵ. کە گەشـتە پـایتەختی خەلەفـاتیش سەقافەتێکی ئەوتۆی نەدیت لە ژووررووی هی خۆیەوە بێ، سەقافەتی کوردستانی لە بیر بباتەوە}.ل ٢٧٥ ـ٢٧٦***

کوردسـتان وەک وڵاتێکـی کۆلـۆنی، گەرچـی ژیـانی بندەسـتی، ئەرکـی ڕۆژانەی ڕۆڵەکانی قـورس و گـران کـردووە، لـێ دیسـان بـاوەڕ بە ژیـان تێدا هەر بەردەوام بووە. هەر ئەم دینامیکییەش وای کردووە، ئەم نیشتمانە ببێتە، لانک و زێدی چەندان هەڵکەوتووی وەک: بابە تاهیری عۆریان وفەقێ تەیران و وەفـایی و نـالی و مەحـوی

،کە هیچی ئەمانە لە خەیام و سەعدی و موتەنەبی و هاوشانەکانی دیکەیان کەمتر نین. تەنیا جیاوازی نێوان ئەمانە، ئەوەیە ئەمان کوڕی میللەتێکی بێدەوڵەت و ئەوان خاوەن دەوڵەتدارن.

***٣١ -{ لە بارەی باوەڕ و "عقیدە"ی ئاینیشەوە زۆربەی کوردەواری تاکە یەک تەلی پەیوەندی ساغی بە رابردووی کۆنی خۆیەوە نەما لەو کاتەوە کە ئایینی ئیسلام تێیدا بڵاوبۆوە و بوو بە جێگری زەردەشتی.***

***زانست و باوەڕ ئایین کەوا کاکڵی ژیانی "معنوی" کورد پێکدێنن یەک دێڕ و وشە و پیتی لە سەرچاوەی کورد و کوردستانەوە هەڵنەقوڵیوە، هیچیان ئاوێنەی ژیانی مادی و ئابووری کورد نین و هەموویان "دەرەکی"ن، ژیانی مادی و ئابووری کوردی کرد بە کۆیلەی خۆی، بە "حقلی تجربە"، بە پێچەوانەی چاوەنۆڕکردنی رواڵەتی تێوریەکانی مادی، ژیانی کورد بوو بە ئاوێنە بۆ زانست و باوەڕێکی میوان.***

***لەو لەحزەی منداڵ بە زگی داکی دەکەوێ تا ئەوکاتەی دەچێتە قەبرەوە هەموو چرکەساتێکی عومری محکومە بە "قوران و شرع" و زکر و فکری پیاوچاک و شێخ و مەلا و هێزی نهێنی سەر بە بەهەشت و جەهەننەم: مەڕیکەی، دەغڵەکەی، باغەکەی، زەوی و ئاوەکەی، پەرژین و نێوانەکەی، سەلەم و ربێدەکەی، زەکات و سەرفترەکەی، نوێژ و حەجەکەی، ژنهێنان و تەڵاقدانەکەی، تیجارەتەکەی... مەڕ سەربڕینەکەی و "بسم اللە" لێهێنانەکەی، غزا و خۆ بە کوشتدانەکەی، خەون و خەیاڵ و شەونخونی و "تهجد" و رۆژیەکەی... ئەمانە و هەرچی هەیەتی لە لەش و ماڵ و ژن و خێزان لە نێو ئەو جغزانەدا دەخولێتەوە کە ئایینی ئیسلام لە مەککە و مەدینەڕا بە دیاری بۆی ناردووە و هیچ نیسبەتێکی نییە لەگەڵ کوردستانی پێش ئیسلام، تەنانەت چەند ناوێکی وەک بەسێ و گوڵێ و پیرۆت و سوارە نەبێ هەرچی ناوی کوردیش بوو گۆڕا بە ناوی پیاوە ئایینیەکانی عەرەب یاخود هەر عەرەبی عادەتی.***

***خولاسە ژیانی: عقلی و معنوی "کورد لە هەزار ساڵ زیاترە زادەی کوردستان نییە تێکەڵ بە ژیانێکی یەکجار فراوانتر بووە لە کوردستان، بە مادە و مەعناوە. تۆ بڵێ ئەگەر واقعی کورد بووبا بە سەرچاوەی زانست دەبوا کەی ئەم واقیعە شەرحی رۆژگیران و مانگ گیرانی بۆ دابا یا مەساحەی جاژ و چوارگۆشە و سێ***

*سووچی بۆ لێکدابایەوە؟ یاخود ئەگەر باوەڕ "عقیدە" لە ئاسۆی کوردستان و تافگە و شاخ و دارستانەکانیەوە هەڵستابا و تێکەڵ بە کۆمەڵایەتی و ئابووری کورد بووبایەوە دەبوا چ نوێژێک پێکبێنێ خزم بێ لەگەڵ دوو رکعەتی سبەینان و بەرزکردنەوەی پەنجەی شەهادە بەرەو قیبلە؟ تۆ بڵێی تەلاق و میرات ئەوە بان کە ١٣٠٠ ساڵە لەناو کوردان بووە بە یاسا؟ پێویست بە درێژەدان ناکا، ئەوەی تازە خستمە روو "بدیهیە" ێیکە لە هەر چوار دەوری مادی و مەعنەویتەوە رووت تێدەکا و بەقەدەر خۆت و وجودت راستێیکی زیندووە و نەفەس هەڵدێنێ. نەختێک سرنج بگری، ئەم راسییە تیشک بۆ ئێستاکەشت داوێ، کە قیاس لەو بکەی دەبینی زانست و بیر و باوەڕی فەلسەفی زۆربەی خاوەن فکری کوردی ئیمڕۆش لە جەرگەی کوردەوارییەوە هەڵنەقوڵیوە. ئەویش وەک زانست و باوەڕی هەزار ساڵ لەمەوبەر بە دیاری بۆی هاتووە، بەڵام ئەمجارەیان لە ئەورووپاوە. نە مادەکانی خوێندنی زانکۆی سلێمانی و نە فەلسەفەی سیاسی و ئابووری جۆرجۆر کەوا لەبەربەرەکانی یەکدیدان لە کوردستان، زادەی کوردەوارین: واقیعی کوردستان ئێستاکەش ئەوە نییە لە هەناوی خۆیەوە ئەو تەرزە بەچکە مەعنەوییە "ئەریستۆکرات"انە بێنێتە سەر دونیا. مامۆستای لە دەرەوە خوێند و دەرسی ئەو مادە و فەلسەفانەمان نەدەن بە ورێنەش نائێینە خەیاڵمانەوە. وەنییە من لێرەدا بە تەنگ بێم لە هاتنە ناوی فەلسەفە و زانست و باوەڕی دەرەکی، بێگومان ئەگەر چاوەنۆڕی پەیدابوونی زانست و فەلسەفەی ئەوتۆ بکەین زگماک کورد بن، ئەوا هەر دەبێ چاوەنۆڕی بکەین، مەبەستم لە قسەکانم ئەوەیە واقیعی راستەقینە دەربڕم، ئەگەر گەنجێک لەو "بدیهیە"یە غافڵ بووبێ بێنمەوە یادی...} ل٢٩٢-٢٩٤*

ع. قەراخی دەڵێ: "لەم بارە تێکەڵاوەشدا پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانی جێگیر دروست نەبووە. بەو پێیەش توانای دروستکردنی سەرخانێکی سروشتیش لە ئارادا نەبووە و نەڕەخساوە. هەر بۆیە دەبینین لە کوردستاندا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، دەستوور، تەشریع، ئایدۆلۆژیای چینایەتی، کەلتوور، رۆشنبیریی و دەستووری ئیتنیکی، ئایینی سیمای سروشتیان بە خۆیان نەگرتووە و شێوەی پێکهاتنی دامەزراوەیان وەرنەگرتووە و لەبەر ئەو شێواندنە هەمان شێوەی تێکەڵ و پێکەڵی قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و چین و توێژەکان ئەمانیش تێکەڵاوێکی هەمەچەشنەی نێو یەکتر بوون و هیچ کامیان خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی بە

سروشتی هەڵنەگرتووە و لە ئەنجامی ئەوەشدا نەک توانای ئاراستەکردنی بەرەو ئاینده و ناساندنی کورد بە مێژوو، بە جیهان زۆر لاواز بووە، بەڵکو توانای نەبووە نمایشکردنی خۆی بۆ دەرەوەی خۆی لە رووی دروستکردنی دامەزراوەی کۆمەڵگەی پەرەسەندووە و لەسەرووی هەموو ئەو دامەزراوانەشەوە، لە رووی دروستکردنی دامەزراوەی دەوڵەتەوە بکات".)١٣،ل ١٠٠

ماکس ڤیبەر،Max Weber، لەم میانەدا دەڵێ: " نەتەوە خاوەنی بەهای ئەوتۆیە کە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی خۆیدا دەتوانێ خۆی دەربڕێ، بەواتایەکی تر نەتەوە کۆمەڵگەیەکە بەشێوەی ئاسایی هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی دەدات". هەر ڤێبەر لە شوێنێکی تردا دەڵێ: "نەتەوەکان پێویستییان بە دەوڵەتی خۆیان هەیە".

ژان ژاک رۆسۆش Rousseau Jean-Jacques جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە.

بێشکچیش دەڵێ: "دوژمنایەتیکردنی کورد و داگیرکردنی کوردستان، یەکجار بە درندەیی و خوێنرێژانە کراون. بنیادەم ببڕای ببڕ نموونەیەکی تری بۆ ئەم دڕندایەتی و کۆنەپەرستییە لە هیچ جێیەکی تری جیهاندا بۆ نادۆزرێتەوە. کورد و کوردستانیان بە رادەیەک زەوت کرد کە هەتا ناوی هەردووکیان لەسەر رووی زەوی سڕانەوە.)١، ل ٣٣

" ئەگەر نەتەوەیەک بەو ئەندازەیە لە بنەماکانی بوونی نەتەوایەتی خۆی پەرت بوو بێت و کولتوور و عەقڵی ئەوانی تر جێگای کەلتوور و عەقڵی خۆی لە بوونیدا گرتبێتەوە، ئەوا بێ چەندوچوون رۆحی کۆمەڵایەتیش دووچاری پەرتبوون و سستبوونێکی ئەوتۆ هاتووە کە توانای بڵندبوونی نەما بێت".ع.قەراخی، ١٤،ل ١٦٢.

نەک میللەتێک، بگرە چیایەکیش لە چوارلاوە تۆپباران کرێ و ئاسن و ئاگری بەسەردا بباری، هەر تەخت دەبێت.

***٣٢ ـ { داواکردنی لە تاقەت بەدەر شەڕفرۆشتنە بە واقیع. من لە حسابی تایبەتی خۆمدا پیاوەتی ئەو کەسانە و ئەو کوردانەش دەڵێمەوە کە لەژێر پەردەی تەئیدی حکومەتەوە چاکەیان کردووە. لە هەموو کەس داوا ناکرێ پاڵەوان بێ، بەڵام لێی داوا دەکرێ چاکە بکا، هەر نەبێ خراپە نەکا. دیسانەوە دەڵێم لە ژێر پەردەی خەبات و کوردایەتی و چینایەتیش خراپەکردن هەر خراپەیە: بەرگی درۆزن حەقیقەتی شتان ناگۆڕێ}.ل ٣٥٩ـ٣٦٠***

هەروەک مەرج نییە، گشت تاکێکی کورد، ببێتە پێشمەرگە و بچێتە شاخ. بە واتایەکی دیکە، ئەوەی پێشمەرگە بوو، ئیدی پەساپۆرتی هەموو گەشتە ڕەواکانی بەدەست هێناوە. هەروەها ئەگەر کەسێ، بە هەر بارێکدا بێت، لە کەناڵ و ڕێگایەکی دیکەوە، بە پێی توانا و بۆ لوان، بۆی هەڵ بسووڕێ، کارێک لە پێناوی خزمەتی نەتەوەکەیدا ئەنجام بدات. ئێمە دەبێ واقیعیی بین، باش دەزانین، کە قورسترین ئەرکەکانی خەبات، بریتییە لە پێشمەرگایەتی کردن، ئەم ئەرک و ڕوومەتە، بە هەموو کەس ڕاناپەڕێت. ئیدی ناشکرێ، دەستبەرداری باقی ئەوانە بین، کە لە ئاستی ڕاپەڕاندنی ئەو کارەدا نین. لێرەدا لە سێبەری قسەکردن لەسەر ئەرکە هەرە بالا و پیرۆزەکە، کە ئاماژە بە چاکەکردن کراوە. بەو مانایەی ناپاکی لەگەڵ نەتەوەی خۆتدا، وەک لاوازترین باوەڕ و هەڵوێست نابێت بکەیت. ئیدی لەهەر شوێنێک بێت، پێویستە چاکەکردن ئامانجت بێت و پەنا بۆ خراپە نەبەیت. ئەمەش پرنسیپێکی جوان و ئاقڵانەی مامەڵەکردنە، لەگەڵ دێفاکتۆی بارودۆخی نەتەوەیەکدا دەگونجێ. ئاخر زەردەشتی گەورەش، بنەمای باوەڕ و فەلسەفە و ئایینەکەی لەسەر سێکوچکەی بیر و گوفتار و ڕەفتاری چاکە، هەڵناوە.

ئاشکرایە، توانا و لێهاتوویی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ. هێزی بیروباوەڕ و ئەقڵی و لە جیهان ڕوانین، دیسان لێرە و لەوێ سەروو و خوارە. بۆیەکا ناکرێ لەهەر کەس داوا بکرێ، ١٠٠ کگم بڵند بکاتەوە، بەرگەی ئەشکەنجە و ئازاری زیندان بگرێ، یان لە تەنگانەدا لەگەڵ ژانی گەلەکەیدا بژی و گەر پێویستی کرد، دەست بداتە چەک و خەبات بکات. ئەو پەیامەی لەم تێزەدا مامۆستا مەسعوود بەدیاری دەخات، ڕوون و دیارە، ئەویش چاکە کردنە، بە چاکە زمان گێڕان و دەست و بیر بەکارهێنانە، بەرامبەر بە خەڵکانی دیکە و بە هەموو توانایەکەوە، خۆپارێزییە لە خراپەکردن. دەنا وەکی دیکە، خراپە لەژێر هەر ناو و ناونیشان و شوێنێکدا بێت، هەر خراپە و گوناهکارییە.

***٣٣. لاموایە کەم کەس هەبێ بەرهەڵستیم بکا لەوەدا کە بڵێم کورد بە درێژایی کاتێکی چەند هەزار ساڵەیی لێی دەوەشێتەوە میللەتێکی نموونەیی بووبێ لە هەژاری و کەم گوزەرانیدا. ئەوەی ڕاستی بێ لە کۆنێکی کۆنەوە، لەوەتەی مادەکان لێیان تێکچووە، کورد بۆی ڕێکنەکەوتووە وەک پووره هەنگ وەیا شارە مێروو لە دەوری خۆی بئاڵێ و هەنگوین لە شانەی خۆی پەیدا کا، یاخود دانەوێڵەی***

*دەرەوەی تێدا کۆکاتەوە. مادەکانیش کە لە دەسەڵاتدا بوون، ڕوپێوێکی کەمیان لە کوردستانی گەورە گرتبۆوە، بەڵام دەشیا ببن بە بنکە بۆ پێکهێنانی کیانێکی گەورەتری کورد...ئەمە ڕێک نەکەوت و لەوساوە بە جۆرێکی پچڕ پچڕ و ناوناوە نەبێ کورد حوکمڕانی نەدیوە، وەک مەڕی بێ شوان و پەرژین بووە هەر لێی خوراوە}.ل ٣٨٦-٣٨٧*

دیسانەوە قسە لەسەر لە دەستدانی دەسەڵاتە، لە ڕۆژگاری دەوڵەتی مادەوە، کە دەکاتە خاڵی دەرچوون و هەنگاونان بەرەو کرۆکی کێشەی نەتەوایەتی کورد و بزریی ڕۆڵی لە مێژوودا. ئاخر کە دەسەڵاتت نەبوو، بوونیشت یا نییە یاخود لاواز و لە جێی نەبووانددای. ناوت دەکەوێتە تاریکایی مێژووەوە و لە گۆشەیەکدا قەتیس دەمێنی، خودی مێژووش لە بیرت دەکات. هەرچەند کەم ڕێک کەوتووە، تەواوی خاکی کوردستان یەکگرتوو بێت و لە لایەن یەک دەسەڵاتی نێوەندی کوردییەوە، فەرمانڕەوایی بکرێت. لێ دەسەڵاتی ماد، گەر بەردەوام بوایە و بە تەواوی بچەسپایە، ئەوسا دەیتوانی ئەوە فەراهەم بکات و نەخشێکی تری لە چارەنووسی کورد دا بگێڕێ. گەر تەماشای مێژووی میللەتان بکەین، هەموو لە سایەی سەرکردە و پاشایەک و بوونی دەسەڵات و دەوڵەتەوە، بەم خۆشگوزەرانی و سەرکەوتن و پێشکەوتنانە گەشتوون. ڕۆسۆ دەڵێ:

"سەروەختێ کۆمەڵگا/ نەتەوە لەدایکبوو، سەرکردەکانی کۆمار، دامودەزگا ساز دەکەن، لەو ساتەوەختە بەدواوە، دامودەزگا سەرۆک و ڕابەری کۆمار دەخوڵقێنێ".

*٣٤ ـ { سرنج بۆم دەردەخا، لە تۆشەوە دیارە، بە درێژایی چەند هەزار ساڵێک کوردستان کەوتۆتە نێوان سێ هێزی زلەوە :فەرمانڕەوایی ئێران و دەسەڵاتی بابل و ئاشوور و، بۆ ماوەێیک لەگەڵ ئەواندا ئینجا بەدوا ئەواندا دەسەڵاتی ڕۆمەکان. ئەم سێ ناوچە زلەی دەسەڵات کە کوردستانیان گرتۆتە نێوان خۆیانەوە، هەر یەکەیان بەرووبووم و مەودایان نەداوە ئەو داهاتە لە کوردستان بمێنێتەوە و ببێ بە ماکی بنیادنانی دەسەڵات و حوکمڕانی. هەورەک ئاوڕێژی شاخەکانی کوردستان هەندێکی دەڕژێتە ڕۆژهەڵات بەرەو ئێران، هەندێکی بۆ ڕۆژئاوا بەرەو ئەنەدۆڵ، هەندێکیشی دەڕوا بەرەو دەشتی بابل و ئاشوور، هەروەها زۆربەی بەرهەمی ئابووری کوردستان بە درێژایی مێژوو ڕژاوەتە ئێران و ئەنەدۆڵ و بابل و هیچی*

***ئەوتۆی لە خاکی کوردستاندا بەجێ نەماوە. سێ مقناتیسی گەورە پیت و داهاتی کوردستانی بۆ خۆی کێشاوە، تا ئێستاش هەر دەیکێشێ. لە کوردستان سەرمایە پێک نەهات}.ل ٣٨٧***

بێشکچی، گەوهەرێک لەم ڕووەوە دەردەبڕێ و دەڵێ:

"پیادەکردنی هەنگاوی کۆلۆنیالیانە لەلایەن چەند دەوڵەتێکەوە لە جیاتی یەک دەوڵەت مەسەلەکە هەرگیز نابێت وەک مەسەلەی (ژمارە) تێی بڕوانین. کە کۆلۆنیالیزم لە لایەن چوار دەوڵەتەوە دێتە کایەوە، هەروەک لە کوردستان ئەوکاتە ئەو هاوکێشەیە دەبێتە گۆڕانی بناخەیی لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆلۆنیکراو و کۆلۆنیالەکاندا".(١٢،ل ٥١).

ئەو هەموو دەسەڵاتە زەبەلاحە خوێنخوار و دوژمنانە، بە درێژایی ڕۆژگارێکی دوورودرێژ، گەمارۆی کوردستانیان داوە. جا دەبێت، وڵاتێکی بچووک و بێدەرەتانی وەک کوردستان، کام داری بەسەر بەردێکەوە مابێتەوە؟!. ئەگەر کەلاکێک بکەوێتە بەردەم، سێ چوار گورگی برسی، داخۆ دەبێت چی بمێنێتەوە لە ئێسک و پرووسکی.؟! ئەم دەسەڵات و ئیمپراتۆرییانە، وەک ناوەندێک، هەرچی داهاتوو و بەروبوومی کشتوکاڵی و ئابووریی کوردستانە، بۆ خۆیان قۆرخ و بردووە. چەندی بۆیان لوا بێت تاڵانکاریی و وێرانکاریشیان کردووە. بەم پێیە، ئابووریی کوردستان، ڕژاوەتە خەزێنەی دەسەڵاتدارە داگیرکەر و دوژمنەکانەوە. کەواتە بەرووبووم و سامانی کوردستان، بۆ بونیاد و سوودی گشتی و بەرژەوەندی و پرۆژەکانی ژێرخانی کوردستان نەخراوەتە گەڕ. هەر بۆ نموونە، لەم سەردەمەدا، دەوڵەتی داگیرکەری تورک، پرۆژەی ئاوی خوارووی ئەنادۆڵی ناسراو بە (گاپ)ی لە باکووری کوردستان دروست کرد،کەچی ڕێگەی نەدا، یەک تاقە کورد، لەو پرۆژە زل و زەبەلاحەدا کار بکات. لە کاتێکدا، کرێکاری تورکزمانی لە وڵاتێکی، وەک بولگاریاوە بۆ هێناوە، بە ئیمتیازێکی قورس و تایبەتەوە. هەتا ئێستاش ڕێژەی کارمەندانی کورد، لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک، لە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست تێناپەڕێ.

عەتا قەراخیش لە بۆچونێکی نێزیکی دا، دەڵێ:

" لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کاتێ کورد لە حاڵەتی ئاسایی ژیاندا بوو بێت و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەردا ئاسایی بووبێت، لەلایەک لەباربوونی سنووری گشتی

کوردستان بۆ نیشتەجێبوون هانی داوە لە پشتێنەی سنووردا نیشتەجێ بێت، لە لایەکی تریشەوە هێزی راکێشانی دەوڵەتانی دەوروبەر وەک ناوەندی بەهێز توانیویانە هێزی ئابووری و مرۆیی کورد بەرەو لای خۆیان رابکێشن و لەو ئاقارەشدا نیشتەجێبوون لە سنوورەکاندا و لە نزیک دەوڵەتانی دراوسێی کوردستانەوە دروستبووە".(١٣، ل١٢٠).

***٣٥ - { لێرەدا باسی ئەوە ناکەم هێرشی هەر یەک لە دەوڵەتەکانی ئەو سێ ناوچەیە بۆسەر یەکتری و رەویان بۆ کوردستان چەند جاران لە چەرخێکدا کورد و کوردستانی شێلاوە و ئاواییەکانی کاول کردووە و خەڵکەکەی هەڵفڕاندووە، نەک لەبەر کەم ئەهمییەتی ئەو کارەساتانە، بەڵکو لەبەرئەمە کە بەلای منەوە تەئسیری ئەو رەو و هێرشانە چەندێک بووبێ لە چاو تەئسیری ئەو زاهیرەیەی لەبەر رۆیشتنی ئابووری "نزیف اقتصادیّ" لە کوردستانەوە بەرەو دراوسێکانی، تەئسیرەکە کز دەبێتەوە و دەچێتە پلەی دووەم و سێیەمەوە. رەوی بێگانە هەرچەند یەکجار بە سفتو سۆش بووبێ، کاتێ بووە و بەسەر چووە و پشوێکی ئەوتۆی بەسەردا تێپەڕیوە لە ئاسودەیی تا رەوێکی دیکە خەڵکەکە پەڕوباڵ بێننەوە و بکەونەوە سەر باری کاری جارانیان، دەمەوێ بڵێم شێلرانی کوردستان لەژێر سمی سپای هێرشبەر لە رۆمەوە بۆ سەر ئێران یا لە ئاشوورەوە بۆسەر بابل یا لە ئێرانەوە بۆسەر ئاشوور هۆی یەکەم و بنجی نەبووە لە پێکنەهاتنی کیانی سیاسیّ"حکومەت" بۆ کورد. بۆ خۆت دەبینی ئەو هێرشانە نەبوونە هۆی لەناوچوونی ئەو دەوڵەتانەی کەوتوونەتە ژێریانەوە: چەندین جار یەکێک لەوانە داگیرکراوە، بۆ ماوەییک کیانیشی دۆڕاندووە،کەچی لە ئەنجامدا هەر بۆتەوە دەوڵەت. لە فەرزی یەکێ لەوانە فۆتاویش بێ لەژێر تاوی میللەتێکی داگیرکەردا، میللەتە داگیرکەرەکە بۆ خۆی بۆتە دەوڵەت لە شوێنی ئەو. کورد هەرچەند بەو رەوانە نەشفۆتاوە هەر نەبووە بە دەوڵەت. هەر سێ ناوچەی دەوری کوردستان لە حاڵەتێکدا حاکم گۆڕیشیان کردبێ بەرووبوومی کوردستانیان بۆ خۆیان کێشاوە، عامیلی ئابووری کە بە نیسبەت کوردسانەوە "لەبەررۆیشتن - نزیف" بووە، لەو سێ ناوچەیەدا "نەقلی خوێن" بووە بۆ ناو شادەمارەکانیان: واتە خوێنی "ئابووری" کورد رژاوەتە دەماری دراوسێکانی. کوردستان وەک کانیاوێک بووە لە سێ جۆگەلەوە ئاوی لەبەر رۆیشتووە و ئیمکان نەبووە پڕ بێ}.ل ٣٨٧ -٣٩٠***

مامۆستا مەسعوود محەمەد، بە یەکەم هزرڤان و ڕووناکبیری کورد دادەنرێ، ئاماژەی داوە، بە پرسی بە دەوڵەتنەبوونی کوردستان و فاکتی ئابووری، ئەوەی ئەو ناوی ناوە "خوێن لەبەرچوونی ئابووری" و ورووژاندوویەتی، ئەگەرچی بە ڕواڵەت لە کەسێکی نەتەوەیی، وا چاوەڕوان نەدەکرا، پرسێکی هەستیاریی نەتەوەیی، بە هۆکاری ئابوورییەوە ببەستێتەوە. کەچی مەسعوود محەمەد، دوای خوێندنەوەیەکی ورد و بەدیقەت و هۆشیارانەی مێژووی نەتەوەکەی و ڕاڤە و شیکاری بابەتییانە و لێکدانەوەی ئاقڵانەی واقیعی کوردستان، پەنجە دەخاتە سەر شا برین و فاکتە هەرە کاریگەر و یەکلاکەرەوەی، لە چارەنووسی کورد دا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە. لەمەش بەولاترەوە، بەشی هەرە زۆری شەڕەکانی چاڵدێران و جەنگی عێراق و ئێران لەسەر سنگ و ناومالّی کورد دا بووە. ئەمەوی و عەبباسی و قاجاری و عوسمانی و دەولّەتە دەستکردەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، بەردەوام شالاویان بۆ سەر کوردستان هێناوە.

**هاوسێ هەموو وەک دالّن و ئەم کوردە وەک لاک**
**چنگیان لە جگەرگاهی هەموو داوە بە بێ باک** (حەمدی)

***٣٦ ـ [ بەلای بیر و باوەڕی منەوە کارەسات و گوزارشت و چەند و چۆنی ناوخۆیی کورد چ بیانخەیتە ژێر ناونیشانی "خەباتی چینایەتی" چ ناوێکی دیکە بدۆزیەوە، وەک من دەڵێم "پەلەی ژیان" و ئەو ناوە بکەی بە ناونیشانی کارەسات گوزارشتەکە، تەفسیری پێک نەهاتنی کیانی کورد ناکەن: چارەنووسی کورد بە دەست هەڵکەوتێکی یەکجار نالەبار بووە کە مەودای نەداوە کورد ببێ بە خاوەن هێز و کەرستەییکی ئەوتۆ ڕێگە تەخت کا و زەرف دروست کا بۆ پێکهێنانی فەرمانڕەوایی و حوکمڕانی: ئەو "نزیف"ە ئابوورییەی کە داهاتی کوردستانی، بە بەرهەم و سەرمایەوە، ڕاگوێستووە بۆناو دراوسێکانی و دەگونجێ پیی بڵێین "نقل دم اقتصادی" هەرگیز ڕێی ئەوەی نەداوە هێندە سەرمایە لە کوردستاندا عەمبار بێ بایی خەرجی دەسەڵاتێکی حکومەتی بکا، لەوە هەر گەڕێ کە نەیتوانیوە چالاکێیکی بەرژەوەندی مادی "مشترک" یان بخاتە دڵ و مێشکەوە، کە ئەمە سەرەتای مەفهومی دەوڵەتی قەومییە بەلای میللەتێکەوە و لە هەموو ڕووێکەوە جیا دەبێتەوە***

***له هەوڵ و تەقەللا و پاڵەوانبازی تاکە ئەمیرێک بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تایبەتی بۆ خۆی و خزم و دەست و پاوەندی نزیکی خۆی.زۆر جاران دامەزراندنی دەسەڵاتی وا تەسک و تروسکی شەخسی، یاخود خانەوادەیی، لە مەفهومی حکومەت دەردەچێ و دەبێتە چەتەگەری بەسەر خەڵکەوە، تەنانەت زوڵم دەگاتە رادەیێک کەس پەرۆشی دەسگایێک لەسەر بنجی بەرژەوەندێکی فراوان هەڵنەستێ کەڵکی ئەوەی نابێ لە سود و چاکەی خەلق زیاد بکا}.ل ٣٩٠ ـ٣٩١***

لە دیدی مامۆستا مەسعوودەوە، هۆکاری بە دەوڵەتنەبوونی کوردستان، هەبوونی ئاغا و شێخ و نەبوونی پرۆلیتاریا و دروشمی خەباتی نەتەوەیی، لە بریی خەباتی نێونەتەوەیی نییە. بەڵکو بەو پەڕی ئاقڵمەندی و هۆشیارییەوە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی درێژ و قووڵی دۆزی کورد و لێکدانەوەی ئەقڵانی و بڕیاردانی واقیعییانە، لە شوێنێکی ترەوە، دەست دەخاتە سەر زامە قوڵەکەی جەستەی کورد و باس لەوە دەکات، ئابووری کوردستان، سامانێکی بەتاڵان براوە و نەتوانراوە بۆ خزمەتگوزاریی و کاری وەبەرهەمهێنان و بونیاتی ژێرخان، لە کوردستاندا بخرێتە گەڕ. بەرهەمی کشتوکاڵی، بۆ ناوەندەکانی دەسەڵات براوە. (دیارە لێرەدا باس لە کوردستانێکی بێ دەسەڵات و بێ ناوەندە، کوردستانێکی بندەستە). بەری ڕەنج و ماندووبوونی کورد، بۆ خۆی نەبووە. بە کورتی و کرمانجی ئابووری کوردستان، لە خزمەتی گەشەسەندن و بونیادنان و بەهێزبوونی کوردستاندا نەبووە و خەرج نەکراوە. هۆکاریی بە تاڵانبردنی ئابووریی کوردستان، کاریگەرێتی نەرێتی لەسەر چارەنووسی کورد گێڕاوە و بە ئاراستەیەکدا پەلکێشی کردووە، هەمیشە ملکەچی یاخود وابەستەی دەسەڵاتی ناوەندی داگیرکەرەکانی بێت. دیارە کە لایەنێک دەسەڵاتی ئابووری نەبێت، ڕۆڵ و کاریگەرێتی سیاسیشی نابێت. کورد لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان خاوەنی کەرەسەی خاو و سەرچاوەی ئابووری زۆرم،کەچی دەبێت ئەنقەرە و تاران و بەغدا و دیمەشق، خێری پێ بکەن و پێداویستی ژیانی بۆ ڕەوانە بکەن.

هەر بەم پێودانگە، ئەو لایەنە، دەبێتە پاشکۆی ڕووداوەکان و هێزە دەسەڵاتدارەکان، بڕیار لەسەر چارەنووسی دەدەن. خاڵێکی تر، کە شایانی ئەوەیە بیخەینە سەر ئەم چەند دێرە ئەوەیە، کاتێ بەرژەوەندی ئابووری هاوبەش پێک نەهات، هەستی هاوبەشیش باش ناخەملێ و دەرئەنجام دەسەڵات و قەوارەی

یەکگرتوو، یان هێزی گەورەی بەکار، دروست نابێت. کەواتە ئەو میللەتەی دەکەوێتە دەرەوەی ڕووداوەکانی مێژووەوە و لە زۆر پرۆسێسی گەشەکردن دوا دەکەوێت، لەوانە، دامەزراندنی دەزگایەکی هەرە هەستیار و گرنگی وەک دەوڵەت.

***٣٧ ـ{ مافی نەتەوایەتی هەرە گرنگی میللەتی کورد کە دامەزراندنی حکومەتە لە سەرانسەری کوردستاندا، ئەم مافە کە نەکەوتە دەستی میللەتی کوردەوە سوچێکی ئاغا و مەلا و شێخ و زەید و عەمری کوردی تێدا نەبووە، فەللاح و کرێکار و کەسەبەی کوردیش لەوەدا گوناهبار نین}.ل ٣٩٣ ـ ٣٩٤***

به دیدی ئەوانەی بانگاشەی ئەوە دەکەن، ئەم دەستەو تاقم و توێژەی کورد، لە بەرانبەر چارەنووسی نەتەوەی کورد بەرپرس و تاوانبارن، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ بێ ئاگایی و ناشارەزایی لە مێژوو . یاخود بە مەبەستگەلێکی ئایدۆلۆژی و ئاینی دوور لە ڕاستی دەیانەوێ ڕاستییەکان لە کورد بشێونن، تاوەکو کورد نەتوانێ، بەدروستی شرۆڤە بۆ ڕابووردووی خۆی بکات و ئاسۆ ڕوونییەک بۆ ئایندەی بەرقەرار بکات. کەواتە لە تەک کۆمەڵێ هۆکاری دیکەدا، فاکتی ئابووری، یەکەمین هۆکار بووە و کورد هەرچی هەبووە بێ چەند و چۆن چۆتە نێو گیرفان و خەزێنەی، داگیرکەرانییەوە.

***٣٨ـ { بەلای باوەڕی منەوە دامەزراندنی کیانێکی کورد لەو زەرفە مێژوویی یە کە کوردی تێدا ژیاوە کارێک بووە هێندە زەحمەت وەک "مستحیل" وابووە: هێزی میللەتی کورد بە هەموو مرۆڤ و سروشت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەقافی و گیانی نیشتمانپەروەرییەوە بخە لایێکەوە و هێزی بەرهەڵستیکردنیشی لە پێکهێاتنی ئامانجی نەتەوایەتی کورد بە هەموو بارێکیەوە بخە لایێکی ترەوە بێگومان هێزی بەرهەڵست گەلێک زیاتر بووە لە هی کورد. بەرهەڵستییەکەش هەر تاکێک نییە، هەڵبەت ئەو دەوڵەتانەی کوردیان ژێردەست کردووە بەر لە هەموو بەرهەڵستەکان دێنە بەرچاوی بینەر، بەڵام بەپێی باوەڕی من لە ماوەی دوورودرێژی چەند هەزارساڵەی مێژوو یەکەم بەرهەڵست زێدە شڕی باری ئابووری کورد بووە بەوجۆرە بۆم باس کردی. دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان دەهاتن و دەچوون، یەکیان دەفۆتا یەکێکی دیکەی دەهاتەجێ. لەو سێ ناوچەی دەوری کوردستاندا چەندین جار دەوڵەت گۆڕاون، هەر جارە بە هۆی بوونی ئابووری ئەوتۆوە حکومەت بەڕێوە ببا یا داگیرکەرەکە حوکمڕانی کردەوە یاخود میللەتە***

***ژێردەستەکە سەرلەنوێ دەسەڵاتی گرتۆتەوە دەست خۆی: پوختەی قسە ئەوەیە وەزعی لەباری ئەو سێ دروا‌سێیەی کوردستان بە درێژایی مێژوو بووە بە هۆی ئەوە بە دائیم حکومەتی تێدا ببێ. ئەگەر هێزی لاوەکی"جانبی" حکومەتی یەک لەو پارچانە بڕوخێنێ بەپێی داخوازی ئەو وەزعە لەبارە سەرلەنوێ دەسەڵاتی حکومەت دروستکردنەوەی تێدا کۆدەبێتەوە. سرنج لەوە بگرە ئەو داگیرکەرانەی کە دەهاتن و لە بابل و ئەنەدۆڵ و ئێران حکومەتیان دروست دەکرد، جارێک لە جاران کوردستانیان نەکرد بە ناوچەی حوکمڕانی خۆیان، بێگومان هەمان سەبەبی ئابووری کە ناوم نا "لەبەر ڕۆیشتن نزیف -ی ئابووری" داگیرکەرەکەی کوردستانیشی هێندە بێهێز دەکرد نەتوانێ حکومەتێکی بەردەوام بەڕێوە ببا}.ل ٣٩٤ - ٣٩٥.***

ئەم بۆچوونە دەق ئەو حاڵەتەمان دەخاتە بەرچاو، دیلێک، لە قەفەزێکدا، لە هەموو لایەکەوە چوار دەوری گیرا بێت، چەند مەحاڵە خۆی قوتار بکات، کوردیش لەو سەردەمەدا، بەرامبەر بەو هەموو دەسەڵاتە گەورانەی هەم داگیریان کردبوو، هەمیش گەمارۆیان دابوو، نەیتوانیوە، خۆی ببزوێنێ و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت بدات. ئاخر زۆر لە میللەتانی ناوچەکە، نەک هەر گەمارۆ نەدران، بەڵکو بەپێی ڕێکەوتن و لە سایەی سەری هێزە باڵا دەستەکانەوە، دەوڵەتیان بۆ قووتکرایەوە. بەڵێ ئیمپریالیزم، دەوڵەتانی عێراق و سوریا و ترکیا و ئێرانیان دروست کرد. بۆ نموونە ڕۆڵی لۆرانسی عەرەب و دەوڵەتە عەرەبییەکان.

***٣٩- {قەناعەتی من ئەوەیە ئەگەر یەک لەو سێ وڵاتە دراوسێ بەهێزەی کورد چۆڵ با، با بڵێم یا دەریا یا بیابان یا شاخاوییەکی ئەوتۆ با دەستی نەدابا بۆ تێدا حەوانەوەی حکومەتێکی گەورە، کورد لە دەمێکەوە دەگەیشت بە مافی نەتەوایەتی خۆی.***

***من لەو باوەڕەدام، دەمێکە لە نێوان کوردا ئەوەندە هۆش و گۆش و خوێندەواری و هەستی نەتەوایەتییە هەیە ئەگەر لانی ئابووری یارمەتی دابا حکومەتی چەسپاو و دائیمی لە سەرانسەری کوردستاندا پێک بێنێ، لانی ئابووری لێ دەرکە، لە هەموو روێکی دیکەی لیاقەتی حکومەت پێشکەوتووتر بووە. ئەو بەگلگ و حوکمدارییەی لێرە و لەوێ بۆ ماوەی کورت کورت لە کوردستاندا پەیدابوون، بێگومان، لە یەمەن رێکو پێکتر بوون.}.ل ٣٩٦***

بزانه هەڵکەوتی جوگرافیایی، چ ڕۆڵێکی ترسناکی لە چارەنووسی کورددا گێڕاوە. وڵاتێ، ئەڵقاوئەڵق بەو هەمــوو داگیــرکەر و دوژمنــانە چــواردەوری گیــرا بێــت، بەواتــایەکی دیــکە میللەتێــک وەک مەل خــرابێتە قەفەزێــکەوە و دەوران دەوری بە ڕاوچیی برسـی و درندە تەنرا بێت، لە کوێوە دەتوانێ هەوڵی فرین بدات؟ چۆن دەکارێ لەو قەفەزە بێتە دەرێ؟! تا بچێ هێلانەیەک بۆ خۆی دروست بکات؟!. خۆ گەر لایەکی قەفەزەکە نەگیرابێت، یان کونێکی شەبەقی تێدا بێت، وا چارەنووسی ئەو مەلە، بە شـێوەیەکی دیـکە دەبێـت. گەر بهاتـایە لایەکـی کوردسـتانیش دەریـا، یـان بیابـانێکی کاکی بەکاکی بوایە، وا دەرەتانی خۆ قوتارکردن لە دوژمنان، بۆ کـورد باشـتر دەبـوو، ڕێـگەی ڕزگاربوونیشـی ئاسـانتر دەبـوو. کەواتە قەدەری کـورد لەم بــارودۆخە داگیرکــراوییەدا، پــاش فــاکتە ئــابوورییەکە، هەڵکەوتــی جــوگرافیش لە قازانجی نییە و نەبووە. ع.قەراخی دەڵێ:

" لە شـێوازی دابەشـکردنی دووەمـی کوردسـتاندا جـۆرە ڕێکەوتنێکـی لە نێـوان دەوڵەتانی بڕیار بەدەستدا درووست کرد کە بە جۆرێک کوردستان دابەش بکەن کە دەوڵەتانی تازە درووستبووی ناوچەکە و بەتایبەتی ئەوانەی کوردستانیان بەسـەردا دابەشکرا هەریەکە بە ئاستێک سوودمەندبن، واتە کوردستان بەجۆرێک دابەشکرا، کە هاوســەنگییەک لەرووی ســەرچاوەکانی نەوت و ســەرچاوە کــانزایی و مــادە خاوەکانی ترەوە لەنێوان بەشەکانیدا هەبێت. دیارە هەریەکە لەو بەشانەش کە خرانە ســەر یەکێــک لە دەوڵەتــانی دراوســێی کوردســتان، لە روویەکــی تــرەوە ئابوورییەکەیشــیان بە هەمــوو ســەرچاوەکانییەوە بەرەو ناوەنــدی ئەو دەوڵەتــانە راکێشراوە و بەشکرا، واتە ئابووری کوردستان لە پرۆسەی دابەشکردندا بوو بە چوار بەشەوە و هەر بەشێکیشی بە ئاراستەیەکی جیاواز لە بەشـەکانی تر و بەرەو دەرەوەی کوردســتان، بــۆ پــایتەختی دەوڵەتــانی داگیــرکەری کوردســتان راکێشراوە".(١٣، ل٢٣٤ـ٢٣٥).

***٤٠ ـ [ من لە لانی ئابووری مەبەسم گوزەرانی نەمر و نەژی "کولەمەرگ" نییە، بەڵکو ئەو دارایی و سامانەیە کە حکومەت و دەسەڵات بەخێو دەکا و لە گوێرەی پێداویستی وەزعی کوردستان کە لە هەموو لایێکەوە دەورە دراوە بە هێزی گەورە سـپای بەرگـری پێکبێنـێ، دەنـا ئەگەر ئەو زاهیـرەیەی لەبەر ڕۆیشـتن "نزیـف"ی ئـابووری نەبـا کە نەیهێشـتووە سـامانی گەورە لە کوردسـتاندا کـۆبێتەوە، خـاکی***

***کوردستان به زەوی و ئاوی زۆریەوە و هەمەچەشنەیی داهاتەکانی سروشتی و ئاژەڵییەوە دانیشتووی خۆی باش بەخێو دەکا و ئەوەندەش ئامادەیە کەوا لەگەڵ رەوتی بەرەو پێشەوەی کورد سەرچاوەی تازەی گوزەران بەدەستەوە بدا. بەڵام بێگومان گوزەرانی ساڵانەی سەروبەر نابێتە چاوگی هێزێک حکومەتی پێ دابمەزرێ کە ئامانجێکە گەلێک بەولای گوزەرانی عادەتییەوە}.ل ٣٩٧ ـ ٣٩٨***

ئابوورییەکی بەهێزی دەوڵەتی، واتە حکوومەتێکی تۆکمەی دەسەڵاتداری تێروتەسەل و سوپایەکی چەکداری پۆشتە و پەرداخ، کە بتوانێ بەرەنگاریی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی بکات و وڵات لە مەترسی بپارێزێ و دووربخاتەوە. هاوکات بە شێوەیەکی کارا، هەوڵی بەرەو پێشچوون و گەشەپێدان بدات. ئێمە دەزانین گەر بێت و سەرجەم داهاتی ئابووری کوردستان، بۆ وڵات خەرج بکرێ، ئەوسا ئاست و توانای دەوڵەتی کوردستان، چەند بەهێز و گرنگ دەبێت. ئەودەم پرسیاری سەر هەڵدەدات، دەزگای دەوڵەت، بەو توانا مادییەی هەیەتی، چەند و چۆن، دەتوانێ ڕۆڵ لە بەهێزکردن و بەرەوپێش بردنی وڵات و پووژانەوەی ئابووری و ڕێگاوبان و ئاوەدانی و بنیاتنان و خۆشکردنی گوزەرانی میللەت بگێڕێ؟!. ئەو قسەیە لەسەر ئایندەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژە و شێوازی کارکردنی بەڕێوەبەر و دەسەڵاتدارانی ئەو سیستەم و دەوڵەتە.

***٤١ ـ { رەنگە مبالغە نەبێ لەودا کە دەڵێم لە سەرانسەری کوردستان بانکێک بە پارەی کورد دانەمەزراوە و پردێک لەسەر ئەرکی کورد بەسەر زێ و رووبارێکەوە نەکراوە، پرۆژەییکی گەورەی کشتوکاڵ و جۆگە لێدان لە کوردستاندا رێک نەخراوە، لە چەند جێگەییکی مەیلەو شار نەبێ کارگە و پیشەسازی بچوکیش نەبووە بەرهەمی "محلی" بەکار بێنێ. خولاسە سەرمایە لە کوردەواریدا پەیدا نەبووە تاکو تاوی ژیاری خۆی بێنێ بۆ ناو شیرازەی کۆمەڵایەتی گەلی کورد و بەپێی داخوازی سروشتی خۆی کوردان بە یەکدی ببەستێتەوە لە رێی پەیوەندی ئابووری گشتی فراوانەوە کە زۆربەی گەلی کورد تێیدا بەشدار بن و لە دەوری بئاڵێن و بەرهەم زیاد بکەن. راستییێکی مەعلومە بوونی بەرژەوەندی گشتی بە تێپەڕینی کات هەستێکی تێکڕایی دروست دەکا، هەستێکی چاوکرایەوە و خاوەن خواهشت و ئامانج، نەک هەستێکی عاتیفی رووت کە ئەگەر بشکەوێتە بزوتنەوە نازانێ هەنگاو***

***هەڵێنی و تەقەلـلای خەلـق ئاراسـتە کـا و بەرەو هەدەفێـک تەقەلـلاکە لێخـوڕێ. گیروگرفتـی گەورە لەپێش مـافی نەتەوایەتـی کـورد پەیـدا نەبـوونی بەرژەوەنـدی ئـابووری گەورە و گشـتی زۆربەی کـوردە بەر لە هەمـوو شـتێکی دیکە کە ببێتە بەرهەڵست، بەدوا ئەودا بوونی هێزی زلە لە دەوری کوردا کە بەرهەڵستی کردووە لە پێکهاتنی دەسەڵاتێکی کوردی}.ل ٣٩٨***

کاتێ خەزێنەی کورد بەتاڵ و کلیلی خەزێنەکەیان لە گیرفانی داگیرکەراندا بووە، ئیـدی کـورد خـۆی نەیتوانیـوە ئـاوەدانی بکـات و بیناسـازی بخـولقێنێ و ژیـانێکی خۆشـگوزەرانی و ژیـاریی بۆ خـۆی سـاز و مسـۆگەر بکـات. گەر بهاتـایە و تێکڕای سەرمایەی کوردستان، لە نێو بازاڕی خۆیدا و بە دەستی خۆی، ئاڵوگۆڕی بکردایە و سـاخ بـوایەتەوە، یـاخود لە ڕێـی دەسـەڵاتی کوردسـتانەوە، ئـاڵوگۆری لە بـازاڕی جیهاندا پێ بکرایە، ئەوسا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێکهێنانی بەرژەوەندی تاکەکاندا، بـۆ کوردسـتان دەخولقانـد. ئەم بەرژەوەنـدییەش دەبێـتە هەوێـن و زەمینـەی رسـکانی هەستی هاوبەش و بەرەو چارەنووسی هاوبەش ملی ڕێگای دەگرت. دەرئەنجام بە قۆناغی یەکێتی نەتەوەیی دەگات و لەو پچڕپچڕییەدا یەکگرتن سازدەدات و بەهێزتـر دەبن. بە چەمکی گێلنەر "ئۆرگانیزاسیۆن/دەزگای ڕێکخراوی و دەسـەڵات" بـایەخی مێژوویـی خـۆی لەم ڕووبەرەدا بەدەردەخـات. کەواتە دروسـتنەبوونی بەرژەوەنـدی ئـابووریی گشـتی، یـاخود بـازاڕی هـاوبەش، مەترسـی گەورەی لەسـەر سـازنەبوونی یەکێتی نەتەوەیی هەیە و لە ئاکامدا، دەسەڵاتێکی بەهێزی نێوەندی و گشتی دروست نابێت. هەر بۆیەشـە سـەرجەم دەسـەڵاتەکانی کورد لە مێـژوودا، لە جوگرافیـایەکی تەسک و نێوچەییدا بوون و گەمارۆدراون. لەوەتەی نەوتی کوردستان، بـۆ دەوڵەتـی عێـراق و بـازاڕی جیهـان بـۆ پیشەسـازی و هێـزە چاوچنۆکەکـان و داگیـرکەران، گرنگیی و بایەخی_وەک زێڕی ڕەش دەرکەوتووە، ئەم سامانە بە تاڵان براوە و هیـچ کاتێ بە سوودی کورد، نەخراوەتە کار و داگیرکەر، تۆپ و تانک و فڕۆکە و چەکـی کیمیاوی و کوشندەی دیکەی پێ کڕیوە و خۆی پێ تەیار کردووە، تا پێی  شـاڵاو و هێرش بۆ سەر کورد بهێنێ. ئاوەدانی و خۆشـگوزەرانی بۆ ڕۆڵەی داگیرکەران پێ مەیسـەر کـراوە. لە کۆمپانیـای نەوتـی کەرکـووکدا، بەرامـبەر بە نێزیکـی (٢٠) هەزار کرێکـار و کارمەنـدی عـارەب، تەنیـا (٧٠) دەرکەوان و کرێکـار و کارمەنـدی کـورد هەبووە. لە ئێستاشدا، کە دەسەڵات بەدەست کوردەوەیە، هێشـتا ڕێژەی کورد زۆر کەمە.

له ساڵی ١٩٦٨، تەنیا ١،٩٢% کۆمپانیای تورکیا له کوردستاندا هەبووه. شێرکۆ هەژار (٧،ل ١٩). پڕۆژەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی ناسراو به (گاپ)، که نێزیکی ٧٣،٠٠٠ هەزار کم داگیرکردووه و بەسەریەکەوه هێندەی هەر سێ وڵاتی هۆڵەنده و بەلژیکا و لوکسمبۆرگ دەبێت، شەش پارێزگایی کوردستان ئەیدیئەمان و ئورفه و مێردین و سیرت و دیاربەکر و گازی ئەنتەب له خۆ دەگرێ .١٥٥ گوند تێیدا ژێر ئاو کەوتووه، ئیمرۆ تورکەکان به بەهەشتی داهاتووی له قەڵەم دەدەن. دێمێرێلیش بەم بۆنەوه وتوویەتی: "ئێمه ئاغا و سوڵتانی دوا ڕۆژی ناوچەکەین". هەڵۆ بەرزنجەیی، (٩ــل ١٦ و ١٨ ). کورد له بەرەکەته، به مانای هۆکار و سەرچاوەی کارکردن، بۆ بژێوی ژیان بێبەش کرا.

***٤٢.{ ئەم بیر و باوەڕەی من دەفتەری چەند هەزار ساڵەی کورد دەخوێنێتەوه نەک هی ڕێکەوت و ڕووداوێکی تاک: حوکمدارێکی کورد پەیدا بووه و ڕاستەوخۆ لەلایەن شاهەنشاهــ و سوڵتانێکەوه تەفروتونا کراوه. دیاره هۆی کوتومتی لەناوچوونی حوکمدارەکه ئەو شاهەنشاهو سوڵتانه نەبووه، بەڵام ئیمکانی لەناوبردنی حوکمدارەکه دەگەڕێتەوه بۆ چارەنووسێکی کۆنتر و فراوانتر لەو چەند مانگ و ساڵەی حوکمدارەکەی تێدا ڕاست بۆوه و روخێنرا: وەزعی مێژوویی "لەبەر ڕۆیشتن ـ نزیف"ی ئابووری چەند هەزار ساڵەی کورد له کۆنەوه بڕیاری لەناوچوونی ئەو حوکمدارەی داوه. لەناونەچوونی حوکمدارەکه شتێکه دژی بڕیاری واقیع یاخود مێژوو. لەم مەیدانه زۆر کۆن و فراوان و قوڵەی هەڵڕژانی خوێنی کورد "که داهاتەکەی بێ" بۆ ناو ڕشتەی خوێنی دراوسێکانی، گوزارشتی بچوک و تەسک و مەحدودی ڕۆژانەی ژیانی کورد دەخلێکی یەکجار کەم و بێ تەئسیری هەبووه، یا هەر نەیبووه. نه خەباتی چینایەتی و نه پەلەی ژیان و نه ناکۆکی ناو چینەکان هیچیان چارەنووسی کوردیان مۆر نەکردووه. جگه لەو باری ئابووری یەکجار تایبەتی که لەناو کوردا هەبووه هەرچی بارێکی دیکەی تێدا هەبووبێ لەناو میللەکانی دراوسێی کوردیشدا هەبووه کەچی نەبۆته بەرهەڵست له گەیشتنیان به پلەی دروستکردنی حوکمی قەومی: هەڵبەت ئەگەر کوردیش هەر به قەدەر ئەوان دووچاری گیروگرفت و بەرهەڵست بوبا له ڕەوتی سیاسی بەرەو دروستکردنی "کیان" دەبوا ئەویش بگەیشتایه ئەو ئەنجامه که ئەوان پێیگەیشتن. خۆ کورد سیحری لێ نەکراوه زێده له میللەتان}.ل ٣٩٩ ـ٤٠٠***

وەک لە مێژووماندا بەرچاو دەکەوێ، کورد چەندین دەسەڵاتی نێوچەیی هەبووە و دەیـان سـەرکردە و میـر و شـێخی قارەمـان و پێشـەوای تێـدا هەڵکەوتـووە، کە خۆیان بزواندووە و تێکۆشاون لە پێناوی ئامانج و داواکارییە رەواکانی کورددا. لێ ئەم ڕاپەڕیـن و خـۆ ڕاپرسـکاندنانە، بە زوویـی سـەرکوتکراون و بە ئـاگر و ئاسـن دامرکێندراونەتەوە. مامۆستا، لێرەدا بە قورسـی، دەست لەسـەر فاکتەری ئابووری دادەگرێ و لەدەرئەنجامی خوێندنەوەی وورد و لێکدانەوەی ژیرانەی مێژووی کورد و تێخوێندنەوەی بـاری هـاوچەرخی ژیـانی و دەڵێ: ئەو دەسـەڵات و حکومەتە پچڕ پچــڕ و ناوچەییــانەش کە دروســت بــوون، هەر زوو بەر شــاڵاوی داگیــرکەران کەوتـوون و فەوتێنـراون، هەر هەموویـان پێشـوەخت مەحکـوم بـوون بە نەمـان و ڕووخـان، چـونکە ئابوورییـان لاواز و لەبەر ڕۆیشـتوو بـووە و رژاوەتە خزمەتـی دەسەڵاتەکانی چواردەوریی کوردستانەوە.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، فاکتەرەکانی دیکەی خەباتی چینایەتی، یـان سیفەت و خەسڵەتی سـەرکردەکانی، بەو ئەندازەیە هۆکارنەبوون لە چارەنووسـی کـورد دا. چونکە ئەو دیاردانە، هەر لای کورد وا نەبوون، بگرە لە نێو ئەو گەلانەشـدا، کە هەر یەکە لەلایەکەوە چواردەوری کوردیان داوە، بە درێژایی مێـژوو خـاوەن دەسـەڵات و کیانی خۆیان بوون هەمـان بەسـەرهاتە. بەواتـایەکی دیکە ئەوانیش هەڵگری هەمـان سیما و خەسڵەت بوون. کورد لە هاوکێشـەی "پەلەی ژیـان"دا بێ فـاکتی ئابووریی، مــاوەتەوە. بە مانــای: تــا ئێســتاش کە شکســتی خــواردووە، لە ڕۆڵــی دەســەڵاتی ئــابووری بێــبەش بــووە. هێــز و دەســەڵاتی ئــابووری، دەســەڵاتەکانی ســەربازی، ڕۆشنبیریی، بەرژەوەندی گشتی، یەکێتی نەتەوەیی و بیر و هزری هاوبەش دابین و مەحکوم دەکات و لە کاتی پێویستدا، دەبێتە قەڵغـانی پاراسـتن و شمشـێری هەڵمەت بردن.

***٤٣ ـ{ ئەوەندەی دیبێتم نووسەرێکی مادی لە بارەی مەوزوعی سەر بە کوردەوە نوسیبێتی هەر لە رێبازە کلاسیکیە نەزەریەکانی مادیەوە بۆ مەوزوع چووە و هانای بردۆتە بەر پلەی گۆڕان و هۆی بەرهەم "وسیلة انتاج" و فیۆدال و بۆرجوازی، خەریک بووە لە پەناو پەسێوان بەڵگە بدۆزێتەوە، واش بووە بەڵگەی دروست***

***کردووە، بۆ ئەوە مێژووی کورد و کۆمەڵایەتی کوردیش وەک هی هەموو جیهان ڕاستی نەزەرییەی مادی ئیسپات بکەن، لەوەدا هەر دەڵێی مەبەستی ئەسلی ئەوەیە کورد و مێژووی بکرێن بە خزمەتکاری نەزەرییە نەک نەزەرییە ببێتە خزمەتکاری کورد. لەو تەرزە نووسینانەدا زۆرجار دیومە، کە نەزەرییە پێویستی بوو، قوربانی بێ سوچ و تاوان لە ئەرز دراوە بۆ سەپاندنی ڕاستی و دروستی فەلسەفەی نوسەرەکە ئیتر بە پێی داخوازی (...) هەر بەو ڕێبازە کلاسیکیانەدا تحلیلی مێژووی کوردیشی کردووە و ویستوویەتی ژیانی "عقلی" کورد بکاتەوە بە ئاوێنە بۆ ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد، ئیتر لە بەیتێک تیشکی دەرەبەگی و لە گۆرانێیک خەباتی چینایەتی و لە مەتەڵێک زرینگەی دراوت بۆ بخاتە سەر کاغەز و پێت بڵێ ئەمەتە بەڵگەی ڕاستی و دروستی فەلسەفەکەم کە وا دڵۆپ دڵۆپ لە واقیعەوە دەڕژێتە ناویەوە}.ل٤٠٠-٤٠١***

ئەمەش ئاماژەیە بە دەردێکی دیکەی تفتوتاڵ و بەسوێی ناواقعێتی، بەشی هەرە زۆری ڕۆشنبیران و توێژەرانی کورد دەدات، کە بە تۆپزی دەیانەوێ لە دووتوێی تیۆری و قسەکانیانەوە، لە پشت بیر و بۆچوونی کەسانی دیکەوە، بە چاویلکەی ڕەشەوە، تەماشای پرسی کورد بکەن. ئەم دەستە و گرووپە، دەیانەوێ دیدی خۆیان بە هەر بیانوویەک بێت بسەپێنن. لە کاتێکیشدا بە گەرمی پێداگریی لەسەر بیروڕای خۆیان دەکەن، خۆیان باش دەزانن، کوێرانە یاخود لە دیدی بێگانەوە دەڕواننە باری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد و هیچ ئاگاییەک و شارەزایی و لێزانین و خوێندنەوەیەکی تێروتەسەلی بارودۆخی هەڵکەوتووی کوردیان نەکردووە و نەدەیزانن. ئەوانە هەر باوەڕیان وایە دەستوور و قاڵبێ بۆ گەلی چین بخوا و سەری گرتبێ، وا کتومت بۆ کوردیش دەست دەدات و دەکرێ بەسەریدا جێبەجێ بکرێت. وەک دیاریشە، ئەم خەیاڵ و یۆتۆبیا و ناواقیعیەتە، لە بیرکردنەوە و ڕەفتاکردندا برینەکانی جەستەی کوردی هێندەی دیکە قوڵتر کردۆتەوە. وەک دەزانین برینی قووڵیش پێویستی بە دەرمان و چارەسەری باش و درێژخایەن هەیە، چونکە بە درەنگ سارێژ دەبنەوە.

## حاجی قادری کۆیی بەرگی ـ ٢ ـ

***٤٤ ـ { کوردایەتی دروشم و روخسار و ناوەرۆکی تایبەتی هەیە جیاوازی دەکاتەوە لە "پیوریتانیزم"ی ئایینی بێ فێڵ. وا دەبێ نیشتمانپەروەری و ئایین بەیەکەوە جووت برۆن وەک ئەوەی بەجووت لە دژی ستەم بن وەیا خەلق هان دەن بۆ بەرگرتنی هێرشی بێگانە، رەنگە ئایین خۆی ببێ بە دەستووری میللەتێک و لەسەری بڕوا، بەڵام هەموو دەزانین تۆ و کێڵگە و دروێنەی نیشتمانپەروەری شتێکە و هی ئایین شتێکی سەربەخۆی خۆیەتی. وا هەیە نیشتمانپەروەر، تاکی یا کۆمەڵی، "ملحد"ن، یاخود لە عاست دیندا بێپەروان. لزوم نییە بڵێم، وا دەشڵێم بۆ مەبەسی زێدە روونکردنەوە، نیشتمانپەروەرێکی برازیلی چ بیر لەوە ناکاتەوە ئاخۆ قورئانی ئیسلام چ دەفەرموێ و مەرقەدی گەیلانی چەند منارەی بەسەرەوەیە: میللەتان ئایینی جوداوازیان هەیە هەمووشیان بیری تایبەتی نیشتمانپەروەری خۆیان هەیە. هەر میللەتێکیش هۆش و گیانی میللەتپەروەری هەژاندی، پێش ئەوە بیر لە فەلسەفە و ئایین بکاتەوە هەر پێداویستەکانی فەرمانی میللی دینەوە بەرچاوی}} .ب ٢ ل١٠٥***

کوردایەتی، باوەڕ و ئایدیا و ئیمانێکە، هەڵقوڵاو و ڕسکاوی هەبوون و نەتەوەی کورد و زادەی پرۆسە و فەلسەفەی کوردبوون و کردارێکی ژیرانەی ئەو تاک و کۆمەڵەیە، کە بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتی، پێش هەر دەستکەوت و قازانجێکی تر دەخەنەوە. سەنگەری بەرهەقی خەڵکی چەوساوە و بەشخوراو و ماندووی کوردە، بۆ لابردنی باری قورس و گرانی ستەمکاری و چەوسانەوەی میللی لەسەر کۆڵی. بزوتنەوە و ڕێبازێکە، لە بنەڕەتدا بۆ گەشتنی نەتەوەی کورد بە مافە سروشتییەکانی و دامەزراندنی دەوڵەت تێدەکۆشێ. کوردایەتی هەست و هزرێکە، لەگەڵ بوونی نەتەوەی کورددا هەیە و تا جەستەی کورد بمێنێ، دەماری کوردایەتی لەکار ناکەوێت.

**ئەڵێ کردەم جێی داخ نییە**
**کوردایەتیم قۆناغ نییە**
**ئامانجێکە نەمر، پیرۆز**

**مەشخەڵێکە بۆ گەل و هۆز**
**فەلسەفە و باوەڕ و بیرە**
**ڕێگەی پیاوی دانا و ژیرە** (کامیل ژیر)

***٤٥ ـ { بە لای باوەڕی خۆمەوە چ گلەیی ناکرێ لە بەرەی سۆشیالیزم لەوەدا نەیتوانی یاخود نەیویست بە ئەرکێکی زل کۆماری مەهاباد بپارێزێ، بەڵام ئەگەر کورد پێی کرابا کۆمارەکەی بپارێزێ دەبوا بیپارێزێ وەلەو دەجارانیش شەڕی گەورە یا گچکە لەو پاراستنەدا پەیدا بووبا. هیچ میللەتێک ئامادە نییە خۆ بکاتە "مسیح"ی سەردەمی چەرخی بیستەم لە پێناو جیهاندا، بۆ دەبێ کورد خۆبکاتە "مسیح". خۆکردنە "مسیح" کاری ناچارییە. هەر لەو هەڵوێستانەدا کە بیری نیشتمانپەروەری لەگەڵ فەلسەفەی تردا یەکدییان نەگرتۆتەوە ئەوە بوو لە دەوروبەری راپەڕینەکەی ١٩٤٨ کە پێی گوترا "وثبە" نامێلکەییک دەرچوو، وابزانم کوردیش دەری کردبوو، بەلای خۆیەوە ئیسپاتی ئەوەی کردبوو کورد" ئوممەت" نییە، دیارە کە کورد ئوممەت نەبێ مافی ئەوەی نامێنێ خەباتی قەومی بکا. بێ گومان فەتوای وەها گەلێک کوشندەترە بە نیسبەت چارەنووسی کوردەوە لە فەتواکەی مەلای خەتێ ئەگەر بووبێ و ئەگەر نەبوو بێ}.ل ١١٥ ـ ١١٦***

چارەنووسی تاڵ و تراژیدیای بیرەوەری کۆماری کوردستان، بۆ خۆی مێژوویەکی پڕ لە ئەزموونە و دەشێ قسەکردن لەسەر هەڵوێستی بەرپرسەکانی، لێکدانەوەی بیروڕای جیاواز لە خۆ بگرێ. ئایا وا باش بوو پێشەوا خۆی بە دەستەوە بدات یان بەرگریی بکات و ڕێگایەکی دیکە هەڵبژێرێ!؟ لێرەدا لەو باسە دەگەڕێین بۆ دەرەتانێکی تر. ئەوەی گرنگ و مەرجە لەسەر کوردبوون، ئەوەیە دەرهەق بە خۆناسین و بڵندکردنەوەی داوای مافی ژیان و سەربەخۆیی وڵات، ترس و سڵەمینەوە و شەرمی نەبێت، چونکە خاوەنی دۆزێکی رەوا و بە هەقە. شورەوی چ بەرژەوەندییەک بەرێوە دەبات و چۆن بەشێک لە کورد، خزمەت بە سیاسەتی مۆسکۆ دەکەن و چۆناوچۆنی خۆیان بۆ بە قوربانی دەکەن. ئەوە بۆتە مێژوویەکی تژی لە مەرگەسات و کوێرەوەریی و هەل لەدەستدان، دەبێ وەک خۆی، توێژینەوە و کاری لەسەر بکرێ.

***٤٦ ـ { فکری نیشتمانپەری دروشم و ڕێباز و فەلسەفە باوەڕی تایبەتی خۆی هەیە لە نەزەر فەلسەفەی دیکەدا کز نابێتەوە، ڕەنگە لەگەڵیان ڕێک کەوێ و ڕەنگە ڕێک نەکەوێ}.ل ١١٦***

ئـازاد مسـتەفا دەڵـێ: " کـورد نیشـتمانەکەی تەنیـا کوردسـتانە، ئەو کییـانە سییاسـییانە داگیـرکەرن و ئەو وڵاتـانە نیشـتمانی کـورد نـین. لەمەوەیە (مفـاهیم)ی نیشتمان و نیشتمانی دەبێ لەسەر (ولاء) بۆ کوردستان و کوردستانێتی راوەستێ و بەچاوی ئیستعمار (کۆلۆنی)، لەو وڵاتانە بڕوانین و مامەڵەیان بکەین. تێکەڵاوکردنی ئەو دوو (ولاء)ە، هەموو خلیسکان و بەلاریدابردن و چەواشـە و چەواشـەکارییەکی بەدوا دێـت" (١٤،ل ١٤٦). کەواتە نیشـتمانپەروەری خۆشەویسـتی تـاکە بـۆ خـاک و نەتەوەکەی، ئەمەش نـاکۆک نییە لەگەڵ خۆشەویسـتی بـۆ مرۆڤایەتی. هێگل دەڵـێ: "نیشـتمانپەروەری ڕاسـتەقینە لە گەوهەردا بـریتییە لە جێبەجێکردنـی ئەرکەکـانی ڕۆژانە بە باشترین شێوە، لە لایەن هاووڵاتییانەوە". (١٥،ل٣٧).

هەر پیرۆزی و گەشی نیشتمانە، تین و تاوی بە جۆشی نیشتمانپەروەرییە، وا لەNiccolo Machiavelli ، مەکیاڤیللی دەکات بڵێ: " نیشتمانتان خۆشتر بوێ لە گیانی خۆتان".

مـاتزینی گەورە رابەر و فەیلەسـوف، دەڵـێ: " هەر نیشـتمانێ لە نیشـتمانەکان، کارگەیەکن لە کارگەکانی مرۆڤایەتی". یاخود لە میانەیەکی دیکەدا بەم جۆرە دێتە قسە: "مرۆڤایەتی یەکخستنی نیشتمانەکانە، مرۆڤایەتی هاوپەیمانێتی نەتەوەکانە بۆ بەجێگەیاندنی پەیامەکەیان لەسەر ڕووی زەوی (ئاشتی و خۆشەویستی).

ئەم مەڵـــۆیە، لە قســـەی گەورە پیـــاوان و بیریـــاران، لەمەڕ نیشـــتمان و نیشـتمانپەروەرییەوە، ڕەنـگە بەشـی ئەوە بکـات، پێمـان بڵـێ، نیشـتمانپەروەری، هەستێکی پاک و هەڵوێستێکی دروستی تاکە کەسە، بەرامبەر بە وڵات و زێدەکەی. هەر مـرۆڤێکیش، بـۆ خـاکەکەی هەڵگـری ئەم خۆشەویسـتییە نەبێـت، یـان هەوڵـی مراندنی بدات، بیژۆ و پەرپووتە و لە پەراوێزی ژیانیشدا، جێگەی نابێتەوە.

***٤٧ ـ { خانی وەک "مفکر" بۆ بیری کوردایەتی چووە، زەرفی مێژووییش یارمەتی نەداوە بیروباوەڕەکانی بکاتە بانگهێشتن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی. حاجی کە خۆی بە قوتابییێکی خانی ژماردووە لەبەر زۆر هۆی تایبەتی کە لەسەردەمی خانی دا پەیدا نەبوو بوو لە پلەی پەند و ئامۆژگارییەوە تێپەڕی بۆ قۆناغی هاندان و داواکردنـی خەبـاتی چەکـدار لە میللەتـی کـورد بـۆ بەدەسـتهێنانی مافەکـانی خوراوی}.ل ١٢٥***

جەمال نەبەز دەڵێ: "ئەوەی تراژیدی" مەم و زین "کە شاکاری بیرکەرەوە و هۆنەری کورد ئەحمەدی خانی (١٦٥١/١٦٥٠ ـ ١٧٠٦)یە بخوێنیتەوە، کە لە ١٦٩٥/١٦٩٤ دا نووسراوتەوە، دەبینێ خانی دەوڵەتی عوسمانی قاجاری بە "دەوڵەتی کورد" نەزانیوە، و تورک و فارس و تاجیکی بە "هاوئاین و برا" نەزانیوە، بەڵکو بە زۆردار و داگیرکەر و بێگانەی زانیون، و بانگی کوردی کردووە بۆ یەکگرتن لەژێر سایەی "شایەکی کورد" و "تاجێکی کوردی"دا، و بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتێکی کوردی" کە خزمەتی کورد و زمانی کوردی و کولتووری کورد بکات. لەمەشەوە هیچ گومانێک لەوەدا نامێنێ کە بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال لە کوردستان خۆیدا دروستبووە و چەند سەدەیەک بەرلەوەی کە تورک و فارس و عارەب لە ژێر تاوی بیر و کولتووری ئەوروپادا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا هەوڵ بدەن بۆی".(٦، ل ٧).

ئەو هەلومەرجانەی ڕێگربوون لە بەردەم خانیدا، هۆکاری ناوەکی بوون، لە نەبوونی دەزگای ڕاگەیاندن و رۆژنامە و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و شتگەلێکی دیکەش. لەبەردەستدا نەبوونی ئەم دەستاوێژانە، زیانی هێندەی هۆکاری دەرەکی، زەبروزەنگی داگیرکەران کاریگەریی نەرێتییان هەبووە.

***٤٨ ـ { با ووردبینەوە لە رووخساری سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم لە لایەن پژانی باوەڕی قەومییەوە تاکو دیمەنی گشتی فەلسەفەی کوردایەتی لە کوردستانی باشووردا بهێنینە بەرچاوی زیهنمانەوە و لەوەڕا بە زاهیرەیێکی مێژوویی چاوەڕوان کراو و لە زەرفی خۆیدا جیی بکەینەوە}.ل ٢١٢***

لەم تێزەدا، ئاماژە بە سەرەتای دەرکەوتنی بیر و هزری نەتەوایەتی کوردی، دەخوێنینەوە، کە لە رووی مێژووییەوە بایەخی هەیە و وەک نیشانەیەک، پرسیاری ڕسکانی ئەو بیرە دەخاتە بەردەم لێکۆڵینەران و مێژوونووسان و بایەخدەران بەم باسە.

***٤٩ـ { دیمەنەکە زۆر ئاشکرایە هەر دەیەوێ پەنجەی بۆ راکێشێ: پەیدابوونی فکری سیاسی و هەستی نەتەوایەتی لای میری بابان بۆ فەجری هەڵبەستی کوردی لای بوێژەکانی بابان. هەڵکەوت بە نیسبەت بوێژەوە هەر هێند هاندەر بوو کە هەڵبەستی کوردی دانێ، جارێ مابووی بۆ ئەو تۆی فکری سیاسی خەست لەو هەڵکەوتەدا بڕوێ. لەو دەمەدا "ژێرخان" بۆ بوێژ هەر بایی ئەوەی بەبەرەوە بوو کە بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ بکا بە "ژوورخان". چ شوبهە نییە لەوەدا کە پاشای***

*بابان له ئاسۆییکی بڵندترەوە سەیری جیهانی دەکرد تا بوێژەکانی دەوری خۆی، پتریش لەوان، لە تێکڕایان، خەریکی کاری وەها بوو لە ژیانی ڕۆژانەی دا کەوا بە مەیدان و بە قۆناغ لەوانی پێشتر خاتەوە}.ل ٢١٦*

ئیمارەتی بابان و دەرکەوتنی کەڵە شاعیرانی وەک نالی و سالم و کوردی، بە قۆناخێکی پڕشنگداری مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردن و تاوسەندنی هەست و بیری نەتەوایەتی کوردی دادەنرێت. هەڵبەت بۆ ئەو قۆناخە، دەسەڵاتە سیاسییەکە پاشایانی بابان بەڕێوەیان بردووە و دیارە چییان ئەنجام داوە. هەرچی پەیوەستە بە دەرکەوتنی ئەو سێ هەڵکەوتووەشەوە، دروستکردنی وەرچەرخان لە مێژووی ئەدەب و شیعری کوردیدا و گەیاندنی بە ئاستی هەرە باڵا، کە هیچی لە ئەدەبی گەلانی ناوچەکە و بگرە جیهانیش کەمتر نەبێت.. ئەم سێکوچکەیەی بابان، جێدەستیان لەمەیدانی ئەدەب و زمان و هەست و بیری نەتەوایەتیدا ڕەنگینە و، هەرگیزاو هەرگیز بڵێسەی مەشخەڵەکانیان خامۆش نابێت. بە تایبەت کە لەو سەردەمەدا، جارێ هەر گۆڕەپانی شیعر والاّ بووە بۆ پاڵەوانبازی و گوزارەکردن لە هەبوون و هێماکانی کوردبوون. ئەوانە شۆڕەسوارێکی بێهاوتا و لێهاتووی گەورەی نەتەوەی کوردن و هەتا هەتایە ناو و بەرهەمەکانیان بەدرەوشاوەیەیی دەمێنێتەوە... بەدوای ئەمانیشدا دەرگا بۆ چەندین شاعیر و نووسەری تر خرایە سەرپشت بۆ درێژەدان بە ڕێبازەکەیان. ئەمانە بوونە بەردەبازی پەڕینەوە بەرەو هەنووکە و ئاییندەیەکی پڕشنگدارتر.

**شارەزوور بەحر و سولەیمانی لەسەر ئەو گەمییە ڕەنگ**
**بۆ شکستی وەک نەهەنگ، بۆ فتنەی ئاخر زەمان**
**ساعقە و بەرقی نەدامەت زوڵمەتی شەرق و غەرب**
**بەردەبارانە بە مەخسووس لەسەر موڵکی بابان**
**چاوی عیبرەت هەڵبڕە ئەی دڵ لەوەزعی دەهری دوون**
**سەیرکە ساتورکی دەڵەک چیکرد بەزۆمرەی کورد زمان** (سالم)

*٥٠ ـ{ لەم سرنجانە و لێکدانەوانە و چاوپێداخشاندنەوە بە مێژوودا، من دەگەم بەو قەناعەتە کەوا بڕیاری مێژوو و تێکڕای قۆناغی فکری و فەلسەفەی کوردایەتی لەوسای کوردستاندا بە جووتە ڕێک دێن هەم لەگەڵ گووتەی دەماودەم و هەم لەگەڵ هەڵکەوتی زانراو و نووسراوی ژیانی حاجی لەوەدا کەوا دوای چوونی بۆ*

***ئەستەمبۆڵ حاجی قادر سەرکەوتبێ بۆ بەرزایی کوردایەتی راستەقینە کە هێشتا کوردستانی عێراق لێی سەر نەکەوتبوو}.ل ٢١٩***

بابەتی ئەم تێزە، دەرکەوتنی بیری کوردایەتی و هەڵکەوتنی حاجی قادر، وەک دوو دیوی مەدالیایەک. ئەمەش بۆچوونێکی مێژوویی و دیاریکردنی قۆناخێکی تری هەستیاری فەلسەفەی کوردایەتیی و هەڵکەوتنی تاکێکی گەورەیە. لەم رەهەندەدا م.م، ئەوەشمان پێ دەڵێ، کە دوای چوونی حاجی بۆ ئەستەمبوڵ بنەماکانی هزری کوردایەتی بەهێزتر و دەوڵەمەندتر کردووە و ئەستەمبوڵ ئەو سەکۆیەیە، کە حاجی لێوەی بانگ و هاواری کوردایەتی راگەیاندووە. حاجی لەم شارە، وەک پایتەختی دەوڵەتی زەمین فراوانی عوسمانی، مەڵبەندێکی رۆشنبیریی گەرم و وێستگەی گەیشتنی هەواڵەکانی ئەوروپا و دنیا بووە. حاجی نەک هەر لە دنیا بێئاگا نەبووە، بەچاوی خۆی زۆر لە رووداوەکانی دیوە و هەردوو گوێشی بە ترپەی دڵی گۆڕانە جیهانییەکانیشەوە ناوە. هەر لێرەوە حاجی بەرەو لوتکەی کاروانی کوردایەتییەکەی هەنگاوی ناوە و پەیتا پەیتا لەگەڵ گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکاندا پەیامی کوردایەتی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە (وەک خۆی دەڵێ قوڕ دەپێوێ) بۆ نەتەوەکەی ناردووە و هەوڵی هۆشیارکردنەوەی داون و داوادەکات ڕاپەڕین و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت بدەن.

***٥١ ـ {لەم خستنە بەرچاوەی پەیدابوونی گیانی کوردایەتی، رۆڵێکی گەلی کورد هەبێ و تەقەللا و خواهشتی ئازادی تێدا بێ زۆر دواکەوتووە لە پژانی هۆشی تاکەکانی کە حوکمدار و بوێژ و مەلابوون. چ لزوم نابینم رازی نەبوونمان لە رووداو و هەڵکەوت بمانخاتە سەر خەریکبوون بە هەڵبەستی رۆڵێکی ساختە بۆ گەلی کورد. گەلانیتریش هەروا بوون: جوڵانەوەی تێکڕایان چەندین ساڵ و زەمان لەهی فەیلەسوف و خاوەن بیرەکانیان دوا کەوتووە. هەر وەک زۆربەی میللەت ناتوانێ ببێ بە زانای کیمیا و فەلەک و بایۆلۆجی، هەروەهاش ناتوانێ شانبەشانی فەیلەسوفێک وەیا بوێژێک وەیا حوکمدارێک بیری بڕوا بۆ "واتا، فکر، تجرید" کە مافی نەتەوایەتیش لەو پەراوێزەدایە}.ل ٢٢٤***

ئەم دیاردەیە لە مێژووی گەلانی دیکەشدا، بەرچاو دەکەوێ، هەمیشە تاکی هەڵکەوتوو، ئاڵا بەدەستی ڕابەرایەتی و پێشڕەوایەتی گەل بوون. ڕاستییەکی دیکەش کە جێی ئاماژە پێدان بێ، ئەوەیە، کە لە هەرکەس دا، نیشانە و خەسڵەتی هەڵکەوتووانە بەرجەستە نابێ. ئیدی بۆیەکا زۆر پێویستە رێز و پێزانین لەو تەرزە کەسانە بگیرێت.

ع. قەراخــی دەڵــێ: " لە مێــژووی کــورددا دامەزراوەی شــێخ و ســەییدەکان (کە پێمــان باشــە ئەم دامەزراوەیە بە عەشــیرەت نــاو ببــەین)، زووتــر نیشــتەجێبوون و پەیوەســـتبوون بە خـــاکەوە بەدیهـــاتووە و لە ئەنجـــامی ئەوەشـــدا توانیویـــانە ئـــاوەدانکردنەوە بـــکەن و خـــانوو و مـــزگەوت و خوێنـــدنگای ئایینیـــان هەبێـــت و خوێنـدەواری لەناویانـدا بڵاوبێـتەوە، کە ئەوەش یەکـێکە لە هۆکـارە سـەرەکییەکانی زووتر دەرکەوتن و رسکاندنی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی هەربۆیە لەنێو شێخ و سـەییدەکاندا لە لای خوێنـدەوار و رابەرە ئایینییەکـان زووتـر هەسـتی نەتەوایەتـی کوردی دەرکەوتووە".(٨،ل ١٦٦).

***٥٢ ـ { بەراستی تێکڕای باسی پڕانی هۆش و هەستی نەتەوایەتی کورد و سەرە باسی رۆلی "تاک" لە مێژوودا تا بلێی پان و قوڵن.. تا بەقەدەر ئەوە باران کاریگەرە لە روانی گیا و گوڵ، پەیدابوونی سەرەتای هەستی نەتەوایەتیش لە کوردستانی ژێروودا عەلاقەدارە لەگەڵ هەڵکەوتی حاجی قادر}.٢٢٧ـ٢٢٨***

پێدەچێ دیاریکردنی سەرەتای پڕانی هەستی نەتەوەیی لای کورد، لە ڕووبەری مێژووەکەییەوە،کە تا ئێستا لەتاریکی و ئالۆزیدا مابێتەوە، سەخت بێت بێژین ئایا کـورد بەر لە خـانی، لەم ڕووەوە خـاوەنی چ مێـژوویەکە؟ خـاوەنی دەق و گوتـاری نەتەوایەتـی بـووە یـان نـا، هەبـووە و فەوتێنـدراوە؟! یـاخود تـا ئێسـتا بەڵـگە نەدۆزراوەتەوە و بەرچـاو نەخـراوە، ئەوە جـارێ نادیـارە، بەڵام قسـەکردن لەسـەر تاک و تاکی هەڵکەوتوو باسێکە، شایانی بایەخ و گرنگی پێدانە. دەرکەوتنی خانی و حاجی و شەرەفخان و میر بەدرخان و ئەورەحمان پاشای بابان و شێخی نەهری و چەندانی دیکە، لە زەمینەی دووردرێژی مێژووی کورددا، بەرهەمـی ڕێکەوت و بـارودۆخێکی ئاسـایی نییە. بەڵکـو ئەمـانە، لە منداڵانی دەسـتووری پەلەی ژیـان و لەهەناوی پێداویستییەکی خودی سروشتی هەڵکەوتووی نەتەوەییانەوە ڕسکاون و هاتوونەتە مەیدان و ئەو مێژووە پڕ لە سەروەرییەیان، لەدوای خۆیان جێهێشتووە. ئەمانە نەخشی دیار و بەرچاویان لە سەردەمی خۆیاندا گێڕاوە و هەر بۆیە هەتا ئیمـڕۆش کـورد بەهرەمەنـدە لە هـزر و خەباتیـان. دیـاردەی تـاکی هەڵکەوتـوو، لە مێــژووی گەلانــی جیهانیشــدا بە هەمــان ســەنگ و قورســاییەوە دیــار دەکەوێ. ڕۆشنبیران و دەستەی هەڵبژاردە لە مێژووی ئەڵمان ئیتالیادا بە نموونە ڕابەری

یەکگرتنەوە و دروستکردنی دەوڵەت بوون و لە مێژووی گەلیَ نەتەوەی تریشدا بە هەمان شێوە. هەموو گەلیَ خاوەنی کەسانی هەڵکەوتووی خۆیانن، جا لە هەر بوار و کایەیەکدا بێت. پیرەمێرد دەڵیَ:

**کوڕگەل گەورەتان ئەگەر خۆش بویَ**

**زۆر گەورەی ترتان تیا هەڵدەکەیَ**

***٥٣ ـ { وا دەزانم نەبوونی عیشقی سوتێنەر لە رابردووی حاجی دا بەشدار بووە لەوەدا کە لە دوارۆژ نامومکینێک ببێتە مومکین: رێی داوە بەوە کە هەموو بوونی مادی و مەعنەوی و رواڵەتی و دەروونی و خەو و بەخەبەری حاجی سەرانسەر لە قەبەڵی کوردایەتی بکریَ بیَ ئەوە یادی دڵداری ببێتە شەریکی هەزاریێکی ئەو بوونە. هەر دەڵیی حاجی کە داخلی عیبادەتخانەی کوردپەرستی بوو گیان و دڵێکی بیَ پەڵەی بیَ نوختەی وەک کاغەزی سپی تەسلیم بە خامەی چارەنووس کرد ئیتر ئەو خامەیە بیَ ئەوە رەشایی پیتێک وەیا خاڵێکی نووسراوی بێتە پێش بە هەموو لایێکی کاغەزەکەدا مەشقی خۆی لیَ کرد تا رووپەڕەی پڕکردەوە و دووجار و سیَ جاریشی بەسەردا هاتەوە}.ل ٢٨٢***

حاجی، لە نێو تابلۆی فرە ڕەنگ و هێڵکاریی تیشکی جوانی کوردایەتیدا، بە هەموو ڕەهەندە کەسیی و مێژوویی و هزرییەکانیەوە، ئامادەیی هەیە و تیشک دەداتەوە. وەک شێت و شەیدایەکی دڵ بە پەرۆشی کورد و کوردستان، خۆی نمایشت دەکات. بە هەموو مانای ووشە، سۆفیئاسا تواوەتەوە لە عەشقی مەجازی نیشتماندا. گەیشتن بەم پلەیە لە خۆشەویستی، دەست لەملکردنی وڵات و خەون بینین، بە سەرکەوتن و ئازادیی میللەتەوە، بۆتەقەی پرۆسەی توانەوەی ڕۆح بووە، لە خۆشەویستی وڵات و جێی هەزاران دولبەری بۆ حاجی پڕکردۆتەوە.. ئەوەتا هێمنی شاعیریش دەڵیَ: عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم

عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن.

ئاخر ئەڤین و دڵداریش، لە سایەی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوە و نیشتماندا، دەتوانیَ چێژ و خۆشی تەواوی خۆی بە مرۆڤ بدات.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ژن لای حاجی و لای هێمنیش ڕێزلێگیراو و سیمبۆلی نازداری خۆشەویستی بووە، لیَ خۆشەویستی دایکی نیشتمان سێبەری خۆی بەسەر هەموو خۆشەویستییەکانی دیکە کێشاوە.

## حاجی قادری کۆیی بەرگی - ٣ -

٥٤ - { تـۆ ئەگەر لە خـۆت و نیشـتمانەکەت و مـیللەتەکەت و ئێسـتاکەت و رابرووەکەت و دوارۆژەکەت بە سەهوو نەچوو بیت، وەک نوێژ و رۆژووی مرۆڤی دیندار لەسەرتە، راپەڕیت و قوماشی (خاک و مێژوو)ت بە نووکی خامە ئەنجن ئەنجن بکەیت و هەڵی وەشێنیتەوە و تەقەڵەکانی لەبەر یەکتر بەریت و بچیتە ناو رایەڵە و تانوپۆیەوە تا تێیان دەگەیت و وەک خۆراکی هەزمکراو دەیانکەیت بە بەشێکی بنجی لە سەقافەتت.

بەراستی و بێ هوشەکاری و موبالەغە، مرۆڤ - کە تۆیت - هەستی راست و تەواو بە بوونی خۆی ناکات ئەگەر نەزانێ چ جۆرە هەناوێک و منداڵدانێک زات و گیان و لەش و هۆش و هەست و نەستی گۆڕاندووە. مرۆڤی لە خۆنەگەییشتوو و لە مێژوو بەسەهوچوو رەگ لە میللەت و مەفتەنی خۆی داناکوتێت و پێوەندی پێیانەوە ئەوە نابێ کە لەبەر دەمی تیغی بڕندەی رۆژگاردا خۆی راگرێت. مرۆڤی بێرەگی پێوەندی بە رابردووی دێرینەی میللەتەکەیەوە دەبێتە مێوانی وەخت و سەعات، هەر تێی راخوڕن وەک مێوانی ئوتێل نشیمەکەی چۆڵ دەکات... نەختێکی تریش تینی بۆ بێنن پێستی نژادەکەشی لە خۆی دادەماڵێ وەک جل و بەرگی خوازرایەوە، چ هەستێکیش ناکات بە کەم و کەسری، گورجیش پەندەکەی (ئێرە نا دێرە) لە قەناعەتی دا دەجریوێنێ. خۆنەناسینی ئەوتۆیی مرۆڤ دەکا بەو کۆزمۆپۆلیتەی کە دەربەستی ئێرە و دێرە و کوردبوون و کوردنەبوون نابێ، جوداوازیش لە نێوان ئەو مرۆڤە و کۆزمۆپۆلیتەکە هەر ئەوەندەیە کابرای کۆزمۆپۆلیت لە رێی فەلسەفەیێکەوە رەگی بە (میللەت و نیشتمان)ەوە پچڕیوە و خۆی بە جێگرێکی ئەوانەوە لکاندووە کەچی مرۆڤی لەخۆبەسەهووچوو و خۆنەناس رەگی پێوەندی لە بنەڕەتەوە پچڕاوە، بەڵکو رەگەکەی پەیدا نەبووە تا بپچڕێت.دەرکێشانی ئەوجۆرە مرۆڤە لە بیخ و بنجی مێژووی میللەتەکەی کارێکی ئەوەندە ئاسانە وەک ئەوەیە مووی بێ بنج و بێخ لە ماستی نەمەییو دەرکێشیت. هەربۆیەیشە ئەو کەسانەی خۆیان بە بیر و باوەڕێکی جوداواز لە بیروباوەڕی قەومی راستەقینەوە دەلکێنن دەتوانن بە ئاسانی لە هەڵوەستی دژی بەرژەوەندی میللەتەکەیان بوەستن و شانازیش بەو هەڵوەستەوە بکەن} . ب ٣ ل ١٠١ - ١٠٢

خۆناسـین و خـۆ تەیـارکردن، بە زانـین و دەوڵەمەنـدبوون بە ڕۆشـنبیریی نەتەوەیی، خاڵێکی بەرچاوی گرنگە بۆ خۆدۆزینەوە و خۆناسین، دەبێ لە کایەی مێـژوو و فەرهەنگـدا، بە دووی ئەو فاکتـانەدا بگەڕێـین، کە دەبـنە پاڵپشـت و بەهێزکردنی کەسایەتی و باوەڕ، بە خودی خۆت. بێ ئاگایی لە ڕابردوو، ڕەنگە تاریکایی بداتەوە، سەر هەنووکە و ئایندە. ساتێ مرۆ بە ڕابووردووی خۆی نامۆیە، هەرەمەکییانە مامەڵە لەتەک بەها و نرخە مینۆکییەکانی، کەسایەتی خۆی و مێـژووی نەتەوەکەیـدا دەکـات، بەڵام گەر مـرۆ لە ڕابـووردوویەکی زینـدوو و پرشنگدار و هەبـوودا خـۆی بـدۆزیتەوە، لەو ڕابـووردووەوە، کـێش و سـەنگێگی ئەرێنی بەهێزتر بۆ کەسایەتی خۆی بەدەست دێنێ. ئەم هێزە ناوەکییەش، دەکرێ چەکێکی تری کاریگەر بێت، بۆ خستنەکاری لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا.

بێشـکچی وتەنـی: " لەبەرئەوەی کوردەکـان دەبێـت خۆیـان لە مێـژووی خۆیـان بکۆڵنەوە و بتوێژنەوە و لێکی بدەنەوە"..(١٢،ل٥٣).

مێژوو جگە لەوەی بەهێزەکان دەینووسنەوە، لە هەڵکەوتی کورددا، داگیرکەر لە ڕوانگەی خۆی و بە پێی مەرام و بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕێگەی داوە، قسە لەسەر هەبـوونی کـورد و کوردسـتان بکـرێ. لە ئاکـامی ئەمەدایە، مێـژووی نووسـراوی ڕاستەقینەی کورد نییە و هەشبێ شێوێنراوە و پێویستە، سەرلەنوێ بە فرمێسک و خوێن و خامەی ڕۆڵەکانی کوردستان، بنووسرێتەوە. جەمال نەبەز دەڵێ:

"کورد، هەرچەندە مێژوویەکی زۆر کەفنار و دەوڵەمەندی هەیە، لێ ئەم مێژووە، ناچڕوپڕ و کونوکەلەبردار و لەیەکهەڵوەشاوەیە. ئەز بۆ خۆم کاتێک سەرنجەدەمە مێـژووی کـورد، وەک کۆشـکێکی زۆر گەورەی داڕووخـاو دێـتە بەچـاوم کە ژوورەکـانی لە ژمـارە نـایەن و هەزاران کەلـوپەلی جۆرجـۆر و پـارچە شـتومەکی بەنرخ و بێنرخی تێدایە. ئەمانە بە شێوەیەک شکێندراو و، قوپێندراو و، بە سەریەکدا تەپێنـدراون، کە یـان نالکێنـدرێن بە یەکەوە، یـان بەیەکەوە لکانـدیان دەسـتێکی وەسـتایانە و تێکۆشـینێکی مانـدوو نەناسـانە و کـاتێکی لەبـار و درێژخایەنیـان گەرەکە".( ١١ ل ٨)

***٥٥ ـ { موژدەش لەو کەسانە بێ کە دەرچوون لە تۆق و کۆتی قەومایەتی بە ڕەهابوون لە زنجیری دواکەوتن دادەنێن، موژدەی چارەڕەشی خۆیان و ئەولادیان لێ بێت بەوەدا کە بڕیاری مێژووی کۆن و نوێ لەعنەتی بێ دەسەڵاتی کردووە بە***

***تەمغەی نۆکەرایەتی میللەتی بێ دەسەلات، تەمغەکەش چوونەوە و سوانەوەی بۆ نییە لە رێی ئینکارکردنی نژاد و دەماری قەومایەتییەوە}.ل ١٠٤***

دوای نکـــۆڵی لە بـــوونی نەتەوەیـــی و دروســـتبوونی هەســـتی پەســـتی و خۆبەکەمزانی، گەلێک کەسان پێیان شەرم بوو بڵێین کوردین و دەیانویست دەماری کوردبـوون و فەرهەنگـی کـوردەواری، لە جەسـتەی خۆیانـدا هەڵکێشـن. خالیـد بەگداشـی سـکرتێری، پـارتی کۆمەنیسـتی سـوریا، زەقتـرین نمـوونەی ئەم باسـە قێزەونەیە. چونکە گوایە بەگداش هەڵگری ئایدۆلۆژیای نێونەتەوەیی کۆمەنیستی بـووە، کە لە کرۆکـدا بـۆ عـروبەی خەرج کـرد، شـێخ مەحمـوودی نەمـریش، کە کوردایەتی فەلسەفە و باوەڕی بووە، ئاوا دەفەرمووێ:

**نامەوێ ژینی ئەسارەت بەسمە عومری گومڕەهی**
**نایکەمە سەرخۆم بەدەستی موددەعی تاجی شەهی**
**قەد بە ئەمری دوژمنانم نامەوێ فەرمانڕەهی**
**نامەوێ تەختی کەی و بەختی جەم و شاهەنشەهی**

بنـۆڕن ڕووداوەکـانی مێـژوو چەنـد سـەیر و سـەمەرەن و چـۆن بە دژی کـورد هەڵسـووڕاون. ئینگلیـز بـێ شـەرمانە، سـەرۆکی کـوردان، شـێخ مەحمـوود دەگـرێ و دەیـداتە دادگـا و ڕەوانەی هیندسـتانی دەکـات. بـۆ یەکەم جـار لە نـاوچەکەدا، فرۆکەکانی ئینگلیز، کوردستان بۆمباران دەکەن. کەچی دەچێ لە حیجازەوە، شایەک دێنـێ و دەوڵەتـی عێراقی، بۆ دروست دەکات و عەرشـی بۆ سـاز دەکات و تـاجی لەسەر دەنێ. وێڵسن، وەک حاکمی کوردستان بە شێخ مەحموود دەڵـێ: " تۆ ئەبیتە فەرمـانڕەوا و مەیـجەر نـۆئیلیش ئەبێتە راوێژکـارت و ڕێنوێییتیەکـانی ئەو جێبەجـێ ئەکەیـت (" شـێخیش لە وەڵامـدا دەڵـێ: "مەبەسـت ئەوەیە ئەو هەرچـی ووت مـن وا بکەم". دەڵـێ "بەڵـێ" شـێخیش دەڵـێ: " لەو حـاڵەتەدا بـا م. نۆئێل بێتە فەرمـانڕەوا و منیش ئەبمە ڕاوێژکاری".(١٦،ل ٢٨).

***٥٦ ـ { من بە تیغە کولەکەی ئەنجامەکانی (لە کوردایەتی دەرچوون) زمانی ئەو کەسـە دەبـڕمەوە کە لە قەومـایەتی دەرچـووە و بەتەمـایە خۆپاراسـتن و زەرەر***

*گێڕانەوە بکاتە شەفاعەتکاری لێدەرچوونەکە و پەندی (ئاگرە سووره لە خۆم دووره) هەڵکات بە سایەبان و لە ژێر سیبەری دا بحەسیتەوە. من بەو تەرزە کەسە دەڵێم: بەرگی نوێت لێ موبارەک نەبێ، رەنگ گۆڕینت چ چاوێکی لێ بە سەهوو نەبردویت و لە چ قۆرتانی دەرنەهێناویت. تۆ هەر ئەو کوڕەیت کە پێستی کوردانەت لەبەربوو، بە پێست دادڕیین و لە قەپێلک دەرچوونت نەبووی بە شتیکی تر. ئەگەر لایەنێک هەبێ بە (کورد)ت قبوڵ نەکا بە (نیمچە کورد)یشت هەر قبوڵ ناکات. کە ئێمکان نەبێ لە رێگەئێیکی راست و شەرافەتکارانەی برایەتی و بەیەکەوە ژیانی میللەتانەوە قبوڵت بکا بە خۆت و کوردایەتی و مرۆڤایەتیتەوە هەرگیز ناشی دەستی برایەتی لە ناودەستە چڵکنەکەی ئینکاری نژادی خۆکردنت بنێت و بە برات قبوڵ بکات. یەکێک رازی بێ برای خۆگۆڕێت بێ دەبوو پێشتر رازیتر بێ بە برایەتی دڵسۆزی و شەرەفت. یەکێک بەشەرەفەوە رەفز بکرێت، لە بارێکی پێچەوانەدا بە نۆکەریش وەرناگیرێت... کەس فلسێکی پێ نادات چونکە دیارە فلسێک ناهێنێت. ئەو کەسەی نژادی خۆی ئینکار دەکات بە چ چاوێکی سوکایەتییەوە سەیری خۆی دەکات خەلقی تر دەئەوەندە بە سووکی دەزانێت. مەلای گەورە لە هەڵبەستێکی دا دەڵێ:*

*کەسێ قەدری لەلای خزمان نەمێنێ لەلای بێگانە قەدری چی دەمێنێ*

*ئەو کەسە خۆی وەیا میللەتی کورد چ نرخێک دادەنێن و بۆ یۆنانییێکی نژاد ئینکار کردوو، میللەتێکی تریش هەر ئەو نرخە بە کوردێکی ئەوتۆیی رەوا دەبینێت، هێندە هەیە ئەو بۆرە دەمارەی رەحم و سۆزی خزمایەتی کە بزەی کوردێک بۆ ئەو کوردە دەبزێوێ و ناچاری و بێ دەسەڵاتی بۆ دەکاتە عوزر و بەهانەی خۆ گۆڕینەو دەمارە لای بێگانە پەیدا نابێ و بە مەخلوقێکی خۆگۆڕی بێ باری بێ نرخی راست و رەوانی دادەنێت چونکە دەماری خزمایەتی و خوێن و ئاشنایەتی تێدا بەخەبەر نایەت تاکو یەک دوو پلەی بەرەو رێکاری شەرافەت و ریزەوە هەڵسێنێتەوە.} ل ١٠٥ ـ ١٠٦*

بێگانە پەرستی و هەستی پەستی خۆبەکەمزانی و نکۆڵی لە بنەچە و ڕەچەڵەک کردن، دەردێکی دەروونی کوشندەیە، کە بە زۆری تووشی ڕۆڵەی میللەتانی بندەست و هەڵگرانی بیر و ئایدۆلۆژی بێگانە دەبێت. ئەم خاڵە لاوازە، هۆکارێکی

کـاریگەریی سسـتی هـزر و بـاوەڕ بەخۆبـوونە. کە دەرئەنجـام، دەکـاتە ئەوەی، شـەرمنانە خۆت نیشـان بدەیت و بەرانبەر بە پێشـهات و ڕووداوەکـان، هەڵوێسـتت لاواز بنـوێنی. بە دیـوێکی تریشـدا، هەڵـگەڕانەوە لە بـنەچە و ڕەچەڵەکـی خـۆ، لەخـۆ گـۆڕان و تەسـلیم بـوون بە ویسـتی دەسـەڵاتی بێگـانە و دوژمـن.. واتە دۆڕانـدن و مـردن. کـورد دەڵـێ: ڕێوی لە کونی خـۆی هەڵـگەڕایەوە، گەڕ بـوو. لەتیف هەڵـمەت دەڵـێ:

**ئەگەر بەفر بتوێتەوە دەبێ بە ئاو**

**بەڵام مرۆڤ کە توایەوە، ئیتر دەبێ بە پێڵاو.**

***٥٧ ـ {لە تێوەڕامـانی رابـردوودا ڕووبەڕووی تاریکـایی و بـێ چرایـی و بـێ وەجـاغی نـابین، ئیتـر کە ویسـتمان دیوەخـانەیێکی فکـر و ئەدەب و (هەڵوەسـت)ی کوردی لە ئۆردوبازاڕی میللەتاندا بکەینەوە دەتوانین چراقۆدیلەیێکی خۆمـانی تێدا پێشکەش بە مێوانان بکەین. ڕێبوارێکی بێگانە کە سەر بە ماڵەوێرانەکەماندا دەگرێت بەتەمایە کالاییکی خۆماڵی ئێمەی تێدا ببینێت، زۆریش دڵشکستە دەبێ، پایەشمان لە بەرچاوی دادەشکێ، کە خۆی لەسەر سفرەی بەتاڵدا ببینێتەوە، بۆ ئێمەش مردەنییە پەکمان بە ئیفلاسی مەعنەویمان نەکەوێ. ئەو کەسەی حەز دەکات شانازی کردن و لە خۆڕازی بوون لە ئیفلاسی مەعنەوی دا بدۆزێتەوە، بێگومان، دەمارێکی نەخۆشی (مـازۆخیەتی) لە نەفسـی دا هەیە. مرۆڤێک نەفسـی نەخـۆش نەبـێ حەز دەکـات لە زەمینەی (هەبـوویی)یەوە بەرزتـر بێتەوە، نەک لە بنـی بیـرەوە بەحـاڵ سـەرئەرز بێتەوە}.ل ١٧٧***

ئەگەرچـــی کـــورد، هێشـــتاش بە مەرام و ئـــاواتە بەرزەکەی نەگەشـــتووە، کە سەربەخۆیی و ئازادیی و دامەزراندنی دەوڵەتە، تا کوردیش بچێتە ڕیزی سـەرتاپای گەلانـی دیـکەی جیهـانەوە، کەچـی شـان بە شـانی ئەو ژیـانە، تـژی لە ئـازار و کـوێرەوەرییەدا، لە ڕووی کەلتـووری و ئەدەب و فەرهەنـگەوە، ئامـادەیی بەرچـاوی هەبـووە و لە گەڵـێ مەیدانیشـدا، جـێ دەسـتی دیـارە و پـێش داگیرکەرەکـانی کەوتۆتەوە.

داستانەکانی مەموزین و خەج و سیامەند و شیرین و فەرهاد و و شاعیرانی وەک: باباتاهیری عۆریان و مەلای جەزیری و خانای قوبادی و مەستوورە و وەفایی و مەحوی و شێخ ڕەزا. مۆسیقا و سەرئەنجام، سروودەکانی یارسانی ئەهلی هەق و گۆرانییە ئاینییەکانی زەردەشتێتی و بەیتی بەردەشان و دوانزە سوارەی مەریوان و داستانی قەلای دمدم، نموونەیەکی دیکەی دەولەمەندی فەرهەنگی کوردین، ئەگەرچی فەرهەنگێکی زۆریشمان فەوتاوە و ڕێگریی لێکراوە.

محەمەدی حەمە باقی دەڵێ: " لەم مەڵبەندەشدا واتە هەورامان، هەر سروودێ یا هەر ئاوازێ، ئەگەر لە چوارچێوەی شیعردا بوایە و لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا، ستایشی ئایینی ئیسلامی نەکردایە، وتنی رەوا نەبوو، یاخود ڕێگەی لێ ئەگیرا. بە تایبەتیش کە لەم مەڵبەندانەدا ئامێری مۆسیقا تەنبووریان لەگەڵ سۆزی ئاینییدا بەکارهێناوە، کە مۆسیقاش لە ئایینی ئیسلامدا حەرام کرابوو".(١٧،ل٤٧ ).

***٥٨ ـ { سەرەڕای روناکبوونەوەی رابردوومان، ئەم رۆژگارەشمان بە شەوقی چرای کوردی روناک دەبێتەوە. بەراستی بەر لە هەموو کەسێک ئەدیب و رۆشنبیر پێویستی بە رابەر و نموونەی نژادی هەیە تا بتوانێ لە ئاهەنگی خۆ هەڵدانەوەی کۆڕی ئەدەبدا، وەک ئەدیبی میللەتانی تر، شابازی بە رەسەنی ئەدەبەکەی خۆی بکات کە دێت و درەختی خانەوادەی ئەدەبەکەی خۆی دەباتەوە بۆ سەر ئەو نموونە و رابەرانە. ئەدیبیش وەک هەموو رۆڵەیێکی رێز لە خۆگرتوو دەبێ حەز بە بەرزی ئەو باوک و باپیرانەی بکات کە رابەر و نموونەی ئەدەبن نەک وەک ئەو سواڵکەرە بێت کە هەستی بە خۆنازینی پێ نەماوە و دەم نادەم لە روتەڵەیی خۆی زیاد دەکات بۆ بزواندنی بەزەیی خێرەومەندان}.ل ١٧٧***

هیچ لۆژیک و ژیرییەک هاوکار و پاڵپشتی کەسێک ناکات، خۆی بە تاقانە و شۆڕە سواری مەیدانی ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەیەک دابنێ. ئایا دەکرێ مێژووی ئەدەبی ئەڵمانی بخوێنینەوە، باس هەر باسی گۆتە بێت و بەس؟!. شاعیرێکی کوردیش گەر خۆی ڕازی بێ، پێویستە لەسەری شانازی بە نالی و سالم و شێخ ڕەزا و هەردی و فەرهاد شاکەلی و شێرکۆ بێکەسەوە بکات. لەڕابووردوودا سەدان

چرای گەشی ئەدیب و نووسەری گەورە هەڵکراون. ئەویش دەبێتە درێژکراوەی ئەم مەیدانە. حاجی گوتەنی:

**کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز**
**بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی**
**مەلا و شێخ و میر و پادشامان**
**هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی**

*٥٩ ـ { من لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانم ئەدیب نابێتە ئەدیبی راست و دروست ئەگەر ئاگاداری ئەدەبی میللەتانی تر نەبێت و لە زادەی مەعنەوی ئەوان تێروتەژی نەبێت، زۆر جارانیش دەبێ چاو ببڕێتە هەڵوەستی ئەدیبەکانیان بۆ بەهێزکردنی هەڵوەستی خۆی، دیسانەوە هێندەی بڵێی نارەحەت دەبم کە ببینم ئەدیبێکی کورد لە کاتی رازاندنەوەی نوسینەکەی بەهێنانە ناوی شێوە مرۆڤایەتی پڕ دەلالەت و شانازی مرۆڤێکی غەیری خۆی، هانا بباتە بەر هەڵوەستی مرۆڤی غەیری کورد لە حاڵێکدا نموونەی قارەمانەتی لە نیوان ریزی میللەتەکەی خۆی دا بەر چاوتر و کەڵەگەتتر و گەشتر لە هی بێگانە پەیدایە، یاخود هەر نەبێ وەک هی بێگانەیە لە هەموو تەرازووێیکی نرخ هەڵکێشدا. عوزرێکی بەدەست نوسەرێکی کوردەوە هەبێت لەم هەڵوەستە بەرەواژەی دا هەر ئەوەیە قارەمانانی بێگانە لەسەریان نوسراوە و پەیکەریان بۆ دروست کراوە و فلیمیان لەسەر دەرهێنراوە و گەورایەتییەکەیان خراوەتە بەر عەدەسەی گەورەکەرەوە، لە حاڵێکدا قارەمانێکی کورد لە ژێر تاریکایی دا شراوەتەوە، چ جایی ئەوەی لەسەری نوسرابێ وەیا پەیکەری بۆ کرابێ. بەلام بەراستی ئەمەیە پێی دەڵێن عوزری لە قەباحەت گەورەتر چونکە یەکێک لە داخوازیە هەرە سەرەتاییەکانی لە رۆشنبیر دەکرێت ئەوەیە خۆی نەکاتە ریکۆردەری شریتی پڕکرایەوە وەیا جامی کامێرای رەسمی بە تایبەتی کە پڕبوونەوەی شریتەکە و نەقش بەستنی وێنەکە رێ لە بابەتی میللەتەکەی خۆی بگرێت. لە ئەدیب و خاوەن فکری کورد داوا دەکرێت نەک هەر هەڵوەستی قارەمانانەی میللەتی کورد و تاکەکانی کورد بخاتە سەر رووپەڕەی مێژووەوە بەڵکو دوای بەجێهێنانی ئەم فەرمانە جارێکی تریش لەسەریەتی هەڵوەستی شەرافەتکارانەیان بکاتەوە هێزپێدەری نووسینەکانی خۆی بە یادکردنەوەیان و پەند لێوەرگرتنیان.} ل ١٧٧ ـ ١٧٨*

مامۆستا، بەوپەڕی هۆشیارییەوە قسەی خۆی لە مەیدانی، بە سووک ڕوانینە کەسایەتی کەلتوورییە خۆماڵییەکان کردووە. ئەمەیشی کتومت بە بێگانەپەرستی نیشان داوە. ئاخر گەر کەسێ وڵاتی خۆی، خاوەنی بەرووبوومی زۆری کشتوکاڵی، وەک: گەنم و جۆ بێ و هەناردەی دەرەوەی بکات، ناچێ لە بازاڕی دەرەوە، بە جۆرێکی دیکە و بە نرخی گران، دانەوێڵە هاوردە بکات و دەرخواردی خەڵکەکەی خۆی بدات. شاعیرییێکی کوردیش، خاوەنی ڕستێک کەڵە شاعیری گەورە بێ، جێی داخە هێڵێکی(X) بەسەر ئەوانەدا بێنێ و بچێ لە فەرهەنگی بێگانەدا، نموونە بهێنێتەوە. مخابن ئەم دیاردەی پەنابردنە بەر فەرهەنگی بێگانە، لە سەردەمانێکدا زۆر باو و مۆدە بوو. زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد، نەیان دەتوانی و ئازایەتی ئەوەیان تێدا هەبێ لەبری ئەدەبی دەرەکی، ستایشێک لە بەرهەمی خۆیی بکەن. ئەمەش بەو مانایە ناگووترێ، شاعیر و ئەدیبی کورد خۆی دوورەپەرێز، لە ئەدەبی بێگانە بگرێ، یاخود خوێندنەوەی ئەدەبی بێگانە تابووە. نەخێر کارێکی لەم چەشنە تەنیا لەو ساتەدا، هەڵە و کەماسی دەنوێنێ، کە بێتوو بڵێ: پایەی هەڵکەوتووانی نەتەوەکانی دیکە گەلێ بەرز و بەنرخە. هاوکات بەچاوی سووک و بێبایەخ، تەماشاکردنی مێژووی خۆی و قارەمان و جوامێرەکانی لە سەرکردە و نووسەر و ئەدیب و هونەرکاران بکات. بە کورتی و کرمانجی هەموو شتی ئەوانی لا پەسەند و پیرۆز بێت و سەرجەم بوونی خۆیشی لا پووچ بێت.

***٦٠ ـ{ ئەوەی ڕاستی بێ تاکێکی هەڵکەوتووی کورد کە بشێ ببێتە نموونە و ڕابەری پەندی مرۆڤایەتی لە نووسیندا، بەتایبەتی ئەو تاکەی کە لە سەدەی نۆزدەم و زووتردا ژیاوە، بەهۆی ئەو ژیانە سادە و سافیلکە و بێ گەردە و ئالودەی چڵکی دنیا نەبووە کە بەسەری بردووە و بە پاکی لێی بۆتەوە گەلێک شیاوتر و لێهاتووتر و پڕشانازیترە لە تاکێکی تری میللەتێکی تر کە لە ژیانی پڕ دەنگ و هەرا و تێکهاویشتنی پورەهەنگی دا چەندین چەندین جار قوڕاوی بووە و لە بەندیخانەی سەرخۆش و بێ پەردانەدا شەوی بە ڕۆژ گەیاندووە وەیا لەسەر بێ پارەیی لە قومارخانان و خانەی گومان لێکراو دەرکراوە... وەیا.. وەیا.. کە هەموو شارەزاییێکی ژیانی دوسێ سەدەی دوایی ئەوروپا دەیزانێت و لە خوێندنەوەی دا ڕووبەرووی بووە. گەلێک لەوانەی ناویان بە ئەدیبی بێ هاوتا و مرۆڤدۆستی قارەمان دەرکردووە بە جۆرێک غەرقی ژیانی بەدمەستی و بێ پەروایی بووە پڕیشکی ئەو زەلکاوانە بە ئەدەب و مرۆڤایەتییەکەشی هەڵپرژیوە.}ل١٨٣***

ئەگەرێک هەیە، هەر ئەم خەمساردی و سڵەمینەوەیە وای کردبێت، زۆرێک لە مێژوو و فەرهەنگی کوردی، تیشکی ڕووناک کەرەوە نەبینن. لەناو میللەتێکی بێدەسەڵات و داگیرکراوی وەک کورد دا، تاکە دیارەکانی، لە زەمینەی ژان و ئازار و سەختییەکی زۆردا هەڵکەوتوون. شەپۆلێکی زۆری قورسی ژیانیان بڕیوە و بە قۆناخی دژواردا تێپەڕیون، هەتا گەیشتوون بە ترۆپک. هەڵکەوتووانی کورد، هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی بەردەمیان بە ماندووبوونێکی زۆرەوە تێپەڕاندووە. ئاخر هەندێ لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی و هەژموونی دەسەڵاتدارە بێگانەکە، کەموزۆر لە دژی بووە.. بوونە پاڵەوان، لەنێو میللەتێکی تاساوی دواکەوتوودا، گەلێ جیاوازە لەوەی لە باوەشی میللەتێکی پێگەشتوو و خوداپێداوی هۆشیار و ئازاددا دروست بێت، چونکە خاوەن دەوڵەتەکە، هەر نەبێ بەسەدان دامودەزگا و بڕیار هەن پشتیوانی لێ بکەن و ڕێی بۆ تەخت دەکەن و هانی بدەن. بۆ نموونە، تاکێکی بەهرەمەندی کورد، هەتا ئێستاش لەلایەن دەوڵەتە داگیرگەرەکانەوە، ئاستەنگی بۆ دێتە پێشەوە و دەکەوێتە دووڕیانی ئەوەی، بێتە لایەنگر و سیخوڕی دەسەڵاتی داگیرکەر، لە خزمەتی ئەواندا کار بکات، یان هەموو دەرگا و پەنجەرەکان بە روویدا دادەخرێن. ژیانی ئەمانە تژی بووە لە مەترسی و گوزەرانیان قورس و گران بووە و هەمیشەش ئامانجی دوژمن بوون. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە لەباشووردا داوای لێ دەکرا ببێتە بەعسی، کە پارتی دەسەڵاتداری عارەبییە. لە باکووردا گەرەکە، واز لە کوردبوونی خۆی بهێنێ...هتد. هەرچەند بەردەوام قسە لەسەر ئەو دەستە هەڵکەوتووانەی کورد، لە شاعیر و زانایان بکەین، بە کۆتایی ناگەین. هەربۆیە شانازیکردن پێوەیان، ئەرکێکی سروشتی و پێویستی ژیانە. چونکە گەر خاوەنی ئەمانە و چەندین بنەما و سیمبۆڵی دیکە نەبین، دەچینە خانەی قەرەجئاساو بێ فەرهەنگ و ناسنامە دەمێنینەوە،ئەمەش گەورەترین سزای ژیانە.

***٦١ - { ئەو بیرە تەنکانەی بەڕاشکاوی و لەژێر سێبەری فکری حازر بەدەستدا گیروگرفتی کۆمەڵایەتی کورد وەها تەنک و باریک دەکەنەوە کە لە ژێر تاکە ترۆگی (دەرەبەگایەتی)دا وەک نان پان دەبێتەوە و بخرێتە سەر ساجی مێژوو تاکو بە برژاوی لەسەر خوانی رۆشنبیری کوردی دا دابنرێت و نەوباوی کورد پێی تێروتەسەڵ بێت، بەڵێ ئەو بیروڕایە تەنکانە نەدەزانن کورد چییە.. نەدەزانن***

***گیروگرفت چییه... نەدەزانن مێژوو چییە.. نەدەزانن دەرەبەگ چییە.. نەدەزانن چەوساندنەوە چییە... نەدەزانن ئابووری چییە... نەدەزانن حاجی قادر چییە... نەدەزانن هیچ شتیک چییە.. نە لەم قسانە دەگەن..}.ل ١٨٧ ـ ١٨٨***

بێ ماندووبوون و پشوو سواریی، مامۆستا مەسعوود جارێکی دیکەش، جەخت لە بایەخ و گرنگی لێنوارِین، لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کوردستان، بەچاوی واقیعییانەوە دەکاتەوە. تۆ سەرنج بدە، هەر تیۆرییەکی دەرەکی بهێنرێ و بە زۆر بە باڵای کوردستانیدا بگیرێ، بێ سێو و دوو پووچەڵ دەردەچێ و کورت دێنێ. ئاخر کوردستان و ئینگلستان، مەودایەکی دووری جوگرافی و تەمەنێکی دوورودرێژی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ژینگەیەکی دیکەی سیاسی و ئابووری و کەشوهەوایەکی دیکەی کولتووریی و فێرکارییان هەیە تەواو جیاوازن. با مارکس لە دارِشتنی فەلسەفەکەشیدا، هەزار پیتۆڵی نواندبێ، کە بێگومان تۆماریشی کردووە، لێ کوردی فرِیدراوی دەرەوەی مێژوو، لەدوای خاڵ و وێرگوولی بۆچوونەکانی تیۆرییەکەیەوە نابینرێتەوە و یەک تاکە برِگەی ئەو تیۆرییە نایگرێتەوە. ئەو تەشتە قورِەی کوردی لێ دروست بووە، جیاوازە لەو توخمانەی ئەڵمانییەکی خولقاندووە. د. عرفان دەڵێ:

"لێکدانەوەی بوونی کورد لەناو مێژوودا بە پێی ئەو لۆژیکەی کە مۆدێرنیزم بۆ لێکدانەوەی بوونەوەرەکانی ناو جیهانە مۆدێرنەکە هەیەتی، نامان گەیێنێ بە هیچ، چونکە کورد لەناو ئەو چوار دەوڵەتە مۆدێرنەی کە بەسەریدا دابەشکراوە بە پێی یاساکانی ئەو یارییەی کە دۆرِاوەکان دەکات بە کۆلە و براوەکان دەکاتە سەردار یاریی نەکردووە".(١٨،ل١٢)

***٦٢ ـ {کوردی قورِبەسەر وەها لەژێر پێلەقەی مێژوودا کەنەفت و لێکەوتە بووە حیسابی دەرد و دەرمانیشی لێ تێک چووە}.ل ١٩٠***

زەرِەبینی مێژوو، کورد ناخوێنێتەوە. کورد فلیقاوەی ژێر پێچکەی رەورەوەی کارەساتە دڵتەزێن و ناجوامێرەکانی روویان داوە. نەتەوەیەکی تاق و تەنیا، کە مانەوەی هەتا ئیمرۆ بۆتە مەتەڵێکی سەیر و سەمەرەی رۆژگار و مێژوو، لە چەندین لاوە، فرە دوژمنی بەهێزی دەسەڵاتداری زاڵمی زۆردار، دەمیان ژەنیوەتە

گیـان و رۆحـی. هەر چوارسـەد سـاڵ دەبێـت، ئەمریکـا دۆزراوەتەوە، دانیشـتوانە ڕەسـەنەکەی، هینـدە سـوورەکان، لەو تەمەنە کـورتەی داگیرکاریـدا، خەریـکە بەرەو نەمان دەچێت.

هێگل دەڵێ: " گەل بەبێ بـوونی دەوڵەتێکی ڕێکخەر، بـریتییە لەو جەمـاوەرەی شـێوە و سـیمای نیـیە و نـاتوانێ گوزارشـت لە ئیـرادەی راسـتەقینەی خـۆی بکات".(١٦،ل ٣٥). هاوار بە ماڵم بۆ بیست و پێنج سەدەی ژیانی ناو دۆخی ژێر چەپۆکی و دابەشکراوی نەتەوەی کورد!.

***٦٣ ـ { نیـوە خوێنـدەوارێکی سەرلێشـێواوی کـوردی ئەمـڕۆکەش زۆر بە سافیلکەیی لە پشت چاویلکەی گەشبینەوە سەیری واقیعی کورد دەکات و وەها خۆی لێ بەسەهو دەبات هۆی بنجی هەرەزۆری دەردەکانی کورد لە بیر خۆی دەباتەوە تاکو بتوانێ بە پێی مەیلە ریزپەڕەکەی خۆی تاکە دەردی (دەرەبەگایەتی) لە پارزۆنگی فەلسەفەکەی دا بکاتە خڵتەی کۆمەڵایەتی کورد و وەک دۆن کیشۆت تێی بەر بێت.. لە ئاکامیشدا نەهیچ دەرد دەرمان کراوە و نە کوردیش بستێک بەلای سەلامەتییەوە چووە. رۆشنبیری کورد دەتوانێ ئاورێک لەو میللەتانە بداتەوە کە بەرداشی مێژوو هاڕینی و کردنی بە ئاردی ناو دڕک: کورد میللەتێکی نامزەد بووە بۆ هاڕدران و نەمان، هەموو ئەو کارەساتانەشی بەسەردا تێپەڕیوە کە میللەتی تری لەناو بردووە، تەنانەت بۆشی رێک نەکەوت رۆژەک لە رۆژان هەلی دەسـەڵاتداری بگـرێتە دەسـتییەوە وەک کە ئەو مـیللەتە لەنـاوچوانەی کە بەر لەوەی لەنـاو بچـن دەسەڵاتدار بوون}.ل ١٩٠ ـ ١٩١***

ڕوانین لە مێژووی کورد، بە بێ ئاگایی و نەزانانە و لە پشتی پەردەی ڕەشـەوە، هەر دەبێـتە مـایەی بەهەڵەدا چـوون و سـەر لێشـێواوی. پێشـم وایە هەر لەبەر ئەم هۆکـارەیە، گەلێـک کەسـان، لەم ڕووەوە تووشـی هەڵەی زەق بـوون، بەوەی هەوڵ دەدەن و دەیانەوێ هەموو کوێرەوەرییەکانی نەتەوە و نیشتمانی کوردان، بگێڕنەوە بۆ کێشـەی چەند ئاغـا و دەرەبەگێکی بـووی لە جێی نەبـووان!. دروسـتکردنی ئەم دوژمـنە خەیـاڵییە، لە ڕاسـتی و گەوهەردا، دوای تـراویلکە کەوتـنە. ئەگەر دۆخـی نەزانـی و دواکەوتـوویی لەم هاوکێشـەیە دەرهـاوێژین، دەکـارین بێژین: هەڵبەسـتنی ئەم حیکـایەتە ئایـدۆلۆژی و فەلسـەفەییە بـۆ ئەوەیە، دوژمـنە سـەرەکییەکە لە بیـر

بکەین. ئەم بەرە بەناو شۆڕشگێڕە!، کە لەزۆر قۆناخدا دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتە داگیرکەرەکانیش لەگەڵیاندا هاوئاهەنگ بووە، وەک ژەهرە ماسییان خوارد بێت، خۆیان بەم خەیاڵە یۆتۆبیاییەوە گێژ و مەست کردووە و ئەرک و فەرمانێکی لاوەکی لاوازی بێ ڕەگ و ڕیشەیان خستۆتە، شوێنی ستراتیژی هزر و خەباتیان. دەرئەنجام بوون بە کوردەی لە هەموو جەژنەکان بوو. نەتەوەی کورد، بە هەر نرخێک بێت بەو واقیعە تاڵ و ناسروشتییەی بە سەریدا سەپێندراوە، رازی نەبووە و بەربەرەکانی و بەرخۆدانی کردووە و بە درێژایی مێژووی داگیرکاریی قوربانی داوە. دەنا گەر بێت و پێچەوانەی ئەمەی ئەنجام بدات، وا کوردیش دەمێک بوو، وەک ئارامی و فینیقی و زۆرانی دیکە، ناوی چووبووە لاپەڕەی لە بیرکراوەکانی مێژووەوە.

***٦٤ ـ { ئەم دەسەڵات بەسەرخۆدا ڕانەشکانەی کورد بەدرێژایی مێژوو هەموو بارێکی کۆمەڵایەتی و دەرد و دەرمان و چاکە و خراپەی کوردی سەرەوبن کردووە لە چاو باری میللەتێکی تردا کە دەسەڵاتی بەسەر خۆی دا ڕاشکاوە. مرۆڤی عەبد چەند بێچارەیە لەچاو مرۆڤی ئازاددا، میللەتی خاوەنی چارەنووس نەبویش وەهایە لەچاو میللەتێکی تردا کە بە مافە هەرە گەورەکەی نەتەوایەتی خۆی گەیشتووە، من و تۆش کە نەمانەوێ ئەم ڕاستییە بنجییە ژیوەرییە بهێنینە ناو حیسابی شیکردنەوەی مێژوویی و دۆزینەوەی دەرد و دەرمانی میللەتەکەمانەوە پێوەندیمان بە کوردەوە نامێنێت و دەبینە سوارچاکی مەیدانێکی غەیری کوردایەتی و قەومایەتی و چارەنووسی نەتەوایەتی، کە لەوێ دا بوون و نەبوون و بەسەرچوونی کورد و ڕەش بوونەوەی لە ڕووپەڕی جیهان بایەخی پێنادرێت چونکە بابەتی بایەخپێدان فکرەیێکی ترە غەیری قەومایەتی وەک ئەوەی من خولیای خۆم باوێمە سەر مەوزوعی نەهێشتنی بەندیخانان لە هەموو دنیادا، واش بزانم نەهێشتنی بەندیخانە مرۆڤ دەحەسێنێتەوە، ئیتر گوێ نەدەمە فەقیری و دەوڵەمەندی و مافی نەتەوایەتی و چینایەتی و شەڕ و ئاشتی و هیچ شتێک}.ل ١٩٢***

کە دەسەڵاتت نەبوو، بێ دەوڵەت بوویت، سوپایەکی ڕێک و پێکیشت بە دامودەزگای تێر و تەسەلیشەوە نابێت. ئەم ڕاستییە هیچ گومانێک هەڵناگرێ. هەر بەو پێودانگە، ئەوساکە وڵاتت دەبێتە پاوان و پێخوستی داگیرکەر و خۆشت دیلی

نێو نیشتمانی خۆت. پاشان ئاغایەکی دڕندەی دوژمن، دەبێت بە حاکم بەسەرتەوە. تەرمی ڕۆڵە شەهیدەکانت ناداتەوە، نەبا ئیسک و پروسکیان ببێتە خۆڵەمێش و تێکەڵ بە خاک و هەوای کوردستان بێتەوە و جارێکی دیکە منداڵێک لە کوردستان لە دایک بێت، بەرووی ئەواندا هەڵشاخێ و بە گووتەی داگیرکەران، یاخی بێت و بچێتە شاخ و ڕێگری لە پلان و نەخشەکانیان بکات. ئێمە دەزانین داگیرکەر نینۆکەکانیش دەردێنێ، هەر بۆ ئەوەی، نەتوانی سەری خۆشت بخورێنی. کەسێکی کوێلە چەند لەبەردەم خاوەنەکەیدا دەسەلاتی هەیە، کوردیش لەبەردەم دوژمنانیدا، هەر هێندەی هەبووە و هەیە.

د. ڕەشاد میران دەڵێ: " پرۆسەی ئێتنیکیی کورد وەکو دەردەکەوێ بە شێوەیەکی زۆر ئالۆز بەڕێوە چووە و هۆکاری جۆرا و جۆر کاریان تیا کردووە، بەڕادەیەک کە ئیرادەی پێکەوە ژیانی کوردیان تا ئەوپەڕی، کزکردووە، ئەوەش شان بە شانی دابەشبوونی سیاسیی و ئێتنۆسی کورد، بەسەر چەند دەوڵەتێکدا مەترسی هەرە گەورەیە، لەبەردەم بەئەنجام گەشتنی پرۆسەی ئێتنیکیدا، کە ئەویش دروستبوونی نەتەوەیە.. واتە ئاستی هەرە بەرزی ئێتنۆس".(٤،ل٩٦).

***٦٥ ـ { شادەماری یەکەم ئەوەیە ئەگەر کوردی چارەڕەش ئەو بێماڵ و حاڵ و هەژار و چەوسایەوەی هەزاران ساڵ نەبوایە ئەوەندەی بەبەریەوە دەبوو ڕێزلەخۆ گرتووێکی وەک حاجی قادر ژیانێکی وەهای تێدا بەسەر ببات کە لە خۆی بە عەیب نەزانێ.. شادەماری دووەم ئەوەیە ئەگەر کورد یەکەم میللەتی لێقەوماوی جیهان نەبویایە نەدەشیا سەرلەبەری کوردستان لە حاجی وەتەنگ بێت وەک کۆیەی لێوەتەنگ هات. ئەدیبێکی فارس لە شیراز تۆرابێت لە ئیسفەهان بەخێر هێنراوە، موتەنەببی لە حەڵەب و سەیفوددەولە تۆرا چووە لای کافوری ئیخشیدی لە میسر کە هەردوکیان وڵاتی عەرەبن...کە ورد بیتەوە لەو یەک چونییەی هەموو کوردستان بۆ حاجی قادر لە نوقتەی نەزەری مومکین نەبونی ڕێدا ژیانەوە، جارێک و دوجاری تریش لایەنی چارەرەشی مێژوویی و میراتی کوردت بۆ رون دەبێتەوە لەو روەوە کە ئەگەر مێژوو فرزەی کوردی نەبڕی بوایە و کەنەفتی نەکردبایە دەشیا لەو کوردستانە پان و بەرینەدا کونجێک هەبێت پیاوی ئابڕوداری وەکو حاچی قادر بحەوێنێتەوە و ئابڕوشی بپارێزێت. خۆ ئەوەی راستی بێ ئەو دەردە بێ دەرمانە چارە رەشییەی مێژوویی و ئەزەلی کورد وای کردبوو زمان و ئەدەبی حاجی قادر***

***لە بەشی هەرەزۆری کوردستاندا نائاشنا بێت و کڕیاری نەبێت. نەبوونی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووی ئاشنا لەبەر گوێی هەموو کورد دا خۆی لە خۆی دا بەرهەمێکی راستەوخۆی ئەو دەردە بی دەرمانەیە کە چ پێوەندییەکی بە دەرەبەگ و شێخ و سۆفی و مەلاوە نییە، تاکە تاوانباری ئەم دەردەی کورد بڕیاری مێژووە} .ل ١٩٢ ـ ١٩٣***

مەسعوود محەمەد، دیسان بە پشت بەستن بەو پاشخانە هزرییەی، کە دید و ڕوانگەی خۆی لەسەر هەڵچنیوە، جەخت لەسەر وڵاتی پارچە پارچە بوو و نەبوونی دەسەڵات لای نەتەوەی کورد دەکاتەوە. گەلێکی بێ پەناگە و داڵدە هەر ئەو چارەنووسە خەمناکەی دەبێت. مامۆستا داکۆکی لە هەقیقەتێک دەکات، کە بۆتە دەرد و گرێی دەروونی ڕۆشنبیران، دێن و بە خووتی خۆڕایی هێرش دەکەنە سەر شێخ و مەلا و دەرەبەگ، بێئەوەی چ فاکت و ئارگۆمێنتێکی دروستیان لەمەڕ ئەمانەوە هەبێت. ئەم دۆخە بە هەڵە و شاشی دەزانێ، کە رۆشنبیرانی تێکەوتووە. چونکە ئەمانە بەو ئەندازەیە دەخلێکیان بەسەر ئەو چارەنووسە رەش و تاڵ و تژی لە میحنەتەی ئێستای کوردەوە نییە. چەند کەس لەو ناوانەی سەرێ ناپاکیشیان کرد بێت، وا بە هەزاران لەوانە لە پێناوی مەسەلە گەورە و پیرۆزەکەدا قوربانییان داوە و ژیانی خۆیان بەخت کردووە. کورد لە بارێکدا نییە، شەڕی یەکدی بێتە ستراتیژی و تاکتیکیشی بەناو شەڕی داگیرکەران و دوژمنەکانی بێت. ئاخر هەموو کورد، مەحکومە بە لەسێدارەدان و ژینۆساید. کورد مێژوو لە شوێنێکدا غەدری لێکردووە، کەچی لە شوێنێکی دیکەوە بەدەستی خەڵکی دیکە، لە ناوەندێکی ترەوە، دەستبەکار بووە. پێویستە ئەم بارە ڕاست بکرێتەوە و تا چیدی لە هیچڕا پەلاماری کوێرانە ڕابووردوو نەدەن و نەبنە گۆڕهەڵکەنەی سەر گۆڕستانی مێژوو.

***٦٦ ـ { شتێکی یەکجار بەرچاو لە وڵاتی بەرتەسکی عەزاب دیتووی چاو لە بێگانەی لاساکەرەوەی وەک کوردستان ئەوەیە خێرا لەسەر بیروڕای (مۆدێل) کورک دەبێت و دەشێکات بە جووجەڵە. هەرگیز چاوەڕوان ناکرێت لە وڵاتی بچووکی کەم سامانی دواکەوتووی دابڕاو ببێتە رابەری فکر و مامۆستای فەلسەفە و رێنمای بۆچوون و شیکردنەوە، نەک هەر لەو پرسیارانەدا کە شێوەی (جیهانی)یان وەرگرتووە بەڵکو لە هەموو ئەو لایەنە و دیاردە کۆمەڵایەتیانەشدا کە***

تایبەتی وڵاتەکەیە و بەشێکی مێژوو و حازریشیەتی. بەداخەوە دواکەوتوویی چەند هەزار ساڵ وای لە کورد کردووە نەوێرێ لە خۆوە بڕیار بدات قاوە خۆشترە یا چایە نەوەک ئەم بڕیارە لەگەڵ میزاجی لایەنێکی رابەر و باوەڕپێکراودا نەگونجێت. بە جورێکی ئاسایی و عەفەوی خوێنەری کورد گوێ رادەگرێ بۆ بیروڕای رۆشنبیران و خاوەن رایانی وڵاتە پێشکەوتووان، بەتایبەتی وڵاتی شۆڕشگێڕ، تا بزانێ ئەوان لە بارەی پرسیارەکانی سەر بە گیروگرفتی کۆمەڵایەتییەوە چ دوڕێک دەقەڵشین و کام بڕیار بەسەر رەگ و ریشاڵ و قەد و لک و پەلک و بەر و هیشکەڵەکانیاندا دەدەن بەڵکو بتوانێ لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارانەدا هەنگاوی مەوزون هەڵێنێت.

ئەم پەیڕەوی کردنەی خوێنەرێکی کورد بۆ بیروڕای خاوەن ڕایەکانی وڵاتی پێشکەوتوو لەسەرەتاوە فەتوای راستبوونی دەرچووە بەوەدا کە گوتراوە و سەلمێنراوە کۆمەڵان هەموویان وەک یەکترن لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی مێژوویی و گیروگرفتی ئابووری و هێزە بەرەوپێشەکان و هێزە بەرەوپاشەکان و دەرد و دەرمان و... هتادەوە کە ئیتر پێویست بەوە نامێنێ هەرجارە لە تۆژینەوە و چارەسەرکردنی یەکێک لە دەردەکانی کۆمەڵایەتی کورد خەریک بێت تەزکەرەێیکی (کوردی) بۆ ئەو دەردە دەربهێنێت تاکو لە ئەجزاخانەییێکی (کوردی) دەرمانی بۆ بکرێت. خۆ ئەوەی راستی بێ ئەگەر دەردی کۆمەڵایەتی کورد لە سەدی سەد (کوردی( بێت و چ نموونەی وەک خۆی لە نێوان هیچ میللەتێکی تردا پەیداش نەبێ، نە دەرمان و نە پزیشک و نە ئەجزاخانە و نە رەچێتە و نە هیچ جۆرە چارەسەرکردنێکی (کوردی) پەیدا نییە تاکو خوێنەری کورد وەیا نووسەری کورد هانای بباتە بەر و ترياقی لێهەڵێنجێت. خوێنەر و نوسەری کورد کە لە تەقلیدکردنی غەیردا ئەم لایەنە زۆر بەهێزەی نەبوونی دەرمانی (کوردی) شەفاعەتیان بۆ دەکات گەلێک کەمتر جێگەی گلەیین لەچاو خوێنەر و نوسەری ئەو میللەتانەی دەسەڵاتی چارەسەرکردنی خۆوڵاتیشیان هەیە و هەر سوریشن لەسەر تەقلیدکردنی غەیری خۆیان. ئەگەر خەسارەتمەندبوونی کورد و خوێنەری کورد لە تەقلیدکردندا هەر ئەوە بێ کە ئەرکێکی بێسوود لەو تەقلیدەدا بەخەرج دەدەن، خەسارەتمەندبوونی میللەتێکی تری خاوەن دەسەڵاتی خۆی لە تەقلیدکردندا دوو هێندەی هی کورد دەبێت چونکە هەم ئەرکی بێسوود دەگرێتە ئەستۆیەوە هەم دەرمانی راستەقینەشی لێ حەرام دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ حیسابی هەژاری کورد بکەین کە هەموو

***جۆرە خەسارەتێکی لێ گران دێت تا ئەو رادەیەی کە تەقلیدکردنی هەڵە لێی دەبێتە دەردی کوسندە، واتە بەر لەوەی بێ دەرمانی کاری زەهراوی خۆی بکات، بەهەڵەچوون لە چەند و چۆنی دەردەکە فرزەی دەبڕێت }.ل ٢٤٣ ـ ٢٤٤***

ئازاد مستەفا دەڵێ: " پێویستە لە ئاست ئەو دیاردانەی مێژووکردن و رەگیان بە قووڵایی مێژووەو دەروونی کۆمەڵگادا رۆچووە، پشوودرێژ و کارزان بین".(١٥،ل ١٧٢).

لە بێئاگایی و نەشارەزاییەوە، پەنا دەبرێت، بۆ دەقی کتێبە ئەستوورەکان بۆ هێنانی تیشکی فەلسەفە رەنگاو و ڕەنگەکان. ئەم سەرچاوانە بۆ واقیع و چڤاتێکی دیکە نووسراون. بنەما و خەسڵەتی دیکەیان هەڵگرتووە، یاخود پێوە نووساوە. باس لە ئازار و دەردێکی دیکە دەکەن و نەخۆشییەکەی کورد تەواو جودایە، یاخود هەر زۆر جودایە، لە کێشەکانی ئەوان. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو دەقانە دروست بەدەرد ناخۆن. ئاخر کە خۆت نەبیت و هیچ لەسەر خودی خۆت نەزانی و هیچ بونیاد نەنێی، وا هەموو ئەو دەستووراتەی دەرەوەی کۆمەڵگای کوردەواری، کاریگەرێتی مێشوولەیەکیان نابێ و بستە زەمێنێ ناخولقێنێ تێیدا شین بن. چونکە هەر واقیع و چڤاتێک، بە پرۆسەی گەشەسەندنی تایبەتی خۆیدا تێپەڕیوە و تێدەپەڕێ و دەرئەنجامی ئەم بارودۆخ و دیاردەیەش لە هەناوی خۆیدا کۆمەڵێ خەسڵەت و بنەمای دەخولقێنێ و زەق دەکاتەوە. چڤاتی کوردیش لە هی یابان، پۆڵەندی لە سویدی جیاوازە، سیماکانی جیاوازیش درشت و بەرهەستن و پێویست بە درێژەدان لەسەریان نییە. بێگومان سوود وەرگرتن لە ئەزموونە جیهانییەکان، جگە لەوەی پێویستییەکی گرنگە، لێ نابێ بچێتە قاڵبی لاسیکردنەوە و کۆپی کردنی کتومتەوە. بە زۆر جوتیار بکەیتە کرێکار و مامۆستا بکەیتە سەپان. هەروەک چۆن ناکرێ ئەزموونی ئەڵمانی بەسەر کورددا و هی ڕووسی بەسەر ئەمریکادا دووبارە بکرێتەوە. چونکە جگە لە شکست و پووچەڵ بوونەوە، چ ئاکامێکی دیکە نادات بە دەستەوە. واقیعی ئێستای کوردستان،بە شکستخواردنی گەلێ ئایدۆلۆژیا و ئاینزاوە، بەڵگەنامەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییە مێژوویانەیە.

***٦٧ ـ { مـن دەمەوێ بڵـێم واقیعـی کـورد ئەوە نەبـووە،وەک لە نووسـیناندا دەیخـوێنینەوە،خەتێکی ئاشـکرا کێشـرابێت لە نێـوان بەرەی چڵکـن و خـوێنمژ و دەرەبەگ و نێوان بەرەی خاوێن و خوێن،ژراوی فەلاح و شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیران}. ل ٢٤٨***

واقیعی کورد، کۆی بەرهەمهاتووی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانێتی بە هەموو دەنـگ و ڕەنگەکـانییەوە. لە هەر پـلە و خـانەیەکی کۆمەڵایەتیـدا بـوو بێـتن پێشـتر ئاماژەیان لەسەر ئەم دیاردەیە داوە. سەرجەم سـەرکردەکانی کورد بە شێخ و مەلا و ڕۆشـــنبیرانی ســـەنگەری کـــوردایەتی جوتیـــار و زەحمەتکـــێش و خـــوێنەوار و نەخوێندەوار و ژن و پیاو و لاو و پیرییەوە. کەموزۆر خۆیان لە خانە و سەنگەری کوردایەتیـدا دیـوەتەوە. هۆکەشـی ئەوەیە لە لایەک داگیـرکەر شـەڕی هەموویـانی کـردووە، لە لایەکـی دیـکەوە هەسـت و بـاوەڕی ئـازادی و ڕزگـاری ناچـاری ئەو هەڵبژاردەیەی وەک چارەنووس کردوون. دیارە نابێ ئەوە نادیدە بگرین، کۆمەڵگای کـوردیش بەو حـاڵەتەی تێیـدا گەمـارۆ دراوە، بە ڕێژەیەکـی سـەیر لە خـۆفرۆش و ناپـاک، بێـبەری نیـیە. ئەمەش دەرهاویشـتەیەکی لەبەر چـاو گیـراوی پرۆسـەی داگیرکراوییە.

***٦٨ـ { ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی دەستدرێژ دەکەن، بێ لزوم، دەرەبەگایەتی هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆکە بجنکێنن بۆ دڵدانەوەی فەلاحی هەژاری بێ چارەی شارەزوور و بیتوێن، زۆر ژیرانە و مامۆستایانە دێن لەسەر کاغەز هەموو رابردوو دەدەنەوە بەو گەلە، واتە دوو سێیەکی ڕۆژگار لە گەل مارە دەکەن، دەمێنێتەوە ئەو سێیەکەی پێی دەڵێن (ئێستا) لەوێ دا خۆیان دەکەنە وەکیلی گەل ئیتر بە نـاوی ئەوەوە و لە جیاتی ئەو سوارەی حازرەکە دەبن، دیارە پێ بە پێی تێپەڕینی کات دوارۆژەکەش کە لەسەر کاغەز مارەبڕی گەل کرابوو دێیتەوە حـازر و دەچیتەوە بەر حیسـابی وەکـالەتەکە، بەتەواوی وەک مەسـەلەی کـابرای دوکانـدار کە بە خەتـی گەورە لە سەرووی دوکانەکەی نوسیبووی (ئەمڕۆ بە حـازر سبەی بە قەرز) ئیتـر هەتـا ڕۆژ بەداویەکتردا دەهاتن قەرزەکە هەر دەوتەوە سبەینێ}.ل ٢٥٢ *٣٢٦***

بێشکچی دەڵێ: "شۆڕشگێڕانی کورد بیروڕایەکی هەڵەیان هەیە، ئەوانە کە باسی نەتەوەپەرستی و هەستی نەتەوایەتی دەکەن و وا دەزانن، ئەوە مولکی دەرەبەگ و خێڵ و شێخان و ئاغایان و خاوەن زەوییەکانە. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە نەتەوەپەرستی گەلێکی دووچاری چەوساندنەوە بوو، دژی بەرژەوەندیی چینە زەحمەتکێشەکان نییە، بەڵکو تەواو هاوجووتن. لەبەرئەوەی دەرەبەگ لە کوردستاندا نەبووە بە چینێکی بەرهەست و خاوەن پێناسی خۆی، بۆیە وەکو چینێک لەو ئاستەدا نییە داوای نەتەوەپەرستی نەکات. پێویستە شۆڕشگێڕان و دیموکراتەکان هەست و خاسییەتی نەتەوایەتی پەرە پێبدەن و داکۆکی لێ بکەن. (...) تا دەگەینە ئەو شوێنەی دەڵێ: کورد دەبێ تێگەیشتن و دەرک پێکردنی تایبەت و سەربەخۆی خۆی هەبێت. کورد پێویستی بە هەستی نەتەوایەتی هەیە نەک بیر و هەڵوێستی مارکسی لینینی". (١- ٤٦- ٥٠) .

ئاخر گوناهی چارەنووسی مێژووی نەتەوەیەک، نادرێتەوە بە کۆمەڵێ خەڵک، بەناوی دەرەبەگ، کە بەو شێوەیەی پێناسەکراوە، نەبووە. نابێت شەڕی هزر و فەلسەفە و ئایدۆلۆژی نێو تیۆریی و دەقە رازاوەکان و میحنەتی نەتەوەیەکی ستەم لێکراوی نائامادە لە مێژوودا، تێکەڵ بکرێ. پێکەوە گرێدان و تەماشا کردنی ئەو دوو دیاردەیە، لە واقیع دوور کەوتنەوە و خۆکوژییە.

***٦٩ - { من لە نوسینمدا هەر ئەوەندە جورئەتەم کردووە بڵێم ناشێ بۆ مرۆڤی کورد هیچ بیروڕا و بەرژەوەندێک پێش بیروڕای قەومایەتی بخاتەوە وەیا سودی چینێک بکاتە یەکەم ئامانج لە خەباتدا، هەرگیزاو هەرگیزیش نەمگوتووە نابێ مرۆڤی کورد رێبازی بزوتنەوەی کۆمیونیزم بگرێتە بەر وەیا باوەڕ نەهێنێ بە راست بوونی بنگە فکرییەکانی: من پێم لەسەر دوو مەرج داگرتووە، یەکەم مەرج ئەوەیە مافی نەتەوایەتی پێش مافی چینایەتی بخرێتەوە، مەرجی دووەم ئەوەیە بیروباوەڕ نەکرێتە ئایین و وەک (دۆگما) بخرێتە مێشکانەوە}.ل ٣٣٠***

پێموایە تەنیا ئەم بۆچوونە کورتە، لە دوو توێ ئەم دوو دێڕەدا، بەس بێت، بۆ بەیانکردنی سەراپای هزر و ئامانجی، بیروباوەڕی کوردانەی مامۆستا مەسعوود. هاوکات ئەو خاکەڕایی و بە دەربڕینی ئێستا دیموکراسی و کراوەییەی جیهانبینی ئەم بیریارە. بەرزکردنەوەی ئاڵای بەرژەوەندی نەتەوەیی و شەکاندنەوەی بەسەر

تەواوی بەرژەوەندییەکانی تردا. بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری هەستی بەرزی گەرم و جۆش خواردووی کوردانە و باوەڕی بەهێزی کوردایەتییە. دەست نیشان کردنی ئەو دوو مەرجەش، بۆ خەڵکانی دەرەوەی هەست و باوەڕی کوردایەتی، نیشاندانی روویەکی دیکەی گەش و ئەوپەڕی لێبووردەیی و کرانەوە و پەسەندکردنی ئەوانی دیکەیە. رەنگە گەوهەری ئەم بۆچوونە بەرزە، هاوسات باشترین بەڵگەی پووچەڵکردنەوەی سەرجەم ئەو تۆمەت و چیرۆکە هەڵبەستراوانە بێت،کە بۆ خودی مامۆستا و بیری کوردایەتی، لەبەرانبەر بیرێکی وەک کۆمەنیزمدا هەڵبەستراون.

***٧٠ ـ{ میللەتی کورد هەرگیز وەکو میللەتانی تری خاوەن (فیودال) نەبووە دەستی بە سەر چاکە و خراپەی خۆی رابگات: بە درێژایی هەزاران ساڵ کەرت کەرت و سەرکوتکراو و داهێزراو و کەنەفت و هەژار و دەربەدەر و دیل و بەندەی بێگانە بووە و نەکەوتۆتە سەر ئەو راڕەوەی فراژیبوون و بەرەوپێش چونە مێژووییەی کە لە کۆمەڵایەتی دا بگات بە پلەی (فیۆدالیزم). بە نیسبەت کوردەوە پلەی )دەرەبەگایەتی) بە واتای راستەقینەیەوە قۆناغێک بووە وەک (سەراب) کە پێگەییشتنی مومکین نییە. میللەتێک کە کیانی نەبێ لەگەڵ رێبازی میللەتانی خاوەن کیان: هەر وەک کورد نەیتوانیوە باڵیۆزی هەبێ هەروەهاش لە شێوەی بەدیهیەدا نەیتوانیوە (فیۆدال)ی هەبێ.***

***فیۆدال وەک چڵکی لەش نییە بە دوو هەفتە خۆنەشوشتن لە خۆوە پەیدا بێت بەڵکو دەسەڵات و رێکخستن و هونەر و زانست و ئەتیکێت و ژیار و کۆشک و قەلا و تالار و دەیان و سەدان (ئەرک و ماف)ی خۆش و سەختە کە مومکین نییە لە باوەشی مەفتەنە وێرانەکەی کورددا پەروەردە بکرێت هەر وەک مومکین نەبووە بۆرجوازیەتی لە نێوان کورددا پەیدا بێت: ئەو بۆرجوازیەتەی کە گەنجە کوردەکان جنێوی پێ دەدەن ئەویش هەر ئەو (سەلکە کافر)ەیە بە رەجمکردنی تامەزرۆی شەیتان بە لەعنەتکردن دەشکێت چونکە جارێ ئەو سەرمایەی کە فکری سۆشیالیست کردبووی بە موژدەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دەرچوون لە رەژێمی (فیۆدال) لە ناو کورددا پەیدا نەبوو بوو تا خۆش بویستری وەیا رقی لێهەڵبگیرێ، تۆ لەوە بگەڕێ کەوا جارێ نە (چین)ی پێکهێنابوو نە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسیشی هەبوو لە کوردستانی لێرە بە پێشەوە و ئەم سەردەمەشدا.***

ئەو کوردەی خۆمان لیی شارەزاین، وەک میللەتێکی بێ کیان تێکرای تاکەکان و بەرە و تاقمەکان و چینەکان و چینەکانی لە چاو هی میللەتێکی تردا وەک منداڵێک دەبێ کە ماوەیێکی درێژ پێش کاتی خۆی لە دایک ببێت، هەموو ئەندامەکانی ناتەواو دەبن، دواتریش ددانی دێت و لە شیر دەکرێتەوە ..و .. دەچێتە قوتابخانە و... هتاد، خۆ ئەگەر بڵێین حاڵی کورد وەک حاڵی منداڵی ٥ ـ ٦ مانگییە لە زگی دایکی دا قسەیێکی راست و دروستمان کردووە لە ئیعترازان هەڵ نەگرێت. کورد، بە تیکڕایی و بە جۆری سەربەخۆ، جارێ نەکەوتۆتە ناو ئەو چەرخوفەلەکەی پێی دەڵێن گۆڕانی مێژوویی.

ئەوەنــدەی زانرابێــت لە بــارەی بنەمــاڵە دەســەڵاتدارەکانی کــوردەوە، لەو سەردەمانەدا کە دەکەونە بەر زاراوەی فیۆدال و دەرەبەگ و ئەو تەرزە ناوانەوە چەند بنەماڵەیێک دەشێ پێی بگوترێ (فیۆدال) ئەویش نەک لە رووی پێکهاتنی پێشکەوتوو و هونەراوی و کەرەستەدارییەوە، کە دەزانین هەموو کوردستان لەوە هەژارتربووە بتوانێ فیۆدالێکی رێکوپێک بە وەلەد بێنیت، بەڵکو لە تاکە رووی هێزی مادییەوە کەوا تا رادەیێک بۆیان گونجاوە بتوانن بگرن و ببوورن و ببەخشن و بستێنن کارەکانیشیان بەکاری جەردە و پیاو خراپ لە قەڵەم نەدرابێت. ئەو تەرزە بنەماڵە دەسەڵاتدارانەن ئەگەر بەدەست واقیعی هەژاری بێدەرفەتی بێ چانسی وەک واقیعی کوردەوە وشک نەبنەوە و زەبری بێگانە لەناویان نەبات وورده وورده پەردە بە دەسەڵاتیان دەستێنن و دەبنە (بەگلگ) و دواتریش یەکێکیان لەناویاندا بەسەر هەمواندا زاڵ دەبێت و وێنە حکومەت دادەنێت.

هەڵبەت کورد لەو حاڵ و بارەی خۆی تێدا دیوەتەوە بۆی رێک نەکەوتووە، مومکنیش نەبوو بۆی رێک کەوێت، سەرۆک بنەماڵەی بەهێزی ببێتە حوکمدار و حوکمداریشی ببێتە دەوڵەت. لەمەشدا، وەک لە هەموو بارێکی مادی و مەعنەوی کۆمەڵایەتی دا، لەژێر تاو و تەئسیری لەحنەتە مێژووییەکەی کەرتکراوی و مافخوراوی و توانەوە و کەمبوونەوەدا خەریکی تیشکان و پاشەکشە بووە، بە پێچەوانەی میللەتانی تری خاوەن کیان کە بە هەموو کێشانە و پێوانەیێکی کۆن و نوێ لە سەدەیێکەوە بۆ سەدەیێکی دواتر، کەم و زۆر، بەرەوپێش چونێکی پێکهێناوە و بنەمای تێهەڵکشانی گەورەشی بنیاتناوە لە حاڵێکدا گەلی کورد بە وڕێنەش ئەو تەرزە ئیمکان و ئاواتەی نەدیتوە.

خولاسەی گوتە لێرەدا ئەوەیە میللەتی ژێردەست بە تێکڕایی دەکەوێتە هەڵکەوتێک لە هیچ ڕوویێکەوە وەک هەڵکەوتی میللەتی سەربەخۆ نییە، بەڵام لە شێوەییکی تایبەتی دا میللەتی کورد لەگەڵ میللەتانی ژێردەستی کەرت کراویشە، لە حاڵی کەرت کراویشدا هیچ کەرتێکی یەکەیەکی ئابووری پێک نەهێنا کە لە دیاردەی (نزیف اقتصادی) بپارێرێزێت چونکە دەزانین هێزی داگیرکەر داموەزگایەک دادەنێت لە وڵاتی داگیرکراودا بۆ ئەوەی سوود لە بەرهەم و داهاتی وڵاتە وەرگرێت کەوا کەم و زۆر میللەتە داگیرکراوەکەی تێدەئاڵێ و بەدەوری بنگەکانی حوکم و بازرگانی و دارایی و ئابوورییەوە جموجوڵێکی گوزەرانی تازەرەنگ دەکات، کەلک لە زۆر کەرستەی ژیاریش وەردەگرێ لەوانەی داگیرکەر بۆ سوودی خۆی بەکاریان دەهێنێت وەک ڕێی شمەندەفەر و بەندەری قەراغ دەریا و...هتاد.

واش بووە ناوچەی گەورەی پیشسازی و ئابووری ،بگرە ڕۆشنبیریش ، لەو وڵاتە داگیرکاوەیدا پەیدا بووە ئیتر بۆ هەر ئامانجێک دەبێ با ببێ کە دەزانین کوردستانی گەورە بە هۆی نەبوونی (یەکەی ئابووری) تێیدا لەم تەرزە دەسکەوتە کولەمەرگانەش سوودمەنە نەبووە. ئەو (نزیف اقتصادی)یەی کوردستانی گرتۆتەوە بە درێژایی مێژوو هیچی لێ شین نەبۆتەوە و کاول بوونێکی ڕووت و قوتی پێکهێناوە و بەس. لە هەموو مێژووی ڕابردووی کورد دا شارێکی وەک یەکێک لە شارەکانی ئەفەریقای داگیرکراو پەیدا نەبوو.

ئەم حاڵەتەی لێرەدا بە خێرایی پێیدا تێدەپەڕم کە حاڵەتی چەندین سەدەی لە دوایەکتری کوردستانی گەورە بووە، شەپڕەی کۆمەڵایەتی (بە ئابووری و ڕامیاری و ڕۆشنبیری گشتی و کشتوکاڵ و هەموو لایەن و سەروبەێکەوە) لە هەموو کوردستان و دانیشتوانی داوە نەک لە تەنها چینی هەژاری. بەرلەوە بڵێم ئەم حاڵەتە شەپڕەی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کورد داوە، کە ئەمە گوتەییکە خەیاڵمان بۆ تارمایی پێشکەوتنی تێهەڵکشاو دەبات، دەبێ بڵێم نەیهێشت دیواری جوداوازی نێوان عەشیرەتەکانی کورد هەڵوەشێت، لە زۆر جێگەشدا ڕێی نەدا کۆچەر نیشتەجێ بێت.. نەی هێشت (دەرەبەگ) پەیدا بێت... ژیانی کوردەواری قاڵب بەستووی چەند هەزار ساڵ بوو، لەمەشدا هیچ موبالەغە نییە... پێشکەوتنی چی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی چی!!.

بەراستی فەلاکەت و نەگبەتی مێژوویی کورد گەلێک لەمەش زیاتر و ناقۆلاتر و کوشندەتر و بڕندەتر بووە. من لە باسکردنی واقیعی یەکجار نالەباری بێ مانەندی

***کورد زڕە دەنگ و ڕەنگێکی تەنک و سادەم خواستۆتەوە کەوا بەحاڵ بایی نەخشەکێشانی ئەو کاریگەرانە دەکات کە هەڵوەستی کورد بە تێکڕایی و هی حاجی قادر بە تایبەتی، لە ئاست برا گەوراندا دەکەن بە دیمەنێکی مەفهوم و مێژوویی کە جێگری پەیدا نییە و نەبوونیشی لە ئیمکاندا نەبووە، ئەگەرنا داستانی سامناکی رابردووە ئەنجن ئەنجن کراوەکەی کورد و خاکە دابێژراوەکەی کوردستان سەد هێندەی نوسینەکەی من پتر پەکی ئەو کەسانە دەخەن کە ئەگەر چاکی تێبگەن تفەکە بەسەر زاریانەوە وشک دەبێتەوە نەک لەبەر بزوتنی ڕەحمیان بۆ براگەوران، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە تێکڕای میللەتی کورد وەک خێزانی تازیەداری خەفەتباری کورکوژراوە کە خەڵق دەچێتە پرسەی و لە جیاتی تف لێکردن، فاتیحەی تێدا دەخوێنێ}} .ل٣٣٥ ـ٣٣٩***

هەموو پێگە و کاریگەریێتی و گەشەکردنە سروشتیەکانی چڤاتێک، لە هەناوی بوونی دەسەلاتێکدا پەیدا دەبن. بەلام لە ژیانی بندەستی و نیشتمان پارچە پارچەکراویدا، میللەت هەناسە سوار و تاساوە و چ جارێک، نە دەرەتانی هەیە و نە دەشتوانێ، بە ڕۆڵی مێژوویی خۆی هەڵسێ و توانای ڕەگ داکوتان و هەژموون داریی لۆ ناخولقێ و بە ئیفلیجی ڕێ دەکات، تا دەگاتە ئامانج، ئەگەر بگات.!.

ئەوەی ئێستا بەرهەستە و دەبینین، لە سەرتاسەری کوردستاندا، شتێ نییە پاشماوەی دەسەلاتی مینۆکی و ماکی فیودالی. کە فیودال نابێت، بورژوازیش سەرهەڵنادات. مەگەر قۆناخەکانی گەشەسەندن، بەم شێوەیە مۆر نەکراوە!. نەتەوەی کورد، کاتێ مەحکوومی داگیر و دابەشکاری دەبێت، دوژمنان شوورای ئاسنین بە دەوری ولاتەکەیدا هەڵدەچنن و سنووری خەندەقئاسا بە بێ بێ پرسی خۆی ،بە نێو دڵیدا ڕادەکێشن و کەرت کەرتی دەکەن و هەر بەشەی دەدەنە ئەم و ئەو. ئیدی ناتوانێ، ئامادەیی هەبێت و گەشەی سروشتی خۆی بکات و بێتە خاوەن هێز. هەربۆیە بە شەپلەلێدراوی لە مەیدانەکەدا بووە و لە ماراسۆنی ژیاندا، توانای بەشداری نەبووە. وەک گەلانی دیکەی تەندروست پێشبڕکێ بکات و ڕێگەی ژیان بە دروستی بگرێتە بەر و شان بە شانی ئەوانی دیکە، لە چەسپاندنی بوونی ماکی و مینۆکی خۆیدا دەستبەکار بێت و بالادەست و بڕیاردەری کاروباری ناومالی خۆی بێت و ئایندە بنیات بنێ.

عەتـا قەراخـی دەڵـێ: "هۆکـارێکی تـری کەمـی بەرهەمهێنـان لە کوردسـتاندا بە سروشــتی پەیوەنــدییەکانی فیــودالی نــاتەواو و ناسروشــتی کــوردییەوە هەیە،کە مەبەست لەوەش ئەوەیە نە فیودیالی کورد وەکو چینێکی خاوەن ناسنامە و خاوەنی سەرجەم خاسێت و بنەماکانی چینایەتی ئەو چینە پێگەیشتووە، نە لە بەرامبەر ئەو چینەدا جوتیاران وەک چینێکی خاوەن ناسنامە و سەرجەم بنەما و خاسێتەکانی خۆیان لە حاڵەتی سروشتیدا پێگەیشتوون". (...) دواتر دەڵێ: "بەگ و ئاغا و شێخی کورد بە دەگمەن بوونەتە خاوەن سامانی گەورە، بەڵکو زیاتر جیاوازی ئەمان و جوتیـاری هەژاری کـورد ئەوە بـووە کە ئەمـان خۆیـان کاریـان نەکـردووە و تـا ئاستێکی دیاریکراو ژیانیان لەوانی جوتیار و وەرزێر باشتر بووە".(١٣،ل ٢٢١).

***٧١.{ داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی ئەو مێژووەی کە دەنگ و باسی بە ئێمە گەییشتووە، بەدەم تاڵانکردن و بگرە بەردەی داگیرکردنەوە، پتر براگەورە و سەرەک عەشیرەت و پیاوی ناوداری کوردیان کوشتوە لە پیاوی بێدەسەڵات و هەژار و بێ ناو و نیشان کە هەرگیز چ حیسابێکی لە داگیرکەر تیک نەداوە و هەمیشە ناونیشانی (رعیە)ی بەسەرەوە بووە و بۆ راپەڕاندنی کاروباری دەوڵەت سوخرە و بێگاری پێکراوە سەرەڕای ئەوەی چ پارە و پولێکی هەبووبێ بە جۆرەها فروفێڵ لێی ستاندراوە}.ل ٣٤٠***

پێدەچێت، ئەم دیاردەیە مێژووییە بەو کێش و بارستاییەوە هەر لای کورد وا بێت، لیستی ناودارانی کورد، کە بە مەسەلەی میللەتەکەیان گیانیان بەخشیوە، هێجگار دوور و درێژە و زۆرینەشیان ئەوانەن، کە لای ناحەزانی کوردایەتی، ناویان دەکەوێتە ژێر ناونیشانی مەلا و شێخ و ئاغا وە، گوایە دوژمنە دڕند و سەرەکییەکەی کوردن.

**هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنینەوە**
**دایکی وەتەن دە هەڵسە سڵاویان بسێنەوە**
**شێخ قادرە لە پێشەوە سەرقافڵەی ئەوان**
**چەند جوانە خوێن و ریشی سپی، پیر و نەوجەوان** (پیرەمێرد)

ئاخر مەرج نییە، کەسێکی کۆمەنیست یان سۆسیالیست، ڕەفتار و بیرکردنەوەی بە پێی تیۆرییەکەی بێت و هاوشێوەی کرێکار و پرۆلیتارییەک هەڵوسوکەوت بکات و بژی Erich Honicker. ئیریش هۆنیکەر، سەرۆکی پارتی کۆمەنیست و کۆماری دیموکراسی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بوو،باخێکی ٢٠ کم درێژ و پانی هەبوو لە Schorfheide، هەر بۆ ڕاوکردن. ـ کە هەرگیز باوەڕ ناکەم هێلموت کۆل Helmut Kohl ی راوێژکاریی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، کە وڵات و سیستەمێکی سەرمایەدار بوو، ئەو هەموو ئیمتیازەی هەبوو بێت. باشترین ترۆمبێلی مۆدێلی بەرزی ئەڵمانیای ڕۆژاوا و ئینگلیزی و ئیتالی لە ژێردا بوو، کەچی جوتیار و کرێکارێکی وڵاتەکەی ـ تەنیا ئەوانەی پلەی حیزبییان هەبووە ـ دەبوو،١٠ـ١٥ ساڵ ناوی خۆی بنووسێ لە لیستی چاوەڕوانیدا تا نۆرەی دێ، ترۆمبێلێکی بەرهەمی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی (ترابی). دەست کەوێت. جاریێ ئەوە هەر بۆی نەبوو ترومبێلی دەرەکی بکرێ، یاخود هەرگیز توانای نەبوو. لە سەرانی ڕۆمانیا و بولگاریا و شوێنانی دیکە بگەڕێ..

ئەم نموونەیە بۆ ئەوەیە، بڵێم: کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندی و شێخی نەمر و حەمە ئاغای کۆیە و شێخ سەعیدی پیران و پێشەوا قازی و بارزانی...هتد هەموو ئەمانە دەچنە ئەو خانەیەوە، کە بەخۆڕایی بەر نەفرەتی رۆشنبیری، سەقەتی کورد کەوتوون.

**گەر مانیعی حەققی میللەتی کورد ببن عەرەب**
**پێشک نوێژەکانم بە کوردی قەزا ئەکەم** (شێخ مەحموودی نەمر)

***٧٢ ـ { هەڵوەستی حاجی رق هەڵگرتوانە و غەزەب هەڵستاوانە بووە لە داگیرکەر و خوێنرێژی بێگانە، پەندێکی وەریشیگرتبێ لە کارەساتەکە پتر تیژکردنی هەستی مافخوراوی و ستەملێکراوی میللەتی کورد بووە چونکە تۆش دەزانیت و منیش دەزانم نەفسە هەستیارەکەی حاجی بە دیتن و بیستنی رووداوی وەها لەناو جەرگی میللەتەکەی پتر رقی لە بێگانە هەڵگرتووە تیژترتریش بەرەو کوردایەتی رۆییشتوە: گۆیا ئەگەر بێگانە دڕندەیی نەکات (دڕندەیی لە ئاست بەرژەوەندی مادی و ژیان و بەرپوەچوون و لە ئاست بەرژەوەندی مەعنەوەی وەک زمان و ئەدەب و داب و***

*دەستوور و نەریتی کۆمەڵایەتی و عەقیدە...) و بە حوکمڕانێیکی عادەتی رازی بێت لە کوێوە زێدە بەغز و رق بۆخۆی رادەکێشێت لە حاڵێکدا میللەت هەرچۆنێک بێ دەبێ حاکمێکی بەسەرەوە بێت، بە نیسبەت میللەتێکی وەک کوردیشەوە کە بیری نەیەت لەلایەن حوکمڕانی کوردەوە فەرمانی بەسەردا کرابێت و بە درێژایی مێژوو بێگانە حوکمی کردبێت رەنگە بێگانەیێکی نیمچە دادپەروەر زۆر ناخۆشەویست نەبووبێت، بەڵام تەجرەبەی کورد لەگەڵ حاکمی بێگانە بە درێژایی سەدان ساڵی رابردوو هەرگیز شیرنایی بەزەیی و داد و رەحمی تێدا نەبوو. بەراستی داگیرکەرانی کورد لەو سەردەمانەدا چ تورکی عوسمانلی بوو بێت و چ عەجەمی قاجاری بووبێت بە جۆرێک چاو لە تەماع و راو و روتکردن بوون سەرلەبەری خەڵقەکەیان دەدایە بەر یەک سیاسەتی رووتاندنەوەوە، ناوناوەییێکی بەدەگمەن نەبێ براگەورە و دەستڕۆییشتووی کوردیان تێکەڵ بە هیچ کارێک نەکردووە دوو قرۆشی تێدا بووبێت، هەر ئەمەیشە ئاکاری داگیرکەری نیمچە خوێندەوار کەوا بێجگە لەسیاسەتی کوشتن و بەستن و وێرانکردن هیچی تر نازانێت}.ل ٣٤٥ ـ ٣٤٦*

ڕقی پیرۆز، شەڕە دژی داگیرکەر و دەسەڵاتی بێگانەی تاڵانکەر و وێرانکەر. رەتکردنەوەی دەوڵەتی داگیرکەرە. حاجی، چەند هەوڵی بەرجەستە کردنی ئەم تووڕەیی و ڕکەی بەرامبەر، بە بێگانە دابێت، لە پێناوی دەرپەڕاندنی دوژمنان و تێک شکاندنی بوونە مادییە داگیر کارییەکەیاندا بووە، هاوکات لەپێناوی ئامانجی گەیشتن بە سەربەخۆیی و بەهێزکردنی بازووی کوردایەتی بووە. مێژووی داگیرکەرانی کوردستانیش دەری دەخا، کە چ یەکێ لەمانە، دادپەروەر نەبوون و هیچ بەزەیی و مرۆڤدۆستی و هاوبەشیتی ناوچەیی و دراوسێیەتیان نەزانیوە و بەوپەڕی توندوتیژییەوە ڕەفتاریان لەگەڵ کوردی بندەستدا کردووە. لەڕاستیشدا داگیرکەر، بە تایبەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هیچ کاتێک ئومێدی چاکە و پێشکەوتن و خۆشەویستی و مرۆڤایەتی لێ نەکراوە و ناکرێت، بە تایبەت ئەوانەی کوردستان لە ژێر چەپۆکیاندایە.

*٧٣ ـ {کە دوشمنی کورد براگەورەی کورد لەناو ببات حاجی قادر و تۆ و من و هەموو کورد چی بۆ دەمێنێتەوە لەوە بەولاوە کە ئەو کوژراوانە بە گەورە بزانێت و رێزیان لێ بنێت و بۆیان بە پەرۆش بێت}.ل ٣٤٧ ٠*

ئا لەو ئان و ساتەدا، کە داگیرکەر بەردەوامە، لەسەر کوشتن و لە ناوبردنی برا گەورەکانی کورد، من و تۆش ناچارین یان رێز لە قوربانی و خوێن ڕژانیان بگرین و بە مێـژووی سـەروەریی خۆمـانی بـزانین، یـان ئەوەتـا گەرەکە دەستخۆشـی لە دوژمنـان بکەیـن، بـۆ ئەو کـارەکەی دەیکەن. بەو پێیە چیدی لە سـێدارەدانی شـێخ عەبدولسەلام بارزانی و سەید رەزا و قازی محەمەد و شێخ شـەهاب و...هتد بە هـی خۆمان نازانین؟!. بەم شێوەیە، گەرەکە بە تورک و عارەب و فـارس بڵێین دەسـتتان خۆش و شاباشیان بدەینێ.

**لە دوای "مەسیح"خاچ بوو بە نیشانەی دییان.**
**ئەی بۆ شەهیدی کوردستان؟!**
**من نیشانە و مەودالیای**
**سێدارەیەک دروست ئەکەم هەتا یەک بە یەک**
**بیدەن لە یەخە و بەرۆکتان** ( ش. بێکەس)

***٧٤ - { زانیمـان براگەورانـی کـورد بە درێژایـی رۆژگـارە رەشـەکەی خۆیـان و میللەتەکەیان ستەمدیدەی دەستی بێگانەی داگیرکەر بوون، لەمەشـدا جارێکـی تـر دەبـوونەوە بـراگەورەی سـتەمدیدەیی بەوەدا کە بەشــی هەرەزۆری خنکانــدن و کوشتن و بڕین بەر ئەوان دەکەوت .بەدوای کوشتن و خنکاندنـدا دووبـارە نـاو و ناموسەکەشیان لە سێدارە دەدراوە کە تەمغەی شـەقاوەت و خیانەتیـان لێدەدرا..تا ئێرە زوڵملێکراوی کورد ماوەیێک پێش زوڵم لێکرانی میللەتانی تر کەوتۆتەوە چونکە قوربانی میللەتێکی تری بەردەستی عوسمانلی، با بڵێین بولغار،کە بەلای دەستوور و یاسـای عوسـمانلییەوە غەیـانیش بووبێت بەلای روسـیاوە وەیـا بەلای دانیشـتوانی بالقان و ئیتالیاوە قارەمـانی میللـی بوون،بەڵام لە سـێدارەدراوی کـورد بەشـەرەفی وەها نەگەییشتوە چونکە هـیچ یەکێک لە میللەتـانی رووی زەمـین میللەتـی کـوردی تێنەخوێندۆتەوە تاکو رێزی لە قوربانییەکانی نابێت.من لە ووردبوونەوەی تـایبەتی خۆمـدا بەوەنـدە سـتەمەش رازیـم ئەگەر دووجـاریتریش سـتەم لەو قوربانیـانە نەکرابایە ستەمەکانیش لەوانەن،شێخ رەزا گوتەنی :***

***" کامی لێی دەگری دەبێژی ئەمەیان مونتەخەبە "***

*ستەمی یەکەم لە تۆمارنووسی مێژووەوەیە: ئەم مێژووە لە ئاست میللەتی بێدەسەلاتی وەک کورددا هێندە بەدەعیە و لوتبەرزە تەنازول ناکات نوکی قەڵەمە زێڕینەکەی بە خوێنی قوربانییەکانی ئەو میللەتە تەڕ بکات ودوو دێڕی چەوت وچوێڕی رووداوە خوێناویەکانی پێ بنووسێت بەڵکو هەر نەبێ ناو و شوێنەواریان رەش نەبێتەوە با لە گۆشەی بەدناویشدا بەدەم نەفرینەوە یاد بکرێنەوە..شەیتان ناوی زڕا بەڵام نەمرد،کەچی خوێنی براگەورەی کورد رژایە بیابانی عەدەمەوە..بە فیڕۆچوو هیچی لە جێگە شین نەبۆوە.قەڵەمە زێڕینەکەی مێژوو نوکی خۆی بە خوێنی براگەورەی کورد تەڕ ناکا ئەگەر پایەی لە پایەی حاکمی بابان وەیا میری رەواندز وەیا حوکمداری بۆتان نزمتر بێ.قوربانی و خوێنڕژاوی کورد ئەگەر بیەوێ لە دوا کوشتنی ناوی بپارێزرێت دەبێ لە پێشەوە خۆ بکاتە (ئەمیر) ئەوسا تەمای پاراستنی یادگارەکەی بە دڵدا بێت.خوێنی براگەورەی عادەتی کورد حەددی نییە بە مەرەکەبی مێژوو بێت}.ل ٣٤٨ ـ٣٤٩*

لاپەڕە و ڕووداوەکانی مێژوو، بۆ کورد چ گومانێکیان لەوەدا بەجێ نەهێشتووە، کە پڕانی سەرانی کورد گیانیان لەسەرەڕێی بزاڤی کوردایەتیدا بەختکردووە. داگیرکەرانیش بە مەبەست و بە شێوەیەکی ستراتیژی، ئەم سەرکردانەیان کردۆتە ئامانجی سیاسەتە داگیرکارییەکەیان. هەڵبەت ئەمەش تایبەتمەندێتییەکی دیکەی، مێژووی خوێناوی کورد نیشان دەدات. ئاخر لە هەمووان ئاشکرایە، هیچ میللەتێک بێ سەرکردە، رزگاری نەبووە. بە تایبەت میللەتێ بندەست بێ، مەحاڵە بتوانێ بگاتە ئامانج. لەم رووەوە مێژووش سیخنانە بە نموونەی وەک جۆرج واشینتۆن و بسمارک و گاریبالدی و گاندی و ماندێلا..هتد.

ئەوەی لەم بووارەدا حاشاهەڵنەگرە،مامۆستاش، ئەم دەقەی وا گەوهەرانە دارِشتووە و پەیامەکەی راگەیاندووە، من چ زاتێک ناکەم، لەمە زێتر قسەی لەسەر باسەکە بکەم. دیارە پێشتریش چەپکێ تیشکی رووناک کەرەوەمان خستۆتە سەر ئەم باسە.

*٧٥ ـ{ئێمە ئەگەر سەهوو نەکەین وەیایاخود خۆمان بەسەهوو نەبەین دەبێ ئەوە لە دڵ و مێشکی خۆمان بنووسین و باوەڕی پێ بهێنین کەوا هەموو ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتییانەی لە مێژووی میللەتانی تری خاوەن کیان بە قۆناغی*

*سەردەمی دواکەوتن و کڵۆڵی و چارەڕەشی و کاڵوکرچی دادەندرێن، سەرلەبەریان بە نیسبەت میللەتی کوردەوە*

*ئیستگەی حەسانەوە و بەرەوپێشچوون و گەشەکردن حیساب دەکرێن چونکە هەرگیز ریی نەبوو پێیان بگات چ جایی ئەوەی پێیاندا تێپەڕێت.*

*هەڵبەت من مەبەستم ئەوەنییە بڵێم نەگەشتنی میللەتی کورد بە پلەی نارەزامەندی لە سەرۆک عەشیرەت و براگەوران بەڵگەی پەسەندبوونی ئەوحاڵ و بارە نالەبارەیە کە کوردی تێدا ژیاوە، بە پێچەوانە،من حاڵ و باری مێژوویی کورد گەلێک دواکەوتووتر دەبینم لە بینینی ئەوانەی جنێوی پێ دەدەن چونکە دەزانم کوێرەوەری کورد لە پلەیێکدا بووە جنێوپێدان هەڵناگرێ.من دەزانم تۆش دەبێ بزانیت مرۆڤ تاکو دەگا بەو پلەیەی کردەوەکانی بە خراپە لەسەر حیساب بکرێ پێویستە لە تەمەندا گەییشتبێتە رادەیێک یاسای جەزا بیگرێت: منداڵی ساوا، مرۆڤی ناچارکراو،شێت،سەرخۆشکراو هیچیان لە بری کوشتن لە سێدارە نادرێن.تۆ سەیری ئەم جیهانە چەند سەیرە:(مافی لە سێدارەدان)یش ئیمتیازێکە هەلومەرجی خۆی هەیە، بەڵام مێژووی کورد بەدەست هەندێک لە رۆشنبیرانی کوردەوە لەسەر پشتی لانکۆڵە فەتوای لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت}.ل٣٥١*

بەراوردکردنی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و باری سیاسی لە نێوان کورد دا،کە هێشتا بە خاڵی سفر نەگەیشتووە و میللەتانی دیکەدا، کە لە ئێستادا لەو دیوی سنووری سەدان و هەزاران فرسەخ پێش کوردەوەن، هەڵەیەکی زەق و کوشندەیە. کتومت،وەک بەراوردکردن لە نێوان دوو کەسی تەمەن ١٠ ساڵان و ٤٠ ساڵییەکدا. کەواتە مرۆ نابێ خۆی تەفرە بدات و خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکی دیکەوە. ئاخر چۆن دەتوانرێت کورد و ئینگلیز،کورد و ئەڵمان کورد و سویدی کورد و ژاپۆنی بەراورد بکرێ!!؟. چ کاتێ گونجا، کەسی نەخۆش و تەندروست، بێهێز و بەهێز وەک یەک ئەماشا بکرێ، ئەوسا دەکرێ کوردیش وەک هۆڵەندی سەیر بکرێ.

*٧٦ -} یەکیەتی کورد و کوردستان و پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی لە چارچێوەی کوردستانی گەورەدا نەک هەر "ئاواتێکی پیرۆزی حاجییە" و بەس،بەڵکو گەورەترین و پیرۆزترین و روناکترین و پاکترین و چاکترین و ئاسمانیترین ئامانج و ئاوات و خەون و خەیاڵ و هۆش و گۆشی حاجی بووە}.ل ٣٦٣*

سەرنج بدە، ئاستی بیرکردنەوە و پیرۆزی هەوڵ و خەباتی حاجی، بۆ ئامانجی پیرۆزی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لەسەرتاسەری کوردستاندا، چەند سەنگین و مانادار و گرنگ بووە. مامۆستا بەرجەستەی ئەم ویستەی حاجی، لەو کۆمەڵە ئاواڵناوانەدا دارشتووە، کە وەک ئەڵقەی زێڕینی زنجیرێک بەدوای یەکدا نەخشاندوویەتی.

فەرهاد شاکەلی دەڵێ": لای حاجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئامانجی سەرەکییە و هەموو دەستاویژەکان دەخاتە خزمەتی ئەم ئامانجەوە. لەم رووەشەوە، بەلایەوە گرنگە سنووری کوردستانەکەی باوەڕی پێیەتی و بە وڵاتی کوردی دەزانێت، دیاری بکات. کوردستان لای حاجی یەکەیەکی سیاسیی و مێژوویی و جیۆگرافیی ئاشکرایە، زمانیش زمانی کوردی لەبەرنامەکەی حاجیدا جێگەی دیاری دراوەتێ".(٢٤٠.ل ٤٦).

## چەپکێك لە گوڵزاری "نالی"

***٧٧ ـ {لەتەک ئەو تەرزە زرە بوێژانەدا هی واشمان هەیە تای بوێژی هەرە پێشکەوتوو و پێگەییشتوو و دەسەڵاتدار و هونەرمەندی رۆژهەڵاتی مسڵمانە.هەرچەنداکو ئەم جۆرە شاعیرەی کورد لە نێوان گەلانی مسڵماندا شۆرەتی یەکێکی وەک خۆی وەیا لە خۆی بەرەوژێرتری تورک و فارس و عارەبی وەریش نەگرتبێ،هۆی شۆرەت نەبەستنی ناگەڕێتەوە بۆ نزمی پلەی شاعیریەتی،بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بێدەسەڵاتی میللەتی کورد،کە ئەمەش ئەنجامێکی کوتوپڕ و یەکسەری دەستوراتی مرۆڤایەتییە بە تێکڕایی،کەوا نەک هەر لەمەیدانی شیعردا خۆی سەپاندووە بگرە لە هەموو مەیدانێک فەرمانڕەوایە: قارەمانی میللەتێکی بێدەسەڵات بەقەدەر پاڵەوان پفێکی میللەتی خاوەن کیان و سامان و هێز و دەسەڵات ناوی نایەت، هەروەهاش هەموو بلیمەت و زانا و هونەرەکانی کە زۆریان لەبەر بێ خاوەنی وەک پشکۆی ئاگر وردەوردە دەبن بە خۆڵەمێش و ناویان لە روپەڕەی ژیان دەسڕێتەوە...زۆر بەداخەوە}.ل ٧***

چ کارێکی بەرزە،مەسعوود محەمەد، جارێکی دیکە لەڕێی بەراورد کردنی ئەدیبی کورد، بەوانەی دەوروبەر ، لەم کەناڵەوە هەوڵی قسەکردنە لەسەر مانای بێدەسەڵاتی دەدات. بە واتایەکی دیکە بۆچی حافز و خەیام و موتەنەبی ناوبانگ

پەیدا دەکەن و دەردەکەون؟!،کە چی خانی و نالی و مەحوی و شێخ رەزا، تەنانەت لە نێو وڵاتی خۆشیاندا، وەک پێویست ناناسرێن و بایەخیان پێ نەدراوە و کاریان بۆ نەکراوە. کاتێ کورد دەوڵەتدار نەبووە، دەستگایی میدیای بەرفراوانی، رۆژنامەی ڕۆژانە و تیڤی و ڕادیۆی لەبەردەستدا نەبووە، تا ڕۆژانە لەسەر ئەمانە بنووسێ و باس بکات. هیچ دەرفەت نەبووە و ڕێگە نەدراوە، ناو و بەرهەمی ئەمانە ببێتە بەرچاو کەوێت،لە وانەی قوتابخانە و زانکۆ دا، نوسین و شرۆڤەکارییان لەسەر بکرێ. کورد دەسەڵاتی ماددیی نەبووە، تاوەکو فەرزی بوونی ئەم هەڵکەوتووانە، لە مەیدانی ژیان و ئەدەبدا، زیاتر بەرجەستە بکات. ناشبێ ئەوە لەیاد بکەین ناو و بەرهەمی ئەمانە و لە قۆناخی جیاجیادا، قەدەغە بووە و لە ئێستاشدا، لە زۆر پارچەی کوردستاندا، هێشتا ڕێگە پێنەدراون. ئیدی بە ریگا و کەناڵێک بەرهەمی ئەمانە، بە خوێنەر دەگەن و دەبنە بژێوی مینۆکی و ماکی کورد و بەشێکی زیندووی کاریگەر لە ناسنامەکەی!؟.

***٧٨ -{ ئەدیبی کورد و غەیری کوردیش دەبێ بزانن کە ئەگەر لە زمانی فریشتانەوە دەنگ و باسی بەهەشتمان بۆ بکەن بە هەڵبەست و پەخشان نەتێیان دەگەین و نە کەیفیشمان پێیان دێت چونکە کورد و غەیری کورد لە زمانی ئادەمیزاد دەگەن،تەنانەت ئادەمیزادی ئاشناش نەک بێگانە.چاوت لێیە کە پارچە هەڵبەستێکی بێگانە دەکرێتە کوردی چەند ناقۆڵا و نالەبار دێتە بەر هەست و گوێمانەوە؟.هەر میللەتە هەست و هۆش و گۆش و زەوق و نەریت و خۆشی و ناخۆشی تایبەتی خۆی هەیە کە تێیان دەگات و زەوقیان لێ وەردەگرێت و دڵی پێیانەوە دەبزوێت،چاوەنۆڕیشە بەو ئاهەنگە مەفهومە ئاخاوتنی هونەر و ئەدەبی لەگەڵدا بکرێت}.ل ١٤-١٥***

مەسعوود محەمەد، دیسانەوە لێرەدا، باس لە جیاوازی نێوان ژیانی واقیعی و ناواقیعی و خەیاڵ پلاویمان بۆ دەکات..وە پێی وایە، تەنانەت، گەر فریشتەش نوێنەری بەهەشتی دیاریکراوی خەیاڵ و ئەندێشە بێت، وا ناتوانێ نوێنەرایەتی واقیع بکات و خەڵک ڕەزامەند بکات. هەر وەک چۆن هەر میوەیەک تام و چێژی خۆی هەیە،وا بەهەمان شێوە هەر میللەتەش کۆمەڵێ خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە. هەندەک دیارە ڕێژەیین. دەشێ بۆ شوێنی دیکە دەست بدات، لێ لە کوردستاندا،چ جارێ ژینگەی شین بوونی نەبێت.

***٧٩ ـ { من گوتەیەمدا هەرگیز نامەوێ دژی سورێ و بالێ بوەستم وەیا ئەو ئاخاوتنە مەنع کەم کە زمانی سورێ و بالێیە،دەجارانیش لە خاوەنی گوتەی وەها پتر حەز دەکەم کوردەواری بگا بەو پلەیە کە گەنجەکانی قەلادزە و عەبابەیلێی لە ئاهەنگی شەوانەی بالێوە،قۆڵ لە قۆڵی دڵدارەکانیان وەیا دەزگیرانەکانیان وەیا ئاوەڵەکانیان،بەرەو تالاری کامەرانی سەدەی بیستەم،دەمەوبەیان، بە ئوتۆمۆبیل شیک و شەنگ بگەڕێنەوە،بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە گەشتنی گەنجی کورد بەو پلەیە لە ژیانی پێشکەوتوودا نابێتە گەییشتنێکی رەسەنی کوردانە و رەگ داکوتاو و ئەگەر کوردانە بۆی سەرنەکەون.دەبێ واقیعی کوردستان بە هەموو باری مادی و مەعنەوییە بەرەوپێش ببەن بۆ ریزی ژیانی مادی و مەعنەوی کۆتایی سەدەی بیستەم کە ئەمەش مومکین نابێ ئەگەر پەتی پێوەندی ئەمرۆکەی کورد بە دوێنێیەوە پچڕا.مرۆڤ مار نییە هەموو بەهارێک کیفی کۆنی فڕێ بدات:ئەوانەی واش دەزانن کە پێشکەوتنی راست و دروست لە بەرگ گۆڕی وەیا خۆگۆریدایە نەدەزانن پێشکەوتن چییە نە ئەگەر دواکەوتنیش رووی دا پەرۆشیان دەبێت،چونکە دیارە کەسێک راستی شتێک نەزانێ پێچەوانەکەشی نازانێ}.ل ١٦ ـ ١٧***

گومانم لەوەدا نییە، کورد ژمارەیەکی زۆری بەناو، دکتۆر و ئەکادیمی هەیە،(تاک و تەرایەکیان لێ دەرچێ). بەڵام چونکە لەسەر زەمینەی واقیعی تاڵی کورد، بیرناکەنەوە و هەنگاو هەڵناهێنن، و کار ناکەن و هزر و بەهرەی خۆیان ناخەنە گەڕ، چ سوودێک نە بە خۆیان و پلە و پایەکەیان و نە بە نەتەوەکەیان نەگەیاندووە. یاخود نەیانتوانیوە لە ئاستی پێویستی بەجێ گەیاندنی ئەرکە کاراکەی سەرشانیاندا بن. تۆ خۆت نەناسی و، مێژووت نەزانی و ئاگاداری ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەت نەبێ، یاخود کورد لەم هەموو پێداویستییانە رووت و قووت بکەیتەوە و بیخەیتە خانەی نەبوونەوە، بە دەربڕینێکی دیکە،کورد بیخەیتە سەر ساجی عەلی. یاخود واقیعی نەتەوەییت نادیدە بگری و بیکەیتە قوربانی مەرامە ئایدۆلۆژییەکانت، و لە سێبەر و پەنا و پەسێوی تیۆریی و دەقی کتێبەکاندا، بە دوای ژان و ئازاری بە عارەبکردن و تورک کردن و فارس کردندا بگەڕێی، هیچت چنگ ناکەوێ. دەستیشت کەوێ، وشک و نارەسەن و ناواقیعیە و تیماری دەردت ناکات. جا بۆیەکا، گەر بەرامبەر بە مێژووی نەتەوە بەو شێوە ترسناکە، بێ ئاگا و بە شەوارەی تیۆری بکەویت، هاوکات چاوەڕوانی گۆڕانکاری بیت، وا دەست بەتاڵ، بەدیار هیوای پووچ و داری زڕی بێبەرەوە دادەنیشی.

٨٠ ـ {لەبەر ئەم لێکدانەوەیەیە کە من زۆر حەز دەکەم ببینم نەوباوی کورد بە خۆی و رابردووی میللەتەکەی و ئێستاکەی میللەتەکەیەوە خەریکە، لەم خەریک بوونەشیئدا رابردوو و ئێستاکە بداتە بەر یەک نیگای سەرلەبەر و بێ کەلەبەر کە لێک پچڕانەوە و لێک ترازانی تێدا نەبێت،چونکە بەم جۆرە نەبێ کەسایەتی (کورد)لە بەرهەمی ئەدیبەکانیدا دەرناکەوێ، بەڵکو دەتوانم بڵێم گەورەترین هۆی تێچوونی دروشم و کەسایەتی میللەتەکەمان لەوەدا دەبێ کە ئەو ئەدیبانەی لێیان چاوەڕوان دەکرێ ناو و بونی کورد بپارێزن،ئەوان وێنەی لاوەکی و خوزرایەوە لە جێگەی وێنەی راست و دروستی دوێنێ و ئەمڕۆمان دانێن.دەبێ بزانین جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ناسینی میللەتان و لە نێوان خواستنەوەی شێوەیان:کە بمانەوێ لە ئەدەبی ئەڵمان بگەین دەبێ لە رێگەی راست ودروستی تێگەییشتنەوە بۆ ئەم ئامانجە برۆین نەک ئەوان لە خۆماندا بدۆزینەوە.

هەرچەند ناسینی میللەتان و شارەزابوون لە ئەدەبیان پێویستێکی رۆشنبیرییە، بەڵکو شەقڵێکی بەیەکەوە ژیانی ئادەمیزادی ئەم رۆژگارەیە،دیسانەوە خۆناسین و شارەزابوون لە ئەدەبی نژاد بەر لە هەموو جۆرە ناسین و شارەزابونێکەوە دێت .رەنگە نەتوانم بە شەکسپیرەوە خەریک بم،هەندێک لە نووسینەکانیشی وەرگێڕمە سەر کوردی،نەک ئەوەندە و بەس، بەڵکو وەرگێڕانی شاکارەکانی (شەکسپیر) و ئەدیبە زلەکانی میللەتان کارێکی پێویستیشە لە نێوان کاری پێویستدا،بەڵام خەریکبونی من و تۆ بە خۆمانەوە لە پلەی یەکەمدا دێت:عارەب دەڵێ(ثبت العرش ثم انقش)،ئێمەش دەبێ رەگ لە هەناوی خۆمان داکوتین تاکو بژین،بەدوا ژیندا دەست درێژکەین بۆ میوەی باغی دراوسێکان.

خۆدانەپاڵ بیروباوەڕی ئەوتۆ کورد و غەیری کوردمان وەک یەک بێنێتە بەرچاو،وەیا کورد بخاتە پلەی دووەمەوە،کارێکە وەها بێ نرخمان دەکات بەکەڵکی ئەو بیروباوەڕەش نەیەین: بەڕادەی رێز لە خۆنانت دۆستەکەشت رێزی لێ دەنێ.عەمری ئەو دۆستە نەمێنێ ئەوەندە دەبەنگ بێ پتر لە خۆمان رێزمان لێ دەگرێت، کە دەزانم دۆستی وەها نە هەیە و نە دەبێ.ماڵیان ئاوابێ: هەموو میللەتانی جیهان پڕ بەدەم هاواریانە و لە گوێی میللەتی بێهێز دەزیرێنن و دەڵێن تا ئەو رۆژەی حورمەتی خۆتان بەسەرماندا دەسەپێنن ئێمە هەر بەزەییمان پێتاندا دێتەوە، ئەدیبێکی کوردیش هەر ئەو رێگەیەی بەرزکردنەوەی ئەدەبی میللەتەکەی لەبەردەمدایە کە بتوانێ حورمەتی میللەتەکەی تێدا بچەسپێنێ}. ل ١٧ ـ ١٩

بیرکردنەوە، لە ئەنجامدانی هەموو شتێ لە پێناوی خۆتدا، ڕەوا و تەندروستە،ـ دیارە بە شێوازە مرۆییەکەی ـ و لۆژیک لەوەدایە، پاش تێربوونی خۆت، ئەوسا بۆ دەرەوەی خۆت هەنگاو بنێ و بەشی کەسانی دیکە بدەیت...هەر وەک چۆن، خۆت خاوەنی هیچ نەبی، ناتوانی هیچیش بدەیتە کەس. لێرەشدا ناکرێ نەتەوەی کورد، بە هیچ شوێنێکی دیکە بەراورد بکرێ، چونکە بەڕاستی پرسی کورد، خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و، بارودۆخی جودایە لە دەرەوەی خۆی. پێویستی بە یارمەتی هەموو دنیا هەیە و ڕەنگە خۆی توانای شتێکی نەبێ پێشکەش بە جیهانی بکات. جگە لە پشتیوانی مۆڕاڵی و ئەدەبی، کە لەمەیاندا، کورد خەرمانێکی دەوڵەمەندی، لە کۆمەک و داکۆکی لە کێشەی ڕەوای گەلانی بندەست و مرۆڤایەتی هەیە.

***٨١ ـ{ میللەتانی تریش وەک کورد،دە هێندەی کوردیش،ئەدەبی کۆنیان هەبووە و پارێزراوە.ئەو میللەتانە جارێکی تریش لە کورد بەختیارترن لەوەدا کە ڕۆشنبیری ئەمرۆیان ئەدەبی کۆنیان تاوانبار ناکەن.بەڵێ ڕاستە ئەو میللەتانە هەر خاوەنی ئەدەب نەبوون،باری مادیشیان لەچاو ڕۆژگاری کۆن پێشکەوتوو بووە،لەمەوە ڕەنگە بگوترێ لانی مادی پێشکەوتوو شەفاعەت دەکا بۆ ئەدەبەکەیان ئەگەر پاشکەوتووش بووبێ،کەچی من دەڵێم دەبێ بزانین ئەم ڕاستییە لەسەر ئەدەبی کوردی دەکاتەوە نەک لە دژی دەوەستێت چونکە عوزرێکی گەورەی بەدەستەوە دەدا لە رووی ئەوەوە کە دواکەوتنی باری مادی و کۆمەڵایەتی کورد ڕێی بڕیوەتەوە لە ئەدەبەکەی کە پێشکەوتووتر بێت، ڕەنگە لە هەمان کاتدا گلەییکیش بێنێتە سەر ئەدەبی ئەو میللەتە پێشکەوتوانە بەوەدا کە باری مادی دەوڵەمەند و پێشکەوتوویان دەبوا ئەدەبێکی پێشکەوتووتر بەرهەم بێنێ لەوەی کە هەبوو}. ل٩٧***

هەر میللەتێک، مێژوو و ئەرشیفی ڕابووردووی نەبێت، ئەدەب و فەرهەنگی نەپارێزێ، و نرخ بۆ شیعر و هونەر و کەسایەتییەکانی خۆی دانەنێ، و پانتایی و درێژایی مێژووەکەی لەم دیاردانە و سیمبۆلانە، بەتاڵ بێت، ئەو میللەتە دواکەوتوو و بەجێماوە، لە پێشکەوتن و شارستانێتی. سەبارەت بە کورد، کە ئەمانەی نەکردووە، هۆکارەکە زیاتر دەرئەنجامی بێدەسەڵاتی بووە، لەوەی تەمبەڵی و نەزانی بێت. کوردستان هیچ سات و وەختێ، ئاسایش و بەرقەراری تێدا نەبووە و نەتەوەی کورد، لە پشوو و حەسانەوەدا نەبووە، تاوەکو دەرفەت لەم جۆرە کارانە

بڕەخسێنێ، یان میکانیزمی جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکانە، دیاری بکات و بە کەماڵی خۆشییەوە، سەرگەرمی پێڕەو کردنی بێت. شەڕ و کوشتن و ڕاوەدوونان و دوور خستنەوە و تالآنی،ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی کوردستان بووە. گەڕیدەی تورکی بەناوبانگ، ئەولییای چەلەبی،لە کتێبێکیدا، بە دوور و درێژی باس لە قۆناخێکی مێژووی کورد لەم جۆرە دەکات. من لێرەدا تەنیا پوختەی بەسەرهاتێکی بۆ خوێنەر ڕادەگوێزم و لەبەر دووروودرێژی باسەکە،بەداوای لێبووردنەوە، بە سەلیقەی خۆم دایدەڕێژمەوە:

" ساڵی ١٠٤٨،(سوڵتان مرادخان) بەغدا دەگرێ و دەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ.وەک دابونەریت،دەبوو هەموو سەرەک هۆز و پیاوە ناودارەکان،بچن بە بۆ لایی و بەخێرهاتنەوە و دەستخۆشی و پیرۆزبایی سەرکەوتنەکەی لێ بکەن.(عەبدال خان)،بتلیس، بەم ئەرکە هەڵناسێ و سوڵتان فەرامۆش دەکات. سوڵتان ئەمە لەدڵ دەگرێ و بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی بەرامبەر دەردەکات. بۆ ئەم کارە (مەلیک ئەحمەد پاشا) ڕادەسپێرێت. عەبدال خان، بەرگرییەکی بێوێنە و شەڕێکی سەخت و قارەمانانە بۆ پاراستی قەلآدەکات. بەلآم لە دوا کاتدا، کاتێ قەلآی بتلیس دەگیرێ،چەلەبی لە ژێر ناونیشانی (( خەزێنە و سامانی عەبدالّ خان،ئەوەی من مۆرم کردبوو))دەنووسێ: یازدە سندوقی چوارگۆشەی میناکاری کە بەشتی بەنرخی وەک ئەبەنوس و ئێسکی نەهەنگ و ددانە ماسی و مەرجانی سوور و...مۆرکرابوون. هەر یەکی دە دانە کتێبی بەنرخ و بایەخداری تێدا بوو، کە لە لایەن خۆشنووسە بەناوبانگەکانەوە نوسرابوونەوە و بە چەشنێک ڕازابوونەوە کە هەر یەکەیان کرابووە، پارچە ئەنتیکێکی بێ وێنە. لە کتێبەکان شانامە و گوڵستان و شەرەفنامە و چەند دیوانی شیعر، کە زۆربەیان بە دەسخەت و مۆری زیادین خان خۆی، مۆرکرابوون. لە شتە بەنرخەکانی دیکەش: ١٧ بەرگی قورئانی نەخشێنراو بۆ شاهان نووسراوە، بە خەتی خەتخۆشە هەرە بەناوبانگەکان.١٣٠٠، بەرگ تەفسیر و کتێبی بەنرخ کە لەسەر کاخەزی باش نووسرابوونەوە.٧٠ بەرگ تەفسیری پیرۆز.١٣٠٠ کتێبی حەدیسی پێغەمبەر و کتێبی قاموسی زمان و سەدان بەرک لە دیوانی شاعیران و لە نێو ئەمانەشدا نێزیکی ٧٦، بەرگ کتێبی فارسی و عارەبی و تورکی،لە دانانی عەبدالّ خان،خۆی و ١٠٥ نامیلکەی جۆربەجۆر،کە زۆریان بە زمانی فارسی نووسیبووی و هەزاران پارچە ئەنتیکی تری بەنرخ وەک شیری

دەبان و خەنجەر و مەتاڵ و گۆپاڵ و تەفەنگ و پێستی بەور و پڵنگ و مافورلباد و نەخش و نیگار زۆر بەهادار. بە کورتی باس لە نێزیکی باری حەوت وشتر کتێبی بایەخدار دەکات" .

جا بنۆڕە،تەنیا لەبەر ئەوەی عەبداڵ خانی بتلیس، سۆز و دڵسۆزی خۆی بۆ سوڵتانێکی عوسمانی نیشان نەداوە، چ کۆمەڵکوژی و کامە کارەساتی وێرانکارییان بەسەر خەزێنە و ئەرشیفێکی کۆن و بەنرخ و دەوڵەمەندی دەڤەرێکی کوردستان دا، هێناوە. بەڵێ ئەمانە ناسنامەی داگیرکەرانی بەربەری ئاسای کوردستان بوون. ناپلیۆن ساتێ وڵاتی میسری داگیرکرد،چاپ و چاپەمەنی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئەو وڵاتە. کەچی داگیرکەرانی کوردستان،قەڵەم و قەڵەمدایەن و کاخەز و کتێبیشیان بە تاڵان بردووە و سوتاندووە. گەر ئەم کتێبخانە و ئەرشیف و گەنجینە دەوڵەمەندە و ئەوانی دیکەی نەفەوتاندرانایە و بمانایە، ئێستا دۆخی کورد،لە شوێنێکی دیکە دەبوو.( ٢٨ ل٢٥٥-٢٩٢).

شاکەلی دەڵێ:" هیچ نەتەوەیەک ناتوانێ خۆی دروست بکات و پاشەڕۆژی خۆی بنیاتبنێت،ئەگەر نەخشەی ئەو پاشەڕۆژە نەکێشێت..فەرهەنگی بێنەخشە و بێپلان ،فەرهەنگێکی نەخشەبۆنەکێشراو دەبێتە هۆی ملشکانی نەتەوە. کلیلی ئەفسووناویی ئەم کارەساتە و دەرمانی ئەم دەردە ئەو چەمکەیە کە پێی دەگووترێت،سیاسەتی فەرهەنگیی...).(Caltural Policy)"٢٤ل ١٩).

***٨٢ -{ ئەوەی راستیش بێ میللەتی کورد پێویستی پتر هەیە بە لەسەرخۆکردنەوە تا میللەتێکی تری خاوەن سامانی مادی و مەعنەوی چونکە بەداخەوە کورد ئەوەندەی نییە هەندێکی لەژێر پێی رەخنە و نەفرینی ناڕەوا بپلیشێتەوە و دەربەست نەبێ، بەتایبەتی کە رەخنەکان دژی راستی و ئینسافیش بن و لە بەسەهووچوون و بێباکی و وردنەبوونەوەی رەخنەگرانەوە سەریان هەڵدابێ لە عاست مێژوو و بەسەرهاتەکانتی کە چ سوچێکی رەخنە لێگیراوەکان نییە ئەو بەسەرهاتانە بە پێی زەوق و کەیفی مرۆڤی سەدەی بیستەم رویان نەداوە و حازرێکی باشتریان بۆمان بەرهەم نەهێناوە،هەر وەک ناقۆڵایی ژیانی چینی زەحمەتکێشی ئەمڕۆی کورد بە ئارەزوو و بە تاوانی ئەوان نەڕسکاوە تا گلەیی بێ سامانی و بێ راحەتی و بێ ئازادی خۆیان لە خۆیان بکەین}.ل ١٠٢***

سـەرلەنوێ قسـە لەسـەر ئەوەیە، کـورد خـاوەنی دەسـەڵات و قەوارە نیـیە و سامانی ماکی و مینۆکی نییە. میللەتێکیش لەم سەرچاوە و گەنجینەیە بێبەش بوو، نـاچێتە ڕیـزی کـاروانی گەلانـی زینـدوو و چـالاکەوە و هەر چرکەسـاتێ هەبـوونی لەبەردەم مەترسی لەناو چووندایە

Giueppe Mazzini ماتزینی دەڵێ:" بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەرکی خۆی بەرامبەر خـۆی بەرامـبەر بە مرۆڤـایەتی ئەنجـام بـدات، نەتەوەکـان و دەوڵەتـی نەتەوەیـی پەیـــدابوون،خوا ناســـیونالیزمی وەک هـــۆیەک بـــۆ خێـــری ڕەگەزی مرۆیـــی ســـەپاندووە.گەوهەرە ئەخلاقیـیەکەش لەمەدایە، چـونکە نیشـتمان شـوێنی کـاری مرۆڤـایەتییە".(١٦،ل ٩٢ Johann Gottfried Herder.(،هێـردەریش دەڵـێ:" هەر نەتەوەیەک فەسڵێکی ژیانی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکات، یەکێ دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ یەکێکی تر".بەڵام ئایا ئەم یاسا و دروشمە لە کوێدا پێڕەو کراوە.بە تایبەت لە نێوان کورد و میللەتە سەردەستەکانی ترک و فارس و عارەبدا!؟.

***٨٣ ـ{ گەلی کورد بە ئاواتەوەیە لە مێژووی خۆیدا هەڵکەوتی وەها پڕ شانازی بدۆزێتەوە کە ئەدیبێکی کورد ستایشی حوکمڕانێکی کوردی کردبێ.وەی کاشکی سەرلەبەری ئەدەبی کۆنمان ستایشی بەروبارەگا وق دەست و قام و جوامێری حاکمە سەربەخۆکانی کورد بوایە.کاشکی کورد خاوەنی ئەو حوکمڕانە بویایە بە درێژایی مێژوو ستایش کرابایە.نالی کە دێ و ستایشی (تاقمە موممتازەکەی شاهـ) دەکات تابلۆییکی پڕ شەرافەتی مێژووە هەژارەکەی کوردمان بۆ دەکا بە نەمر چ دەســتێکی ســواڵ و سەدەقەشـــی تێـدا پـان نەکــردۆتەوە ببێــتە لەکــکە لەو تابلۆیەدا.لاوانـدنەوە و پیرۆزباییەکەشـی بـۆ مەرگـی سـلیمان پاشـا و حـوکمڕانی ئەحـمەد پاشـا لە قەسـیدەکەی (تـا فەلەک دەوری نەدا) ئەویـش وەک هـی (تـاقمی موممتازی شاە( هەستی بەخۆنازینمان زیندوو دەکاتەوە و گیانی کوردایەتیمان تیژتر دەکات، بەشێکی زۆری هەتیوایەتی کۆنینەشمان لە بیر دەباتەوە بەوەدا کە پێمان دەڵێ ئەمیرێکمان هەبووە لە مردنیدا بۆی بگریەین و یەکێکی تریشمان هەبووە لە هاتنی بۆ سەر تەخت پیرۆزبایی لێ بکەین}.ل ١٠٨ ـ ١٠٩***

گەلی کورد، بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتەوە، لەگەلێ دیاردەی تریش بێبەش بووە. ئەگەر بێتـوو، ئێمە لە مێژوودا، دەیـان سـەردار و سـەدان میـر و هەزاران پاشـامان

ببوایە، دەبا دوو هێندە شاعیرمان هەبوایە و پەیدا ببوایە، شیعریان بۆ شکۆی ئەمانە بگووتایە..چ لەوە خۆشتر دەبوو. خۆ میللەتانی دنیا شەڕ دەکەن لەسەر ئەوەی کامیان، پاشایان زێترە. داستانەکانی قەڵای دمدم و دوانزە سوارەی مەریوان و سەدان ڕووداوی تری مێژوویی، دەبوو کەرەسەی پیاهەڵدان و جێی شانازی شاعیرانی کورد بوایە. و دەیان و سەدان دەقی شیعری و شانۆیی و ڕۆمان و کاری دیکەیان لێ بکەوتایەوە.

وەک دەزانین دەرئەنجام ئەو بەرهەمانەش، دەبنە ئەدەبێکی بەرجەستەی مێژووی نەتەوەیەکی زیندوو، کە لە مێژوودا، ڕۆڵی کارای هەبووە. ئەمەش فاکتی بەرز ڕاگرتنی هەستی خۆ بە کوردزانینە، یاخود دەوڵەمەندکردن و ڕازاندنەوەی مێژووە، بە وێنەی سەرکردە و تاکی هەڵەوتوو و لێهاتوو.

## مرۆڤ و دەوروبەر بەرگی ـ ١ ـ

***٨٤ ـ { چەند بە ئاسانی لە تینوەتیدا ئاو دەخۆمەوە هەروەهاش بە ئاسانی واز لەو باوەڕەم دەهێنم کە بە بەڵگە دەپوچێتەوە با بە هەموو عومریشم ڕێزم لێی گرتبێ.من یەکەم ئامۆژگاریم بۆ ڕۆشنبیری تازە پێگەییشتووی کورد ئەوەیە خۆی نەکاتە پاسەوانی فکرەی قاڵب بەستو..چاوی ڕەخنەی نەتۆقێنێ..هەردەم ئامادەی (رفز) بێت بە مەرجێک سەرلەنوێ نەبێتەوە پاسەوانی ڕەفز}.ل ١٦***

ڕاستی و هەق پەرستی ،ویست و ئامانجی سەرەکی مامۆستا مەسعوودە. پرسی کوردیش لە گەوهەردا، داکۆکی لێکردنی هەق پەرستییە . ئەم بیریارە، هیچ کاتێ، مکوڕی لەسەر درێژەدان، بە هەڵەکردن ناکات و هاوکات شتەکان لەلای هەمیشە ڕاستی ڕەها نین. بەڵگەی زانستی و مێژوویی، دەتوانێ ڕاستی و هەقی شتێک بسەلمێنێ. ئەم کارەش لە خۆیدا کاراکتەری زانا و گیان بەرزی فێرخوازییە. لە لایەکی دیکەوە، مامۆستا مەسعوود ئامادە نییە، ئەوەی بە درێژایی تەمەنی لەسەر نووسیوە و ووتوویەتی و بیری لێکردۆتەوە، گەر هەڵەبێ، یان بە بەڵگە پووچەڵ بکرێتەوە، مکوڕی بکات لەسەریان و بڵێ هەر من ڕاست دەکەم و سووربێ لەسەر درێژەدان بەهەڵەکردنەکە.

کاتێ ڕۆشنبیریی تازەی کورد، خۆی گیرۆدەی بیروباوەڕی نوێ دەکات، مامۆستا داوای لێ دەکات دەستبەجێ، بە دە پەنجە، شتەکان ئیمزا نەکات و بە خێرایی ئالآی سپی خۆبەدەستەوەدان، بڵند نەکاتەوە. ڕۆشنبیر پێویستە بەدیقەت بێت لە خوێندنەوەدا، هێزی ڕەخنەگرتنی تێدا بێت و سڵ نەکاتەوە، ئامادەی ڕەتکردنەوە بێت. بە کورتی لە هەموو پرۆسێسەکەدا ئەقڵ و هۆشی خۆت بەکاربهێنە، ئامادەبە پەنجەی ڤیتۆ بڵند بکەیتەوە. مەبە بە کۆیلە و زەلیلی هیچ کەس و دەروێشی هیچ بیروباوەڕێک.

حەکیم کاکەوەیس لەمەڕ ڕۆشنبیرانەوە دەڵێ:" ڕۆشنبیریی میللەتان بەرچاوی خەڵک ڕووناک دەکەنەوە. هی ئێمە خەڵک دەخەنە سەر خەیاڵی ڕاوەڕێوی و ڕاوەژێژک و بۆ خۆڵ لەچاوکردن هەر ڕۆژە سەری ئەو میللەتە بە دیواری بیرێک و ئایدۆلۆژیایەکدا دەدەن".(...ل ٤٦).

***٨٥ ـ {لە ماوەی سی ساڵەی دواییدا گەنجی کورد لە مەیدانی فکری فەلسەفی و سیاسیدا لە تاکە یەک ئاوازی ماتیریالیست بەولاوە هیچی تری بەسەربەخۆیی نەبیستوە، هیچ کەسێکیش جورئەتی نەکردووە یەکسەر ڕەخنە لە سەرچاوە و بنەما فکرییەکانی ماتیریالیست بگرێت وەیا بوێرێ بە هیچ فەلسەفەیێکی دیکەی بگرێ وەیا ببڕای باسی نەگەییشتنە دی شتە خۆشە چاوەڕوانکراوەکانی بکات وەیا ڕۆژەک لە ڕۆژان ژیانی کرێکاری وڵاتێکی وەک سوید و دانمارک تەرجیح بدات بەسەر ژیانی کرێکاری روسیا...خولاسە حەرامبونی باسی فەلسەفەی غەیری ماتیریالیست لە خوێندەواری کورد گەلێک بەولای حەرامبوونی زەندیقایەتی لە نەزەر ئیماندار تێپەڕی کردووە و دەرگای لەسەر داخراوە}.ل ٢١***

یەک لەو خاڵە کوشندە و نەرێنیانە، کە سەرەتای ساڵانی سەدەی بیست،رووی لە کوردستان کرد، بە تایبەت باشوور،بیری (مارکسایەتی لینینایەتی / م.ل) هەژموونی پەیدا کرد و خەڵکێکی زۆر ڕوویان لەم بیرە کرد. بێ ئەوەی بە دروستی لە بنەما سەرەکی و میکانیزمەکانی پێڕەوکردنی تێ گەیشتبن. لە دروشم و کرداردا،واتە تەرجەمەی بکەن و بیخەنە خزمەتی واقیعی دۆزی کوردەوە، هەروەک میللەتانی تریش کە وایان کردووە. ئەم بیرە وا پیرۆزکرا بە ڕادەی ئاینێک پەرسترا، تابوو بوو کەسێک بیخاتە بەرباس و ڕەخنەی لێ بگرێ. کەس ماف و زاتی ئەوەی

نەبوو، لەدەرەوەی ئەم هەژموون و جیهانبینیەدا، خۆی بدۆزێتەوە. ڕێگە بە کەسێک نەدەدرا، قسەی لەسەر ئەم ڕێبازە هەبێت، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، بەراوردی بکات بە بیر و ڕێبازەکانی دیکە و، کەموکوڕی و ناواقعێتی دیاری بکات. تا بزانین و تێبگەین لە کوێدا بە باڵای ژیانی کۆمەڵایەتی کورد دەکات و لە کوێدا کورت دێنێت. هەر کەسێ ئەمەی بکردایە، هەر زوو دەستی گوناهو و پەنجەی تاوانباریی بەڕوودا، بەرز دەکرایەوە. ڕەخنەگر و ئەوانەی قسەیەکی دیکەیان هەبوو دەتۆقێندران. بە کورتی و کرمانجی بڤەبوو، لە دەرەوەی بازنە و چوارچێوەی ئەم بیر و ڕوانگەیەدا، چ سەکۆیەکی تری بیروباوەڕ بۆ خۆت هەڵبژێری، تێیدا بە ئارامی بیر بکەیتەوە و بیر و بۆچوونەکانت ڕابگەیێنی. ڕەخنەگران لە م.ل. هەر زوو بە زوو شاڵاوی تیرۆری فیکری ڕایدەماڵین،چ لە کوردستان چ لەدەرەوەش هەمان سیاسەت پێڕەو دەکرا. هەر بۆیە سەرئەنجام ئەو بیرە بووە، دۆگمایەکی ووشک و لە چوارچێوەی بیرۆی سیاسیی پارتە کۆمەنیستەکاندا، کەڕووی هەڵهێنا و کەڵکی ژیانی تێدا نەما. ئەوانەی دواکەوتوو و پاشکۆی ئەم ڕێبازە بوون،هێندە کوێرانە و دەروێشانە ڕەفتاریان دەکرد،چ دەرەتانێکیان بۆ کەس نەهێشتبۆوە، بۆ بەشداریکردنی گفتوگۆ و دیالۆگێکی بابەتییانە. کوێرەوەری لەوەدا بوو،لەشکرێکی خوێنەوار و بەناو ڕۆشنبیری بێ ئاگا و لە مێژوو و جڤات و فەرهەنگی نەتەوە، سەرلێشێواوانە،دەرگای هەر گەنگەشەیەکیان بە رووی کەسانی دیکەدا دادەخست،تاوەکو کەس نەتوانێ لەسەر ئەم ڕێباز و دیاردە، شرۆڤەکاری بکات و ڕاستییەکان بە خەڵکی بگەیێنێ.

***٨٦ - { بێگومان تێکڕای کورد لە میللەتێکی تری دراوسێی خۆی پاشکەوتووترە،بەڵام دیسانەوە بێگومان کۆمیونیستێکی کورد لە چاو یەکێکی میللەتێکی تر یەکجار پاشکەوتووترە لە پاشکەوتوویی تاکێکی تری کورد،نەک هەر ئەوەندە بەڵکو هەتا کۆمیونیستە کوردەکە پتر لە کۆمیونیستایەتی تێهەڵدەکشێت و پایەی لە نێوان بزوتنەوەی کۆمێونیستی جیهاندا بەرزتر دەبێت کەمتر دەوێرێ ناوی کورد بهێنێت و باشتر لە سەر میللەتێکی تر دەکاتەوە}.ل ٣٦***

یاساکە ڕێژەییە و کاتێ میللەت دواکەوتوو بێ، تاکەکانیشی دواکەوتوو و پاشکەوتوو دەبن، بۆیە ئەو تاکە لە پوچگەرایی خۆیەوە، هەوڵی پڕکردنەوەی

بەتاڵییەکـــانی، بە شـــتی بێگـــانە دەدا و بەشـــێوەیەک خـــۆی لای بێگـــانە دەبـــاتە پێشـــەوە،وەک دەڵـــێن: کوچـــک لە ئـــاگر گەرمتـــرە. ڕەنـــگە باشـــترین نمـــوونەی ئەم باسەمان ،کۆمۆنیستە کوردەکانی نێو پارتی تودەی ئێران و کۆمۆنیستی تورکیا و سـوریا بێت و بە هەنـدێ پـارێزەوە، ئەوانەی عێـراقەوە،کە هەمیشـە گـرێ کـوێرەی کوردبوونییـان هەبـووە و لە ئێرانچێتـی و تورکیـاچێتی و عروبەشـدا شۆڕەسـوار بوون.

زانـای کۆمەڵناسـی گەورە،بێشکچی لەم ڕووەوە دەڵێ:" پلەی کۆمەڵایەتی کـورد نزمترە لە پلەی نەتەوەیەکی کۆلۆنی،پلەی کۆمەڵایەتی کوردستان نزمترە لە پلەی خـاکێکی بە کۆلـۆنیکراو.دواتر دەڵـێ: کوردسـتان تەنـانەت لە کەسـایەتی و ئاسـتی " کۆلۆنییەک"نزمترە و کەسایەتی و ئاستی نەتەوەی کوردیش لە کەسـایەتی و ئاسـتی نەتەوەیەکی "بەکۆلۆنیالیکراو" کەمترە".(١٢- ل٣١).

هەموو هاوکێشەکە لای مەسعوود محەمەد، لە پەستا جەخت کردنەوەیە لەسـەر بزریـی و نەبـوونی دەسـتگا و دامەزراوی دەوڵەت، وەک هێزێکـی کـاریگەر و بە بڕشـت، ڕۆڵـی بە بـایەخی لەسـەر تێکـڕای جومگەکـانی ژیـان. بەبـێ ئەم ئـامێرە، سـەرجەم جەسـتەی نەتەوە، ئیفلـیج دەبێـت و بە شـەپڵە لێـدراویش پرۆسـەی ژیان،نەکارێ بە سانایی ڕەوڕەوەی خۆی تاو بدا و وەرچەرخێنێ. ئا لەم خاڵەوەیە، بۆمـان دەردەکەوێ ئەوانەی بـێ دەوڵەتـن، دوادەکەون و بەجـێ دەمێنـێن. حـاڵی کورد، نموونەیەکی هەرە زەقی ئەم ڕاستییەیە.

***٨٧ -{ ئەم خـۆ بە تاوانبـارزانینەی کۆمیونیسـتیکی کـورد لە داواکردنـی مـافی نەتەوایەتـی کـورد بە جـۆرێکی سـەربەخۆ، بەتەواوی لە کـوردە قەومیـیەکەش دەردەکەوێتەوە بەوەدا کە ئەو پتر لە قەومێیکی عارەب وەیا فارس وەیا تـورک خۆی لە تاوانی شۆڤێنیەتی دەپارێزێ لە حاڵێکدا کوردی بێدەسەڵات ئەوەندە نەدار و کەمهێـزە نـاتوانێ بە درۆش شـۆڤێنی بێت وەک بەرخ و کـار هەرگیـز نـاتوانن هەرەشەی گۆشت خۆری و دڕندەیی بکەن.سەیری پەژارەیی کورد لە چ پلەیێکی مـرۆڤ تۆقێنـدایە،کە هەسـتی خـۆبەکەم گرتنـی هەزاران سـاڵەی ژێردەسـتی و نۆکەرایەتی وا لە (شۆڕشگێر!)ەکەی دەکات کە ترسـی گلەمەنـدی ئاغا کۆنەکانی و(هاوڕێ)تازەکانی سواری وەهم و خەیاڵی ببێت و بە تـف لەخۆکردن و جنێو بە کورد و کوردستان دان تاوانی رەگەزپەرستی لە خۆی بتەکێنێت لە حاڵێکدا دەبوو***

***،بە پێچەوانە، ئەو ئاغا کۆنانە عوزر بۆ کوردەکە بهێننەوە و حورمەتی (رەگەز)ی کورد بگرن،(هاوڕێ)تازەکانیش بەولاواندنەوە و دڵ راگرتنەی میللەتی ئیمڕۆکەی کورد نەختێک لە رەشایی مەغدوریەتی کورد بە درێژایی ئەزەل بسڕنەوە}.ل ٣٦ ٣٧.***

لە باری سایکۆلۆژییەوە سەلمێندراوە،کە هەستی پەستی و خۆ بەکەمزانی و گرێی دەروونی ،مرۆ بچووک و زەلیل و شەرمن دەکات و تواناکانی سست و باوەڕەی لەق دەکات . بە کۆی ئەمانە "بوون و هەبوون"ی هەر تاکێک بێ مانا و نرخ دەبێت. ساتەوەختێکیش هەڵگرانی بیروباوەڕێک ـ لێرەدا قسە لەسەر کۆمۆنیستە بەگداشییەکانە ـ ، جورئەتی گوزارشکردن لە خۆی و لە ویستە نەتەوەییەکانی نەبێ،بە پێچەوانەوە بۆ ڕازیکردن، یاخود خزمەتکردنی بەرامبەر زۆر خۆی کەساس و بچکۆلە دەکاتەوە، بە رادەیەک نرخ و فەڕ لە بوونی کەسێتیدا نامێنێ.

من تا ئێستا، هیچ دەق و پەرەگرافێکی کوردی هێندە بەرز و جوان و پڕ بە پێستی باسەکەم نەدیوە ، لەدەرەوەی ئەم وەرامدانەوەی مامۆستا مەسعوودا هەبێت، کە وەک وەڵامێک، ئاڕاستەی ئەوانەی کردووە، کورد بە شۆڤێنی ناودەبەن. هێنانەوەی نموونەی جیاوازیی، نێوان بەرخ و گورگ، بۆ حاڵی بندەستی کورد وەک مەڕ و داگیرکاریی سەردەستی عارەب و تورک و فارس، وەک گورگ. کێشانی هێڵی دووریی نێوان ئەم دوو فیگۆرە،نەخشاندنی بنەماکانی جیاوازی بەرژەوەندی بەرخ و گورگ، چ گەردێک بەسەر ئامانجەکەیەوە ناهێڵێ و بە دروستی کرۆکی باسەکەی پێکاوە و ئەمەش شاکارێکی بە نەمریی دەمێنێتەوە. سەرنجی قووڵ لەم هاوکێشەیە بدە. بەرێکی هاوکێشە، مەڕێکی بەستەزمان و ئەوبەریش گورگێکی دڕندەی برسی کەڵبە خوێناوییە. هەرگیز نەبووە،مەڕ گورگ بخوات، کەچی گورگ هەیە،هەزاران مەڕی لووش داوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەناوی جۆرا و جۆر و بۆ مەبەستگەلێکی خەیاڵاوی تۆ ببێت و داوا لە مەڕ بکەیت بەیاننامەی برایەتی لەگەڵ گورگدا دەربکات و پێکەوە بچنە سەنگەرێکەوە. لەکاتێکدا ئەرکی هەموو دنیایە، گورگ ناچار و سزا بدات، بۆ ئەوەی دەست لە مەڕ خواردن هەڵگرێ.

***٨٨ ـ { هەڵوێستی چەپی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق هەمووی زادەی دایک و باوکێکی ئیعتبارین:***

***١ ـ خۆبەکەمزانیین لە ئاکامی تێشکانی چەندین هەزار ساڵەی میللەتی کورد .***

***٢ ـ خۆدانە پاڵ بزوتنەوەیێک کە یەکەم هۆی شانازی لە کوردایەتیدا نابینێت بەڵکو لە نێونەتەوەیی دا دەبینێت، با ئەو بزوتنەوەیەش هەر ببڕای ببڕای دانی بە کوردایەتیدا نەهێنابێت.بەراستی دەشێ ئەم دان پێدانەهێنانەش هۆیەکی بنجی بێت لە کزبوونەوەی هەستی شانازیکردن بە نژادی کورد لای کۆمیونیستی کورد،بەوەدا کە ئەو لە پێشەوە خۆی بە نێونەتەوەییەوە لکاند و کردی بە کێشانە و پێوانەی چاکە و خراپەی شتان.نێونەتەوەیش مەرحەبای لە کوردایەتی نەکرد یەکسەر کوردایەتیەکە لەبەرچاوی کۆمیونیستەکە دەپوچێتەوە و لە سەبەبە هەرە گەورەکەی شانازی پێوەکردن بەتاڵ دەبێ.هەر ئەم راستییەیە وا دەکات کۆمیونیستی کورد شانازی بە بزووتنەوەی پرۆلیتاریای هەموو جیهانی دەرەوەی کوردستان بکات وەک ئەوەی کە بەرهەمی بزووتنەوەکە راستەوخۆ برژێنە عەنباری ماڵی خۆی، وەیا باوک و برای خۆی رابەری بزووتنەوەکە بن}.ل ٣٨ ـ ٣٩***

فاکتێکی گرنگی مێژوویی خۆبەکەمزانی، قوڵایی مێژووە،لاپەڕە تاریک و ڕەشەکانی تێکشکاندن و نەبوونی قەوارە و دەسەڵات. ڕووداوە تاڵەکانی، شەق تێهەڵدراوی مێژووی دۆڕاوی مەیدانی سیاسەت. بۆیە زۆر گرنگە لە کایەی مێژوودا، کار بکەین و هەوڵی بەدەست هێنانەوەی بەها مۆڕاڵییەکان بدەین و بارە لەنگەکان ڕاست بکەینەوە و ئازار و ژانەکان بنەبڕ بکەین. تا زەمینەی لەباری هەڵسانەوە و باوەڕ بەخۆبوونی تاکی کورد فەراهەم دەبێ. ڕێبازی مارکسایەتی بۆخۆی هەڵگری پەیام و دروشمی نێونەتەوەییە، لێرەش دا جێگەی نەتەوایەتی نابێتەوە. بارودۆخی کوردیش داوای بیرکردنەوە و خەباتی نەتەوەییانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕۆڵەکانی دەکات. دەنا گەر بێت و کورد، هەر جۆرە ئایدیا و ئاینێک بڵند کاتەوە، خۆی دەکاتە قوربانی پرسە نێونەتەوەییەکان و هیچ کەس و لا و حکومەتێکیش، منەتباری نابێت . بۆ نموونە گەر مۆسکۆ بەرژەوەندی وا بێت لەگەڵ بەغدا دۆست بن، کورد دەبێ دژایەتی بەغدا نەکات. ئەمە ڕوانگەی مارکسی لینینیستەکانە. پارتی کۆمۆنیستی تودە،لەسەر داخوازی مۆسکۆ،ساڵانێکی باش، بووە هاوستراتیژی کۆمار و رژێمی ئیسلامی ئێران،تا دواتر بەر گورزی کوشندەی خودی ڕژێمە ئیسلامییەکە کەوتنەوە.

بێشکچی دەڵێ: " ئەو کوردانە کەسایەتی خۆیان ناپارێزن و زۆر لەخۆ ناکەن تا گوزەرانی سەختی گەلەکەیان بگۆڕن کە تەواو بە قوڕدا چووە.ئەوانە نەک هەر ئینتەرناسیۆنالیست نین، بەڵکوو ناشتوانن ببنە دیموکراتی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە،چونکە شۆڕشگێڕ ئەو کەسەیە کە دژایەتییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان دەبینێ و خەبات بۆ چارەسەرکردنیان دەکات.ناشێت کەسێکی دوور لە کێشەی میللەت شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە بێت. ئەو کەسەی کە پەی بە دژایەتییە سەرەکییەکانی کۆمەڵەکەی دەبات و تێناکۆشێ ئەو هێزانە دەستنیشان بکات کە ئەم دژایەتییانە چارەسەر دەکەن و ئەرکی خەباتگێڕانەی خۆی نازانێ،ناکرێت ببێ بە شۆڕشگێڕێکی بارنەگۆڕ.ئەوەی بۆ میللەتەکەی خۆی شۆڕشگێڕ نەبێ،پشتگیریکردنی لە خەبات و دیموکرات و رزگارخوازی گەلانی تر کەڵکی زۆری نابێ.

ئینتەرناسیۆنالیزم بە تەنیا لەسەر بناخەی یەکسانیی گەلان لە نێوان خۆیاندا دەگونجێت کە دەوڵەتێکی سۆسیالیست پشتگیریی گەلانی ئیستیعمارکراو و چەوساوە دەکات، ئەوە کارێکی ئینتەرناسیۆنالیستییە و پێویستە لەسەریان ئەرکی ئینتەرناسیۆنالیستییان بەجێبهێنن.ئەمە پێوەندێکی ئینتەرناسیۆنالیستی شیاوی تێگەیشتنە چونکە زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەم جۆرە وڵاتانەدا چارەسەرکراون. بەرگری لێکردن و پاڵپشتی گەلانی چەوساوە و ئیستیعمارکراو ئەرکێکە دەبێ جێبەجێی بکەن. بەڵام پشتگیریکردنی چینی کرێکارانی دەوڵەتانی پەرەسەندو لەلایەن گەلانی ژێردەستەی چەوساوەو ئیستیعمارکراوەوە تا چ ڕادەیەک بۆ چارەسەکردنی گیروگرفتەکانی ئەم گەلانە بە کەڵک دەبێ؟

تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ: لە هەلومەرجی ئێستادا یارمەتی کورد بە کرێکارانی سۆڤییەت یا ئەڵەمان یا ئینگلیز یا کرێکارانی هیندستان و میسر ناکات، چونکە کورد چەوساوەیە و بەها مادی و مەعنەوییەکانی زەوتکراون. لە کاتێکدا دەکرێت پشتگیریی چینی کرێکاری جیهان بە خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتی کورد بگات و،هەر دەشبێت بگات.دەبێ لەم چوارچێوەیەدا لەمەسەلەی ئینتەرناسیۆنالیزم بکۆڵدرێتەوە.پێموایە پاڵپشتی پێویستی ئینتەرناسیۆنالیستانە بە بزووتنەوەی رزگاریخواز و شۆڕشگێڕی کورد ناگات.دەبێت بپرسین بۆچی ئەم پاڵپشتکردنە ناگات"؟(...) دواتر دەڵێ:" هێندێک دەڵێن چونکە کورد ئینتەرناسیۆنالیست نییە،بەڵام ئینتەرناسیۆنالیزم بەتەنیا ئەرک و ئیشی کوردە؟ ئەی سۆڤییەت و چین و ئەلبانیا و بولگاریا و دەوڵەتانی وەک چیکۆسلۆڤاکیا و چینی کرێکاری تورکیا و فەرەنسە و ژاپۆن و هیتر ئەرکی ناسیۆنالیستییان نییە؟ بۆچی ئەوانە تا ئێستا بێدەنگ

مـاونەتەوە؟ کـورد دەبێـت لەم مەسـەلەیە ووردببێـتەوە و لێـی بکـۆڵێتەوە.دەبێ ئەو کوردانەی کە لافی ئینتەرناسیۆنالیزم لێدەدەن لە خۆیـان بپرسـن: بۆچی دەوڵەتـانی سۆشیالیست و چینـی کرێکـارانی دەوڵەتـانی پەرەسـەندوو پشـتگیریی بـزووتنەوەی رزگـاریخوازی کـورد نـاکەن و چـاوی لـێ دەنـووقێنن؟ بـۆچی پاڵپشـتی دەوڵەتـانی ئیستعمارکەر ـ مەبەست لە تورکیاوئێران و عیراق و سوریاـ یە ، دەکەن و پێوەندی لەگەڵدا بە تین دەکەن؟."(١،ل ٧٠ـ٧٣).

***٨٩ ـ{ هەموو ئەو لێکجودابوونەوانە و براکوژییانەی لە بزوتنەوەی نەتەوایەتـی کوردیشدا رویان دا، ئەوانیش چ پێوەندییان بە مەوزوعیەت و بەرژەوەند و سوودی کــوردەوە نەبــوو،بەپێچەوانە،دژی کــوردایەتی و ئامانجەکــانی بــوون، جــا ئەگەر نەختێکیش جوداوازی رەوا و ئاسـایی و چاوەڕوان کراویـان تێدا بووبێت بەشـی هەرەزۆرریان دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری ئەو (زات)انەی سەرپەرشتی کارەساتەکانیان دەکــرد ئەگەرنــا بەرژەوەنــدی کــوردایەتی ئەوەهەڵنــاگرێ لە حــاڵ و بــاری ئەم رۆژگارەیدا رۆڵە سـەربازەکانی یەخەگیری یەکتـر ببن و بە چەکـی بێگـانە یەکتـر بکـوژن ، کە دەڵـێم(لە حـاڵ و باری ئەم رۆژگارەیدا) دەمەوێ رەخـنەی رەخنەگـر بێدەنگ بکەم دەنا بەلای باوەڕی منەوە رەوا نییە هەرگیز لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و خەبــاتی بەرەوپێشــچووندا خــوێن لە لــووتی کەس بێــت، ئەوانەی دەیــانەوێ بە بەهانەیت لێکدانەوە و شیکردنەوەی فەلسەفی خەڵق رازی بکەن بە پێویست بون و رەوابوونی کوشتن و بڕینی ناوخۆیی خەباتگێڕان کەسانێکن ژەهری حەزیای نەفس و زاتی خۆیان دەڕژێننە ناو دەقـی فەلسـەفەکان وەیا هەرنەبێ بە جۆرێکیان واتـا لێدەدەنەوە کە پۆرگی ئەوتۆیان تێدا ساز بدرێت جیی ژەهری هەناوی ئەوانی تێدا ببێتەوە}.ل ١٤٢ ـ ١٤٣***

لە مێژووی نوێدا بە بیـانووی سـەرمایەدار و کرێکار،ئاغـا و شۆڕشـگێڕ،تەنانەت دیموکرات و نادیموکراتەوە، حیزبی کوردی یەکتریان کوشتووە.لە کاتێکدا هـیچ یەک لەو ئامـانج و دروشـمانە پێوەنـدیی و بەرژەوەنـدییەکی کوردایەتییـان تێـدا نەبـووە. نموونەی قێزەون و شەرمهێنەر زۆرن.

خۆشبەختانە،سـاڵانێکی باشـە، ئەم ئەقڵێـت و فەرهەنـگە نەگریسـە وا بەرەو لە گۆڕنـان و تـابووکردن دەچێـت. لـێ گـرنگە هەر بیـری لێبکەیـنەوە و بەردەوام، لە بیرمان بێت و وانەی لێوە فێربین.

***٩٠ ـ { بڕوا دەکەم ژمارەی کوژراوی خەباتگێڕ بەدەستی خەباتگێڕی میللەتەکەی خۆی پتر بێ لە ژمارەی کوژراوی بڵباس بەدەستی مەنگوڕەوە..} ل ٦٨***

بە نموونە شەڕی مەلایی و جەلالی / پارتی و یەکێتی و کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات و پ ک ک و حسک و یەکێتی. ئەمەش ڕەشترین پەڵەی مێژووی هاوچەرخی کوردە،کە لەژێر سایەی حیزب و بەناوی بەرژەوەندی و دروشم و فەلسەفە و نافەلسەفەی جیاواز و لەبەر حەزی دەروونی نەخۆشی بەرپرسی حیزبەکان گەلێ جاران شەڕی خوێناوی ڕوویان داوە.ڕەنگە تەنیا ئاماژەدان بە کوژراوانی شەڕی کوردکوژی نێوان حسک و یەکێتی، خۆی لە زیاتر لە ١٥٠٠ کەس بدات.هی نێوان پارتی و یەکێتی چەند هەزارێک تێدەپەڕێنێ. با بزانین پەشێو چۆن ئەمەی دارشتووە:

**دووتەرم کەوتوون، تەرمی دوو برا.**
**مەودای نێوانیان هاڵاوی جەرگی دایک و بابە**
**گەورەکانیشیان وا بسکەیان دێ**
**مەودای نێوانیان**
**مێزی دوژمن و پیاڵەی شەرابە**

***٩١ ـ { بەداخەوە نەمدیت و نەمبیست خەباتگێڕی کورد برادەرە کوردەکان بەوە رابهێنێ کە لەسەر کاری ناڕەوا لە خۆی هەڵگەڕێتەوە}.ل ٩٨***

بۆ نموونە، نەمان دیوە و نەمان بیستووە، لەسەر شەڕی کوردکوژی وەک پرۆتێستێک، تا ئێستا ئەندامێکی سەرکردایەتی، بیرۆی سیاسی، ئەندام پەرلەمانێک وازبهێنێ لە پۆستەکەی. هەڵوێستێکی کوردانە دەربڕێ و دژی ئەم بڕیار و ڕەفتارەی سیاسەتی حیزبەکەی بوەستێتەوە. ئاخر هەر لەسەرەتاوە مێشک و دەروونیان بە ژەهری دژایەتی و یەکتر بڕینەوە گۆشتکراون. هەڵبەت ئەم قسانەمان هی ڕۆژە ڕەشەکانی ناکۆکی و شەڕی دۆڕاوی براکوژییە. چانسی گەورە دەبینم، چ جارێکی دیکە ئەو کارەساتانە دووبارە نەبنەوە.دیارە کارو هەڵوێستێکی لەم چەشنە،لە خودی خۆیدا نیشانەیەکی بوێری و سیفەتێکی دیموکراسیشە.

***٩٢ ـ{ ئەوەی راستیش بێت بەدرێژایی نووسینەکانم لەپەنا رەخنەگرتن لە شۆڕشگێڕە کۆنەکانی جیهان کە دەوڵەتیان پێکهێناوە هەر جارە بادەدەمەوە سەر رەخنەگرتن لە کوردەواری،بەتایبەتی بەرەی چەپی کوردەوەری،لەوەشدا خۆم لەسەر حەق دەبینم چونکە خەباتگێڕی کورد و عارەب و فەرەنگ چاو لەو خەباتگێڕە کۆنانە دەکەن کە رچەیان بۆ جیهان کێشاوە ئاین و ئۆینی فکر و فەلسەفە و خەباتیش هەر لەوانەوە بەمیرات بەجێماوە،رۆژ لە دوا رۆژیش فەتوا لەوانەوە وەیا لە جێنشینی ئەوانەوە دەردەچێ بۆ رەوابوونی چی لێرە بە پێشەوە کراوە و چی لێرە بەدواوەوش دەکرێ و چی لە خەلقی سەردەم و دوارۆژیش داوا دەکرێ}.ل ٩٦ ـ ٩٧***

دوای خوێندنەوەی مێژووی خەباتی گەلان و ژیننامەی تێکۆشەران و هەڵکەوتووانی دیاری مەیدانی سیاسەت،پاش دەربڕینی دیدی خۆم لەم گۆشەنیگاوە، سەرنج لە رەفتار و گوفتاری سەرانی کوردیش دەدەمەوە...جارێ ئەوانەی سەرێ بوونەتە هێما و نموونەی بەرز بۆ خەباتگێڕانی رۆژهەلات، لە کاتێکدا خۆیان ژیانیان پڕ لە هەڵە و کەموکوڕییە،یاخود هەر نەبێ ئەوەی لە ولاتی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن، بە کۆمەڵگەی کوردەواری نامۆ و نەگونجاوە.

***٩٣ ـ { پێویستە دەنگی خەباتگێڕەکانمان بدەین کە کورد رازی نییە هەڵەی لێرە بە پێشەوەی شۆڕشگێڕە رابەرەکانی جیهان و ناواقیعیەتەکانیانی لێ بکرێن بە دەستوور و ئایین}.ل ٩٧***

هەڵە لەهەر کەسێکەوە بێت، هەڵەیە.ملیۆنەها مرۆڤ بەدەستی ستالین دەکوژرێن،کەچی کۆمۆنیستی کورد، لەبەرخاتری ئیدیۆلۆژی، کە لە زۆر دۆخدا، بریتی بووە لە سیاسەتی فەرمی شورەوی، ستایشی کردەوەکانی ستالین دەکا و منی بێچارەش، ناچار دەکات بۆی بسەلمێنم و ستالینیش بپەرستم.

دەنگدان، دیارە لێرەدا باس لە سندوقی هەڵبژاردن ناکات، لێ زیاتر مەبەستی ڕەخنەگرتن و بە ئاگا هێنانەوەیە. هەڵوێست نواندنە، بە ئاگابوونە،مانگرتن و یاخی

بــوونه، ســتالین بــۆ دەبــێ بکــرێته بتێــک و کەلە ســەری لە مــاڵی ملیۆنەهــا لە کۆمەنیستەکاندا، دابنرێ و بپەرسترێت؟!.

***٩٤ ـ { هەڵبەت من داوا لە مرۆڤ دەکەم،ئەوساش داوام دەکرد، بەتایبەتی لە کورد کە بایی فلسێک و سەلکە پیازێکی رزیو قەرزاری هیچ فەلسەفەیەکی مادی و نامادی ئەم جیهانە نییە، رەنگە قەرزی خۆیشی بەسەر فەلسەفانەوە هەبێ، ئەوەندە ئازاد و چاوکرایەوە بێ بوێرێ بە هەڵە بڵێ هەڵە و راستیشی بکاتەوە با هەموو دنیای مادی و نامادیش یەک دەنگ و یەک نەوا لەسەر هەڵە مێژوویيە فکرییەکانی خۆیشی بکاتەوە}.ل ١٤١***

شتێکی بەڵگەنەویستە کە، نابێت پرسی نەتەوەیەک بکرێتە دیلی بیر و ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی نێو کتێبەکان. چارەنووسی نەتەوەیەک لەوە پیرۆزترە، لە سێبەری دەقە ئەستوور و خەست و خۆڵەکاندا قەتیس بمێنێ. لێرەدا زیاتر قسە لەسەر تاکی کوردە، پەروەردەکراوەکەیە پێویستە ئامادە بێت دژ بە درۆ و ناهەقی و نارەوایی بوەستێتەوە. گەر بێت و هەموو دنیا لە پشت مەسەلەکەیەوە بوو، بەڵام هەڵە و چەوت و نارەوا بوو، دەبێت مرۆ، قسەی هەبێت و هەڵوێست بنوێنێ. کەواتە مەرج نییە هەموو شتێک بۆ کورد فتوکۆپی بکرێ و بەسەریدا تاقی بکرێتەوە. بە کورتی، داوای هەڵوێست نواندن و دەنگ هەڵبڕین و رەخنەگرتن، نیشاندانی ڕێکردن بەرە راستە شەقام و بەرەو ئامانجە پیرۆزەکان بەها بەرز و بە نرخەکانی، چەمکە گرنگ و ڕاستەقینەکانی خەباتن.

***٩٥ ـ {لەوەتەی خۆم ناسیوە بەکەسم نەگووتووە فڵانە رێگە بگرەبەر: ئەوپەڕی رێنمایی لە منەوە دەرکەوتبێ ئەوە بووە گوتوومە من لە جیاتی تۆ بامایە وەها و وەهام دەکرد،خۆشت خاوەن بڕیاریت.هەڵگرتنی ئۆباڵی تێوەگلانی خەڵق دڵ و دەروونێکی دەوێ زۆر باکی بە چارەنووسی خەڵق نەبێ.من لەوانەنیم.ئنجا ئەگەر من جیگری هەرەراستی ئەو شتانەش بزانم کە رەخنەیان لێدەگرم وەهای دەرنابڕم ببێتە هاندەر بەرەو هەڵوەستی ترسناک.وتووێژی من لەگەڵ هۆش و گۆشی گەنجی***

***کورد و رۆشنبیری کوردە بایی ئەوەی قوتابییەک لە نێوان قوتابیاندا کە هیچ دەسەڵاتی ئەمر و نەهی نییە خورپەی هەناوی خۆی پێ وەدەر بنێ.من کە کابرایەک ببینم خەریکە بە خۆفڕێدان لە بانێکی بەرزەوە بێتە خوار هەر هێندەی پێ دەڵێم خۆ فڕێ دانت مردنی لەدوایە،لەوە بەدواوە حەقی نییە لێم بپرسێ(کوانێ پەیژە و قادرمە پێی بێمەخوار؟).ئەگەر من بۆ ئەو شوێنەم ناردبایە حەقی بوو داوای پەیژەم لێ بکات.بەرپرسیاربوون لە چارەنووسی خەڵق بەولای تەحەمەلمەوەیە}.ل ١٤٥ - ١٤٦***

باوەڕبوون بە ئازادیی تاکە کەس، بنەمایەکی گەورەی ئەقڵ و سیستەمی دیموکراسی و ژیانی لیبەڕاڵییە. هەر لەم ڕوانگەوە تێبڕوانی، دەزانی مامۆستا مەسعوود نایەوێ هەرگیز ئازادی کەس زەوت بکات و داوا ناکات،هیچ تاکێک وەک دەروێش و کوێرانە دوای بکەوێ. وەک دەزانین گێل و گەوجاندنی تاکە کەس، یەک لە پرنسیپە گرنگەکانی حیزبی کوردییە. مەسعوود محەمەد، هەمیشە بە خاکەڕاییەوە و بە خوایشت ڕێنمایی پێشکەش بە کەسی دووەم کردووە. بەهەق چارەنووسی خەڵکی لا مەبەست و گرنگ بووە، دەنا ئەمیش دەیتوانی بار و دۆخێک دروست بکات و بە چوار وشەی ڕەنگاورەنگ خەڵکەهایەک، بگەوجێنێ و دوای بکەون و لەم ڕێگایەوە، ئەوان بە فەتارەتدا بدات و کار بۆ مەرامەکەی خۆی بکات. مامۆستا، باوەڕی بەکاری هەڵە و بەهەڵەدابردن و لە خشتەبردنی کەس نییە و نەبووە. هاوکات ئامادەش نەبووە، لە نادیاریدا، شەقاو هەڵنێ و لەسەر داری قرچۆک ڕاوەستێ و گوتاری ئاگرین بڵاوکاتەوە و داوا بکات لە خەڵک، بەگژ ئاگر و ئاسندا بچنەوە، بێ ئەوەی بزانن بۆ و لە پێناوی چیدا؟! بۆیەکا تەنیا هەوڵی ڕۆشن کردنەوەی بابەت و خۆشکردنی ڕێگا و نیشاندانی چارەسەر دەدات و گەرەکێتی لەم دەروازەیەوە، تاکی کورد خۆی بە زانین و زانست و زانیاری چەکدار بکات و ئامادەش بێت، هاوکات دەستی ڤیتۆ بەرامبەر بە زوڵم و ناهەقی بڵند بکاتەوە و دەروێشانە گوێڕایەڵی فەرمانی چەوتی حیزبیش نەبێت. ئەوی دیکەی تاک خۆی لێی بەرپرسە. لەو نموونەدا،کە خۆشی هێناویێتەوە، چ گەردێ بە ڕووخسار و ناوەڕۆکی باسەکەوە ناهێڵێ.

***٩٦ -{ خۆ ئەوەی راستی بێ بەشێکی بەرچاوی لێکدانەوەکانی من لە نەهاتنەدی بەڵێنەکانی مادییەت و نادروستی هەنگاوی مادییەکانی کورد سەری هەڵداوە چونکە ئەگەر داوا چەور و شیرینەکەی بیری مادی کە گۆیا بینین و موژدەکانی لە مادەوە تیشک دەدەنەوە داوایەکی بەجێ بوایە من و یەکێکی دیکە کەی بیری لەوە دەکردەوە دەردی سەری ئەو تەرزە لێکدانەوەیە بچێژێ و وەختە تەسک و تروسکەکەی پێ تەسکتر بکاتەوە و هەرچی بیری مادی نێو کوردەواریش هەیە لە خۆی بەدەنگ بهێنێ.وەی کاشکی ئەو فکرە پەرەسەندووە و پڕچەکی چالاکی و هەڵمەتە لە جیاتی هەموو چاو ومێشکی کرایەوەی ئەم جیهانە راستییەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بدیتایە و داواکانی لە ئەزموونندا دەرچووبانایە و موژدە خۆشەکەڵەکانی بگەییشتنایە جێ.بەڵام وەک گوتراوە داری بریا بێبەرە،لەم مەیدانەشدا لە هەموو میللەتان دەست بەتاڵتر کوردەکەی خۆمانە کە سەرەڕای سوودمەند نەبوونی لە بەرەکەتەکانی بەرەی ماتیریالیزم گەنجەکانیشی پتر لە عالەم شەیدای بیری مادین و عاشقانەتر لەسەری دەکەنەوە و مەجزووبانەتر ناتەواوییەکانی دەپۆشن،دەشوانم بڵێم لەو سی ساڵەی دوایدا کورد هەنگاوێکی هەڵنەهێناوە ئەرکێکی فکری مادی تێدا هەڵنەگرتبێ و نرخێکی بە شوێنداچوونی نەژماردبێ هەمووش بە بەخشین و بێ مزە.ئێمە لە تەک فکری مادی دا تا ئێستا پەندێکی مەشووری کوردیمان بەو وەرگەڕاوی دەور کردۆتەوە و گووتوومانە ( پێت دەڵێم خاڵە هەتا چوێلەکانت بۆ بگرم).***

***هەرچۆنێک بێ جیهان لەبەر زۆر هۆی تازەی بەیەکدی زانین و لێکتر تێگەییشتن و بەیەکتر گەییشتن،ئەم سەرەوسەری وەها لێکدی نزیک بۆتەوە میللەتە لە یەکدی دوورەکانی ئیمرۆکە پتر لە میللەتە دراوسێکانی بەر لە ١٠٠ ساڵ ئاگاداری حاڵ و باری یەکدین و تینوتاو لە هەڵسوکەوتی یەکدی وەردەگرن و بە بیروباوەڕی یەکدی دەورووژێن، جا ئەگەر بەر لە سەدساڵ و دووسەدساڵ فەیلەسووف رێی هەبایە لە ژوورەکەی خۆیدا بە دیار دەریای باڵتیک وەیا کێوی ئەندێزەوە رەخنە لە بیروڕای کۆنفۆشیۆس و بوددا و عیسا بگرێ،ئێستا بابایەکی کورد کە لەسەر گووفەکی دێی (هەڵەدن و پشتاشان) بەدیار چینەی مریشک و گەوزینی گوێدرێژەکەیەوە راوەستاوە و قم لە سبیلە قیرەرکردوەکەی دەدا فەلسەفەی مادی***

***دێت و سەری ڕێ بە هەست و هۆشی دەگرێت و بەرەو ڕێگایەکیەوە دەبات کە لە خۆوە بێ مامۆستا بە هەموو عومری خۆی و ئەولادیشییەوە بۆی نەدەچوو ئنجا بەگژ دەروجیران و خزم و کەسیشی دا دەهێنێ و بەرەنگاری کاری وەهای دەکا کە لەو حاڵ و بارەدا سەر بەهیچ خۆشییەکەوە نانێ}.ل ١٤٩ ـ ١٥٠***

مامۆستا مەسعوود، قسە لەسەر بیروباوەڕی م.ل دەکات، کە چۆن پێشبینییەکانیان نەهاتۆتە دی. لێرەشدا گەنجانی شێلگیری کورد زەرەرمەند و کوردیش وەک نەتەوە گورزی گەورەی بەرکەوتووە. چونکە هەر بەم هیوا و چاوەڕوانییە دۆش داماون و دەستخەڕۆ بوون. ئاخر ناکرێ بەدیار داری زڕەوە دانیشی و بڵێ بەرم بۆ دەگرێ.

نووسەر، بابەتییانە تیشک دەخاتە سەر سیاسەتی بەرژەوەندی، کە هەموو میکانیزمەکە بریتییە، لەم لێک نزیک بوونەوەیە و تۆڕبەندی و ئاگاداری میللەتان لە یەکتر. بەڵام ئەوسا تەکنەلۆژیا هێشتا بەم ئاستەی ئێستای نەگەشتبوو. تۆڕی کۆمەڵایەتی و ئینتەرنێت لە ئارادا نەبوون.

***٩٧ ـ {خوێنەر بابزانێ کە من بە زۆری هەر لەگەڵ ماتیریالیست و هۆی بەرهەم و جوداوازی بەرژەوەند و چین رەخنەکاری دەکەم لە چەند سەرێکەوە بە ناچاری ئەو رێگەیە دەگرم :***

***١ ـ رۆشنبیری کورد و زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەو فکرە بەوڵاوە نەچۆتە مێشکیان.فەلسەفەی مادی مارکسی هێندەی دینەکان پەرەیسەندووە و یەخەگیری هەموو سەروبەرێکی کۆمەڵ دەبێ هەر لەسەرەتای بوونیەوە هەتا ئەوسەری دوارۆژ گەلێک ناتەواویشی لێ بەدەرداوە کەوا جارێ لەم جیهانەی خۆماندا پەردەی لەسەر هەڵنەگیراوە.***

***٢ ـ پشکی کورد لە جانفیدایی نەزۆک بۆ ئەم فەلسەفەیە لەچاو میللەتانی دیکە تا بڵێی لە ڕادە بەدەرە. حەیفە ئەو گەنجانە وەکوو چینی بێستان لەو رێگەیەی وەها بێ ئیستکەی حەسانەوە و قۆناغی بەمراد گەییشتن بەسەر بچن و زمانێک نەگەرێ بە هۆشیارکردنەوەیان.***

***٣ـ له لایەن فکرەوە فەلسەفەی مارکس، بەدەقی کۆنیشیەوە، گەلێک گەلێک پێشکەوتووترە لەو فەلسەفە میسالیانەی ناویان دەرکردووە، زۆریشیان ورێنەی وەهایان تێدایە عەیبە لە زاری مرۆڤەوە دەرچی.ئەو میسالیانە بەر لەوەی ماتریالیست بە دەمیاندا بێتەوە دینی ئیسلام پێیان رازی نییە چونکە هێندە لە بوونەوەر دوور کەوتوونەتەوە خەریکن بەسەر خەیاڵیشەوە رانەوەستن بەڵام خواوراستان کەس بەدوایان ناکەوێ. بەرەی مارکسیستی کورد ئەگەر مارکسیزمەکەیان بۆ کوردایەتی بێ تەئویل وەرگێڕن خزمەتێکی گەلەکەیان دەکەن نە بەکەس دەکرێ نە خۆشیان لە هیچ مەیدانێکی دیکەدا دەتوانن خزمەتی وەها گەش بکەن}.ل ١٩٦ ـ١٩٧***

نووسەر لێرەدا ڕوونی دەکاتەوە، بۆچی پتر لە هەر بیر و ڕێبازێکی دیکە،یەخەگیریی لەگەڵ مارکسیزمدا دەکات. پێم وایە دیاریکردنی هۆکارەکانی، هەڵوێستی بەرامبەر بە مارکسی لینینی، چ کۆمێنتێک هەڵناگرێ. خوێنەر نابێ ئەوەی لە یاد بچێ، مامۆستا باس لە ساڵانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، تا گلاسنۆست و پێرۆسترۆیکا دەکات. ڕۆژگارێک کە رۆشنبیریی کورد، م. ل، لاببووە تاکە ئایین و ئایدۆلۆژیای تاقانە. هەر لە دیدی م.ل تەماشای جیهان کردووە و لەم ڕوانگەیەوە ویستوویەتی کوردستان تێهەڵکێش بەو پرسگەلە نامۆ و نێونەتەوەییە بکات. جگە لە کرۆکی فیکری ئەم بیرە، مامۆستا مەسعوود، ڕەخنە لە کردار و هەڵوێستی رابەر و پارتە کۆمەنیستەکان، لە گۆشەنیگای ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤدۆستانەوە، دەگرێ.

ئەرکی کورد خۆی بووە و چ قازانج و سوودێکی پێ نەگەیشتووە، ئەی ئەو خەباتی ئینتەرناسیۆنالیستی کردووە. ئەگەرچی م. ل، زۆر لەوانەی پێش خۆی مۆدێرنترن،لێ دیسان لەگەڵ واقیعی کورد هاوجووت نایەتەوە و بە سوود و قازانجی نەبوون.

دەنا گەر بهاتایە و ئەم دەستە و تاقمە بییان ویستایە، خزمەتی کورد بکەن و ئەم بیرە لەگەڵ خەسڵەت و واقیعی کورد دا بگونجێنن. لە هەر کەس زێتر دەرفەتی خزمەت کردنیان دەبوو،وە ڕۆڵی مێژوویی خۆیان بە دروستی دەگێڕا.

***٩٨ ـ{ بەڵام سیاسەتی سەر بە (مرۆڤ و دەوروبەر)لەم نووسینەی بەردەستدا،بەناچاری و فەرمانی درێژەکێشانی ڕچەی دوو بەرگی لێرە بە پێشەوە.لە پلەی دووەم و سێیەمدا هانا دەباتە بەر زانستی رووتی بێلایەن کە هات و تیشکێکی بوو بە روونکەرەوەی تاریکایی بەدەوری بابەتەوە، ئەگینا نیاز و ئامانجی ڕێنموونیکردن بۆ کوردێکی هەڵخەڵەتاو بە (ئایدۆلۆجیا) ی سیاسی یان ئابووری و ئایینی یان هەر چۆنێک بێ کە واقیعی راستییە بێ فێڵەکانی کۆمەڵایەتی دەشێوێنێ یەکسەر مل لە شارێی کۆمەڵایەتی سەر بە سیاسەت و ئابورییەوە دەنێ کە وێکراپیان دەبنە چاویلکەی ئاپۆرەی جەماوەری خۆشجڵەو بۆ دیتنی واقیعی هەڵبەستراو و باوەرپێهێنانی، بە تایبەتی لە جیهانە سەرلێشێواوەکەی پێی دەڵێن سێیەم و من بە بیست و سێیەم و سەد و سێیەمی دادەنێم، سەیریشت لەم رەفتارەم نەیەتەوە چونکە زۆرینەی کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانە دوواکەوتووەی ئاخەلێوەی سەدەی بیستەم شەیدای خەیاڵبافی و***

***بوتپەرستی و تاکپەرستی و هیچیە رستییە و زێدە ئەستەمە بەلایەوە ،لە خۆوە،ئایدۆلۆجیای پووچەڵ بتفێنێتەوە بە پێی داخوازیی لێکدانەوەی ژیرانە}.ل ٥***

ژەهری ئایدۆلۆژیا، هێندە ئاسان تف ناکرێتەوە. کاتێ لە ژیاندا ئایدۆلۆژیا دەبێتە ئایین و جیهانبینی و سەکۆی قسەکردن و کلاورۆژنەی ڕوانین، وا سەختە قسە لەگەڵ کەسێکدا بکرێ، لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیە هەڵسوکەوت بکات و دیدێکی دیکە بۆ بینینی ژیان هەڵبژێرێ.

کاتێ ئایدۆلۆژیا بۆ خۆی هیچ بێت، تۆش دەرئەنجام لەسەر بۆش و بەتاڵی لەنگەر دەگری و دەستبەتاڵ و دۆڕاو و دواکەوتوو لە هاوکێشەکە دەردەچی. هەروەک بەشێکی دیاری چەپی کورد لەو شتەی پێی دەڵێن خەباتی چینایەتییە، مایە پووچ دەرچوون.

***٩٩ ـ { بەهەمەحاڵ ئەم تێبینییە کورتە و ووردە هێمای رووەو حاڵ و باری سەردەم کە نەتەوەی کورد لە ناوەندی دۆزەخەکەی و تاریکایی ئەنگوستە چاوەکەیدا دەژیت پتر رێگە تەخت دەکات بۆ قەڵەمێکی کوردی لە "مرۆڤ و***

*دەوروبەر" بـدوێت و ڕوونکـردنەوەی واقیعـی ئەو مـرۆڤ و دەوروبەرەی بە مەبەست گرتبێت لەبەر دوو هۆی زێدە بنجی :*

*١ ـ نووسینەکە بە کوردییە و غەیری کورد تێی ناگات.*

*٢ ـ نموونە هێنانەوە و ڕووداوی شاهیدی حاڵ پێوەندیی بە کوردەوە هەبێت ئاسانتر قسەی بڕندە و زەق و تفت و تاڵ لە قەناعەتی خوێنەر نزیک دەکاتەوە چونکە ئێشی برینی خۆی ، ـ کوردەکەبەڵگەی دروستیی قسەکانە بۆ تاک و کۆمەڵی کوردزمان و کورد ویژدان.بە عادەت نووسینی ئەکادێمی لە ڕووانگەی بەرینەوە چەشـمەندازەی سەر بە بابەتەکەی دەداتە بەر لێکۆڵینەوەی بە کێش و تەرازوو، هەروەهاش مێژوونووس{مەگەر چۆنها} ڕووداوی تێپەڕیو کە دڵی لێ نادات و خوێنی لە بەر ناڕوات و گرمەی تۆپ و لرمەی ڕماندن و دووکەڵی سووتەمەنیی لێوە هەڵناستێ،بە گیانی ئارام و هەستی بێ لایەن دەخاتە ژێر تیشکی یاسای ئەوتۆوە دەست بدات بۆ قاڵبی ڕووداوەکان،وەک کە من و تۆ دەچینە بەر دوکانی قەساب گۆشتی بێ گیان دەکڕین،هەتا ناسکتریش بێ پتر لێی ڕازی دەبین، هەقی پەلەفرتکێی دەمی سەربڕینی ئاژەڵەکەشمان نییە}.ل ٩ ـ ١٠*

ئەم شوێنگەیە، ئەو دەرەتانەیە، کە مامۆستا زۆر خاکەڕاییانە دەیەوێ پێمان بڵێ، بۆ خەریکی ئەم پرسگەلەیە و دەیەوێ چی بکات. بە کورتی کرمانجی دەیەوێ بڵێ من لە ڕوانگەیەکی ترەوە و بە پێی واقیع و پێودانگێکی تر قسە لەسەر ئەم دیاردەیە دەکەم. من کوڕی واقیعێکم، دەمەوێ دیلی دەقە تیۆرییەکان و ڕستە ئاڵ و والاکانی، نێـو کتێـبە دەق ئەسـتوورەکان نەبـم. مـن لە زەمینـەی واقیعێکـی دوور لە تێـزی تیۆریستەکانەوە قسە دەکەم کەرەسە بەرهەمهاتووەکان هەستی پێدەکەوە گەیاندن و توندوتۆڵ کردن دروست ناکات. ئەمەش هونەری سوود وەرگرن لە ڕۆشنبیریی یـاخود تەکنیـک دەبێـت، ئەم دیـاردانە تەرجەمەی واقیـع بکـرێن، دەنـا فەڕ بە کەس ناگەیێنن.

*١٠٠ ـ{ ئەو نەتەوانەی کە لە ئاکامی خەباتی قەڕناو قەڕن بە ئامانج گەییشتن دوو هـۆی کـاریگەر یاریـدەدەریان بـوو جگە لە یەک،ووزەی جەنـگ.دوو هێـزی بەردەوانبوون بە هۆی تێری و تەسەڵیی نەتەوە خۆی:*

هـۆی یەکەم : غـاڵبی ئەو نەتەوانە ئەگەر داگیـرکەر لێیـان گەڕابـایە لە خـۆوە دەبـوونە دەوڵەت چـونکە هەمـوو مەرجەکـانی پێویسـت بە بنیاتنـانی دەوڵەتیـان هەبـوو.لە نمـوونەدا: پۆڵەنـدەی لەتلەتکـراوی بەر لە شـەڕی یەکەمـی جیهـانی پتـر لێهاتوو بوو بۆ دەوڵەت پێکهێنـان لە تورکیای ئەوسا.وارشـۆ شـارێکی بەناوبـانگی جیهان بوو.

هۆی دووەم: زەرفی لەبار هەمیشە بۆ ئەو نەتەوانە لە کەمیندا بووە،واتە وەک نەتەوەی کـورد نەبووە کە دەرگەی ئومێدی لـێ داخرابـێ بـۆ مـاوەی ٢٥٠٠ سـاڵ .حاڵوبارێکی ژیاری(حضاری) و ئابووری و هونەری کە لەو نەتەوە ژێردەستانەی وەکـو پۆلۆنیـا و ئۆکرانیـا و کـوێ و کـوێ هەبـووە رێـز و حـورمەتێکی بـۆ دیاریکردوون لە نێو دەوڵەتـان تـا ئەوەی بێگـانەی داگیرکەر حیسـابی بە بنەمـای کردووە بۆ رەزامەندیی ئەو نەتەوە پێشکەوتووانە،چ جایی ئەوەی دەوڵەتی نزیک و دوور،بەتـایبەتی هـی نزیـک لێیـانەوە، هەمـوو دەم ویسـتوویەتی ئەو داگیرکـراوە پێشکەوتووانە سەربەخۆ بن مـادەم مـومکین نەبـێ ببن بە خۆی.تۆ سـەیری ،پاش شەڕی گەورەی یەکەم چەندەها و چەندەها لە حکومەتی نـۆژەن وەکـوو دوومەڵان هەڵپۆقین: هەر لەدەوری خۆتدا سووریە و عێراق و ئـوردون و لوبنـان و ئەرمینیا بوون بە دەوڵەت، کورد نەبێ مایەوە بە پارچەکراوی،بە تێبینیی ئەوەی کە پێشـتر کەرتی کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیا خاکێکی سەرانسەریان هەبوو بێ سنووری جوداکەرەوە.کوردی سووریەش دابڕا لە کوردی کوردی عێراق و کوردی سەر بە تورکیا..پەیمانی سێڤەر ،هەرچەنـد ئەگەر نەسڕابایەوە،زەرەری لە تورکیا دەدا کە دوژمنی ئینگلیز و فەڕەنسـە بـوو بەڵام بەرژەوەنـدی زلتـر لە مـافی کـورد دوژمنی کوردی پاراست لەو زەرەرە.ئنجا ئەگەر بگوترێ ئەو وڵاتە باس کراوانەی کە گوتمـان حکومەتیـان بـۆ دانـدرا هەر بـوون بەژێردەسـت، پێـت دەڵـێم :خـۆزی کوردیش وەک ئەوانە دەبوو بەژێر دەست!

تەنانەت ئەگەر بەژێردەستیش یەک پارچە بووایە هەر لە سووددا بوو خۆ ئەو بەچەنـــدین کەرتەوە هەر ژێردەســـتە.ئەمە دەڵـــێم لە حاڵێکـــدا تازەحکومەتەکـــان هەموویان دووای شەڕی دووەم سەربەخۆ مانەوە.کوردیش بە رواڵەت،وەک ئەوان دەبوون.لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکرێ کە ئەگەر کـورد لە رۆژی یەکەمـی بـوونی بە حکومەت (حکومەتی خەیاڵی)سەربەخۆ بووایە نەیدەزانی حکـومەت دابنێت> کەس نازانێ حاڵوباری ئەو وڵاتە دواکەوتووەی بێ ژیار بەدەست خۆیەوە چی بەسـەر

*دەهات، نموونەش لە عێراق هێنابایە چۆناوچۆنی خۆی بەڕێوە دەبرد: بەغدا نەیدەتوانی پۆلیسێک بنێرێ بۆ دەلتاوە ئنجا ئیدارەی بەسرە و ڕەواندزی بەچی دەکرد؟شیعە و سوننە چۆن دەبوون؟تورکیا و ئێران چەند رادەوەستان لەسەر داگیرکردنەوەی؟وەهابییەکان تا کوێ دەهاتن؟چ هێزێک بەری دەگرتن؟ خولاسە گەپی خەبات و شۆڕش و دەوڵەت دانان وەک کایەی منداڵان نییە بە تروپشکێ یەکێک ببێتە میر و یەکێک وەزیر و ئەوی دیکە گزیر:باوەڕ دەکەم (میر و گزیر)یش چاوسوورکەرەوەی دەوێ دەنا یەکێک لەلاوە بە زۆرەملێ خۆ دەکاتە میر و دەکەوێتە شەڕە چەپەلۆک لەگەڵ میری تروپشکێ. ماوە بڵێم فەلاکەتێکی زلی بێ ئامان هەیە لەبەر هەنگاوی هەر میللەتێکی جیهانی سێیەم و وەک ئەو کەهات و بە ئامانجی دەوڵەت و سەربەخۆیی گەییشت:لەو ڕۆژەوە گەشە پیرۆزەوە کولەمەرگیی میللەت بەدەست (زۆردار)ی خۆیی،چ هی حکومەت چ هی نفوز و پارە،دەست پێدەکات و خەباتگێڕەکەی لێی دەبێتەوە بە جندرمەی وەک کە دەگوترا: هەیتە تەڕو ووشک پێکەوە دەسووتێنێ}.ل ١٣ ـ ١٤*

کورتەیەکی مێژووی باری کۆمەڵایەتی و واقیعی کوردستان نمایشت دەکات و بە چڕی، باسی مافی دەوڵەت بۆ نەتەوە دەکات و کاتێکیش قسە لەسەر گەیشتن بە دوا ئامانجی پیرۆز و دامەزراندنی دەوڵەت دەکات، دادی کۆمەڵایەتی لە بیر ناکات و باس لە زوڵم و ستەمی دەسەڵاتداری نێو خۆیش دەکات. هەروەها ئەوەمان بۆ نمایشت دەکات چۆن خەباتگێڕ دەبێتە جەللاد.

*١٠١ ـ { نەبوونی کیانی کورد چ نرخێکی زلی مەعنەوی لێ سەندووە کە لە ماوەی تێشکانی ٢٥٠٠ ساڵدا(نرخی نژادپەرستی)ی تێدا نەڕسکا بەو جۆرەی کە سنووری (کیان) بە دەوری نژاددا دەیڕسکێنێ}.ل ١٦*

زیانی نەبوونی دەوڵەت لە مێژووی (٢٥٠٠) ساڵ دوای ژێردەستی، زیانی کوشندەی داوە.لە زۆر شوێندا مامۆستا پانۆرامای مێژووی کورد و نەبوونی دەسەڵات و دەوڵەتی بۆ خستوینەتە بەرچاو. ئێمەش لە گەلێ شوێنی ئەم بەرهەمەدا ،کەمو زۆر چەپکێ تیشکی ڕووناککەرەوەمان خستۆتە سەر باسە هەستیارە. ئەوەی لێرەدا زێتر جێی سەرنجە، کورد ڕەگەزپەرست نییە،چونکە ئەم دیاردەیەش لایەنی

دزێوە و لە چواچێوەی دەوڵەتدا سەرهەڵدەدات. بەواتایەکی دیکە کورد بێدەوڵە، کەواتە ڕەگەزپەرستێتی شۆڤێنیزم لە ئەقڵ و کولتوور و سیاسەتیدا شین نابێت.

***١٠٢ ـ { خوێنەری ئازیز! گیانی کوردایەتیی ڕاستەقینە تا ئەمڕۆکەش ڕەگی دانەکوتاوە لە دڵ و گیانی کوردپەروەران بایی ئەوە بکات زاڵ بێ بەسەر گیانی حیزبایەتی و ناوچەپەرستی ..***

***بە خەیاڵ خۆت بەرەوە بۆ ئەرزەڕۆمی بەر لە ٢٠٠ساڵ،ئایا کەی و چۆن و چەند بیرت دەکردەوە لە کرمانشان و سنەیەک کە ڕەنگبوو ناویانت نەبیستبێ، لەوە هەر بگەڕێ کە هیچ شتێک لە بارەیانەوە نازانیت و کەم و زۆر بە دڵتدا نایەن! دامنا پەرییەک،شەیتانێک ئەو خەیاڵەی لە مەلاشووت گێڕا ئنجا چی؟ تۆ کە نەتوانیت بیربکەیتەوە لە تێکبەستنی ئەرزەڕۆم و دیاربەکر بۆ بەرژەوەندێک،هەرچی دەبێ ئەو بەرژەوەندە با ببێ خوام دەیکرد جۆری لەوەڕاندنی بزن بێت یان بەگژداچوونەوەی هەیتە بێ،ئاخۆ چ جۆرە بیرکردنەوەیەک دەربارەی سنە و کرماشان بە کەللە حەتاڵ و بەتاڵەکەیدا دەهات؟ ئایا بیر گێڕیت دەکرد بۆ پەرەپێدانی متوربەی فستەق لە دار مازوەکانیان یان جۆری ئاگربڕی لە پووش و پاوانەکانیان!! خۆ بەو حەق و ناحەقە قەسەم بایی نووکی دەرزی بیرت بۆ کوردایەتی و تورکایەتی و فارسایەتی و ئیسلامەتی و کافرایەتی نەدەچوو،ئەشهەدوبیلا بیرت بۆ هیچ شتێک نەدەچوو چونکە وەکو تاکێکی بێدەسەلات و تێنەخوێندرایەوە و بێئاگا لە جیهان هەر ئەوەندەت پێ دەکرا خۆت و مناڵت تێر بکەیت ئەویش بە ئێش و ئەرکەوە.ئەوسا نەک مرۆی بێسەواد،بەڵکو خوێندەواریش (مەلا و شێخ) بێئاگا بوو لە سیاسەت چ جایی کوردایەتی.دەشیا دەسەلاتدارێکی وەکوو شێخی نەهری پەلەیەکی حوکمداری کردبێت بەلام نەک کوردایەتی ،بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر غەوسی گەیلانیش زیندوو بایەوە و داوای حاکمایەتی کردبایە لە نێوان کوردان شێخی نەهری بەگژیدا دەچۆوە.***

***گیانی نەتەوەیی و نژادی بەندە بە گەلێ هەلومەرج،لەپێش هەموانەوە سنووری دیاریکراوی وولاتەکەی دێت کە دەبێتە عەلامەتێکی ئاشکرای هەبوونی نەتەوەیەک لەو جغزەدا نەتەوەی ژێردەست و کەمزان ئەگەر سنووری مەعلوومی نەبێ هەر ئەوەندە هەست بە قەومایەتی دەکات کە زمانەکەی پێناسەیەتی.ئەویش بە مەرجی لەت لەت نەبوون و لێکتر نزیک بوونی جۆری ئاخاوتنیان.هەبوونی سنووری***

*ئاشکرا ئەگەر لە ژێر دەستی بێگانەشدا بێت ئەوەندەی بەدەمەوەیە کە بەرهەمی ناوچەیەکی نابێتە قاچاخ لە ناوچەیەکی دیکەی، ئنجا بەرهەمی وولاتێکی دراوسێ کە بە*

*قاچاغ دەژمێردرێ سەرلەنوێ دەبێتەوە بە شایەد بۆ هەبوونی نەتەوەیەکی خاوەن ماڵ.خۆزی سەرلەبەری کوردستان ژێردەستی یەک سوڵتان بایە ئنجا با لە خەفەتان دڵە کوتکەمان پێوە نووسابایە.*

*برا شیوعیەکان لەم رووەوە حەسایەوەن و خۆدەدزنەوە لە " انفصالية" وەک بڵێی کوردەکە خۆی لە بەهەشت دەدزێتەوە بە خەباتکردن بۆ یەکبوون وەیا سەربەخۆیی کەرتەکان...سرووودی (ئێمە کوردین نەتەوەی کوردین)کرایە (ئێمە گورگین نەتەوەی گورگین) هەر هەتا هەستی بە کورد نازین بگۆڕێ بە هەستی شەرمەزاری و بەوەشدا کوردەکە ناچار بێت خۆبداتە مەیلی تێکەڵبوون لەگەڵ بزووتنەوەی پرۆلیتاریای نەتەوەی زۆرینەی وولاتەکە وەک پاشکۆی بێبایەخ و بێ پێناسە...ئەم مەسخەرەیەی (کوردین گورگین) لە تەوژمدا بوو کەچی،ئەوسا، هیچ یەکێک لە لەتەکانی کوردستان دروشمی جودا بوونەوەی هەڵنەکردبوو نەک لەبەر عەیبی جودابوونەوە،کە دەزانین هەموو میللەتێکی ژێردەست و زۆرلێکراو و مافخوراو و خانەوێران مافی ئەوەی هەیە وەک بەرخ لنگە فرتکێی سەربڕین بکات بۆ دەرباز بوون لە مەرگ: جودابوونەوە لە جغزی ئیمکانی کورد دا نەبوو چ لە رووی ئاڵقەبەندبوونی سیاسەتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە لایەن دەوڵەتەکانی لەتکەری کوردستان دژی هیوای گەش و پیرۆزی سەربەخۆیی ،چ لە رووی وشاری ماددی و مەعنەوی دەوڵەتە زلەکانی دۆست بە لەتکردنی کوردستان بۆ بەردەوامبوونی (حالی راهن - باری رەخساو)ی قالب بەستوو لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو دەوڵە زلانە هەم بە پێوانەی "نەوت" و هەم بە کێشانەی رەتاندنی سۆڤێت کە دیتمان "پەیمانی بەغدا" لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا بەسترا بۆ ئەم دوو نیازە و بۆ راگرتنی سیاسەتی جیهانی دوور لە شەڕی سێیەمی جیهانی}.ل ٦١ - ٦٢*

وەک دەبینین ئەقڵی خێڵ و حیزب، لای کورد هێشتا نەگەشتووە بە ئاستی بیرکردنەوە و نوێنەرایەتیکانیان گرفتێکی ڕاستەقینەی بەرژەوەندییە بالآکانی نەتەوە. دەرد و ژان و ئازارەکانی ئیمڕۆمان کوردستانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا. بادینان یان سۆران، زاراوەی زۆنی زەرد و سەوز ئاماژە ترسناکەکانی یەکەم

ئەقلێتن. دەسەڵاتێکی سیاسی بە چوار دەوریدا سنوورێک هەبێت ڕەواوییەکە شەڕی ئێران و عێراق. ڕۆڵی نێگەتیڤی چەپ لە کزکردن و ناساندنی هەستی کوردبووندا هەموویشی بۆ دەست بەسەردا گرتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بوو، بۆ خزمەتی خۆیان و هاوکات تاساندنی دەنگی نەتەوە، وەک ئەوەی شورەوی.

گەر نەتەوەیەک نیشتمانەکەشی داگیر کرا بێت، بە تێکڕا لە ژێر دەسەڵاتی یەک داگیرکەردا بێت، دەها باشترە لە چەند پارچە و فرە داگیرکەر. هەروەک مامۆستا لێرەدا ئاماژە بە یەکێ لە دیاردە زەق و زیان بەخشەکانی دەکات، وەک کەلوپەلی باکووری کوردستان لە باشوور و ڕۆژهەلات لە ڕۆژئاوا قاچاخ بووە. خۆ گەر کوردستان یەکپارچە بوایە بەرووبوومی سلێمانی لە ئامەد قاچاخ نەدەبوو. لە کەرکووکەوە بەسانایی دەتوانی گەشت بۆ سنە بکەیت. دانیشتووانی قامیشلی بێ گرفت پێداویستییەکانیان لە باتمان بەدەست دەهێنا. بەهەمان پێودانگ گەر سەرلەبەری کوردستان لە ژێر چنگی ترکدا بوایە، کورد دەیتوانی لە گەلێ لایەنەوە سوود وەرگرێ. نیشتمانەکەی یەک پارچە دەبوو،لەبری ئەوەی ئێستا چەندین پارچەیە. لە جیاتی ئەو هەموو داگیرکەرە، تەنیا ڕووبەرووی تورک دەبۆوە. ڕەنگە ئەوانی دیکە بکەوتنایەتە خانەی دۆستایەتی و پشتیوانی کردنییەوە. کەواتە هاوکێشەیەکی تر لە ئارادا دەبوو. ئەودەم دۆزی کورد، لەسەر ئاستی جیهانیش ڕەهەندێکی تری وەردەگرت.

***١٠٣ ـ { دەبێ بڵێم بزوتنەوەی سەر بە قەومایەتی کوردی رەگی کۆنی هەبوو بەڵام :***

***واقیعێکی لێڵی لە سیاسەت دەکوتایەوە،وەک بڵێی جموجوولی نەتەوە پێشکەوتووەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەو مەیدانە پانوپۆڕەی زانست و هونەر و داهێنان و دارایی و بەهاتوباتیان کە لەبەر گوێچکەی خەواڵووی کوردی ستەمدیدە دەزرینگایەوە حەز و تامەزرۆیی و تەمای بەخەبەر دەهێنا بۆ ئازادی بێ ئەوەی سەقافەتێکی زانستی وەیا سیاسیی هەبێ تێی بگەیەنێ وەدەست هێنانی هێوا و ئاوات بەندە بە چەندین مەرجی ئەوتۆ کە هیچیان لە یزدانی مێژوو و حازری کورد دا نەڕسکاوە:تەنکی و سەرەتاییی ڕۆشنبیریی نوێ لای رابەران و ئاپۆرەی خوێندەواری تازە پێگەیشتوو{کە زۆربەیان قوتابیی قوتابخانەی پلەی هەرە نزم بوون} کەڵڵەی سەریانی بە دوو پیتی تازە چاپدراوی دەرسەکانی قوتابخانە و چەند دێڕێکی ڕۆژنامەی ئێرە و ئەوێ وەها دەئاخنێ کە***

***بەدەم سروودی گەرم و گوڕەوە دنیایەکی خەیاڵکردی سازدەدا دڵی گەشبینانەی کـــوردپەروەری شـــلکی دەخســـتە فـــڕکەوە و بەرەو بێبـــاکی و لە خـــۆ بەسەهووچوونیەوە دەبرد.کەمزانی وەها لە کەمزان ،کە لەخۆبایی بێت و کاری ئەستەم بە ئاسان دابنێت}.ل ٩٥***

نووسەر لێرەدا گلەیی لە کەماسی و ناتەواوی دروشمی ئەو لایەنانە دەگرێ کە بەناوی ، بزوتنەوەی کوردایەتی سادە و ساکار و نەخوێندەوار دەچنە مەیدانەوە. ئەگەرچی تا ئێستا دەسەلاتێکی لەم چەشنە پەیدا نەبووە،بەلام ئەوەی لە هەنووکەدا بەرهەم هـاتووە لە سیستەمی دیموکراسی، بەشێکی لە تیشکی خێر و بێری بەر میللەتیش دەکەوێت، کەم و زۆر فەراهەمی ئازادی بەرێژەیش بێت بۆ تاکەکانی کراوە. هەردوو دیاردەی سیستەمی دیموکراسی و پرسی ئازادیش پەیوەستن بە پێشکەوتنەوە. پێشکەوتنیش پرۆسەیەکی دووروودرێژی فێربوونە.

جـــارێ لە زۆر شـــوێنی ئەم دنیـــایە هەنگـــاوی بە پەرۆشـــانەی نەناوە.شـــتێکی حاشـــاهەڵنەگرە،کە ئـــازادی بە پـــلەی یەکەم لەدەوڵەتـــی دیمـــوکراس و لیبەڕاڵـــدا، بەرجەستە دەبێت.

***١٠٤-{ بێگومان خۆشیی هەرە گەورە و گەش بۆ گەل ئەوەیە کە دەسەلاتی هەرە سەروو خەریکی کامەرانی و هێمنی و ئازادیی گەل بێت کە دەبێ بزانین ئەو ئامانجانە لە رژێمی دیمۆکرات نەبێ چنگ ناکەوێت بە تایبەتی دروشمی ئازادی کە چرای نیشتمان و دۆزەخی دیکتاتورە: تا بڵێی بە فیز و نازە و تا بشڵێی ناسک و تەنکە و "خێرا شکست" ە.ئێمە بڵێین و نەڵێین ،تا ئەم سەردەمە کۆمەڵگەی ئادەمیزاد شـــکڵی هەرەم Pyramid ی پێـــوەیە لەگەڵ تێبینـــی ئەو راســـتییە کە وولاتـــی پێشکەوتوو هەرەمەکەی ناتەواوە بەو مەعنایە کە سەرووی بریتییە لەو رووپێوێکی گونجاو نەک نووکی دەرزی،بەدەم رۆژگاریشەوە رووپێوەکە پانوپۆرتر دەبێت،تا ئەو رۆژەی Anarchisim ی دووای پـــلەی کۆمیـــۆنیزم، بەناچـــاری بەپێـــی بەرژەوەنـدی گشتی،{و بە رووالەتـی فراژووتن،نمـو، تطـور}هەرەمی کـۆمەلایەتی بەردەوام دەبێ.لە ئێمکانیشدا نییە پێشبینی بکرێ لە تەمەنی دوارۆژی هەرەمەکە،ئایا ١٠٠ ساڵە،١٠٠٠ ساڵە؟بەلام هەمـوو هێمـایەکی بەرەوپێشـچوون رادەگەیەنـێ کە ئەنجامی کۆمەڵگەی ئادەمیزاد "یەکسانی" دەبێ..چاو سوورکەرەوە نامێنێ}.ل ١٠٣-١٠٤***

دەسـەڵاتی تەواو، سیسـتەمی دیموکراسـی، چەمکـی ئـازادی، قۆنـاخی گەشـەی مرۆڤـایەتی، ئەگەرچـی بەداخەوە تـا ئێسـتا دەسـەڵاتێکی لەم چەشـنە پەیـدا نەبـووە، بەڵام باشترین ئەوەی بەرهەم هاتووە، لە سیستەمی دیموکراسی دا خۆی دەنوێنێ، کە بەشـێکی لە تیشـکی خێـر و بێـری بەر مـیللەت دەکەوێ. کەمـوزۆر فەراهەمـی ئـازادی بەرێـژەیش بێـت بـۆ تاکەکـانی کـراوە. هەردوو دیـاردەی سیسـتەمی دیموکراسـی و پرسـی ئـازادیش پەیوەسـتن بە پێشـکەوتنەوە. پێشـکەوتنیش پرۆسەیەکی دوورودرێژ ی فێربوونە. جارێ لەزۆر شوێنی ئەم جیهانە هەنگاوی بە پەرۆشانەی هەڵنەهێناوە. ئەوروپای ڕۆژئاوا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەوجـا پرۆسـەی دیموکراتیزەکردنیـان خسـتەگەڕ و هەر وڵاتەش بە پێـی مـاک و مـۆرک و تایبەتمەنـدییەکانی خـۆی. ئینگلیزەکـان لە ڕێگـای بیـری لیبەڕاڵـی ئـازادی خۆیـانەوە، بەهـۆی چەنـد شۆڕشـێکی نـاخۆوە، توانییـان دەوڵەت دروسـت بـکەن و سەرەتاکانی دیموکراسی بخەنەگەڕ.

ئینگلیـز سـەدەی هەژدەیەم دەوڵەتـی دروسـتکرد و بە یەکەم دەوڵەت دەژمێـرێ، کەچـی لە دوای شـەڕی جیهـانی یەکەمەوە، مـافی هەڵبژاردنـی ژنـانی پەسـەند کـرد. چونکە پرۆسەی دیموکراسی زۆر لەسەرخۆ دەڕۆیشت، هیچ پەلەیەکیان لێ نەکرد.

هەروەک باسـە مێژوویـی و سۆسـیۆلۆگییەکان جەختـی لەسـەر دەکەنەوە، فەرەنسـییەکانیش پـاش شۆڕشـە نـاودارەکەی ١٧٩٨، کەوتـنە سـەرباری دەوڵەت دروستکردن. ئینگلیـز و فەرەنسـی دەوڵەتیـان دامەزرانـد و لەم ڕێگـایەوە نەتەوەیـان دروسـت کـرد. National Building لەڕووی تیپۆلـۆگی نەتەوەییەوە، بە چەمکـی تیۆدەر شیدەر، ئەم دوو مۆدێلە دەچنە خانەی ئەوروپای رۆژئاواوە. بەڵام ئەڵمـان و ئیتالییەکـان،وەک نەتەوە، لە ڕێـگەی یەگـرتنەوە و ژیـانەوەی پـارچە و ناوچەکەکانیـانەوە، توانییـان دەوڵەت دروسـت بـکەن،کە بە Risorgimento Nationalismus ناسران. ئەمـانە دەچنە خانەی وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاستەوە. پاشماوەی وڵاتانی تری ئەوروپای ڕۆژهەڵات، لە ڕێگەی جیابوونەوە لەدەسەڵاتدارە ئیمپراتـۆرییە گەورەکـانی، وەک نەمسـا و هەنگاریـا- هابسـبۆرگ ،کە دارمـا،بوو بە ٧،دەوڵەت و عوسـمانی بـوو بە ٦ دەوڵەت و پاشـان لە شـورەویش چەندین دەوڵەت کەوتەوە. ئەمەش بەو مانـایەی ئـازادیی و دیموکراسـییان لەدەرەوە بـۆ نـاوەوە و لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە خسـتۆتەگەڕ. هەربۆیەشـە، ئەم فـاکتە چەشـنی ئەو دوو

چەمکە. وەک دیاردەی نامۆ و ڕووکەش، وان و هێشتاش بە پرۆسەی پێویست و کامڵ بوون نەگەیشتوون.

ئینگلیزەکان لەسەر بنەمای تێگەیشتنی لۆژیکی پێکەوە ژیانی هاوبەش و فەرەنسیەکان لەسەر بنچینەی ویستی سیاسی هاوبەش و ئەڵمانەکان لە ڕێگەی ئەقڵی و زمان و ڕەگەز و کەلتوور و ئیتالییەکانیش بەهۆی مێژوو و دابونەریتیانەوە،بونەتە، نەتەوە و دەوڵەتییان دامەزراندووە.

***١٠٥ ـ { من گلەییم نییە لە رووس چونکە نە وەکیلی کوردە و نە قەرزارە و نە بەڵێنی داوە.ئەوەندەم لە دڵدایە بڵێم نەدەبوو سۆڤێتی سەردەمی لینین لایەنی ئەتاتورک بگرێت دژی کورد، تا ئەگەر بگوترێ بۆلشەفیزم دەترسا لەوەی دەوڵەتێکی کوردی بەتەک تورکیاوە برسکێ دەبێتە داروەکازی ئینگلیز ئیتر حەقی هەیە دژی بوەستێت منیش لەو هەڵوەستەی سۆڤێتستان مافی بۆرە گلەییم هەیە کە دۆستی بکوژەکەم بێت..دواتریش ستالین مەهاباد بەرەڵلا بکات بۆ رقوکینی رەگەزپەرستانەی ئاریامیهر}.ل ١٣٦***

گلەیی و گازندەیی، بە بالای ئەو دروشم و بانگاشانەدا دەگونجێ کە قەلای پاراستنی گەلان و دۆستی گەلانی چەوساوە و بندەست بۆ دێت دەبێتە هاوکار و هاودۆست و پاڵپشتی ئەتاتورک و و دژ بە شێخ سەعید و ناکرێ لایەنێ بڵێ من دۆستی هەژار و پاڵپشتی چەواساوانم ،بە کردەوە کۆمەک بە دەوڵەمەند و هاوکاری دەسەلاتداری زاڵم و چەوسێنەردا بکات. بە کورتی و کرمانجی ئەوەی شورەوی لە تەک حیزبە کۆمەنیستەکان و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا دەیکرد پارادۆکس بوو، لە گەوهەردا بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بوو. وەک دەبینین بە درێژایی هەبوونی دەسەلاتی شورەوی ١٩١٧ــ ١٩٩٠،تاکە یەک میللەتی بندەستی ڕزگار نەکرد. یاخود بەهاوکاری ئەو رزگاری نەبوو.

**١٠٦ ـ { بەداخەوە نموونەی ئەو عیفریتانە لە جیهانی سێیەم زۆرن.گوێش نادەنە شەپۆڕی تازیەی شەهیدی جوانەمەرگ..ئێستا بەسەر قسەیەکی زلدا دەکەوم: ئەو نەتەوانەی لە گۆمی بێ سەوادی و نەزانی و ئەفسانە و**

**هەستی سڕ مەلە دەکەن،هەرچەند لە کۆتاییی سەدەی بیستەم دەژێین بەلام وەها پشتەوگازبوونەوە لە ژیاری سەردەم خزمایەتییان نەماوە لەگەڵ نەتەوە پێشکەوتووەکان..تارن لە رووناکیی زانستی نویێ تا ئەوەی دەتوانم بی کۆمەککردن بڵێم لەوە دەرچوون پێیان بگوترێ"نەخۆش"چونکە بەڕاستی خۆیان نەخۆشین واتە گرفتاری خۆیانن نەک تاو لەرز یان زگێشە و زوکام..هەتا }.ل ١٤٣**

نەزانـی لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەبێت، نیشـانەی دەردێکـی کوشـندە و مـایەی کـوێرەوەرییەکی قورسـە. کەم تـا کـورتێ لە لاپەڕەکـانی پێشـوودا ئاماژەمـان بەم دیاردە و هۆکارەکانی دا،کە سەرچاوەی هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ژیانە بندەستی و پەرش و بڵاوییەکەی کوردیان تێ ترنجاندووە.

" نەتەوەی کورد خرایە دۆخێکەوە کە تیایدا مەبەست ئەوە بوو ژێردەستەییەکەی هەتا هەتایی بێت.وا مەبەست بوو نەتەوەی کورد تاهەتایە بەشکراو و لەتکراو و پێچراوە و دوور لەیەک و لەیەکترازاو و بـێ پێناسـنامە بمێنێتەوە.لەم روانگەیەوە کەسـایەتی و پـلەی کوردسـتان زۆر نزمتـرە لە کەسـایەتی و پـلەی کۆلۆنییەک،کوردستان تەنانەت کۆلۆنیش نییە. نە نەتەوەی کورد خاوەنی کەسایەتی و و ناسنامەیە و نە کوردستان". بێشکچی (١٢،ل ٥٠).

بـێ دەوڵەتـی حـاڵی نەتەوە وا پەرێشـان دەکـات، لە گشـت بوارەکـانی ژیانـدا هەناسەی لەبەر دەبڕێ.

***١٠٧ ـ { خاکی کوردستانی لەتلەت و پەتپەت و میللەتە هەژارەکەی بێ دەرەتانی و دیلی ٢٥٠٠ ساڵەیی تاکە یەک مەرجی ئەو خەباتە چینایەتیەی لێ پەیدا نییە کە لە نەزەریەدا خەباتەکەی پێ رەوا دەبێت}ل،،،،***

جا وەرە بڕوانە، چ میکانیزمێ دەتوانێ کرێکاری قامیشلی و دیمەشق، جەزیرە و ئەسـتەمبوڵ، بـانە و تـاران و چوارتـا و بەغـدا،خەباتی چینایەتییـان پـێ بکـات!؟ لە چوارچێوەی دەوڵەتگەلێکدا. کە لە ڕوانگەی کوردبوون و کوردایەتیی کردنەوە هـی کورد نین و داگیرکەری کوردستانن!؟. ئەم یۆتۆبیا و فەنتازیایە، داستانێکی نەفرەت لێبووە و وەک ئەوەی پێویست بوو، توێژینەوە و کاری لەسەر بکرێ، لێ پەردەی بێدەنگی بەسەردا دراوە. جەختکردنەوەی بەردەوام، لەسەر کوردستانی لەتلەتکراو و کـوردی بندەسـت و بەلەنگـاز، بەتـایبەت لە گۆشـەنیگای خەبـاتی چینـایەتی مارکسـییانەوە. هەمـووی گفتوگـۆیە لەتەک ئەوانەی بەنـاوی مارکسـایەتی و

لینینـــایەتیەوە، فەرزی ئەو جــۆرە خەباتەیـــان دەکـــرد و ڕادیکـــالانە، لە خەمـــی پێڕەوکردنی بنەماکانیدا بوون.

***١٠٨ ـ{ من تەنها لەیەک "دۆگما" پەنجەگیر دەکەم ئەویش کوردایەتییە چونکە ئیمکان نییە کورد نەبم، کوردبوونیش قسەی رووتـی بێ ئەرک نییە: کە نەتوانم چەک هەڵبگرم دەبێ قەڵەم بخەمەکار مادەم بتوانم بنووسم .هەر لەم راستییە بێ فـێڵەوە مـن قەرزداری کـوردی بەهەڵەداچـووم کەبـاییی تێبڕکردنـی هۆشـم و بە فەرمـانی قەنـاعەتم نیگـای بابـدەمەوە بـۆ لای حەقـیقەت :نەک مـن بگـرە هەمـوو کوردێکی خاوەن ویژدانی پاک لەسەریەتی ئاهونزای کوردی چارەڕەش بگەیەنێتە بەرگوێی هەڵەکردووان بەڵکوو هێزی مێشک و ماسوولکەکانیان لە کورد نەویستی و لە کوردکوژی و لە رەزامەندیی ناحەزی کوردەوە هەڵگێڕنەوە ، بەرەو دووا،بۆ هەر ئیحتمالێک بێ کە ،بە یەقین، چاکترە لەوەی ئێستاکە لە کاردایە.***

***تـۆ ئەگەر شـیوعیت وازبێـنە لە شــەڕی چینـایەتی،حەز دەکەیـت بخەوە..خـۆت سەرخۆش بکە..کۆکـایین بەکـاربهێنە..جنێو بە ئەرزوئاسمان بدە و کـوردەکە تێک بەرمەدە..تـۆش ئەگەر پێشــمەرگەیت لــوولەی چەکەکەت لە ســینگی پێشــمەرگە دوژمنەکەت هەڵئەنگێوە بۆ بەتاڵایی ، خزمەتکـاری پێڵاوەکەتم! بە نیـازێکی تـایبەت بەخـۆم لەگەڵ مسـتەفا بەگـی کـوردی،ئەم نیـوە بەیـتە ئـاگرینەی عیشـق دەڵـێم و دەڵێمەوە:***

***ئەمان مردم!عەلاجێ! سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ!}.ل ١٦٥ ـ ١٦٦***

کوردبوون ئەرکێکی هەستیار و گرنگ و پڕ لە بەرپرسیارێتی بە تـایبەت خەبـاتی ڕۆشـنبیرانە، تـا بەشـداریی لە ناسـاندنی نەتەوە و ئاگـادارکردنی جیهـان لەم دۆز و کێشەیە بکاتەوە. پەشێو دەڵێ:

**پێشمەرگەیەک پێشمەرگە بێ،**
**لە پێناوی سەردارێکی**
**گەوواد و دەم بێ**
**دەرپێ،**
**ڕووە و سەنگەری برای**
**چۆن چەک دەخاتە سەرپێ!**
**لە شوێنێکی تردا دەڵێ:**

**که براکوژێک دەبینم،**
**باوەڕ بکەن رشانەوەم دێ**
**تا بەیانی هەدا نادەم،**
**دایم ئەمدیو ئەودیو دەکەم**
**سەد قۆناغیش دوور کەومەوە**
**بۆنی لاکی ماکەرێکی تۆپیو**
**دەکەم .!**

***١٠٩ ـ {لەبەر تیشکی ئەم لێکدانەوەی وەها بەدیهی بۆت دەردەکەوێ کە هەوڵی چەپی کورد بۆ کپکردنی هەستی کوردایەتی بەنیازی چەسپاندنی هەستی چینایەتی دژ بە "نەتەوە" کارێک بووە دژ بە سروشتی مرۆ..دژ بە فەرمانی بوون و مان و فراژووتن...دژ بە بڕیاری کۆمەڵایەتی و هاوزمانی و هاوئاواتی و هاومجێزی و هاو"هەموو شتەکێ" کە ئەگەر سەری گرتبایە نەتەوە دەخەسی و نەزۆک دەبوو...دەبڕایەوە چونکە کرێکار و وەرزێر و یەکبوونی رەنجدەران دەماری "کوردایەتی"ی پسۆک دەبوو،مانگە شەویش سەر لە ئێوارە دیارە لەوەدا کە جارێ سەرەتای بەندوباوی خەباتی چینایەتی بوو برا چەپەکان"ئێمە گورگین نەتەوەی گورگین"یان دەچڕی.."بڵێ کوردم هەتا بتکوژم"یان کردبووە ئەلحەمدی نوێژی چینایەتی.سەیریش لەودا بوو هەموو رابەر و پەندیار و دەرسدەر و مامۆستاکانیان،هی چینی رەنجدەری خەباتگێڕ،بریتی بوون لە خوێندەواری بۆرجوازی،هەر مابوو رەشورووتەکە بازدەن بۆ شوێنی دوکاندارەکان هەتا پرۆلیتاریاش ببێتە خوێنمژ! چەپی کورد هەر نەتەوایەتیی کوردی ناوزڕاو دەکرد و جنێوی پێ دەدا،لێی نەبیستراوە قسەیەکی سووکی بە عارەب گوتبێ،هەڵبەت لەمەشدا تاڕادەیەک سیاسەتی سۆڤێتی رەچاو دەکرد کە مەبەستی بوو لەگەڵ عارەب برادەر بێت دژی رۆژاوا،بەتایبەتی "ئەمەریکا. "کوردەکە ئەو حاڵوبارەی نەبوو زلهێزێکی وەکوو رووسیا بیست ئاڵای عارەب لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەگژ خۆیدا بهێنێت بۆ مامە کوردی مێژوو بەدەر کە لە گەپی منداڵانیش شرەپەڕۆیەکی شێوە ئاڵای بەسەردار دەستێکەوە شک نەدەبرد:بەراستی ئەم دیاردەیەش نیگا راکێشە لە سەردەمی بزووتنەوەی چینایەتیی نێوان کورد کە دەزانین پێشتر بەندوباوی میر کوڕان و میر کچان هەبووە بە لاسایی کردنەوە لە دەوڵەتە***

*ئالادارەکان.هەڵبەت لە رۆژگاری پەرەسەندنی "ئێمە گورگین نەتەوەی گورگین" ناشێ خەیاڵ بچێ بۆ هەڵکردنی شرە پەڕۆی گەپی منداڵان بە رەمزی ئالای کورد.*

*چەپی کورد ئەو سەرێشەیەی لە کۆڵ دوژمنەکانی کورد کردبۆوە.ئەمە دەڵێم بە نیازی دەورکردنەوەی واقیعی رەجاڵی کورد بەدەست بەشێکی چالاکی کوردەکە خۆی، ئەگەر نا شێتیش دەزانێ پەڕۆ و پاڵی سەرچاک و پیران و هەڵکردنی شرە ئالای گەپ ئامێز سەر بە وەهم و ورێنەش ناگەیەنێ.*

*دەبێ بزانین جیاوازی زۆرە لە نێوان کپبوونی دەنگی نەتەوەیی بە ووشیاری هێزی بێگانە و نێوان کپکردنەوەی لە لایەن نەتەوە خۆیەوە.ئەو جۆرە گومڕاییە لەیەک سەرچاوە هەڵدەقوڵێ کە بریتییە لە سڕبوونی هەست بە "شت"کردن ئیتر لە سیاسەت بێ یان لە باوەڕی دینی و دنیایی بێ یان لەدەست خەڵەتدانەوەبێ}.ل ١٧٩ ـ ١٨٠ .*

کاتێـک خەبـاتی چینـایەتی دروشـمی نێوەنـدیی چەپـی کـوردە، ئەوە هەم لە ئاراسـتەی راسـتەقینە و سروشـتی خەبـاتەکە لادەدات، کە بەدەسـتهێنانی ئامـانجی سـەربەخۆییە، بە هەمـان مانـا لە هینـانەدی داوا رەواکەی، دامەزرانـدنی دەوڵەتـی کورد،خۆی دەدزێتەوە.شـاراوە نییە،خەبـاتی چینـایەتی نـامۆ و نـاقۆڵایە بەرامبەر بە پرسـی نەتەوەیەکـی سـتەملێکراوی بێبەش لە مـافی ژیـان. بە هەمـوو پێوەرێـک گەرەکە دابـڕان، لە نێـو کـوردا دروسـت نەکەن. چەپـی کـورد لە تورکیـا کە زیـاتر هاوئاهەنگی تورک بوون. بێشکچی لەم رووەوە دەڵێ: لە تورکیادا چەپ و راسـت و ئیسلامی و کۆمەنیست هەموو پاشکۆی کەمالیستن. (١،ل٢٤)

چەپی کورد، هەوڵی کپکردنی هەستی کوردبوونی داوە تاوەکو خەباتی چینـایەتی لا فەرز و پیـرۆز بکـات و ئەم ئامـانجە بکـاتە ئەلتەرنـاتیڤی هەمـوو بەهاکـانی کوردبوون. ئەمەش لە بنەڕەتدا دژ بە گەلێ یاسا و رێسای ئەرزیی و ئاسمانییە.با نموونەی چەپی کورد لە ئێراندا بهێنینەوەکاتێ چەپی کورد داوای خەباتی چینـایەتی لە چوارچێـوەی ئێرانـدا دەکـات، ئەم دروشـم و ئامـانجە لە ناواخنـدا بـریتییە لە دەربڕینی هەستی نیشتمانی بۆ سنووری ئەو دەوڵەتەی لەسـەر هەژماری نیشـتمان و جەسـتەی کـورد قـووتکراوەتەوە. هەتـا ئێـرە ئەو کـوردەی ڕەدووی ئەم ڕەوتە بـکەوێ، نیـوەی مەسـەلە نیشـتمانییەکەی خـۆی دۆڕانـدووە. پاشـان بەرژەوەنـدی کرێکارێکی تاران و رەنجبەر و سەپان و با بڵێین کرێکاری شارەکانی بانە و بۆکانی وڵاتێکـی کۆلۆنیـالیکراوی وەک کوردسـتان،چی کۆیـان دەکـاتەوە!؟. کـوا کرێکـاری پۆلەندی رووسی بە چی یەکیان گرتووە؟!. خۆ هەرچیش ئەو بانەیی و بۆکانی و

تـارانییه کـۆ بکـاتەوە، ئاکـامی مـایه و دەسـتمایەیان بـۆ خزمەتـی دەوڵەتـی ئێـرانە. دەوڵەتـیش ئـاگر و ئاسـن بەسـەر کـورد دا دەبـارێنێ. سـێدارەی بەردەوام هەڵـداوە، زمان و فەرهەنگ و مێژووی بۆکانییەکەی قەدەغە کردووە و سـووکایەتی بە بـوون و چارەنووسی دەکات ...هتد.

خۆ گەر بهاتـایە، بزاوتـی کوردایەتی، بەم پێودانگە تەواوی هەنگاوەکانی بنـایە و کوردبوونی خۆی بە تەواوی نکۆڵی لێ کردبایە و بۆ ئەو ئامانجە نامۆ و خەیاڵاویی و دەرەکـی و ناواقیعییـانە تێبکۆشـایە، وا هیچـی بەسـەر هـیچەوە نەدەمـا و کەڵکـی نەتەوەبـوونی خۆیشـی لـێ دەبـڕا. گـۆڕین و شـێواندنی سـروودی "ئـێمە کـوردین، ڕۆڵەی کــوردین بــۆ ئــێمە گــورگین ڕۆڵەی گــورگین" ، مەخــابن چیرۆکێکــی پــڕ لەشـەرمەزاری ، مێـژووی پـڕ لە نـابووتی و خەوش و ڕەشـی ڕەفتـاری قێزەونـی بەشێکی بەرەی چەپی کوردە.

دەکرێ بە کورتیش بێ ئاماژە بە کلکایەتی بەشـێکی زۆری دەوڵەتانی عەرەبـی بکەیـن کە بـۆ شـورەوییان ئەنجـام دەدا. ئەمەش لەو دیـدەوە ئەنجـام دەدرا، گـوایە ئەمریکا ئیمپریالیزمە و دوای بەرژەوەندی گڵاوی خۆی دەکەوێ و ئیسـرائیلی وەک کــوتەکی دەســتی دروســت کــردووە. ئەوەی لێــرەدا نــاکۆک و جێــی ســەرنجە، شــورەویش هەمــان ســتراتیژی هەبــوو،کەچی بە سۆسیالیســتی لەقەڵــم دەدرا. بەرژەوەندیخوازی بۆ ئەو حەرام بۆ ئەم حەڵاڵ بووە.

***١١٠ - { چونکە من بەر لەوەی تازیەداری عاتیفە بووم کە لە کیس کورد چوون و بوون بە ماڵی غەیر و ناحەزی کورد و کوردستان!کزەی پشکۆیەکی بەجەرگەوە بنێیت وەها پەرۆشداربووم بۆ حسێن بەرزنجی،خاوەنی گیانێکی پاک و سەدای ئاسمانی ،کە "ئەی ڕەقیب" ی بەدەنگ دەهێنا یان ئەڵڵا وەیسیی بەرەو ئاسمان بەرزدەکردەوە،دەیخستمە حاڵی جەزبەی دەروێشایەتی.هیچی لە هیچی نەبوو: تەنها لەبەر کوردبـوونی شـایەدیی نـا بە حەقــی لــێ درا..لە هەسـت و نەسـتمدا ئەم جوانەمەرگەی خوێن دۆڕاو لە نوختەی ناوەڕاستی کوردستان، لە بەهەشتی ژێر خاکی***

***کوردسـتان چەنـدێکی گزنگـی خۆرەتـاوی سـبەینان تـۆقەڵەی پیرەمەگـروون نـوورانی بکات،شـەهید حسـێن ڕووی گەشـی مەردانە و کـوردانەی لە پەرچەمـی فرشتە و حۆری دەماڵێت و لە کولانەی نەمریەوە نیگایەک راماڵی کوردستان دەکات سا بە هەر کوێیەک کوردستان بکەوێت حەجەستانە!! هاوار بە ماڵم حسێن گیان...بۆ خۆت و هەڤاڵانت :***

***لەبارەی زەرەری نەتەوە بە تـاربوونی بەشـێک لە رۆڵەکـانی و دەرچونیـان لە جغزی خەبات بۆ نەتەوە شـەرحێکی کورتی روونکـەرەوە گەرەکە: بەشـێک لەوان تاربووانەی خەبات بێ سەواد و نەزان و بێ ئاگای سیاسەتن تا ئەوەی هەستیان لە ئاست چارەنووسی گەل وەها کول دەبێت هەموو پەرۆشیان رووی لە دەستخستنی سوودێک دەبێت پێی بگەشێنەوە}.ل ۱۸۱ ـ ۱۸۲***

شـــیوەننامەیەک لە چەنـــد دێڕێکـــدا بـــۆ ڕۆڵەیەکـــی بەهرەمەنـــدی مەیـــدانی کوردایەتی.مامۆســتا هەســت و ســۆزێکی گەرم و پەرۆشئاســا بـۆ گیـانی بەرزی تــاکێکی کــورد، بەم شــێوەیە دەردەبــڕێ. ئەم تــاکە جــێ پەنــجەی لە نەخشــاندنی سرووودێ" ئەی رەقیب"دا بەو گیانە شۆڕشگێڕییە بەرجەستەکردووە. لەمەش گرنگتر ئەم ڕۆڵەیە لەراستە شەقامی کوردایەتی لای نەداوە و سـەر سـەختانە بەرگریی لێ کـردووە. لە سـێبەری ئەم گەرمەشـینەدا خەم و کەسـەری دڵـی بەرامـبەر ئەوانەش دەردەبێ کە خەبـاتی نەتەوایەتییـان وونکـردووە و نەزان و وێڵ بـوون لەم خەبـاتە پیرۆزە.

***۱۱۱ ـ{ چەند لەسەر حەق بووم کە دەمگوت،ئەگەر چارەنووسی کورد لەدەست منـــدا بێـــت حکـــومەتی کـــوردی بە قـــۆنتەرات دەدەمە شـــەریکەیەکی سویدی،نەرویجی،سویسرەیی..بە نیوە مەسرەف دەمحەسێنێتەوە.***

***لەگەڵ ئەم راســتییە تفتوتاڵەشــدا " دەوروبەر"ی کــوردەواری پــێم دەســەلمێنێ دوعاگۆ و ئاواتەخوازی ئەو پێشمەرگانە بم کە خەریکن بە خوێنی خۆیان دەماری "کورد" هەڵدەبڕنەوە}.ل ۱۹٦***

لەم بۆچوونەوە زیاتر لەوە تێدەگەین، کە مەسـەلەی دادپەروەری و دڵسۆزی، تـا چەنـد بـاوەڕ و ئامـانجی مامۆسـتا مەسـعوودە. چەنـد لای مەبەسـتە حکـوومەتێکی دادپەروەر هەبێــت، جێــی ڕەزامەنــی خەڵــک بێـت. بە پەرۆشیشـــەوە دڵســـۆزی پێشمەرگەی لە یاد نەچوو. دەزانێ تـاکە دەسـتە چیلەی گڕی خەبـات و تێکۆشـان و سـەرفرازی و ئـازادی پێشـمەرگە و پێشـمەرگەیە. ئەو بۆچـوونەی مامۆسـتا ئێسـتا سـەرەتای ۲۰۱۷،کتومـت بەسـەر واقیعـی باشـووری کوردسـتان جێبەجـێ دەبێـت. شـەڕی داعـش و بـێ مـووچەیی پێشـمەرگە و دەسـەڵاتی نقـووم بـوو لە گەندەڵیـدا، وێنەیەکی ڕەنگدانەوەی ئەو خواستەی مەسعوود محەمەدە.

*١١٢ ـ{ بە كوڕانی میللەتەكەمم گوتووە ئەگەر قسەكانی ماركس لەسەر پلەكانی پێشكەوتنی مێژوویی بۆ ئەو گەلانە لەبار بن كە وەک كۆرپەلەی ناو زگی دایک كە جارێ لەدایكیش نەبووە لە كیانی خۆیاندا دەقیانگرتووە.بۆ ئەو میللەتەی دابەش كرابێ و بەدرێژایی سەردەمەكان بێگانە حوكمی كردبێ دەبێتە خورافات چونكە ئەو گەلە نە خاوەنی خۆی بووە نە خاوەنی مێژووەكەی بووە نە خاوەنی خاک و چارەنووسی خۆشی بووە.دواكەوتووترین سەردەم لە گەلێكدا كە چارەنووسی بەدەستی خۆیەوە بێ ئامانجێكی مێژوویی بەرز و پیرۆز و شەرەفمەندانەی هەیە و بەجێگەیاندنی بۆ كورد بۆتە مەحاڵ.*

*لاوازی واقیع و شارستانی و كۆمەڵایەتی و مێژوویی و فكری و رۆحی چەوسێنەری كورد گەیشتە ئەو ئاستەی لێنەگەڕێ خۆی بۆ بەربەرەكانیكردنی چەوسێنەری خۆی تەرخان بكا و چەندین سەدە لە بارێكدا مایەوە بەراوردكردنی نێوان چەوساندنەوەی كۆمەڵایەتی ناوچەیی و چەوساندنەوەی كۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و سەربازی داگیركەر بكا و پرسیارێكم ئاڕاستەی رۆشنبیری شۆڕشگێڕی ئەم سەردەمەی كورد كرد كە تیایدا داوا كراوە هەڵوێستی خۆی لەوەدا دیاری بكا، جەندرمەی تورک پایەدارێكی كورد بەرەو قەنارە راپێچ دەكا، ئایا وەهمی تیۆری بەسەریدا زاڵ دەبێ و لایەنگری جەللادەكە دەبێ تا بەسەر ئەو (دەرەبەگ)ەدا زاڵ بێ!!!}.ل ٥٥*

لێرەشدا دەرهەق بە ماركس دیوێكی تری گەش و پڕ لە جوامێری بیروبۆچوونی مەسعوود محەمەد دەردەكەوێ. بەڵێ دەشێ تێزو تیۆرییەكەی ئەم بیرمەندە گەورەیە، لەگەڵ واقیعی ژیان و وڵاتێكی وەک ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیادا بگونجێ و هاوجووت بڕوا، ئەگەرچی لەم وڵاتانەش دروشمەكان نەهاتنەدی و پەڕییەوە بۆ رووسیای تەزاری، بەڵام بۆ هەلومەرجی كۆمەڵایەتی و سیاسی كوردستان، كە واقیعێكی دیكە دەنوێنێ. زۆر نەگوونجاو و دوورە. كورد لەبارودۆخێ ترنجێندراوە، خەباتگێڕ و مامۆستاكانی ناچارانە یەک تاكە رێگەی دەربازبوونیان لە بەردەمدایە، ئەویش خەباتی رزگاریی و سەربەخۆیی نیشتمانە.

***١١٣ ـ { ئەمرۆ رووسەکان شانازی بە یادی پیاوانی خۆیانەوە دەکەن و ئەگەر ناوی یەکێکیان بەناوی یەکێ لە کوردەکان بچێ،مارکسی کورد دەستەسڕ دەخاتە سەر لووتی تا تووشی هەڵامەت نەبێ ئەوجا پرسیاری هۆیەکی جێی قەبووڵکردن و بەجێ بکا و وای لە (بەمارکسی بوو)ی کورد کردووە هەموو پەیوەندییەکی حاجی قادر و دۆستایەتییەکی لەگەڵ ناودارانی کوردی سەردەمی خۆیدا بسڕێتەوە و لەسەر ئەوەش سوور بێ پەڵەی ناپاکی لەوانە بدۆزێتەوە و دوژمنایەتی لە نێوان ئەوان و جەماوەردا خەلق بکا و هەر دەڵێی مێژوو بەوە نەبێ شەرمەزار دەبێ!ئەگەر رووکەشییەکی کوشندە لە تێگەیشتنی دیاردەکان نەبوایە و دروشمە جەماوەرییەکان بە بۆشاییدا نەدرابان و ئەگەر دادوەری کۆمەڵایەتی وا هەبوایە کە سنووری مەعنەویمان بپارێزێ، دەبوو ئەو بەرهەڵستکارانەی کە (گەورەیی)تاکەکانی رابردوومان قەبووڵ ناکەن و بیانوو بۆ کەوڵکردنی گەورەپیاوە کۆچکردووەکانمان دەدۆزنەوە، بە تۆمەتی کوژاندنەوەی رووناکایی مێژوومان لەبەردەم دادگادا بوەستن،چونکە ئەوە تاوانێکی بچووک نییە کە ویژدانی میللەتان بەسەریدا تێدەپەڕن بە تایبەتی نەتەوەی کورد کە مێژوو رێی نەداوە هۆکاری سەروەری زۆری هەبێ و لە ئاستی رازیبوون بە کەمی نێزیک لە هیچ رایگرتووە.ئێستاش پێویست بە هەڵوەستەیەک دەکا:***

***لەبارەی نەفرەتکردنی بەمارکسیبووی کوردەوە لە رابردووی میللەتی خۆی و سوککردنی گەورەپیاوانمان بۆ مرۆڤی کوردی هەستیار جێی رامانێکی خەفەتئامێزی بەئازارە کاتێ دەرک دەکات بیری بە تەتکەوپەتکە هۆکاری شانازی نەتەوەیی دەمرێنێ} .ل ٧١ ـ ٧١***

شانازی بە کەڵەپیاوانەوە هەر بە تەنیا ڕەفتاری ڕووسەکان نییە، بگرە هەموو گەلانی جیهان کەم و زۆر ڕێز لە هەڵکەوتووانی خۆیان دەگرن. سڕینەوە و تۆمەتبارکردن و ناشیرینکردنی مێژووی کۆنی کورد و ناوزڕاندنی سەرکردەکانی واتە کوشتنی مێژوو. مێژووش هەوار و وێستگەی خۆدۆزینەوە و ئیلهام وەرگرتنە. ئەم کارە بەهەست و هۆشەوە بکرێ یان بێهۆشانە دەچێتە خانەی نەتەوەیەک بە گشتی و رۆڵە هەڵکەوتووەکانی بەتایبەت. بە مانایەکی تر، بچووکردنەوە و بێسەنگکردنی ئەو تاکانەی کە لە مێژووی نەتەوەدا نەخشیان هەبووە و ڕۆڵیان گێڕاوە. تاساندنی نەتەوەیەک و هەبوونە مینۆکەکانی و لەناوبردنی سامانە

ماکییەکانی هەرە بەنرخی نەتەوەیی. دەبا خانی و حاجی و میری بەدرخان و خانی لەپزێڕین و زیرەک و مەردان و کاوێس ئاغا و ع. پاشای بابان و مەلای گەورە و مەستوورەخان و موسا عەنتەرمان نەبێ!جابزانە چ پێناسەیەک وەردەگرن. شکسپیر و نیۆتن و چاپلن و چەرچل هەمیشە جێی شانازی ئینگلیزن. فەرەنسییەکان ڤۆلتێر و شارلمان و دیگۆل دەپەرستن، ئیتالییەکان بۆ دانتی و ئەنجیلۆ و مەکیاڤیللی نرخی بەرز و گەورە دادەنێن. ئەڵمانەکان بۆ لۆسەر و گۆتە و بسمارک، پەیکەری زێڕینیان دروست کردووە.

***١١٤ ـ {لێرەوە و لە ماوەی چەندین سەدەدا، دەرفەتی لەدایکبوونی بەها نەتەوەییەکان کە بەرگر و بەرهەڵستە و لە کیانی سیاسی دەکەوێتەوە، لە دەست کورد دەرچوو و ئەو پێوەرانەشی لەدەست چوون کە هەڵسوکەوتی گشتییان پێ پێوانە دەکرێ چونکە ئەو بۆتکەی نەتەوایەتییە نەبوو کە ئەو پێوەرانەی بۆ دەگەڕێتەوە. هەرگیزیش لە رابردوودا وای بۆ هەڵنەکەوتووە بە هۆی کەمتەرخەمییەوە لە ئاستی بەها نەتەوەییەکاندا سەرزەنشت بکرێ کە جارێ لەدایک نەببوو، یا بە هۆی هەڵوێستی ئاشکرایەوە لە پاراستنی بەرژەوەند و یەکێتی و سنوور و پەیمانی گشتی کە هەرگیز بوونیان نەبووە، ناو و ناوبانگ دەربکا. لەبەرئەوە، بۆ ئێمەی کورد بووە مەحاڵ هەستمان لە بەرپەرچدانەوە و پاشەکشێ پێکردنی نێوان دەمی تیغی بەرژەوەندی و کارەساتی نەتەوەییدا ببزوێ و ئەوەش، خەسارەتێکی ترسناکە و لەبواری بەها نەتەوەییە گشتییەکاندا زۆرمان لەسەر کەوتووە و بە قازانجی لەسەر یەکەوە داومانەتەوە و شتێ کە لە قسەکانمانەوە نێزیک بێ کوودەتای لادەرەکانمانە: ئێمە لەوەرگەی بێ پەرژین و گەڕەکێکی بێ چاودێر و بێستانێکی بێ داهۆڵین}.ل ٧٢ ـ ٧٣***

***د. عرفان مستەفا دەڵێ: "کورد کۆیلەیەتی قبووڵ نییە، ناشتوانێ بێتە سەردار"، کەواتە لەناو مێژوودا نییە، بۆیە بەر حوکمی هیچ لێکۆڵینەوەیەک ناکەوێ.. دیسان دەڵێ: "کورد ئەو تاکە بوونەوەرەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە نە کۆیلایەتی قبووڵ کردووە و نە سەرداریەتی، نە ئەو کەسەبوو، کە کەسی لا بێت بە کەس و لەگەڵیدا بکەوێتە ناو پەیمانی عیشقەوە، نە خۆشی گەیشتووە، بەو کەسەی کە بیخاتە ناو پەیمانی عیشقەوە و بیکات بەکەس".(١٩،ل ١٣).***

نەتەوە، کە دەوڵەتی نەبوو، تاکەکانی بە کۆمەڵێ تایبەتمەندیی نامۆ دەبن. یاخود لە ئاکامی شکستخواردنی نەتەوە، تاکەکان بەخۆدا دەشکێنەوە. هەستی بەخۆنازینی تێدا سڕ و بێ کاریگەر دەبێت... ڕەنگە دوای چەندین هەوڵ نائومێد و هیوا بڕاو بێت.

هێردەریش گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە و دەڵێ: "سروشت جیاوازی خستۆتە نێو گەلانەوە، نەک هەر بە هۆی دارستان و چیا و دەریا و بیابان و ڕووبارەکانەوە، بەڵکو لێکی جیاکردوون وە بەتایبەتی بەهۆی زمان ئارەزوو و کولتوورەوە".

**_١١٥ ـ {کەواتە پەرژینی کیانی نەتەوەیی بە دەوری مێژوومانەوە نەبووە تا کۆمان بکاتەوە و بەرگریمان لێ بکا و بە بێ کەرەسەی بەرزبوونەوە و ڕەهابوون لە کۆتی دیلێتی ماینەوە و چاومان وەها کورتبین بوو نەدەگەیشتە سەروەری دەسەڵات و ڕەتکردنەوە، لەوەشەوە و لە گوتەی پێشینان و حەکایەتەکانەوە دیارە کە جگە لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو، بوونی گشتیمان نەبووە}.ل ٧٥_**

کۆی بەسەرهات و ڕووداوەکانی کورد، وەک مێژوو نەبۆتە بۆتەقەی خولقاندنی تاکێکی چەکدار بە مێژوو و فەرهەنگ و ژینگەی کوردی. بۆ نموونە، گەر بهاتایە وانەی مێژووی کورد هەر لەسەرتایەوە لە قوتابخانەکاندا بخوێندرایە و منداڵی کوردی پێ گۆش و خۆش بکرایە، مێژوو بوایەتە ئەو کانییەی هەموو کورد ئاوی لێ بخواردایەتەوە، ڕەنگە وەرچەرخانی چارەنووسی شتێکی دیکە بووایە. ئێمە مێژووی داگیرکەر بە ژەهر کراوە بە گەروومانـدا و عـروبە و فارسایەتی و تۆرانیێتی.

ح. کاکەوەیس دەڵێ: "میللەتێ دوژمن بیخاتە سەر ڕێگا، ئەو ڕێگایە قەت ناگاتە ئامانجێک پێی ڕازی بێ یا تیایدا ئاسوودە بێ".(٢٥،ل ٨).

**_١١٦ ـ{ ئێمەی کورد، نێزیکترین بارودۆخمان لە حەقیقەتەوە ئەوەیە موفلیسی نێوان دەوڵەمەندانین، کەمئەندامی ناو پاڵەوانانی ئۆلۆمپیادین، لاڵی ناو خوتبەدەرانین، دەستوپێ بەکۆتی ناو چەکدارانین و خواستی ژیان پاڵمان پێوە دەنێ_**

***بەرەو هەر شتێ بچین بۆ ژیان دەستمان بگرێ و ئاساییە شانازی بە شاسواران و قارەمانان و هەموو ئەوانەوە بکەین لەبەر هەر هۆیەک بووبێ لەناوماندا هەڵکەوتبێ و بە پێوانەی رۆژگاری خۆی ناوی چاکەی دەرکردبێ و کەسمان لەو پێوانەیە لا نادەین و حاجی قادریش بەرلەوەی نەوەی ئێمە پەیدابووبێ بەدەیان ساڵ، لەوەدا پێشرەو بووە}.ل ٧٨***

کە دەسەڵات و حکومەتت نەبوو، بێ چەندوچوون دەبیتە فلیقاوەی ژێر پێچکەی دەسەڵاتی بێگانە. واقیعی کورد بە چوار بەشە داگیرکراوەکەیەوە نابووتە. لەسەر هیچ سەکۆیەک ئەکتەر و دیار نیت. رۆڵت نییە و پووچی. بەشداری پێشبڕکێ جیهانییەکان بکەین هەر کەم ئەندامین. لە باشترین شوێندا گوتار بخوێنەرەوە، دنیای لاڵ و کەڕ ناتبیستێ و تێتناگات. خەبات دەکەیت کەچی وایت لە قەفەزی دیلێتیدا. ئا لەم وێستگەیەدا کاتێ بە نائومێدیەوە تەماشای خۆت و مێژووت دەکرێت،ئەوسا حاڵی دەبیت،چەند ماڵوێران و تووشی چ کوێرەوەرییەک بوویت. ئەوەتا تا ئێستاش لە هەموو رەهەندەکانی هونەر، وێنەکێشان، شانۆ، موزیک.. خاوەنی هیچ نین. گوتەیەکی بەناوبانگی کورد هەیە دەڵێ: " کورد تەنیا چیاکان پشت و پەنایەتی".

شێرکۆ بێکەس، ئاوا بە شیعری قیبلەنمادا،نمایش لەم ڕەوشە دەکات:

**کوردستانم برینێکە لقی دار بەڕووە**
**واز لەو برینەم بهێنن،**
**لێی بگەڕێن با**
**با پەل و پۆی سووری بهاوێ و**
**سێبەر بۆ ئازادیم بکا...**
**من هەرچاوی دارستانی گڕتێبەربووی خۆم شک ئەبەم**
**ئێشکم بگرن**
**من هەر خوێنی لەبەر رۆیشتووی ئەم شاخانەی خۆم شک ئەبەم**
**هەڵگیرسێت و پێشم کەوێ.**

١١٧ ـ { هەروەک فکری مادی ناسەلمێنێ عەبد و خاوەنەکەی، عەمەلە و پارەدار، رەنجبەر و مڵکدار، قەرزار و سوودخۆر بخرێتە بەر یەک یاسا و دەستووری دادی کۆمەڵایەتییەوە منیش هەقمە نەسەلمێنم میللەتی کورد و داگیرکەرە کۆنینەکانی باربەری هەمان بۆ چوون و قەناعەت و دەستووراتی فەلسەفەی مادی بن کە بە نیگایەکی درشت بینی ئەوتۆوە سەیری هەموو مێژوو دەکات ناتوانێ حیسابی راست و دروست بۆ جودایی نێوان قۆناغە مێژوویەکانی میللەتی کەرت کەرت و ژێردەست لەگەڵ میللەتێکی دیکەی زاڵی یەکگرتوودا بکات.

وادیارە، بە عادەت، دانەری نەزەریەی سەر بە پەراوێزفرەوانی پەکی بەوە ناکەوێ میللەتی بێهێز و کەم سامان و دابەش و زۆرلێکراوی وەکوو کورد دەکەوێتە ژێر ئەو بڕیارانەی کە لە نەزەریەکەیدا بەسەر میللەتێکی دەسەڵاتدار و یەکگرتووی داگیرکەردا دەهێنرێت، بەزۆریش دانەری ئەو نەزەریانە بۆ خۆی تاکێکی میللەتانی دەسەڵاتدار و پێشکەوتووە، بۆیە بە درەنگەوە دەماری بەزەیی بەخەبەر دێت و لە کوێوە رێگا و لاڕێیەکانی نەزەریەیدا حاڵ و باری میللەتی زەعیف تێدەخوێنێتەوە و بۆرە حیسابێک بۆ زەرفی تایبەتی ئەو دەکات.

بێگومان ئەگەر دانەری نەزەریەی مێژوویی و رامیاری و ئابووری لە واقیعی میللەتێکی کەرتکراو و هەژار و دەست بەسەرەوە هەوڵ بدا بەردەکانی بناخەی بیروڕای خۆی هەڵبنێت پتر بە حیسابی تایبەتی ئەو جۆرە میلللەتانەوە خەریک دەبێت، ئەوساش رۆشنبیر بە ویژدانێکی حەسایەوە ترەوە پشتگیری لەو بیروڕایە دەکەن چونکە کە بیروڕا لەسەر بنەمای مافی میللەتی ژێردەست و لێقەوماو هەڵسابێت لزوم بەوە نامێنێ هەر جارە لە پشتگوێ خستنی زەرفی میللەتی کەم دەسەڵاتدا عوزر و بەهانەی (قوربانیدانی بچووک لە پێناو سوودی گشتی ئادەمیزاد) وەک پەردەی درۆزن بەسەر هەڵوەستی هەلپەرستدا بکێشرێت. {تۆ بڵێی بشیابا لە کوردستانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا بانگەوازی "ئەی کرێکارانی جیهان یەکتر بگرن" بەرزبێتەوە کە ئەوسا، جارێ کرێکاری ناو بانگەوازەکە لە کوردستاندا بە خەیاڵاندا نەهاتبوو چ جایی پەیدا بووبێت؟}. خواستنەوەی چاویلکەی میللەتی بەهێز لە لایەن میللەتی بێهێزەوە بۆ تەماشاکردنی کۆمەڵایەتی و مێژوو کە

**له جێگه و کاتی جودادا سەری هەڵداوە وەک خواستنەوەی چاوی دەوڵەمەندە لە لایەن هەژارەوە}.ل ١٣ ـ ١٤**

ئەگەر خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کورد بخرێتە بەر تیشکی نیگای هەمان ئەو پێوەرەی وەک ئەوەی ئەڵمانیا و فەرەنسای پێ دەخوێندرێتەوە، وا مافی خۆمانە چونکە داگیرکەر و داگیرکراو، ناسەربەست و ئازاد هیچ کاتێک بەر حوکمی یەک هاوکێشە ناکەون.

حساباتی بیریار و زلهێز هەرگیز ئەوانە لەسەر پنتێک ڕاناوەستن. بەرژەوەندی خۆیان بۆی دروست کردوون، ئیدی ئەم بەرژەوەندییە دەبێتە ڕوانگەی تێڕامان لە هەموو جیهان.

ع. قەراخی دەڵێ: ئایا پرۆلیتاریا کەی توانای ئەوەی هەیە رۆحی کورد هەڵبگرێت و لەبەرزترین پلەدا دای بنێت کە دەوڵەتە؟ بێگومان کۆمەڵگای کوردەواری لە رووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ ئەو ئاستە هیچ ئامادەبوونێکی نییە، هەر بەو پێیەش پرۆلیتاریای کوردی سیما و خەسڵەتی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی نییە کە بتوانێت بگاتە ئاستی نوێنەرایەتیکردنی ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی، واتە دەوڵەت. هەر لێرەوەیە دەکرێت بڵێین پرۆلیتاریای کوردی لە وەهمدا بونی هەیە و لەواقیعدا ونە یان غائیبە. چەمکی دەوڵەت(١٣، ل ٢٧ ).

***١١٨ ـ{ نووسەریش وەک ئەندازیار ئەگەر بێت و واقیعە هەژارە لە حیساب بەدەرەکەی میللەتی کورد بەهۆش و گۆشی ئازادی خۆیەوە بگرێ بە دڵیدا نایێ پەرگار و کۆنیای ئەو فەلسەفانەی لەسەر بگرێ کە لە واقیعێکی زێدە پێشکەوتووی وەک ئەورووپا هەڵهێنجراون}.ل ١٦ ـ ١٧***

قاڵبی ئەورووپا بۆ ئاسیا ناخوا، تەماشای ئەو دیموکراسی بە پەلە خوازراوە بکە، یان لە ڕێی لاساییکردنەوە پیادە دەکرێ. چەند کرچووکاڵ و نابەکامە. ئاخر دەبێ زەوی شیاو بێت، ئەوسا بەرهەمی بە پیت و بە پێز دەبێت. شینایش لە هەر زەوییەک شین نابێت.گەر بێت و نۆرم و پێوەرەکانی وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا بەسەر وڵاتێکی دواکەوتووی ئاسیا یاخود ئەمریکای لاتینیدا پێڕەو بکەین، جگە لە نەگونجان و زیان لێکەوتن و بەرهەمێکی بێ پێز، هیچی تری لێ بەرهەم نایەت.

مەگەر ســەردەم و شــێواز و قۆنــاخی گەشــەکردن و بەرەو پێشــچوونەکان تەواو جیاواز نین . ڕەنگە لە بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانە زەمینەسازی لەدایکبوونی ئەو بارودۆخە هەر نەبێت. بۆیە هەرچییان بەسەردا بسەپێ،زڕ دەردەچێ.

***١١٩ ـ {کە من دێم لە گۆشەنیگای خۆمەوە سەر بە کۆمەڵایەتی زێدە مەفهوومی کورددا دەگرم لە پێشەوە ئەو شیکردنە (زانستی)یانەی بە عادەت هانایان دەبرێتە بەر لای من ئیفلاسیان کردووە تا ئەو رادەیەی ناتوانن بە هیچ جۆرێک نەژوورخان نەژێخانی کوردەواری روون بکەنەوە و نە تەفسیری ژوورخانەکە لە ژێرخانەکە هەڵهێنجن، ئەو شیکردنەوانەی ناویان بە عیلمی رۆیشتووە هەر لەوەندەدا دەتوانن راست دەربچن کە میللەتان وەکوو بووکەشووشەی کۆککراو لە سندووقچەی ئەوانەوە دەربێن و بە سازی ئەوان بڕەقسن بەتەواوی وەک مەفهوومی روباعیەکی خەییام کە دەڵێ:***

***ما لعبتگانیم و فلک لعبت باز از روی حقیقی نه از روی مجاز***

***بازیچه همی کنیم بر نطع وجود رفتیم نصندوق عدم یک یک باز***

***تەنها فەلەکەکە بگۆڕە بە فەلسەفە لێکچوونەکە تەواو دەبێ. دەمێکی لە مێژەوەیە بەوە راهاتووم لە گلێنەی چاوی خۆمەوە سەیری کۆمەڵایەتی و مێژوو (زۆرجاران زانستی تەتبیقیش) بکەم نەک لە عەدەسەی چاوی نەزەریانەوە.***

***منیش و تۆیش و هەموو عەمر و زەیدێکیش دەبێ نەزەریە و خوێندن و تەجرەبە و تێوەڕامان و بیستن و دیتن یاریدەی روونایی بینینمان بدەن نەک لێمان بن بە عەینی بینینەکە. من کە بەچاو لە شوێنێکدا ماسی زیندوو ببینم و ئاوی تێدا نەبێ دەرحاڵ ماسییەکە بە درۆ دەخەمەوە چونکە ماسی بێ ئاو ناژیت چ جایی ئەوەی بە دووربینی نەزەریە ئەو ماسییە زیندووە لە جێگەی بێ ئاودا ببینم و بڕوا بە دیتنەکم بکەم}.ل ٢٢ ـ ٢٣***

لە پێنـاوی سەرخسـتنی دروشـمی خەبـاتی چینـایەتی جوتیـار بکەیـت بە کرێکـار، خەبـاتی نێونەتەوەیی دەوڵەتـان، ململانێی رۆژهەڵات و و ڕۆژئـاوا "واقیـع" بـاوک و دایکی تیوری و فەلسەفەکانە. تیوری و فەلسەفەی راگوێزان و بە عارەب و فارس و تــورک کــردن و داگیرکــاریی ســەربازی و مێژوویــی و ڕۆشــنبیری و ئــابووری لەبەرچاو نەگرێ کاری پێ ناکرێ. هەرچی زانستە دەستەوسانە لە ئاست پرسی

نەتەوایەتی کورد، چونکە ئەم کێشەیە، خاوەنی خەسڵەت و مۆرکێکی تایبەتە، و نموونەی لە جیهاندا هەر نییە و هەر بۆیەشە بەر نیگای هیچ تیۆریستێک نەکەوتووە و نەچۆتە نێو بەرنامەی هیچ زانا و بیریارێکەوە. حاڵی کورد تایبەتە بە خودی کێشە تیرئاواییەکەی کە بەدرێژایی مێژوویەکی ٢٥، سەدەیی خوێنێ لەبەر دەڕوا.

***١٢٠ ـ { تاک تاکێکی زەویداری کورد لە کوردستانی ئێران و تورکیادا مڵکایەتی و دەسەڵاتەکەی گەییشوۆتە رادەیەک پێی بگوترێ فیۆدال، ئەویش هەر لە رووی لایەنی مادی مڵک و دەسەڵاتەوە چونکە بارتەقای دواکەوتوویی کورد لە میللەتی دیکە فیۆدالەکەشی دواکەوتوو بووە. نەبیستراوە و نەدیتراوە بنەماڵەیەکی فیۆدالی کورد وەیا تێکڕای فیۆداڵەکان سەرچاوەی هونەر و ئەدەب و مۆسیقا و رەسم و دانس و ئەو جۆرە وردەکارییە رەنگین و نەخشینانە بووبن. بارستێکی بەپۆزی (رووبەنا، عرض، ژوورخان) لەسەرچاوەی غەیری کوردەوە هەڵقوڵیوە: ئایین کە دایک و باوکی زۆربەی هەرە زۆری ئەدەب و زانستی پتر لەهەزار ساڵەی دواییی هەموو رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست بووە لە قورئانەوە بەسەر ئەو و کوردیشەوە داباریوە. یاسا و دەستووری دادگای رەسمی لە داگیرکەرەوە بۆ کورد هاتووە. هونەری وەک شێوەکاری و کۆلین و پەیکەرتاشی و مۆسیقسازی لە کوردەواریدا لە حوکمی نەبووندا بووە. شیعری کوردی پیوەندی (نەسەبی) بە رابردووی کوردەوە نەبووە، یەکسەر لە عەرەبی و فارسییەوە، بەدرەنگەوە بۆ ناو زمانی کوردی هاتووە. هونەرێکی خانەسازی / معماری نەزاوە پێی بگوترێ ژوورخان، دابودەستووری شەڕخێوی و راوەتانجی و راوەبەراز کە گۆیا فیزونازی دەرەبەگ دەیداتەوە لەتەک سوارێنی و راووڕەزمی دەرەبەگی ئەورووپادا شەرمە نەک سامانی کەلەپووری}.ل ٤٢ ـ ٤٣***

دەشێ ژمارەیەکی کەم لە فیۆداڵ لە نێو کورددا هەبووبێ، لێ ئەم ژمارەیە هەرگیز نەبۆتە ڕێژە و چین و دەسەڵات، هەرنەبێ ئەوانیش هەر هەڵقوڵاوی واقیعی نێو میللەتی هەژار و دواکەوتوو و کورد دروست بوون. هەربۆیەشە دیاردەیەکی تایبەت بە خۆیابن دروست نەکردووە. کورد چونکە دواکەوتووە بووە ئەمەش بەرهەمی داگیرکراوە دابەشکراوی و بندەستییە، توانای بەرهەمهێنانی چ نەبووە هەمووی هی دەرەوەی واقیعی کوردستان بووە بۆی هاتووە.

***١٢١ ـ {خولاسە بەشێکی زێدە بەرچاوی ژوورخانی کورد لە ژێرخانی کوردەوە سەری نەکردووە چ جایی ئەوەی لە تاکەماکی فیۆدالیزمەوە هەڵسابێت، خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەر لە ١٣٠٠ ساڵ کە ئیسلامەتی تێدا لە ناو کورد بڵاو بۆوە دەبینین لە ماوەی چەند ساڵێکدا سەرلەبەری (ژوورخان)ی کوردی لە زەردەشتییەوە بۆ ئیسلام گۆڕا، هەرچی)ژێخان)ی مادی کوردیش هەیە وەک زەوی و گاڕەش و مشار و پێمەڕە و ڕەز و پاوان و چنین و تەنین ... هەر ئەوە مایەوە کە لە دێرینەوە بۆی مابۆوە}.ل ٤٥ ـ ٤٦***

هێزی داگیرکەر هەژمـوونی بـاڵا دەسـتی هێنـدە کـاریگەر و بە بڕشـت بـووە ژێرخانی کوردی کاول کردووە، هەموو ژوورخانەکانیشی ڕامالێوە، یان سڕیوەتەوە یـاخود سسـت و لاوازی کـردووە کەس نەبـوو بە درێژایـی چەنـدین سـەدە پەرەی پێبدات و داکۆکی لێ بکات ئینجا نە یەک چەند ڕۆژێک ئاوی نەدەیت وشک دەبێ باخێ چەند ساڵێ خزمەتی نەکرێت، وشک دەکات و فەرهەنگ و دابوو نەریتێک تیف تـیفە نەدرێ تـۆزی فەرامۆشـی و لەبیرچـوونەوەی لەسـەر دەنیشـێ و بێهێـز و بـێ یاخەخ و بێ ڕەونەق دەبێت.

***١٢٢ ـ{ ئەو بێهێزییە بە ڕۆشـەنی چلوەدەبەسـتێ لەوەدا کە دوای تێپەڕبوونی ١٥٠ ساڵ بەسەر شۆڕشی فرەنسەدا حیزبێک لە کوردستان پەیدا نەبوو ڕاستەوخۆ لە دەروونی تێکڕای میللەتەوە هەڵقوڵێ و یەکسەر و بێ تەئویل تەعبیر لە خوازی ئەوان بداتەوە وەک خۆیان تێیدەگەن نەک وەک ڕۆشنبیرێکی ناوەڕاستی سەدەی بیسـتەم لە مێشـکی خـۆیەوە بە وەکـالەتی ئەوان و بـێ پرسـی ئەوان بە دەنگـی دەهێنێت}.ل ٥١ ـ٥٢.***

چونکە ڕێگە نەدراوە، ڕوانینێکی کوردانە سەر دەربکات و خۆی نمایش بکات و پرسی کورد لەمانیفێستێکدا دارێژێ.. پێڕەوانی ئاین و مارکسیزم ڕێگەگری یەکەمی لە دایکبـوونی ئەم پەیـامە بـوون بەدرێژایـی ئەو مێـژووەی حیـزب لە کوردسـتاندا دروسـت بـووە، کەمـن ئەو لایەنـانەی ڕەپوراسـت باوەڕیـان وابـووە، کوردسـتان کۆلـۆنیکراوە و دەوڵەتـانی ترکیا و ئێران و عێراق و سوریا، هەریەکەیان بەشـێکی کوردستانی داگیرکردووە و کورد خاوەنی ئەو دەوڵەتانە نییە. لادان لەم پرنسـیپە و

نکۆڵیکردنی ئەم هەقیقەتە مێژووییە لای حیزب و کەسەکان و داتاشینی بیانوو، لەژێر هەر پەردە و ناوێکدا بێت، دەبێتە مایەی ناواقیعبینێتی و چەواشەکردنی ڕاستییەکان و تەفرەدانی جەماوەر. هەر بەم پێیەش لەیەکەم هەنگاوناندا، بەشێکی سەرەکیی ستراتیژی مەسەلەکە بە دۆڕاندن دەدەن. بەڵێ پرسی نەتەوایەتی کورد هێندە تایبەتمەند و قورسە. بێشکچی دەڵێ:

" زانستیش لە عۆدەیدا نییە پرسی کورد شیکار و ڕاڤە بکات. حیزبەکان دوور لە واقیع لەبەر ڕۆشنایی قسەی ناو کتێب و دەقە ئەستوورەکاندا و بە پێی ئەلفوبایەکی نائاشنا جڤاتی کوردی دروستکراوون. هەر بۆیەشە نەتوانراوە خوێندنەوەیەکی دروستی واقیعی کوردی بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. کوردستان کۆلۆنییە یان نا؟ لە کۆلۆنیش زیاتر. شەرەف و ناموسی تێیدا زەوت دەکرێ. شەرەف وشەیەکی زانستییە نەک ئەخلاقی. ئەستەمە لە ڕێگای ئامراز و چەکی زانستەوە وەسفی کۆمەڵی کوردەواری بکرێ، چونکە وشەی زانست بەشی ئەوە ناکات" (١. ل٥٣ ).

کاتێ هاوکێشەکەم لایەوە کورت دێنێ، نەگەیشت هیچ حیزبێ ئامانج لایەکەی دیکە هاوکێشەکە لا سەنگتر دەکات.

***١٢٣ ـ { من لەو ناوەدا ئەوەندە دەڵێم، لە میللەتی بەوەلەد نەهاتووی وەکو کوردا زۆر زەحمەتە زوڵم و زۆر لە قەبەڵ بەرەیەک وەیا چینێک بکەیت چونکە لە ٢٥٠٠ ساڵ پترە کورد یەکیەتی بە خۆیەوە نەدیتوە هەتا یەک قسەی سەرانسەری کۆمەڵایەتی لە بارەی هەموویەوە بکرێ، حکومەتیشی نەبوە بە بۆرە تەئویل بکرێتە وەکیلی فڵانە چینی کورد: ئەگەر کورد میللەتێکی بەوەلەدهاتوو بوایە ئەویش وەکو میللەتانی دیکە فیۆدالەکەی نمای دەکرد بەرەو قەبارەی حکومەت، کەچی هەر بنەماڵەیەکی کوردەواری گەییشتبێتە رادەی حوکمداری چەپۆڵۆکێکی هێزی بێگانەی لە خۆی زاڵتر تەفرووتونای کردووە. وەک من بۆی دەچم هۆی ئەم مومکین نەبوونەی پەیدابوونی حکومەتی کوردی لە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵدا دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی (نزیف اقتصادی) کە لەوەتەی ئیمپراتۆریەتی فارس و هی رۆمەکان و یۆنانییەکان و دەسەڵاتی جێنشینەکانی ئاشوور و بابل دەوری لە کوردستان داوە داهاتی خاکی کورد ساڵانە رژاوەتە ئەم سێ ناوچە بەهێزەی ئابووری و حوکم و ئیمکان نەبوو بە درێژایی مێژوو (سەرمایە) و دارایی بایی حوکمڕانی لە نێو کوردا پەیدا بێت}.ل ٥٤ ـ ٥٥***

د. عرفـان مسـتەفا، دەڵـێ: "بـاری کـورد هێنـدە تـایبەت و نالەبـار هەڵکەوتـووە، نەتوانراوە دەقی هیچ تیۆرییەکی کۆمەڵناسی سەرتاسەری بەسەر هەموو کورد و کوردسـتان جێبەجـێ بکرێت. کـورد دامودەزگـای حکـومی نەبـووە. بـۆ ناسـی ئەم بوونەوەرە، دەبێ لەدەرەوەی مێژوودا بە دوایدا بگەڕێین". د. عرفان مستەفا، بوونی نەتەوەیی کورد" ( ١٨،ل١١).

*١٢٤ ـ{ میللەتێکی وەک کورد کە بۆی نەلوا لە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵدا لووتکەی هەرەمی سەرۆکایەتی دەوڵەتی هەبێ، بۆی لوا لە خانەی نیوەچڵی گۆڕانی مێژوویی بێ لـووتکەدا هەزاران لـووتکەی نـزم و نیـوەبەرزی سـەرەک ئێـل و زەویـدار و سـاماندار و سـەرەک عەشـرەتی هەبـێ کەوا هەرگیـز وەک (چـین) رەفتاریـان نەکردووە، نەشیان دەتوانی وەها رەفتار بکەن، چونکە بارتەقای خەریکبوونیان بە دەستدرێژیکردنی نـامەردانە و ترسنۆکانە لە میللەت،خـوەریکی یەکدی بڕانـدنەوە بوون خۆ لە عەشیرەتی دا هەمیشە بەشی هەرە گەورەی دەسەڵاتی سەرۆکەکان یەکسـەر رووی دوژمنـایەتی لە خۆیان دەکـردەوە لە رێی (حیزەبەخـۆیی) ئیتـر بە دزی بێ یا بە ئاشکرایی. تێ نەخوێندنەوەی ئەم شەڕەی (نێوان چین) لە رووداو و لە گۆڕانی مێژووییدا، کە دەزانین دیاردەیەکی هەمەکات بووە، بەقەدەر هەڵبەستنی ئەو شـەڕەی نێـوان (چـین و چـین) کە رووی نەداوە بـۆ تـاکە نیـازی بە ئیسـپات گەیانـدنی خەبـاتی چینـایەتی لە مێـژوودا، نیگـای بینـەر لێـڵ دەکـات و ڕاڕەوی رزگـاربوون دەخـاتە سـەر هەڵـدێڕی هەڵە. چ گونـاهی مێـژوو نیـیە و چ بەردی کۆمەڵایەتی نالەرزێ لەوەدا کە خاوەن دەسەڵاتەکان خەریکی خۆخۆری بووبن وەیا هەژارەکان یەخەگیری خاوەن دەسەڵاتەکان نەبووبن.*

*ئێمە ئەگەر خەریک بین مێژووی دەستکرد بخـوێنینەوە، لە چارەسەرکردنیشـدا دەردی دەستکرد تیمار دەکەین، ئەوەی لەو ناوەشدا خەسارەتمەند دەبێ میراتگری ئەو جەمـاوەرەیە کە بە زۆر لەسـەر کـاغەز بەگژ ئەسـکەندەر و جەنگیزخانیـان دا دەهێنین}.ل ٦٧ ـ ٦٨*

گرفتە بنچینەیی و ئەزەلییەکە، بێدەسەڵاتی و بێ دەوڵەتییە. ئەو قسانەی لەسـەر مێژووی کـورد کـراوون، تیر بـوون و بە بۆشـاییەوە نـراوون. کـاتێ تـۆ دەتەوێ بە پێـودانگی تیـۆری خەبـاتی چینـایەتی قسـە لەسـەر مێـژووی کـورد بکەیـت، یـاخود

ڕابـووردوو مەحکـومی فەلسـەفەی فیـۆداڵی بکەیـت، یـاخود تەنـانەت مـارەبڕی دیموکراسی بکەیت، فیشەک بە تاریکییەوە دەنێی. دروستکردنی مێژووی فیۆداڵ بە خەیـاڵ و خوڵقانـدنی شۆڕشـگێڕی عەیـارە ٢٤ ی مارکسـی و داتاشـینی پـاڵەوان و دۆڕاو بۆ خەیاڵەکە، هەر ئەوەی لێ شین دەبێت، کە دیومانە.

" کورد پێوستییەکی زۆری بە زانست هەیە، بۆیە دەبێ هەرخۆی شارەزایی لە کوردستاندا پەیدا بکات و دەبێ سەرلەنوێ مێژووی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، واتە مێژووی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و لوبنان و فەلەستین بنووسرێتەوە. هەر کورد دەتوانێ بینووسێتەوە، چونکە بەپێی ئەو نووسراوانەی کە حاڵی حازر لەبەردەستدان، کـورد لە هەموویـان زیـاتر زیـانی لێکەوتـووە. ئەم کـارە قورسـایی سیاسـی و کۆمەلایەتی کورد و بەرژەوەندی کورد لەبەرچاو دەگرێت". بێشکچی (١،ل ٢٥).

***١٢٥ ـ} بوونی لووتکەی هەرە سەرووی هەرەم، کە دەکاتەوە سەرۆکی دەوڵەت، هەر وەک خۆی لە خۆیدا مایەی پێشکەوتن و بە مافی نەتەوەیی گەیشتنە، لەلایەن کۆمەلایەتیشـەوە کرانەوەی دەروازەیە بۆ خێراییکردن لە بڕینـی ئەو مەودایانەی گیانی عەشـیرەتی و ناوچەپەرستی و دیاردە تەسک و تروسکە سـەرەتاییەکانی کۆمەلایەتی تێدا بەردەوام دەبێ}.ل ٦٩***

لە کـاتی لەدایکبـوونی کۆمەڵگـادا، سـەرکردەکانی کۆمـار دامودەزگـا دروسـت دەکەن، لەوە بەدواوە دامودەزگاکـان رابەری کۆمـار/ وڵات دروسـت دەکەن. رۆسـۆ[١].. دەوڵەت وەک دەزگـا و سـەرۆکی دەوڵەت گێلـنەر[٢] دەڵـێ: "هـیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ یاسا و رێسا نابێ، یاسا و رێسا بێ زۆرلێکردن و ناچارکردن نابێت، ناچار و زۆرلێکردنیش بەبێ دەزگایەک مەیسەر نابێ کە ئەویش دەوڵەتە".

ئـولریچ **<u>ڤیلکـارت</u>**[٣] دەڵێ: " لە هەر منداڵێکی فەرەنسی بپرسـی، حەزدەکەیت لە ئایندەدا ببیت بە چی؟ دەمودەست دەڵێ، بە سەرۆک کۆمار. لەبەر ئەوەی لە پێگە و پلەی سەرەک کۆماریدا، پێناسەی نەتەوەیی فەرەنسی بەرجەستەبووە. لەم رێگایەوە

---

(1) Jean-Jacques Rousseaus
(2) (Ernst Gellner
(3) Ulrich Wilkert

دەتوانێ خزمەت بە فەرەنسای مەزن بکات". هـ . بەرزنجەیی (٢٢). ئەو نەتەوانەی لەم پێگە و کەسایەتییە دەوڵەتییە بێبەشن، کەماسی دەکەوێتە بونیاتی ناسنامەی نەتەوایەتییانەوە. هەمیشە هەست بە مەغدووری و دڵشکاوی و شەرم دەکەن.

***١٢٦ ـ { من لە نوسینی دیکەمدا گووتوومە ئەو گەلەی بە مافە بنجییەکەی نەتەوایەتی نەگەشتووە جارێ پێی نەناوەتە مەیدانی گۆڕانی مێژوویی وەک ئەو منداڵەی جارێ لە پزدانی دایکی نەهاتۆتەدەر}.ل ٦٩***

دەوڵەت و بندەستی داگیرکراو و هەڕەشەلێکراو بەراورد ناکرێ کەس خاوەنی ئەو شتانە نەبێ. کانت(٤) دەڵێ: "دەوڵەت بەو گەلە دەوترێ کە خۆی حوکمی خۆی بکات". کە دەوڵەتت نەبوو، لەلایەن بێگانەوە حوکم دەکرێی، واتە نیوە کامڵ و کەمتریشی. بەداخەوە بۆ تێگەیشتنی ڕۆژگار، هەتا مافی سیاسیت نەبێ، ئامادەگی فەرهەنگی و شارستانیت ونە. تەماشا بکەن لە مێژووی فەرهەنگی گەلانی ئێراندا پشکی کورد چەند گەورە و زۆرە، کەچی شاراوە و نەناسراوە.
فەرهاد شاکەلی دەڵێ: "فەرهەنگی ئێمە، پاڵپشتێکی سیاسیی وەهای نییە، کە بنچینەکەی لەسەر هێز، هێزی دەوڵەت دامەزرابێت".(...ل ٧٥).

***١٢٧ ـ { هیچ نهێنیی ئاشکرا ناکەم لەودا کە بڵێم ئەزموونی خەباتگێڕانی بەرە جوداکانی کوردی ئەم ڕۆژگارە هەمیشە بەردەوام بووە لەسەر یەکدی تاوانبارکردن.. لەسەر نەسەلماندنی عوزری رەوا.. لەسەر پووشکە بە چاوی خەڵقەوە دیتن}..ل ١١٦***

شەڕی براکوژی ناکۆکی ناوخۆ حیزبایەتی سەقەت، پرنسیپی دژ و ناکۆک زاڵبووە بەسەر دیاردەی جیاوازی بیر و بۆچووندا. دیاردەی فرە بیروباوەڕیی ، بوویەکی تەندروست و نیشانەی هوشیاری سیاسییە، لێ دەبێ هەموو ڕێگاکان بۆ بانە بچنەوە، واتە لە بارودۆخی کورددا، دەبێت لە کۆتاییدا، هەموو ڕێگاکان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان بچن و لە پێناوی ئەم ئامانجەدا دەستبەکار بوون.

---

(4) Imamanuel Kant

**تێناگەم!**
**گەر تفەنگێک هەزار گوللەی تێدابێ،**
**بەدەست کوردێکەوە بێ و**
**رووی لە کوردێک کرابێ،**
**چۆن دڵی دێ بیپێکێ،**
**با ئاگریش درابێ** (پەشێو)

***١٢٨ ـ { راستییەکەی،کورد لە زەمینەی باسی فیۆداڵدا ناچێتە ریزی ئەو میللەتانەی فیۆدالیان هەبووە و لەو رێگەیشەوە گەیشتونەتە مافی چارەنووسی نەتەوایەتی خۆیان. بێ گومان باسی کورد لەگەڵ ئەو میللەتانەش ناکرێ کە هێزی دەریاییان هەبووە چونکە کورد ئەو هێزەی نەبووە... لە باسی فڕۆکەوانیش باسی کورد ناکرێ... لەگەڵ ئەو میللەتانەش باس ناکرێ کە کۆلێج و زانکۆیان هەبووە.. کە سەرەک وەزیران و قۆنسلێیان هەبووە... چوونەتە قوتبەکان... فابریقەی دەرمانیان دروست کردووە... قسەش لێرەدا فیۆدال (دەرەبەگ )ە نەک ملکدار}.ل ١٢٢***

گەر خاوەنی دەسەڵات نەبیت، چەشنی خاوەن دەوڵەت تەماشا ناکرێیت، دەرەبەگیش بەهەمان شێوە، تۆ کە هێزی بەرهەم هێنانی ئەتۆمت نەبوو، ناکرێ لەگەڵ نەتەوەیەکی، خاوەن دەوڵەتدا خۆت بەراوورد بکەیت. کەسێ خۆی ئیفلیج و شەپڵەلێدراو بێت، دروست نییە خۆی بخاتە هاوتای پاڵەوانێکی زۆرانبازی. دیارە کەسیش ئەمەی لێ ناسەلمێنێ.

***١٢٩ ـ { ئەو میللەتانەی بە مافی نەتەوایەتییان گەییشتوون لە رووی تێوەڕامان لە رابردوویانەوە بە دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێن:***

***یەکەمیان... ئەوانەن کە لەبەر تیشکی تیۆری قۆناخە مێژوویەکانی بیری مارکسدا نەک هەر مێژوو دەخوێننەوە، بگرە پەتاتەش دەچێنن و بووکە شووشەی مندالانیش دروست دەکەن و، بە ناچاری و لە شێوەی حەتمی بوونی بانگی موسڵمانان و ناقووسی دیانان بەسەر و پۆتەراکی فیۆدالی زاو و نەزاودا دەدەن و مێژووی بێ دەئاخنن. وادەزانم تەنها سوودێکی لەوەدا هەبێ پتەوکردنی ئەو تیۆریەیە کە رێژیمی ئەو دەوڵەتانەی لەسەر هەڵستاوە، لەوە بەولاوە هەڵنانی فیۆداڵێکی***

***نەبوویێت بۆ ئەوەی بە دەمەتیغی تیۆریە کوناش کوناش و سووژناژۆ بکرێ رەنج بەخەسارییە و بەس فیۆداڵێک لەعنەتبار بکە کە هەبوو بێت و تاوانباریش بوویێت، لە هیچە قوتی مەکەوە بە خۆڕاییش تاوانباری مەکە.***

***بە هەمەحـاڵ ئەو وڵاتـانەی بە مـافی نەتەوایەتییـان گەییشـتوون لەو رەنـج بەخەسارییەدا شیرازەی دەوڵەتیان لێ هەڵناوەشێتەوە. گریمان ئەویش وەک جنۆکە دەرکردن لە کڵێشەی شێتی وڵاتی خۆمان بێت کە باغەڵبرە***

***شـەعبەدەبازەکان بە زەبری قـامچی لە ژێر(سـووژن، مەشـکەرەق، قوڵەشـین...) دەریان دەپەڕاندن و شێتیشی پێ چاک نەدەبۆوە، مەگەر بۆ ماوەی چەند سەعاتێک کە ترسی قەمچی خامۆشی دەکەن بۆی بە چاک بوونەوە حیساب دەکرا. بەراستی ئەو وڵاتـانە ئەو زەرەرە نـابینن کە میللەتێکـی بـێ کیـان و سـامان بە لاسـایی کـردنەوەی ئەوان پاڵەوان پفی لە هەڵنـان و کوشتنەوەی فیۆدالی نەزاو دەکات و خەباتی خۆی تێدا بە فیڕۆ دەدات..***

***دووەمیان.. ئەو میللەتانەن کە لەبەر تیشکی هیچ تیۆرییەکی قەراردادە نە مێژوو نە واقیع ناخوێننەوە، بیرکەرەوە و فەیلەسوف و مێژوناسەکانیشیان بایی فلسێک گوێ نادەنە بیروڕای سیاسیەکانیان ئەگەر قسەیان لە باسی سەر بە کۆمەڵایەتی و مێژوو و فەلسەفە...و...وەکرد، حکوومەتیشیان لەسەر بنەمای (عقیدە) هەڵنەستاوە تاکو فەلسەفەیەکی رەسمی وەکوو مارکسیزم لێیان ببێتە ئینجیل.***

***بە نموونە سەیری حاڵ و باری سویسرە و فنلەندە بکە و ببینە باسی فیۆدال و ئابووری و ئایین و حکومەت و هەمـوو بوونەوەر لە لایەن نووسـەرانیانەوە چۆن دەکرێ}.ل ١٢٣ ـ ١٢٤***

ئەو سـاتەوەختەی بە پێـی تیـۆری مارکسـی خوێنـدنەوە بـۆ مێـژوو دەکەیـت پێویستیت بە سەرمایەدار و فیۆداڵ و پرۆلیتاریایە. ئیدی ئەگەر ئەو کەرەسانە پەیدا نەبوون، تۆ لەبەرخاتری تیۆرییەکە دەبێت ئەو لایەن و پاڵەوان و هێزە، داتاشی و باس لە قۆناخەکانی سرووشت بکەیت و پیرۆزیش بە خشیت بە لایەک و نەفرەتیش لە لایەکی دیکە بکەیت. جا با ئەوانە هەر نەشبووبن و لە دایک نەبووبن، بەڵام تۆ دەبێ دروستیان بکەیت و بیان ڕووخێنێ و بیانکوژی، وە هیچ لە هیچ دەردەچێت.

***١٣٠ ـ {حیسابی کورد لە هەڵبەستنی فیۆدال و فەلاح بەگژەوەنانی، بۆ لای هیچ کامێک لەو دوو نموونەی سەرەوە ناچێتەوە چونکە نە کیانی هەیە خەسارەتی رەنج بە فیرۆدانی ئەو هەڵنان و هەڵبەستنەی لە مەیدانی دیکەدا پڕ بکاتەوە، نە مێژووشی وەها روونە دەمەتەقە لەسەر باسەکانی پەیدا نەبێ، نە قوتابخانەی ئازاد و هەمە چەشنی هەیە کێبەرکێ لەسەر دۆزینەوەی راستییە مێژوویی‌یەکان بکەن.***

***هەموومان دەزانین لەوەتەی لە دوای جەنگی دوومەوە فکری کورد بۆ باسەکانی سەر بە مێژوو و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەلسەفە و هونەر کراوەتەوە، بە زۆری و لە رادەبەدەر بە زۆری، لە کولانەوەی مارکسیزمەوە سەیری ئەو مەیدانانەی کردووە و هەمووشی داوەتەوە بە بڕیاری (سیاسی) کە لە سەرۆکایەتی کۆنە ئینتەرناشنالەوە دەرچووە.***

***هەرچەندە ئەم ئینتەرناشنالە دەوریشی بەسەر چووبێت،لای مارکسستی کورد هەر زیندوو بووە و هەمیشە ویستوویەتی خەباتی کورد گرێ بدا لە بەرژەوەندی ئومەمیەت هەرچەند رۆژەک لە رۆژان لە رووی بەرژەوەندەوە کورد لە ئومەمیەتدا بە (ئوممەت) نەژمێردراوە و تێنەخوێندراوەتەوە چونکە رابەرەکانی ئەو بزوتنەوەیە لە حیسابکردنی کورد بە بەشێکی ئومەمیەت رووبەرووی هەڵوەستی ئەوتۆ دەبوون لەگەڵ هێزەکانی دوژمن بە کورد کە بەلای ئەو رابەرانەوە سەرێشەی بێ لزومی بۆ دەنانەوە، خۆ کوردیش نە ئەو هێزە بوو دڵ راگرتن هەڵبگرێ و نە تووڕەش دەبوو لە دڵ رانەگرتنی}.ل ١٢٥ ـ ١٢٦***

کاتێ باس لە دیاردەی بێ دەوڵەتی دەکەین، واتە بێ بەریبوونی نەتەوەیەک لە دەسەڵات و چەمکی ئازادی و دوور لە ژیانێکی سەرفراز و ونبوون لە مێژوودا، کتومت حاڵی کورد بۆ ئەم نموونەیە دەست دەدات. دواتریش کە بە گەز و مقەستی روانگەی مارکسی هەڵسوکەوت دەکرێ، ئەوە پێویستە پێرەوی لە دروشم و دیاردەکەی بکات. بەش لە پێناوی گشتیدا، دروشمێکی دیاری کۆمۆنیزمی جیهانییە. حیزبی شیوعی عێراق لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا و ح ش سوری لەگەڵ بەعسی ئەسەدیدا و توودە لەگەڵ خومەینیدا ، هاوپەیمانی ستراتیژی بوون. سیاسەتی شورەوی وای خواستووە، نەک بنەماکانی کۆمۆنیزم. هەر وەک دیمان و دەزانین، ئەم حیزبانەش دەبوو بچنە هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ ئەم رژێمە دەسەڵاتدارانەدا و بەرە دروست بکەن و کردیشیان. کەواتە سیاسەت لە پرنسیپەکان، گرنگتر و بە بایەخترە.

***١٣١ - {هەڵبەستنی قەڵافەتی فیۆدال لە مێژووی کورددا بۆ ئەوەی خەباتی چینایەتی فەلاح بەرەنگاری ببێت و بەمەشدا بەراتنامەی راستبوونی تیۆری چینایەتی و (تناقض) قامکێکی کوردیشی لێ بدرێت لە واقیعی خەباتدا دەبێتە ئیمزاکردنی سەنەدی کۆمپیالەی قەرزاری، چونکە بە درێژایی هەموو ئەو رۆژگارانەی کە بەلای فەلسەفەی چینایەتییەوە دەستی پرۆلیتاریا بە دەسەڵاتی حوکم ناگات هەرای نێوان چینەکانی کورد دەبێتە درێژەکێشانێکی ئاسایی و بەدیهی و بێ دەمەتەقەی خەباتە مێژووییەکەی کە ئەرکی هەڵبەستنی بۆ کێشراوە، ئەوساش خەباتی قەومایەتی کە لە راستیدا دەبێ پرۆلیتاریای کورد بەشی هەرە بنجیی بێت لە خۆوە دەپوێتەوە و دەچێتەوە و وجود و ئازادی و سەربەخۆیی خۆی دەدۆڕێنێت و لە باشترین و گەشترین حاڵەتیدا دەبێتە سێبەرێکی سارد و سڕی شەڕەچەپۆکێی ناوخۆیی کە ئەویش هەر سێبەرێکی سارد و سڕی خەباتی ئومەمی دەبێت چونکە بزوتنەوەی چینایەتی کورد هەمیشەکات و بەوپەڕی دڵگەرمییەوە خۆی لە قەبەڵ ئومەمیەت کردووە و هەتا بۆی کرابێ بە ناوی پاراستنی یەکیەتی خەباتی چینایەتی لەو وڵاتەی کوردی تێدا دەژیت پرۆلیتاریای کوردی کردووە بە پاشکۆی پرۆلیتاریای ئەو وڵاتە و هەموو جۆرە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆی کوردی بە (انفصالية) داناوە و بە کوتەکی دەستی ئیستعماری حیساب کردووە}.ل ١٢٧ - ١٢٨***

بونیاتنانی خەیاڵی کۆشک و تەلاری فیۆداڵ هەر لەبەرخاتری چەسپاندنی تیۆریی م.ل. و بەرپاکردنی خەباتی چینایەتی، درەنگ یان زوو، هەر هەرەس دێنێ، چونکە بناخەکەی بۆش و بەتاڵە. ئەم بیر و ڕێباز و سیاسەتە، وەک ئاکامێکی سروشتی بەو سیاسەتە گەیشتووە، کە لە ئاکامدا، هەر دەبێ سەرانی ئەو بزاڤە بەوە تاوانبار بکەین، کە بەردەوام " کچی کوردیان کردۆتە قوربانی کوڕی خەڵک".

هەر بۆیە دوای هەر ڕاپەڕین و بزوتنەوەیەکی کوردی،کە تێک دەشکێین،ئەم خەسڵەتە هەزارجار دووبارەوە بووانە،بە ڕووماندا دەتەقنەوە. پاسۆک دەڵێ: دیلێک خۆی پێ رزگار نەکرێت،چۆن دیلێکی تری پێ رزگار دەکرێ".

***١٣٢ - { ٣٢ ساڵی رەبەق لە ئەزموونی تاڵی تێشکان و ماڵکاولی و رەنج بە خەساری و نابووت بوون، هەر لە ١٩٤٨ وە تاوەکو ١٩٨٠ چەپڕۆی کوردی لە***

*واقیعی خۆی و خەباتەکەی شارەزا نەکرد چونکە لە پشت چاویلکەی فەلسەفەکەیەوە واقیعێکی ئەوتۆ دەبینێت پێوەندی بە کورد و مێژووی کورد و باری مادی و مەعنەوی ئێستاکەی کوردەوە نییە، یەکسەر لە ئاوێنەی سازدراوی نەزەریەدا وێنەیەک دەبینێت وەک ئەوەیە لە چلەی زستاندا ترێ و هەنجیری گەییشتوو بە درەختەوە ببینێت.. هەر جارەش کە دەستی بۆ دەبات لە جیاتی میوەیەکی کە وجودی نییە چقڵی لە پەنجەکان دەچێت بەڵام هەمیشە دڵی خۆی بەوە تەسکین دەکات کە ئیمپریالیزم و فیۆدال و بۆرژوا و کۆنەپەرستان ترێی لێ دەگیڕن بە درووو..*

*بەلای باوەڕی منیشەوە رۆژەکیان کە چەپڕۆکە بگاتە دەسەڵات بەرلەوەی ملکدار بنەبڕ بکات کۆنەخەباتکەری بەرەی یەکگرتوو لەناو دەبات، چونکە ئەوانیش هەر بەپێی تیۆریی سەر بە چینایەتی بەشێکن لە بەرهەڵستی پێش هەنگاوی پرۆلیتاریای کورد و کاروانی تێکڕای ئادەمیزاد بەڵام بەشێکی چالاک و خاوەن ناو و شۆرەت لە خەبات و شۆڕشدا کە ئیتر چاولێپووشین و لێڕاوەستانی خەتەرتر دەبێ لەوەی ملکدار و پارەدار بۆ ماوەیەک هەناسە هەڵێنن، بەڵگەی ئەم راستییەش هەموو مێژووی خەباتی ئەم چەپڕۆیانەیە یەکێک لەو بەڵگانە چاوپۆشینیانە لەو ملکدار و پارەدارەی بە دۆستی خۆیانی دەزانن}.ل ١٣.. ١٣١*

ئایدۆلۆژیا، چەمک و ئامانجی بزوتنەوەی نەتەوایەتی ژەهراوی دەکات. ساتەوەختێکیش لەپشت چاویلکەی رەشەوە، سەرنج لە واقیعێک دەگرێ، بە تاریکیی دەیبینی. بە مانایەکی دیکە، تێڕوانین و مامەڵەی چەوت، نابێتە ئەزموون، یاخود چەپی ناواقیعی و خەیاڵبازی کورد، ناتوانن سوود لە تاقیکردنەوە سەرنەکەوتووەکانی خۆیان وەرگرن. نموونە زۆرن. وەک ئاشکرایە داگیرکەرانی کوردستان، سەرباری هەموو جیاوازی و ناکۆکییەکانیان لەسەر پرنسیپی دژایەتی و رێگری لە کورد و بەرەو پێش چوونی مەسەلەکەی، تەباو هاوکار و هاوپەیمانن. پەیمانی بەخدا، سەعدئاباد و جەزائیر.

هەقیقەتی سەختی هەڵکەوتنی کێشەی کورد شتێ نییە، کەس بتوانێ نکۆڵی لێبکات. کوردستان لە ڕابووردوودا بەچەند دەسەڵاتی بەهێز و گەورە گەمارۆدراوە، لەسەدی بیستیشەوە دوژمنانی کورد چ دوێنێ و چ ئیمڕۆ هەر پێکەوە نەخشەو پلانی لێدان و نائومێدکردنی کورد دادەرێژن. گەر بێت و کرۆنۆلۆژیای بزوتنەوە و

ڕاپەرینەکانی کورد بهێنینە بەرچاوی خۆمان، بۆمان دەردەکەوێ لەهەر هەموویاندا شکستمان خواردووە. ئەمەش بەڵگەیەکە ئەوان بەتوانا و دەسەڵاتترن. چونکە کورد یەکنەگرتوو و حیزبەکانیشی ناواقیعی و هەڵگری دروشمی نەزۆکن.

***١٣٣ .{ من لە قسەدا گوتوومە چارەنووسی کورد فەرقێکی ئەوتۆی نەدەکرد ئەگەر هەموو تاکێکی هێندەی پڵینگ چاپوک و هێندەی ئەرەستوو زانا بوایە چونکە بەرەنگاری واقیعێکی نالەباری خەفەکەری نەفەس بڕی کوشندەی دڕندەی دەورە لێداوی دەبوو بەو چەند هەزاران هەزارەی پڵنگ و ئەرەستوو لە پاڵ یەک هەڵنەدەوەشایەوە}.ل ١٣٣***

هەقیقەتی دژوار و پێچەڵپێچی دۆزی کورد،ڕوون و بەرچاوە. کورد لە هەموو لایەکەوە گەمارۆدراوە و گوررزی گورچکبڕی بەرکەوتووە. بەڕادەیەک کەنەفت و هەناسە لێبڕاو کراوە، شەڕی چەند بەرەیەک و هەموو دوژمنە دڕندە و بەهێزەکانی لەیەک کاتدا پێنەکراوە و ناکرێ. هەموو ڕووداوەکانی ناوچەکەش لەپاش هەرەسی دەوڵەتی عوسمانی و جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە قازانجی هەڵ نەسووڕاوە. ئاخر، ڕێکەوتننامەی (سایکس پیکۆ) نێوان ئینگلیز و فەرەنسا، تەڵەیەکی هەزار داوی بوو، سەدساڵی ڕەبەقە، دەست و قاچ و مل و سەری کوردی پێوە بووە، تاکە جووڵەیەکی پێ ناکرێ. ئەوەیشی تا ئێستا کردوویەتی، لە زۆر بواردا دەچێتە خانەی سەرسوڕمانەوە. کوردستان لە ڕابووردوودا بە چەند دەسەڵاتی بەهێز و گەورە گەمارۆدرابوو .

مامۆستا جەعفەر دەڵێ : لە جەنگی یەکەم بەدواوە ڕادەی کارتێکردنی هێزە دەرەکییەکان دێتە ڕیزی پێشەوە، بۆ بەرەو پێشەوە نەچوون و سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کورد".(٢٠.ل٣٧) .

دوژمنانی کورد چ دوێنێ و چ ئیمڕۆ سەرباری هەزاران ناکۆکی نێوانیان، بەڵام لەسەر خاڵی دژایەتی و لەناوبردنی کورد و ڕێگری لە بەرەو پێشچوونی مەسەلەکەی تەبا و هاوبەرنامە و بۆچووون و هاوپەیمانن. پەیمانی بەغدا و سەعدئاباد و جەزائیر، نموونەی مشتێکن لەو خەرمانەی مێژوو. ئەمەش دیوێکی تری ئەو بەڵگەیەی دەیسەلمێنی ئەوان، بە توانا و بە دەسەڵاتتر بوون لە کورد.

*١٣٤ ـ{ فیۆدالی کورد ئەگەر گورگ بووبێت، لەژێر چەپۆکی بێگانەدا هەرگیز نەیتوانی ببێتە پڵینگ. مێژووی کورد بە خۆی و قۆناخەکانیەوە شەپرەلێداو بووە وەک منداڵێکی تووشی ئیفلیجیی ساوایان بووبێت هەرگیز ئەو نەشونمایە ناکات کە مرۆڤی ساغ و سەلیم دەیکات. فیۆدالی کوردیش (راستییەکەی دەبێ بڵێین ملکداری کورد) هەرگیز لە فراژی بوونی شەپرە لێدراوی خۆیدا پلەی حوکمداریی وەک بابان و سۆرانی تێنەپەڕاند. ئنجا ئەگەر رق و بوغزی خوێن گەرمەکانی کورد بەرەو ملکداری کورد سەربکات دەبێ لەعنەتی هەرەگەورە لەو کەسانە بکات کە لە ژووروویی ملکدارانەوە بۆ ماوەیەک لە پلەی (حوکمداری)دا فەرمانڕەوا بوون و ئەگەر بێگانە لێی تێک نەدابانایە (دەوڵەتی کوردی)یان بنیات دەناو چارەنووسی کوردیان رەنگرێژ دەکرد هەرچەندە بێگومان لەوبەینەدا ئەوانیش وەک فەرمانڕەوای غەیری کورد دەستدرێژییان لەم و لەو دەکرد. راستییەکەی ئێمە ئەگەر لە کولانەی چارەنووسەوە سەیری ئەو شەپرەلێدانە بکەین و بە پێوانەی (قەومایەتی) دەردەکە هەڵکێشین دەبێ تازیەی بۆ دانێین، خۆ ئەگەر لە کولانەی فەلسەفەی چینایەتی و نوختەنیگای (چەوساندنەوە و هۆی بەرهەمهێنان)ەوە سەیری مەسەلەکە بکەین دەبێ ئاهەنگی کەیف و خۆشی بگێڕین چونکە، سپاس بۆ بێگانە و مێژوو و دەردی شەپرە، زاڵمەکانمان بەرلەوەی (خوێن مشتن)ەکەیان تێدا ببێتەوە بە هێز و خوین و گەرمایی و تینوتاو هەناسەیان بڕاو دەفن بوون}.ل ١٣٤ ـ ١٣٥*

بەڕاستی جوانە، زاڵمترین دەسەڵاتداری کورد نەیتوانیوە و ناتوانێ لە پێستی خۆی زیاتر بێتە دەرەوە و باڵادەستی پەیدا بکات. کە تۆ داگیرکراو بوویت، گەورە و بچووک بە توانا و بێ توانا، هەموویان لەژێر بەزەیی داگیرکەردا ملکەچن. خۆ دیارە گەر مەڕێک بە چوار پێنج گورگ گەمارۆ درابێ هیچی پێ ناکرێ، بە واتایەکی دیکە کورد چەند لێهاتوو و چالاک و قارەمانیش بێت، ساتێ بەو هەموو داگیرکەر و دوژمنە چوار دەوری گیرا بێ، ناتوانێ لەقەوارەی خۆی زێتر شوێنی دیکە داگیر بکات. هیچ کاتێ رێی گەشەکردن و هەڵکشان و بەهێزبوونی نابێت، گەر تێکڕای کورد دەرەتانی دروستکردنی دەوڵەتی بووبێ وا گەشەی سروشتی خۆی لە پرۆسەکەدا نەکردووە. ناتەواوە تاک و گرووپ و دەستە و تاقمەکانی تریش چەند خوارتر لە هی میللەتان دیکە دێنەوە، بەر هاوکێشەی خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان .

حاڵی شپرزەی کورد، هێندە پەرێشانە مامۆستا وتەنی، گەرەکە پرسە بۆ هەموو مێژوومان دانێین. خۆگەر فەلسەفە و دیدی دیکە بکەینە روانگەی تەماشاکردنی واقیعی کورد، ئەوا دەبێ هەر خەریکی خولانەوە بین لە نێو دەقی تیۆرییەکاندا و ڕستەی ڕەنگاو و ڕەنگ بنەخشێنین.

***١٣٥ ـ { بەڵام ئەمانە هەمووو تیۆری (راست و دروستی هۆی بەرهەمێنان) نابنە بنەما و(ماهیة)ی مێژووی کورد ... دەخلێکیان بەسەر چارەنووسی کوردەوە نییە... رووناک کەرەوەی رێگەی خەباتی کورد نین... یارمەتیدەری رزگاربوونی نین. کە بێین هەڵکەوتی کۆن و نوێی میللەتی کورد لەژێر پێی داگیرکەرەکەی بخەینە بەر سەرنجی بێ لایەنگیری و لەوەوە چارەیەک رەچاو بکەین دەبینین تیۆری چینایەتی و دەوری هۆی بەرهەم و کوتانەوەی باسی کۆنە فیۆدال و سەرکوتکردنی ئەو سەرمایەی جارێ لە نێو کورددا نەزاوە هەموویان هەر بەقەدەر تیۆری (داروین) لە بارەی بەرەوپێشچوونی خۆڕسکی ژینەوەران دەتوانن یاریدەی کورد بدەن چونکە لەوە تێپەڕ ناکەن کە باسی ئەمر واقیعێکی بەسەرچووی بێت}.ل ١٣٦***

دیسان بە پێوەر و ڕوانگەی تیۆری دوور لە واقیعی کوردستان ناکرێ خوێندنەوەیەکی وورد و حەکیمانە و واقیعی بۆ بارودۆخ و هەلومەرجی ئالۆز و تایبەتمەندی وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوی وەک کوردستان بکەین.

***١٣٦-{ هەرچی فارسە لە سەردەمی فەتحی ئیسلامدا خاوەن حوکم و دەسەڵاتی دینی و دنیایی بوو، شاهو مووبەدەکان و حوکمدارەکان و دەستڕۆییشتووەکان و فیۆدالەکان و سەرۆک سپاکان بە پانایی و درێژایی فارسدا خۆیان بنگەی ئایینی و سوودمەندی زەردەشتی بوون.***

***کورد بە تێکڕایی میللەتێکی ژێردەست بوون تاک و تەرائێیکی مڵکدار و فیۆدالی گەورەی نەبێ لە زەردەشتی وەتەنگ هاتبوون چونکە لە ماوەی پتر لە هەزار ساڵدا دینەکە وەها شێوا بوو گیانی هەژاردۆستیی تێدا نەمابوو (سەیرێکی ڤەندیداد بکە) بەزۆری بووبوە (طقوس) و لە دەست و گەردەنی بێدەسەڵاتان دەئاڵا. ئنجا بۆیە بوو فارسەکان کە خاوەن حوکم بوون و سوودمەندی زەردەشتایەتی لە بنگەکانی حوکم و شارەکانیان و فیۆدالەکانیاندا زۆربوون بەرگرییان لە ئیسلام کرد و بۆ دەیان ساڵ لەگەڵیدا جەنگان و بۆ سەدان ساڵیش بەرهەڵستییان لێکرد. کوردە***

***خانەوێرانە ژێردەستەکە لە خوای دەویست رزگارکەرێک پەیدا بێت. ئیتر لە ماوەی چەند ساڵێکدا سەرلەبەری کوردەواری بوو بە ئیسلام و خێرا ئایینی زەردەشتی لە بیرخۆی بردەوە}.ل ١٥٤ـ ١٥٥***

داگیرکەرێکی وەک فارس خاوەنی دەسەڵات بووە، فارس ئایینی زەردەشتی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی شێواندووە. ئیدی حاڵ و باری ستەمکاری بە پلە و ئاستەنگێک گەیشتووە، خەڵک چاوەڕێی فریادڕەس بوون. جا ئەو دەستی بەهانا هاتن و ڕزگارکردنە، هەرکەس بوو بێ!!، دەستییان داوەتە دەستی و بە لایانەوە گرنگ نەبووە. ڕەنگە هەمان بارودۆخ لەم ڕۆژگارەشدا بەرچاوکەوێت.

***١٣٧ ـ {کۆمۆنیستی کورد ئەگەر بایدەنەوە بەرەو ئامانجەکانی قەومایەتی و چارەنووسی نەتەوایەتی کورد، بادانەوەیەک کە پێداویستی بیروباوەڕێکی تازەیان بێ، لە هەموو تاقمێک زیاتر دەتوانن خزمەتی کورد بکەن چونکە هەم پێوەندی دۆستایەتییان بەملاو بەولادا شریتەی کێشاوە هەم پتریش لە خەڵق قسەیان لێ دەسەلمێندرێ}.ل ١٦٨ ـ ١٦٩***

ئامانجەکانی نەتەوایەتی پرسی کورد ڕوون و ئاشکران، ئەو بەرەیەشی لەبەر هەر هۆکارێک بوو بێت، لێ دوورەپەرێز بووە.

ج. نەبەز دەڵێ: "بزووتنەوەی هوردە بۆرژوای کورد و ڕاپەڕینی چەکدارانەیان، ناتوانرێ بە شۆڕش بدرێتە قەڵەم، جارێ لەباری ناسیۆنالەوە داخوازی ئەم بزووتنەوانە لە پێشدا ئۆتۆنۆمی بوو، ئێستە داخوازی هێندێک لایەنیان لە هەندێک شوێن بووە بە فیدراڵێتی،کە دیارە ئۆتۆنۆمی و فیدرالی هیچیان نابنە هۆی گۆڕینی سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، چونکە لە بنچینەوە پێچەوانەی سەربەخۆییە".(١٠،ل٢٤٨).

مامۆستا سەرباری ئەو هەموو ڕەخنە و تێبینییانەی لەسەر کۆمەنیزم، بەڵام دژی کۆمۆنیستێتی نەبووە. ئەوەتا لە خەباتی سەختی کوردایەتیدا، بانگەوازیان بۆ دەکات، کە توانا و بیروباوەڕیان، بۆ خزمەتی ڕزگاریی و سەربەخۆیی کوردستان وەرچەرخێنن، چونکە دەتوانن خزمەتێکی گەورە بکەن. قسە لەسەر خەبات بۆ کوردایەتی یان بۆ ئینتەرناسیونال. خوێندنەوەیەکی ئەقڵانی نییە،کە بایەخ و سەنگی چەپی کورد لە نێو دنیای پانو و پۆڕی سیاسەتی ناوچەکە و جیهاندا نیشان دەدات.

***١٣٨ ـ {ئەم نووسینە لە تاکە سەرچاوەی دەروونی من زەنە دەکات، پێوەندی بە هیچ کەس و لایەنێک و مەبەستێکەوە نییە لە خزمەتی راستی و کوردایەتی بەولاوە، ئەویش بە پێی بڕکردنی هۆش و هەستم. باوکم گوتوەتی :***

***بستێکی لە خاک و عەردی کوردی نایدەم بە مەرقەدی سوهرەوەردی***

***بە لای منیشەوە قودسییەتی کوردەواری وەک قودسییەتی فلەستین بەلای عەرەب و قودسییەتی ڤۆلگۆگراد بەلای رووسەوە ژووررووی هەموو شتێک دەچێتەوە. رەنگە لەمەدا هێشتان مافی تەواوی کوردایەتیم بەکارنەهێنابێ چونکە من کە بێم لە بەراوردکردندا (کوردایەتی) بە (رووسایەتی) بگرم و لێی تێنەپەڕێنم حیسابی زەعیفی کورد و هێزی رووسم لە بیر خۆم بردۆتەوە کە هەرگیز نابێ لە بیر بچێتەوە، چونکە پێویستە بەزەیی مرۆڤ بۆ مرۆڤی لێقەوماو پتر بجووڵێ، ئەگەر کورد هێندەی رووس بەهێز بوویایە رووسیش وەک کوردی ئێستاکە بوویایە ویژدان لێی داوا دەکردم پەرۆشم بۆ رووس گەلێک گەلێک پتر بێ لە پەرۆشی ئێستاکەی رووس بۆ کورد. ناوی ئەو میللەتە بەهێزانەی پێیان دەگوترێ ئیستعمار لێرەدا ناهێنم چونکە تاکە کوردێک شک نابەم زمانیان بە چاکە لێ بگێڕێ تاکە خەباتکەرێکی کوردیشم نەدیتوە لەعنەتیان لێ نەکات. باسی شەیتان لە زەمینەی سۆزی مرۆڤایەتیدا جێی نابێتیەوە}.ل ١٧٠ ـ ١٧١***

دەشێ بەس بە تەنیا ئەم پەرەگرافە، بەشی ئەوە بکات، چ تەمومژی بۆ دەمەتەقێکردن، بەسەر بیر و ئایدیای مامۆستاوە نەهێڵێتەوە. پێموایە پرسەکە زۆر ڕوونە و هاوکات ئاست و گەورەیی بیر و هەست و هەڵوێستی مەسعوود محەمەد، نیشان دەدات. شانبەشانی ئەم گەوهەرداریەی بیروباوەڕی کوردپەروەرانە و مرۆڤدۆستانە چەند بەهێز و زوڵاڵی قسە لەسەر دێوزمە و خوێنمژان دەکات. دەبا بپرسین، داخۆ لای کێ و لە کوێ و لە چیدا، جگە لە کوردایەتی باوەڕی وا بەرز و گەش و روون و بێ پەردە و ئارامبەخش بەدی دەکرێ؟ ئایا گەر خۆگێلکردن و زات مراندن و بەرنامەی چەواشەکاری نەبێ، ئەم ڕاستییە شیاوی ئەوەیە بشێوێندرێ و ناو زڕاو بکرێ؟! وەک چۆن دیمان و دەیبینین دەکرێ.

***١٣٩ - {كە هەستم بەو كڵۆڵییە مێژووییە كرد كە كورد لە ماوەی پتر لە بیستوپێنج سەدەدا دەرەبەگێكی وای نەبووە دەسەڵاتی بگاتە ئاستێك تەماحی پێكەوەنانی دەوڵەت بیگرێ هەڵوێستم بووە هەڵوێستی تەماشاكەری میهرەجانی لەناوچوونی دەرەبەگ و داخستنی لاپەڕەیان كە مێژوو هەرگیز بە كوردی نەبەخشیوە و ئەوەیش بووە هۆی هێشتنەوەی بەرانبەر زوڵمی نەفام لەسەر زەمینی خودادا}.ل ٧***

مێژووی كورد كەم و زۆر لاپەڕەكانی والآن و لەوەتەی دەسەڵاتمان لەدەستداوە، مێژوومان بریتییە لە ڕاپەڕین و تێكشكان. داكۆكی مامۆستا لەوەی كە، دیاردەی فیودالّ بەو پێناسەی دەسەڵاتی فەرهەنگی و ئابووریی و سیاسییەی هەیە، لە كوردستاندا نەبووە. هەوڵی فراوانكردنی دەسەڵاتەكەی دەدا و تا گەیشتن بەدوا فۆرم، كە ئەویش بەرقەرابوونی دەسەڵاتە لە دەوڵەتدا. خۆ گەر دەرەبەگ هەبوایە و خاوەنی ئەو دەسەڵاتە بوایە، كە پێی ناسراوە و پێی تاوانبار دەكرێ، هەر لەبەرخاتری بەرژەوەندیی و دەسەڵاتەكەی خۆیشی بوایە، هەوڵی فراوانكردنی دەسەڵاتەكەی دەدا بەرەو دامەزراندنی دەوڵەت.

***١٤٠ - { نەتەوەیەك چارەنووسی لەدەستی خۆیدا نەبێ>هێشتا وەك نەتەوە و گەل لە منداڵدانی مێژوودا كۆرپەلەیە و هەر ڕۆژێ چارەنووسی كەوتە دەستیی خۆیەوە لە دایك دەبێ بە مەرجێ بەرلەوەی مێژوو ژان بیگرێ ئەو كۆرپەلەیە نەخنكێ و باسكردنی تیۆری سەردەمە كۆمەڵایەتییەكان بۆ نەتەوەیەك كە لە دایك نەبوبێ خورافاتە. زۆر نەتەوەی پێشكەوتووی بەر لە چەند هەزار ساڵ مردن و ئاوازی سەردەمە مێژووییەكانیان لێ ببڕا و هەر نەتەوەیەكی بەرشوبڵاو ئاگای لە خۆی نەبێ و نەزانێ چی بەردەوامێتی بە بوونی دەدا ئاوازەكەی لێ دەبڕێ. نێزیكترین لەناوچوونیش بۆ نەتەوەیەكی بێسەروبەری لەدایكنەبوو، پەرشوبڵاوی سەردارانێتی بە پێی تیۆریگەلێك كە قەڵەش دەخەنە جەستەیەوە و بە دەوری دروشمگەلێكدا كۆدەبنەوە كە لە ئاسمان دوورترن.***

***كە خـــۆم لەســـــەر رووبەری پشـــتگوێخراوان وەک زەڕرەیەک لە گەمەی نێودەوڵەتاندا دەبینم و شەقکەری ئەتۆم و گەرۆکی بۆشاییەکانی ئاسمانیش دەبینم بەسەرمدا تێدەپەڕن و ئاگایان لە بوونم نییە، شەرم دامدەگرێ}.ل٨٧***

Hegel هێگل، لە رۆسۆوە فێربووە،کە: "ئەخلاق و ئازادی بەدی ناهێنرێن تەنیا لەگەڵ دەوڵەتـدا نەبێـت و هاوشـێوەی لەگەڵ ئیـرادەی گشـتی ئـازادی پێکـدێت لە ملکەچبوونی ناچاری بۆ ئیرادەی گشتی کە ئیرادەی راستەقینەی تاک لە خۆدەگرن کە بەدەربێت.. لە خەڵەتاندن و خۆپەرستی..(١٥ ،ل ٢٩).

ئەوەتا سەدەی (٢١)ە، کورد کۆڵنەدانەکەی لە کاردایە، وەک هەوڵەکەی سـیزیف هەر بـۆ سەرخسـتنی بەردەکەیە. بەڵام هێشـتا لەچـاڵەکەدا نەهـاتۆتە دەرێ، تـا بە قەدپاڵی شاخدا هەڵگەڕێ و دەست بکات بە پاڵنانی بەردەکە. گەر بێگانە بڕیارت بۆ بدات کەسێک ئیرادەی لە دەستی خۆیدا نەبێ، دەکەوێتە بەردەم چ کوێرەوەریی و نەهامەتێـک، نەتەوەیەک بەدەسـتی بێگـانە ئاڕاسـتە بکـرێ، دەبـێ ژیـانی چەنـد لە دۆزەخدا بێت، ئاخر کەی داگیرکەر و دوژمن دەبێتە پیاو چاک و سوودی میللەتە بندەستەکەی خۆی دەوێت. یاخود چاکە بەرامبەر بە نەتەوەکان دەکەن ئینگلیز چ چاکەیەکی بەسەر هندەوە هەیە، فەرەنسا و هۆلەندە و پورتوگال چ جوانییەکیان لە ئەفریکـادا لەدوای خۆیـان جێهێشـتووە؟! دیـارە تـورک و فـارس و عـارەب کـامە مێژووی خراپ و نامرۆڤانە هەیە  لە کوردستاندا نەخشـاندوویانە.  گەر کـورد بە تەنگ دەردەکانی خۆیەوە نەیەت، کێ ئاگای لە ژان و ئازاری دەبێت؟

***١٤١ - { بیـری سیاسـی کـورد، بەدەگـمەن نەبـێ، لە قـاڵبی جەدەلیەتـدا گیـری خواردووە و ئەگەر هەڵەی تێدا هەبێ دەبێ چاوی پێدا بخشـێندرێتەوە و ئاشکرایە هێشتنەوەی بە داپۆشراوی لە سەر خەباتی کورد گەلێ زۆر دەکەوێ چونکە هەڵە، بە عـادەت بەرەو شکسـت نەبـێ نـاچێ. ئـێمە لەم رۆژەمانـدا، مـاوەی چل ساڵیشـە، سەرقاڵی ئەوەین ئاخۆ خەباتی راستەوخۆمان لەسەر هێڵێک لە پێناوی کورددا بـێ یا تێکەڵی خەباتی نێونەتەوەیی بکرێ و چاوەڕوانی شەفەقی دوای شۆڕشی جیهانی پرۆلیتاریا بین تا لەو ئەنجامەوە کورد بە مافەکانی خۆی بگا. من بەتەواوی لەگەڵ خەتی یەکەمدام و ئەگەر خەتی دووەمیش بەدیهات دیارە بەختمان زۆر باشە}.ل ٢٣ - ٢٤.***

گەرچـی بیـری کـوردی مێژوویەکـی کـۆنی هەیە، بەڵام لە ڕووی سیاسـییەوە لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە زۆرینەی حیـزب و بـزاڤە کوردییەکـان ئاڕاسـتەی دروشـــم و خەبـــات و چەمکـــی ئاڕاســـتەکراویان، لە گەوهەردا چ پێوەنـــدییەکی میکـانیزمی بە کرۆکـی کێشـەی نەتەوایەتـی کـوردەوە نیـیە. لە بـارودۆخی ئێسـتای کورددا، گەر بیر و ڕێبازێک چاوی لە ئاسۆی ڕزگاری و باوەڕی بە سـەربەخۆیی نیشتمان و پرنسیپی ئازادی بۆ نەتەوەی کورد لەگەڕدا نەبێ، دەبێتە سپڵی لاورگ و چ سـوودێکی بـۆ جەسـتە نابێت. ئـاخر جوتیـارێکی بنـاری قەنـدیل و کاسـبکارێکی دەشـتی جولەمێرگ و زەحمەتکێشـێکی هەورامـان بـۆ دەبـێ جـۆگەلەی خەباتەکەیـان هەر برژێتە ئەستێڵکی بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ و پەکین و مەککە و کەربەلاوە؟!.

***١٤٢ ـ {جارێکیان ئەورووپاییەک هۆی ئەوەی لێ پرسیم کە حیزبە سیاسییەکان لە نـاوچەی کـورددا هەموویـان مارکسـین و منـیش هـۆیەکەم بـۆی شـیکردەوە و پێموایە ڕاستی بۆ چووبووم:***

***کورد پتر لە بیستوپێنج سەدەیە بە شێوەی پەرتـپەرت دەژێ و یەکگرتنـی تێدا نییە و باری ئابووریشی لە ئاستی ئیفلاسدایە و سەردەمی حیزبایەتیش لە کۆتایی سـییەکاندا ـ وەک بـۆی دەچـم لە نێوان دوو جەنگدا، کە ئاسـتی ڕۆشـنبیری لە ئاستێکی وادابوو مایەی خەم بێ. ئەگەر وای بۆ بچین لە گۆشەنیگای سـەردەمەوە لەبـارەی دامەزرانـدنی حیـزبەوە "دەرەبەگ!!"ی کـورد تـاقی بکەیـنەوە، دەبینـین دەرەبەگی کورد کە هێشتا لە قوماتدا دەژی، نامە و چەکەکانی خۆی پەنجەمۆر دەکا و بۆ منیش و تۆش باشترە لە لستەی پاڵێوراواندا بۆ سـەفەری ڕێیە بە پێچەکـانی حیزبایەتی لاییبەرین و لێی گەڕێین لەسەر زوڵمە گێلانەکەی خـۆی بەردەوام بێ ـ لەو ڕۆژگارەدا ـ لەبارەی کیانێکەوە کە بیستوپێنج سەدەیە لە دەستمان داوە، سەری لە خۆی و چینایەتی و ململانێکانی زەمانی دەرەوەی سەردەم، بە پێی بۆچوون و هیوا و پێویستی و ئامانجەکانی خۆی سورِبمێنێ و بەدوای ئەویشدا بەسەر چینـی "بۆرژوازی"دا بگوزەرێین...***

***با بۆرژواش لە مەسەلەی دروستکردنی حیزبێکدا تاقی بکەینەوە کە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی بکا! بۆرژوا بە پێوانەی ئەم سەردەمە و هەموو سەردەمێک لەوە***

کەمتـرە بـوونی هەبـێ تـا بیـر لەوە بکـاتەوە بەرگـری لە خـۆی بکـا و پەیـامی شارسـتانەتی خـۆی رابگەیەنــێ و بەرپەرچــی هێرشـیان بـداتەوە و تەنــانەت لە دواکەوتووییدا نەیتوانیوە یەک رۆژنـامەی هەبـێ تەعبیـری لـێ بکـا. خۆ ئەگەر بە گیاندەرچوونیش بێ رۆژنامەیەک دەربکا، نووسەری دەستناکەوێ باسی دارایی و بەزمی سەرمایە و کێشەی پرۆلیتاریا بکا کە نین. ئیدی بۆرژوا حیزبی لە کوێ دەبێ کە بوونی رۆژنامە یەکەم پێداویستی بێ! واز لە کێشەی رۆژنـامە و چاپ و پێکەوەنانی کادیر و نووسینی گوتار و موسیبەتی لەو بابەتانە بێنە کە گەورەترین بازرگانی کورد لە دەس تارماییان هەڵدێ، باسی بۆرژوای کورد مەکە کە لە پزدانی مێژوودا تاسـاوە. داوای یەک بـانکی لـێ دەکەیـن کە زەقتـرین بەڵگەیە بۆ بـوونی سامان و بازرگانی و بۆرژوا، بە گشتی. نەخێر واز لە بانک و ئاڵۆزییەکانی و فیشە و سەرهێشەکانی بێنە، کە داوای لێ دەکەین یەک سەڕافی هەبێ نموونەکان پیشان بدا! لە مێژووی بۆرژوای کورد!! یەک سەڕاف نابینین.

دەبوو چینە خواپێداوە بەتواناکان زەحمەتی دروسـتکردنی حیـزب و دەرکردنـی رۆژنامە و خەڵک خەریککردن بە سیاسەتێکەوە پێیان باش بێ بدەنە خۆیان کەچی دەبینین:

١ ـ دەرەبەگی کورد لە رووی شارستانەتییەوە ئیفلیجە و لە رووی چینایەتییەوە دواکەوتوو و لە زوڵمدا گێل و ئەوپەڕی سەرەتایی و ساکارە.

٢ ـ بۆرژوای کورد کە بە درێژایی زەمان نەیتوانیوە سەڕافێکی هەبێ چ لۆژیکێک لەوەدا نییە لێی بپرسینەوە کوا حیزب و رۆژنامە و دەنگی دلێرت لە ناو دەنگان و کوا زرینگەی دراوت لە بانکەکاندا !!.

جگە لە "ئیفلاس" هیچی تر لە مەیداندا نییە کیانێکی حیزبی لەسەر هەڵچنین!! ئیفلاسیش ئەو زادەیە کە لە سەردەمی میدیەکانەوە بە دەستمانەوەیە و ئەو فکرەش نەبێ کە داوای شۆڕشـی هەژاران دەکا، فکرێکـی سیاسـی سـەردەمانە نییە لەگەڵ ئیفلاسدا سەروسەودای هەبێ...

رۆشــنبیری کــورد لە نەبــوونی ماتریــالانە و شارســتانەتی دەوروپشــتی و دواکەوتــوویی چینایەتیـدا کە کەمتـرین مەرجـی بەدەنگەوەچـوونی بـۆ تێرکردنــی تەماتەکانی و تاقیکردنەوەی تواناکانی نییە، جگە لە فکری ماتریالیستانەی جەدەلی،

***بۆیە بۆ ئەویٚ پەلکێش بوو و بەرنامەکانی خوێندەوە و داهێنانی تێدا کردن و توانای خۆی خستە سەر ئەو کەرەسە خاوەی کە لەناو هەژاراندا هەبوو و چالاکییەکانیشی هەر ئاراستەی ئەوان کردەوە و خەباتەکەی لەواندا چڕ کردەوە و بەئاسانی حیزبە مارکسیەکانی دامەزراند. جگە لەوەش، لەو بارودۆخە باوەدا، هیچی تر نەدەکرا مەگەر ئەوەی دوور لە سیاسەت لە ماڵی خۆی گۆشگیر بیٚ. یەک شتێک لەم بنەمایە لایدا ئەوەش راستبوونەوەی بیرۆکەی نەتەوایەتی بوو لە پێش چینایەتیدا لە رووی مێژووییەوە، کە رووی دەمی لە جەماوەر بوو و شان بە شانیەوە بوو و دواتریش هەوڵی راکێشانی جەماوەری دا.***

***ئەگەر دەرەبەگ و بۆرژوا لە پەراوێزی سەردەمدا خەریکی جوینەوەی کورتهێنان و بیٚ دەسەڵاتی بووبن و مەرجی تێکەڵبوونیان لە سیاسەت و تێکۆشاندا لە پێناوی چینایەتیدا نەبوویٚ بەڵام کەرەسەی خاوی پێکهێنانی حیزبی نەتەوەیی لە ویژدانیاندا هەبوو، کە تای تەرازووی لەگەڵ کەرەسەی خاوی پێکهێنانی حیزبی چینایەتیدا هاوسان بوو و دەکرا بە کەمایەتی بەدەست بێنیٚ بەڵام پشتگیری و هاوکاری لە هیچ لایەکەوە نەبوو و پێویستیشی بە فەلسەفەیەکی نەتەوایەتی پێگەیشتوو هەبوو کە لەگەڵیدا بگونجیٚ و لەبواری ململانێی فکریدا پەنای بۆ بەریٚ بۆیە ئایدۆلۆژیای حیزبە کوردییەکان لە بازنەی مارکسیزمدا خۆی دیتەوە و ئەوەش وەک بەڵگەی بیٚ ئاکامیی ململانێکردنی نەوەی شۆڕشگێڕی کورد "بۆ چینەکان!" کە گێلی هەندێکیان و نەفامی هەندێکی تریانی گەیاندبوویانە ئەوەی وەک پاشەڕۆ لە مەیدانی سیاسەت و سەرجەمی سەردەمدا دەرهێندریٚ و ئەوەش بارودۆخێکە ئیفلاسکردنی ٢٥ سەدە نەبیٚ هیچی تر بەرهەمی ناهێنیٚ}.ل ٦٩ ـ ٧١***

٢٥ سەدە پارچەپارچەیی، باری ئابووری نابووت، نەخوێندەواری، ئاستی رۆشنبیری دواکەوتوو و نزم. لەم رۆژگارەشدا ناکۆکی حیزبایەتی و درندۆکی ئایدۆلۆژی. دەبێت چی بنوێنیٚ و پیاو بتوانیٚ لەم هەویرە چی دروست بکات. لە کاتێکدا ئەم چەپکە بۆچوونانە تێکڕایان، ڕەهەندی قووڵ و مانا و سەنگی خۆیان هەیە و لۆژیکدارن،ڕۆشنبیرانی کورد دەتوانن لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن.

***١٤٣ ـ { نا، نـا، کـاکی شۆڕشگێڕ! جیهانی ئادمزاد بە عەیارەی وەها سەروبن پێوانە و کێشانەی لەگەڵدا ناکرێ. هیچ میللەتێک نییە لە رووی زەمین تا ئەم رادەیە بێرەحمی و بێباکی لەگەڵ رابوردووی خۆیدا کردبێ. هیچ گەلێکی ئەم دنیایە نەهات دەوڵەتەکەی خـۆی هەڵوەشـێنێ و نیـری بەنـدایەتی بێگـانە سـەرلەنوێ بخـاتەوە ئەسـتۆی خـۆی چـونکە سـەرۆکی شۆڕشـەکەی یـان دروسـتکەری دەوڵەتەکەی هەژارێک بوو. بەڵکوو بەگزادە یان سەگزادەیەک بوو. کـام میللەتـی لێی دەگریت شانازی بە کۆنایەتی دەوڵەتەکەی دەکات و بە بەڵگەی سەربەرزی و گەردەن کێلی مێژوویی خۆی لە قەڵەم دەدات تـا ئەگەر میللەتێک لە مێژووی دا پەنجا پادشـای هـاتبێ پتـر شـانازی دەکـات لەو میـللەتەی چل پادشـای هەبووبێ. خۆ لە سـایەی رابووردووی رووت و رەجاڵی دوو هەزار و شەشسەد ساڵیمانەوە ئێمە تاکە یەک پادشایشمان نەبووە، خۆشی لە خۆمان!!***

***بەراسـتی ئەمەیە رووپەڕەی سـپی و بـێگەرد کە دەفـتەری مێـژووی کـورد دەیخوێنێتەوە. هەرگیز دەستەندایەکمان نەبوو پێی بگوترێ حکوومەت. نەمیرزادە و نەبەگـزادە و نەعەمەلەزادە و نەهـیچ تـاجە چڵکـنە چەپەڵە پیسـەکەی حـوکمڕانی کوردستانی لەسەر نەنا. وای کە رابووردوویەکی ساغ و سەلیممان هەیە.***

***لە کوێ تاقمی چەپڵەڕێزان و شاباش بخوازینەوە زەماوەندێکی خاوێنایەتی و بێ گەردایەتی و موفلیسایەتی و رەنجەڕۆیی ٢٦ سەدەییمان بۆ بگێڕێ!! } ل ١٤ ـ ١٥***

ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئیسپانیا و ئەڵمانیا و هەموو وڵاتانی دنیا، هەتا ئێستاش، پێشـبڕکێ لەسـەر کۆنـایەتی خۆیـان دەکەن. سـروودی نەتەوەیـی ئینگلـتەرا هەتـا ئێستاش بریتییە لە "خوایە پاشا بپارێزی..." پێش ماوەیەک ، مانگی ٢٠١٦/٤ یادی ٩٠ سـاڵەی لەدایکبـوونی شـاژنی بەریتانیـا ئیلیزابێتـی دووەم کـرایەوە. قیـامەتێ لە بەریتانیـا بەرپـا بـوو. نـامەیەکی دڵـداری زۆر سـادە و سـاکاری پـێش نیوسـەدە لەمەوبەر کە نووسیویەتی ئاشکرا بوو، دەستبەجێ نرخی لە بازاڕدا بە بیست هەزار دۆلار دیاری کرا. لەم دەڤەرەی گۆی زەوی ئەم میللەتانە، پەیکەر بۆ دامەزرێنەرانی وڵاتەکانیـان دەکەن و هەزاران بەڵگەنـامە و سـەرچاوەی لەسـەر کـۆدەکەنەوە و دەنووسـن و بـڵاودەکەنەوە. مێـژوو بە شـانازییەوە باسـیان دەکـات و هەمیشـە بە نەمریی دەمێننەوە.

***١٤٤ ـ{ ئەو رۆژەی هەخەمەنشی بە رابەرایەتی کۆرش گرەوی لە (ماد) بردەوە گلۆرەمان کەوتە لێژی. وەی کاشکی خوێنمژێکی ناپەسەندی مەلعوونی بێ حەیا و بێ شەرم مادەکانی زاڵ دەکرد بەسەر هەخامەنشییەکاندا ئنجا باقوڕی دنیامان بەسەر خۆماندا بکردایە بۆ ئەو رووداوە شەرمهێنەوەی بە سفتوسۆیەی جەرگبڕەی شەیتانپەرستانەی کە کوردی لە شەق و لەقەی بێگانە ئازاد دەکرد. وەی هەزار هەزاران کاشکی و خۆزگە و دەستی شکاوم!! }.ل ١٥***

کەم نەتەوە هەیە لە مێژووی خۆیدا زوڵم و زۆرداریی نەکرد بێت. بزانە ئینگلیز و فەرەنسی و پورتوگالی و هۆڵەندی، فارس و تورک و عارەب چەند تاوانیان ئەنجام داوە. کەس ئاماژە بەو مێژووە ناکات و ئێستا ئینگلیز و فارس هەر یەکەیان خاوەنی دەوڵەتێکن، کە فرە نەتەوەی تێدایە، کەسیش پێیان نالێ ئێوە ئەوەتان ئەنجام داوە، چاوی ڕاستتان هێندە کلی پێوەیە. بەڵکو بە پێچەوانە لەگەڵی لاوە بە مەزن و هێژا تەماشا دەکرێن. لێ کە سەردەمی هاوچەرخ و شارستانی لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ بەدواوە هاتۆتەگۆڕێ، بەتایبەت لە ئەوروپادا، کەموزۆر خەریکی بونیاتنانی خۆیان و دامەزراندنی بنەمای دۆستایەتی و پەیوەندیی هاوسەنگبوون لە نێوان خۆیاندا. پورتوگالییەکان لەداگیرکاری کشاونەتەوە و سەرقاڵی خۆیانن. فەرەنسی و ئەوانی دیکەش بەهەمان شێوە. چ دەبوو سەرکردەیەکی دڵڕەقی کوردیش، بەپێی پێودانگی سەردەمی خۆی شتگەلێکی کردبایە و ئێستا نەوەکانی ئیمڕۆ لەسایەیدا بە ئارامی بژیانایە.

هەتا سەدەی بیستەم، ٤/١، دنیا لەژێر چنگی ئینگلیزدا بوو، ئیمپراتۆرییەکەیان لە ١٦٠٠ ـ١٩٤٧،درێژەی کێشا. ئینگلیز ساڵی ١٨٥٤، وەزارەتی کۆلۆنیالی دامەزراندووە بۆ سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەی داگیری کردبوون. هەر بە تەنیا نێزیکی ٢٠٠ ساڵ حوکمی هندستانیان کردووە. لە ساڵی ١٨٨١ دا ٢٢٣٩٥. کم و ساڵی ١٨٩٥، ٢٩٠٢١کم و ساڵی (١٩١٢) ، ٣٠٠٨٧کم دووجا، لە خاک و زەوی لەژێر دەسەڵاتدا بووە. بۆ نموونە "لە کیشوەری ئەفریکادا، ١٥ وڵاتی کۆلۆنی هەبووە. لەوانە شەشیان بە تەنیا کۆلۆنی ئینگلیز بوون و ئەوانی دیکەی هی فەرەنسا و هۆڵەندە و پورتوگال و ئەڵمانیا و ئیتالیا و بەلژیکا بوون Der Spiegel s.20."

ئینگلیزەکان شانازی بەم باڵادەستیی و سەروەرییەی خۆیانەوە دەکەن و خۆیان بە خاوەنی جیهان دادەنێن. یاخود بەلانی کەمەوە ئینگلیزێک نەهاتووە، بە پاچ و

خاکەناز و قەڵەم و چەکوش و داسەکەی، ئەم شکۆمەندییە تێکبدات و ئەو مێژووە بسڕێتەوە و بشوێنێ. لە وڵاتی فەرەنسا، لە ٢٠٠٥/٢/٢٣ دا، یاسایەک دەرچووە "مێژووی بوونی فەرەنسا"، لە کیشوەرەکانی دیکەدا و ڕۆڵی پۆزەتیڤی لە زانکۆکاندا بخوێنرێ. لە کاتێکدا بەدرێژایی سەدان ساڵ فەرەنسییەکان چ لە ئەوروپا و چ لە ئاسیا و ئەفریکا، هاوشانی ئینگلیزەکان لەشەڕدا بوون و خەریکی داگیرکاری بوون. کەواتە ئەو سەروەری و شکۆمەندییەی ئیمڕۆی گەلێ لەو وڵاتانە، کە جێی خۆشی و سیمبۆلی پێشکەوتن و دیموکراسی و مۆدێرنەن، بەرهەمی ئەو ڕۆژگارانەی شەڕن. بە واتایەکی دیکە، شەڕ مامانی دەوڵەت و باوکی هەموو گۆڕان و شتەکانە.

دەنا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین،مامۆستا مەسعوود، تا سەر ئێسک دژ بە شەڕ بووە. ئەوەتا لە (لە پەرۆشەکانی ژیان)دا، دەڵێ: " ئەی شەڕ! ئەی کیژی ئەهریمەنی پەنام لە دەروونداا ئەی زەنەی زووخاو لە کانی کوێرایی و گومڕاکاری و سەرسەیەتی! ئەی دروشمی تار بوون لە نرخ و ئاکار و ویژدان! وەی نەفرینی خوات لێ بێ! چ دزێوییەکی بێفەڕیت تێکەڵ بە دڕندەیی و دڵڕەقی بوویت، بەزەیی و سۆز لە پشت هەزار پەردەوە خۆی لێ شاردوویتەوە".(٢١،ل ١٥١).

***١٤٥ ـ { تامەزرۆم، بمخوێندایەوە لە جیاتی ئەوەی سپای نادرشای ئەفشار وڵاتەکەمان پێشێل بکات سپای کورد راووتەراتێنەی لە دەوروبەری ئەسفەهان و تاران بکردایە. کاشکی مێژووی ئێمەش وەکوو هی میللەتانی دیکە ڕووڕەش بوایە بەکاری دەسەڵاتدارانە و لەخۆبایی بووانە.***

***ئەگەر (شوێن پێ) لە رووی زەوی نەسڕابایەوە، هەموو بستێکی خاکی کوردستان مۆرکی چەندین شوێن لەسەر شوێنی چوارپەلی ئەسپی راووڕووت کەری بێگانەی لێ نەقش بەستوو دەبوو: وەی کاشکی لە جیاتی ئەوەی کورد خەریک بایە بە خۆرزگارکردن لە رەوی سۆجەر و لێڤی ئینگلیز، لەندەن ناچار بایە دەست بە هەواوە پێشوازی لە سپای کوردان بکردایە.. چەند خۆش دەبوو بە درێژایی سێ سەدە والی ئێزمیر و ئەدرنە و ئەنقەرە کوردی کڵاش خواری شارەزوور بایە، ئەدی ئێمە ناڵێین میللەتان یەکسانن؟ ئیتر بۆ دەبێ ڕووڕەش بوون لە دەستدرێژی و تەماعکاری هەر بۆ والیی تورکان بێ. چ قەیدی دەکرد ٢٠٠ ـ ٣٠٠ ڕووڕەشی کوردیش والی بوونایە لەو دنیایە پان و بەرینەدا!! بۆچی کەیفم بەوە***

بێت کە کچی کورد لە پێناوی حەیاپارێزی خۆی هەڵاتووە یان خۆی بە کوشت داوە؟ بۆچی هەلی شەرەف پارێزی نەدەم بە کچی فارسیش لەدەست بێ حەیایەکی کورد؟ چما کورد لەناو مەلاندا حاجی لەکلەکە لە دوورەوە بە حەیا و شەرمەکەیدا بناسرێتەوە؟ ئایا لە جیاتی دەست سووربوون وەها باشە مل هەڵبڕاو و ورگ هەڵدڕاو و نامووس دازڕاو بین؟

هەڵبەت من نامەوێ خوێن لە لووتی هیچ کەسێک بێت، بەڵام من موناقەشەی ئەو بە هەڵەدا چووەی کورد دەکەم کە ناوی شۆڕشگێڕە زلەکانمان دەزرێنن هەر چونکە لە برسان نەمردبوون؟ ئایا لە برسان مردووەکە هیچی کرد؟ هیچی پێدەکرا؟ ئیستاکەش هیچی پێدەکرێ؟ با بڵێین ئەو سەرۆک شۆرشانە نەیانزانی چۆناوچۆنی شۆڕشگێڕی راست و دروست بن، خۆ ئەوان نەچووبوون تکا بکەن لە داگیرکەر تاکوو بە خێری خۆی بێتە کوردستان و هەلی شەرافەتی شۆڕش بۆ ئەو سەرۆکانە سازبدات، لە کەسیش داوا ناکرێ دەبوو پتر عاقڵ بێ لەوەی هەبوو. کە سەرۆکەکانت نەیانزانی چۆن بکەن خۆ کەسی دیکە نەهاتەپێش بڵێ من زانای دەوران و رۆڵی خەباتی پێشڕەوم تا ئەگەر یەکێک لەو سەرۆکانە رێی لێ گرت بەستەمکاری لە قەڵم بدەین...

منیش لە کورتی دەیبڕمەوە و دەڵێم سەر فروو دێنم بۆ ئەو شۆڕشگێڕانەی خۆیان کردە چرای رێی خەبات و پێیەوە سووتان، شەرەفیشیان لە مێژوو گەورەتر خۆدەنوێنێ بەوەدا کە دەیانتوانی وەکوو ئیمامی حەسەن مەسڵەتی لەگەڵ معاویەدا بکەن کەچی رێی ماڵکاولییان گرتەبەر. رێزی بێ پایانم هەیە بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی لێرە بەپێشەوە کە بە پێی سەردەمی خۆیان بایی توانا چاکەیان بۆ خەڵق بووە هیچیش بەتەما نیم لە کەسیش ناسەلمێنم بۆ هەڵسەنگاندنی رەفتاریان عەیارەی خوازراوەیان لێ بەکاربهێندرێ: ئەوان کوڕی رۆژگاری خۆیان بوون و بۆ ئەو سەردەمە دەژیان} .ل ١٥ ـ ١٦

**بستێکم نەدی لەم خاکە جوانە**
**خوێناوی کوردی پێدا نەرژابێ**
**یاچیایەکی ئەم کوردستانە**
**هەزاران مێشکی تیا نەپژابێ** ( کامەران موکری)

ئەو چارەنووسە تاڵ و ژیانە تژی لە کوێرەوەرییەی ئێستا بەسەر کورددا چەسپاوە، دەگەڕێتەوە بۆ زنجیرەیەک لە هۆ و هۆکاری مێژوویی، کە کورد بە هەستی بەرزی مرۆڤدۆستانەوە تێیدا هەڵسوکەوتی کردووە. ئەم پاشخانە پڕ لە ئایدیای جوان و بەرزە، مەسعوود محەمەدی ناچار کردووە دروشمی، وەک پەندە کوردییەکەی دەڵێ: "ئەونانە نانە.. ئیمڕۆ لە خوانە" بڵند بکاتەوە. دیارە ئەم بۆچوونەش بەڵگەی ئەوە نادات بەدەستەوە، کە مامۆستا مەسعوود ،کەسێکی شەڕخواز و خوێناوییە. نەخێر، ئەوی لەم میانەدا گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەدا دامەزراندووە،کە بێ ویژدانانە و کوێرانە، بەربوونەتە گیانی سەرکردە و مێژووی ڕابووردووی نەتەوەی کورد. وەک لە شوێنێکی دیکەدا، ئاماژەمان پێداوە، گەورە و سەرکردەی هیچ میللەتێک هێندەی کورد نەبوونەتە قوربانی. خاڵێکی تری گەوهەری لەم باسەدا بریتییە لەوەی نووسەر، چاک دەزانێ ئەو دەوڵەتانەی ئیمڕۆ کوردستانیان داگیرکردووە، هەم بەرهەمی شەڕ و هەمیش دەستکردی هێزە چەپەڵە جیهانییەکانن. ئەوە مێژووی خوێناوی ڕاپەڕین و تێکشکانی دوو هەزار ساڵەی کورد بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییەیە.

لە دیدی ئەم مێژووە تراژیدیائامێزەوە، دەلاقەیەکی دیکە بەڕووی کورددا والا دەکات. بۆ ئەوەی کەس زوڵمی لێ نەکرێ و هەقی دروستی خۆی بدرێتێ، پێویستە بە کێشانە و پێوانەی ڕۆژگاری خۆی مامەڵەی لەتەکدا بکرێ. هاوئاقار لەوپەڕی باوەڕ و قەناعەتی قوڵەوە، سەری ڕێز بۆ گیانی بەرزی خەباتگێڕان و دڵسۆزانی خاک و نەتەوە دادەنەوێنێت، بۆ ئەوانەی بەربەرەکانی لەشکری داگیرکەر کردووە، و گیانبازییان بە گیان و ماڵی خۆیان کردووە سرووودی شۆڕشگێڕیی دەچڕێ. سیر کارل پۆپەری فەیلەسووفیش لە هەندێ باردا، شەڕی لە پێناوی ئاشتیدا پێ باش بووە. هێگل دەڵێ: "جەنگ خەسڵەتی نوێکردنەوە و بووژانەوەی گیانی نیشتمانپەروەری و ئەخلاقی بابەتیی هاوولاتییانی هەیە، ئەو خەسڵەتانەی دەکەونە بەر مەترسی بەهۆی ڕۆژگاری دوورودرێژی ئاشتی و بالادەستبوونی بەرژەوەندییە خودی و تایبەتەکان"(١٥،ل ٣٧).

پێدەچێت ئەستەم بێت، کۆتایی بەم باسە، بێ ئاماژەدان بە شاکاری "سەربازی ون"ی پەشێو بهێنین. کاتێ ڕووی دەمی لە شاندێکی بێگانە دەکات، کە بە مەبەستی سەردانی گۆڕی سەربازی ون، ڕووی کردۆتە کوردستان. پێی دەڵێ:

**کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ**
**بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون**
**تاجەگوڵینەیەک دێنێ.**
**ئەگەر سبەی**
**وەفدێک بێتە وڵاتی من،**
**لێم بپرسێ:**
**"کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟"**
**دەڵێم :**
**"گەورەم!**
**لە کەناری هەر جۆگەیێ،**
**لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ،**
**لە بەردەرگەی**
**هەر ماڵێ، هەر کلێسەیێ،**
**هەر ئەشکەوتێ،**
**لەسەر گابەردی هەر شاخێ،**
**لەسەر درەختی هەر باخێ**
**لەم وڵاتە:**
**لەسەر هەر بستە زەمینێ،**
**لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ،**
**مەترسە! کەمێک سەر داخە و**
**تاجەگوڵینەکەت دانێ"!**

١٤٦ ـ {} فارسی لە ڕێی دەسەڵاتی دەوڵەتی و ئاینییەوە دەسەڵاتی کوردی وێران کـرد و پارســە هەخامەنشــیەکان گواســتیەوە و تــا ئەنــدازەی زەوتکــردن بــۆ بەرژەوەندی خۆی دەستی بەسەر ئاڤێستادا گرت و بۆ هەخەمەنشیەکانی گواستەوە و لە ئاڤێستاوە پلەوپایەیەکی وای لە دەسەڵات و خۆرێکخستن بۆ خۆی دابین کرد گەیاندیە ئەوەی بچێتە ریزی سەروەت و کەرەسەی هەرسکردنی خۆراکەوە چونکە فارسی تا ماوەی پتر لە دوو سەد ساڵ لە دوای رووخانی دەوڵەتی کوردە مادەکان و دەسەڵاتی هەخەمەنشیەکان بەرۆگری دەسەڵات و ئاین بوو و هەرچییەکی لە بارەی ئاین و دنیا لە ئاڤێستادا هەبوو بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی گواستیەوە و لەگەڵ فارسی "پارسی" لەو ماوەیەدا، وەک عارەبی و قورئان یەکسان بوون و هیچ شا و میر و وەزیرێک یا سەرکردە و پارێزگارێکی ناو دەسەڵات و هیچ موبەد و هیربد و زوت و ئەتریات و کەسی تر لە پیاوانی ئاین نەبوو فارسی سەر بە دەسەڵاتی شاهانشا نەبێ و هەرچییەکی دەنووسی یا دەیگووت یا دەیخوێند یا بە وانە دەیگوتەوە یا جاڕی بۆ دەدا، هەمووی، پیاو و گوتە و رێوڕەسم، ملکی فارسی کۆن و بوون.

تەنانەت دوای ئەوەی نەگبەتییەکەی ئەسکەندەر رووی لە هەخەمەنشیەکان کرد و خاوبوونەوەی شارستانەتی پارسی لە سەردەمی دەسەڵاتی سلوکیدا لێکەوتەوە و هەرچییەکی لە دەسەڵات و ئاینی کۆن مابۆوە بە شێوازی پارسی دارێژران و بە شانازی پارسی دەژمێردران. ئەوجا نۆرەی پەهلەوی هات کە زمانی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان بوو و تێکەڵەیەکی پارتی "زمانی خوراسان، وڵاتی ئەشکانییەکان" و ئاڤێستەیی پارسی "هەخەمەنشی"بوو و دەفێ بوو بۆ کەلەپووری ئێرانی و ماوەی چوار سەدە رۆڵی گواستنەوەی دیت تا لە چارەکی یەکەمی سەدەی سێیەمی زایندا گەیاندیە دەست فارسە ساسانیەکان و ماوەی چوار سەدەی پێش هاتنی ئیسلام، فارسی ناوەنجی بووە بەرۆگری هەموو شارستانەتی ئێران. ئەگەر لەسەر گێڕانەوەی رووخانی دەسەڵاتی ساسانی بوەستین یا تا ئەو دەمەی، دوو سەدە دوای فەتحی ئیسلامی، کە فارسی هێزی بە بەردا هاتەوە بە دوایدا بچین، ئەنجام هەر یەکێکە چونکە رەگەزی فارسی بەخۆ و بە زمانە فارسییە نوێیەکەیەوە وەک نوێنەری شارستانەتی ئێران بە بەرۆگریی ئەو شارستانەتییە مایەوە و زمانی

کوردیش تا دوای هەزار ساڵی بێ خاوەنی، لە رووی سیاسی و شارستانەتی و ئابوورییەوە نەیتوانی ململانێی زمانی فارسی لەسەر میراتێکی ونبوو بکا کە چرنۆکی دەسەڵاتداری تێدا چێندرابوو. وەک چۆن کورد لە گۆشەی لەبیرچوونەوەدا مایەوە، "کوردی"ش وەکی خۆی، لە پەناوپەسێوی پشتگوێخستندا مایەوە، لە رووی زمان و شارستانەتییەوە، بە هیچ جۆرێ مەترسی لەوەدا نییە وەک دەبیستین هەندێ لە میرە کوردەکان دوای لەبارچوونی دەسەڵاتی ساسانی هەستی حەسانەوەیان کردووە و وەها بووە کە بە بەپیرەوەچوونی کورد بۆ ئیسلام و باوەڕ پێهێنانی راستگۆیانە بێ و لە پێناویدا قۆڵی هەڵماڵیبێ و ئیسلام لەو باوەڕە دووری بخاتەوە کە لە رێوڕەسمە ئاینیەکاندا ئەوانەی دەگوتەوە کە سەرچاوەیان لە ئاڤێستاوە بوو و بە رەفتار و گوتنیش خواپەرستی زەردەشتییان لە بیر کردبوو و دووریش نییە بە هۆی دابڕانی دوانزە سەدەوە، مێژووی خۆشی لە بیر چووبێ و بەهۆی نەبوونی شوێنەواری نووسراوەوە کە بەرچاوی کورد کەوتبێ پێ دەچێ نەخوێندەواری هەموو کون و کەلەبەرێکی لە کورد گرتبێ چونکە پەیوەندی بەو ئەرکە ئاینی و دنیاییانەوە نەبووە کە لە بارەی بە نووسین و رۆشنبیرییەوە بووبێ و هیچ جێی گومان نییە

کە یادی مادەکان ماوەی دوانزە سەدە لە بیرەوەری کورددا ماوەتەوە و لەسەر زاران، لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی دی گوازراوەتەوە لە کاتێکدا لە مێژووی دانپێدانراوی سەردەمی ساسانییەکاندا کە پڕە لە داستان، تەنها ناوی شای فارسەکان و ئەشکانییەکان لەسەر هێلێک هاتووە کە بەردەوام لە بەرزبوونەوەدابوە تا گەیشتۆتە هەخەمەنشیەکان و موبەد و هربدە گەورەکانی وەک تن سر و ئازدەمیهراسنداد و هی دی. هەرچۆنێ بێ، کورد لەهەر کارێکدا کە پەیوەندی بە دەسەڵات و ئاین و مێژووەوە هەبووبێ حسێبی بۆ نەکراوە و وەک داروەدستەی شایەکان نەبێ قەت ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. رەنگە جاروبارێک و لە هەندێ باری نائارامی و لاسەنگبوونی دەسەڵاتدا کە دوای ئەوەی فارسی توانای خۆی بەدەست هێنایەوە رووی دابێ، مەودای نەفەسکێشان بۆ کورد بە شێوەیەک لە شێوەکان رەخسابێ، هەرچەندە لە هەمان کاتدا، بە هۆی نەبوونی ئاسایشەوە گەلێ پەتپەتێ و ناخۆشیشی بە سەردا هاتبێ، چونکە پێوانەکاری لە چارەنووسی نەتەوەییدا بە شێوەیەکی گشتی بەردەوامی و مانەوەیە بەرانبەر کەرەسەی قرتاندن و دابڕین و هرسکردن، کە لە کاتی ئارامی و بەهێزیی دەسەڵاتدا بۆ ئەو بەهێزە بەرانبەر بە

***لاواز دەرەخسێن، کاتێ چ کێشەی نەبێ و هەر کاتێ ویستی ئەو سەرە بهەنجێنێ کە بۆ سەرفرازی ئاورێ دەداتەوە دەیهەنجێنێ و کەسیش دەست نەخاتە پێش دەستی}.ل ٣٩ ـ ٤٠***

بزانە داگیرکەرێکی وەک فارس چ کارەساتێکی بەسەر کورد دا هێناوە و چۆن ئایین و مێژوو و فەرهەنگی کوردی بۆ خۆی بە تالان بردووە و ئیمڕۆ خۆی کردۆتە خاوەنی هەموو شارستانێتی ناوچەکە.

کاکەوەیس دەڵێ: "کورد ئایین و پێغەمبەری خۆی هەبوو، کەچی فارسەکان بە ئاسانی لەدەستییان دەرهێنان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە دژی کوردیش بەکاریان هێنان". (٢٥،ل١٢٤).

قسەش لێرەدا هەر بەوەندە تەواو نابێ، ئەو فەرهەنگە فارس تا ئێستا بۆ خۆیان بردووە، بەڵکو بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستکارییان کردووە چ بە قازانجی خۆیان بووە زەقیان کردۆتەوە سنگی پێوە دەردەپەڕێنن و ئەوەی لە خزمەتی مەرامەکانیاندا نەبووبێ، بەئارەزووی خۆیان کاریان پێکردووە.

کاتێ دەسەڵاتی دەوڵەتێکی شیعەگەرا بە دەست فارسەوەیە، واتە هەموو کارمەند و بەڕێوەبەرەکان هەر لە خۆیان بوون و هەر شتێ لە خزمەتی خۆیاندا بووە رەواجییان پێداوە و ئەوی دیکەش بۆ فڕدان بووە.

بەڵێ داگیرکەر مێژووی بۆ خۆی دروستکردووە و نووسیویەتەوە و کوردی پێ زەلیل و بچووک و بێ رابووردوو کردووە و خۆی کردۆتە قارەمان و خاوەن شکۆ. جا بزانە بێ دەسەڵاتی چ کارەسات و کوێرەوەرییەکە!.

**درێژیی ئەم خاچی ئەنفالە و**
**درێژیی باشووری مەسیحم وەک یەکە**
**پانتایی ئەم خاچی ئەنفالە و**
**پانتایی باشووری مەسیحم چون یەکە**
**گوناهی ئەزەلی کام زەوی و ئەستێرەی گومڕاهـ و کام سزای ئەبەدیی تاوانم**
**بۆ ئەوەی هەمیشە هەڵقرچێم؟!**
**کام خواوەند غەزەبی لێگرتووم**
**بۆ ئەوەی هەر تاپۆی نامۆیی و تەنیایی و شەوبم و بۆ ئەوەی نە بمرم نە بژیم؟!**

**کام خواوەند خاوەنمە؟ نازانم کام شەیتان خاوەنمە**
**نازانم نە ئاسمان گوێ ئەگرێ لە خوێنم و نە دنیا و**
**نە داد و نە یاسا و نە زەنگی کلێشە و نە قوببەی مزگەوت و**
**نازانم من بەکێ و من بە چی سوێند بخۆم!**
**منی خۆڵەمێش! هاوارم هەر خوێنی مەیومە و**
**هەر کۆچی سەرە و لێرە**
**ئەوەتەی کۆچ هەیە،کۆچ دەکەم**
**ئەوەتەی گڕ هەیە ئەسووتێم**
**ئەوەتەی ئاو هەیە ئەخنکێم...ئەوەتەی تیغ هەیە قوربانیم**
**ئەوەتەی خاک هەیە،بێ خاکم.**
**ئەوەتەی شاخ هەیە من تلۆر دەبمەوە و**
**ئەوەتەی دار هەیە لێی ئەدرێم!**
**من لە پێش مووساوە ئاوارەم**
**پێش مەسیح من خاچم...**
**پێش قورەیش من زیندەبەچاڵ و پێش حەمرین من سەربڕاوم!**
**ئەنفالە ئەنفالە ئەنفال** ( شێرکۆ بێکەس)

***١٤٧ - {ئەو سەردەمانەی کە بە پشتشکاندن تێپەڕین و بە کەرامەت و بوون و زمان و زەمینی خۆمان نرخمان دا، مافمان دەدەنێ و هەست بەو ئەرکە دەکەین ئاڤێستا بکەینە بەڵگەنامە و "تاپۆی کوردی" و خاوەنداریێتی خۆمان بۆ هەر وشەیەکی کە لە ئاڤێستا هەیە و فارسی زەوتی کردووە و لە دادگای مێژوودا دەستی بەسەردا گرتووە، بسەلمێنین}.ل ٤١***

بە پشتبەستن بەو رابووردووە پڕشنگدارەی فەرهەنگی کوردی، بنۆرە چۆن مەسعوود محەمەد، لە پەرۆشیی زۆرییەوە داوای خاوەنداریێتی کورد لە ئاڤێستا و بەڵگەنامەکانی تردا دەکات. ئەم فەرهەنگە لە جیهاندا لەگەڵێ لاوە رێزی لێدەگیریت و تا ئێستاش بە مێژوویەکی پڕشنگداری مرۆڤایەتی دادەنرێت. ئیمرۆ فارس بۆتە خاوەنی و خێر و خۆشییەکەی بۆ خۆی بردووە و شانازی پێوە دەکات. کاریگەریێتی زەردەشت لەسەر کەسایەتییە جیهانییەکان وەک : ئەفلاتون و سوکرات و فیساگۆرس و دانتی و نیتچە و تاگور و زۆری دیکە.

" ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی فەرەنسی دارمستتەر دەبێژێ: "ئاڤێستا کتێبی پیرۆزی زەردەشت بە زمانی مادەکان نووسراوەتەوە و (...)زمانی کوردی و پشتۆیی ئەفغانەکان،هەمان زمانی مادەکانە و گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە".(٣ ، ل، ١٥). هەروەها ئەدمۆز دەبێژێ :" مینۆڕسکی لەو باوەڕەدایە ئەو زاراوانەی ئێستا لە زمانی کوردیدا هەیە،گشتیان دەچنەوە سەر ڕەچەڵەکێک و لەسەرچاوە و پایەیەکی بەهێز و کۆنەوە هەڵدەقوڵێن کە ئەویش زمانی مادەکانە".(٣،ل١٥).

***١٤٨ ـ{ ئەو بنەمایە قەبووڵە داوا لە داگیرکەر و زەوتکەر بکرێ دەست لە داگیرکراو هەڵگرێ و بیداتەوە خاوەنی خۆی نەک لایەنی تاڵانکراو ناچار بکا دەستبەرداری ئەوەش بێ کە لە لای ماوەتەوە و دەستی لە بنی هەمانەوە پێ دەربکرێ}.ل ٤٢***

چارەسەریی کێشەیەک لەنێوان دوو بەرەی داگیرکەر و داگیرکراودا، بەو دیالۆگ و شێوە ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی، نیشانەیەکی تەندروست و باشە. خەسڵەتێکی ڕۆشنبیرانە و مرۆڤدۆستانەی مامۆستا مەسعوود، وا دەخوازێ. لێ داگیرکەر، مامەڵە و سەودا بەم پێوەرە ناکات..

**خوا دەزانێ**
**باڵای تفەنگم خۆش ناوێ!**
**بەڵام ئاخ! کۆترەکەی ئاشتی**
**کرە وەکوو شێرەبەفرینەی**
**بەیانی،**
**لەسەر لوولەی تۆپی ماتی**
**وەستا رەجەب**
**دەنووکی خۆی**
**خستۆتە ژێر باڵەکانی**
**وەک بیستوومە،**
**ئەو کۆترە مانگرتووە،**
**لە ئاسمانی وڵاتێکی بێ ئاڵادا،**
**بە شەقەی تفەنگ نەبێ...**
**قەت لە شەقەی باڵی نادا!.** ( پەشێو)

***١٤٩ ـ{ئـێمه خـاوەنی زمـانی خۆمـانین و هەرچییەکـی لە ئاڤێسـتا و ئـاینی زەردەشتدا هەیە پەیوەندییان لەگەڵ زمـانی ئـێمە نێزیکتـرە و لە ویژدانـی پیاوێکی کوردەوە هەڵقوڵاوە و ئەو ناڕازیبوونەی کە لاملێک دەریدەبڕێ گوایە خۆبەستنەوە بە زەخیرەیەک کە یەکلایی نەبۆتەوە، کارێکە رەت کراوەتەوە، چونکە رازیبوون بەوە راگەیاندنی خۆبەدەستەوەدانە و هیچ زمانێک نییە ئێستای یەکلایی کرابێتەوە، لە کۆنەوە یەکلایـی بـووبێتەوە و عەرەب و کـورد و تـرک و عەجەم لەم لایەنەوە یەکسانن}.ل ٤٢***

ڕابنـدرات تـاگوور دەبێـژێ: " زەردەشـت مەزنتـرین پەیـامبەرە کە لە مێـژووی دێرینی ئادەمیزادا پەیدا بووە،بەهۆی فەلسەفە و بنەڕەتەکانی ئایینەکەی ئادەمیزادی لە بارودۆخێکی فرە نالەبار و دژوار ڕزگار کردووە". (٣،ل ٤٠).

کـاری مێژوونووسـان و لێکـۆڵەرەوان و شوێنەوارناسـەکانی، کـورد ئەوەیە بە پەرۆشـەوە چـاکی لـێ بەلادا بـکەن و هەوڵ و کۆشـش بـکەن بـۆ سـاخکردنەوەی فەرهەنـگ مێـژووی وون بـوو و بەتـالان بـراوی کـورد. ئـێمە خـاوەنی مێـژوو و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندین، کە بەتالان براوە و شێوێندراوە و لەبیرکراوە. هێردەر دەڵێ:

"دڵـی مـیللەت لە زمانەکەیـدا لێـدەدات". یـاخود " ئەگەر بـتەوێ نەتەوەیەک داگیـر بکەیت، زمانەکەی فێربە".

***١٥٠ ـ{ وەرگـرتنەوەی میـرات لە بـارودۆخی کـورددا وەک وەرگـرتنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانە جا پەیکەر بن یا هەیکەل یا نەخش بن و مەبەستیش پەرسـتن نیـیە بەڵکـو رازانـدنەوەی خـانەی شـوێنەوار و کردنیەتـی بە بەڵـگەی دەوڵەمەندیی مێژوویی}.ل ٤٢***

بەدەسـتهێنانەوە و وەرگـرتنەوەی کەلەپـووری دزراوی نیشـتمانی تـالانکراوی کـورد ئەرکێکـی نەتەوەیـی گـرنگە. بـۆچی مۆزەخانەکـانی پـاریس و لەنـدەن شـتی گومناوی لەسەر ناوی کورد تێدا پارێزراو بێ.؟! ئەی ئەو شـوێنەوارە بەنرخانەی وا لە مۆزەخانەکـانی ئەسـتەمبوڵ و تـاران و بەغـدا و دیمەشـقدا، کە شـێوێندراون و سیمای کوردییان سڕاوەتەوە، بۆ بێ خاوەن بمێننەوە؟! میسـرییەکان تـا ئێسـتاش داوای پاشماوە دزراو و براوەکانیان لە ئەوروپا دەکەنەوە. چ دەبێ، مۆزەخانەکانی کوردستان ببنە شـوێنەی پاراسـتنی ئەو پەیـکەر و نەخـش و شـوێنەوارە مێژوویـانە.

ئاخر ئەمانە بەشێکی بەرجەستەی ناسنامەی نەتەوەیین. کورد ئەو بەڵگە و شتە بەنرخانە لە داگیرکەران و دزەکانیان وەرگرێتەوە، لە شوێنێکی شایستەی وەک مۆزەخانەکانی خۆیدا بیانپارێزێ. دەبنە سەرمایە و سامانێکی بەنرخ و بەشێکی گرنگ و بەهاداری ناسنامەی نەتەوەییە.

## لە پەرۆشەکانی ژیان

***١٥١ ـ { بەش بە حاڵی گەلی وەک ئێمەمانان پلەی خۆرزگارکردن (لە داگیرکەر) لە خۆوە بەرباری بیردۆزییەک دەبێ لە هەموان بەهێزتر و ئاشکراتر و پاکتر ئەویش بیردۆزی ئازادبوون و باوەڕی ئازادبوونە. بۆ ئەوەی خەڵک لە دەسەڵاتی بێگانە رزگار بێ تاکە دینێک و تاکە فکرێک و تاکە بڕیارێکی بەسە ئەویش "ئیرادەی رزگاری"یە بێ پرینگاندنەوە و زرەنەخشاندن. ئیرادەی رزگاریش بێگومان "وەسیلەی رزگاری"دەخوازێت کە لە رووی زەرووڕەتەوە هەموو جوادیی بیروڕا و هەموو فرەسەرۆکایەتی و هەموو بەهانان بەلاوە دەنێ مادەم رێگە دەرناکات بۆ ئەو ئامانجەی ئیرادەی ژیان دەیسەپێنێت کە هەر خۆی دایکی ئیرادەی رزگارییە. هەرچی وەسیلەی رزگارییە، بەهێزترین و بڕندەترین و مسۆگەرترین رێژەیەک بۆی "یەکێتی بیروڕا"یە لە پلەی یەکەم و دووەم و دەیەمدا ئنجا دەوری موژدەدان بە قەڵەم و بە زمان و بە فیشەک دێت چونکە نە قەڵەم و نە زمان نە فیشەک شەرەفی "پاراستنی ژیان" و "ئیرادەی رزگار"ی وەرناگرێت ئەگەر لە دەرووی جوداوازیی بیروڕاوە دەرچێت}.ل ٦٩ ـ ٧٠***

" هەر نەتەوەیەک، نەیتوانی یەکبوونی کولتووری دروست بکات و لە ناو سنووری سیاسی دەوڵەتەکەیدا فرەیی و جیاوازی کوولتووری سەر هەڵبدا و کەلتوورە مۆدێرنەکە بکات بە چەند کەلتوورێکی جیاواز، ئەو بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازی کارا و راستەقینە نییە". د.عرفان(١٨.ل٨٩).

سکێچ و نەخشەی ئازاد بوون، ئیرادەی ڕزگاری و پێداویستییەکانی خەبات و یەکێتی بیروباوەڕ.. هەموو ئەرک و فەرمانەکانی سەر شانی تاکی کورد و پرۆگرامی حیزبەکان و ئەقڵی سەرکردەکانی لە خۆگرتووە. بۆ کەسی برسی، پارچەیەک نان و تینوو قوومێ ئاو، چەند گرنگە، بە هەمان ئەندازەش ئازادی بۆ میللەتێکی بندەست، گرنگ و پێویستە. نەتەوەیەک داگیرکراو بێ، هیچ شتێک، لای سەرووی سەربەخۆیی و رزگاربوون، لە چنگی بێگانە ناکەوێتەوە. ئەدی شەرم

نییه؟! ٦٠ ملیۆن مرۆڤی کورد، بێگانه حوکمی بکات. لەم پرۆسەیەدا کار بۆ هێنانەگۆڕی "ئیرادەی ڕزگاریی" وەک چەکی خەباتێکی برندەی ڕزگاری و سەربەخۆیی بۆ بەرپاکردنی ئەم خەباته دەستاوێژ و میکانیزمی شۆڕشی ئەوێ (هاوکێشه و نەخشەرێگای خەباتێکی نەتەوەیی) دیاری کردووە. یەکێتی بیروڕا، له چوارچێوەی بەره یان هەر شێوازێکی دیکەی کارکردندا، مامانی هاوپەیمانێتی و پرۆژەی هاوبەشی هەموو لایەنەکان بۆ گرتنه ئەستۆی ئەرکی خەباتی نەتەوایەتی دوای ئەم خەسڵەته ئەرکی ڕۆشنبیران و شۆڕش و خەباتی چەکدارییه و دەرئەنجام قەڵەم زمان و فیشەک ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. گەر جوداوازی ناکۆکی و فره بیروڕا سەرچاوه و ئیلهامی خەبات بێت، وا هەموو ئەو ئامرازانەی خەبات، ڕۆڵی دروست و سروشتی خۆیان نابیننەوه چ به ها و سەنگ و کاریگەرێتییەکی ئەرێنیان نابێت.

***١٥٢ ـ{ به دەگمەنیش نەبێ ڕۆشنبیر خۆی لەوه نەگەیاندووه که پێوانی رابردوو به تەرازووی سەردەم وەک به یەکگرتنی ساوایی کاڵ و جحێڵی مەیله و ڕەسیو دەردەچێت. نسیبی کورد لەودا بوو که باوەڕی قەومایەتی زووتر گونجاوتر بوو لەگەڵ بیر و فامی لەچاو ئەو فکرانەی دیکه که زادەی ئەورووپا بوون}.ل ١٢٨***

کاتێ ڕۆشنبیری کورد، دەکەوێ به شەوارەی پەلکەزێڕینەی بیر و فەلسەفه جیهانییەکاندا، بێ پاشخانێکی مەعریفی و لەبەرچاوگرتنی واقیعی تاڵ و بزرکاوی وڵات و نەتەوەکەی خۆی، تووشی سەرلێشێوان و بەهەڵەداچوون دەبێت، وەک بوویشه. ئەو بیروباوەڕانەی و دەرەکی بوون و هاوردەیان کردووه لەگەڵێ پرس و شوێندا ناجۆربوون به هەڵکەوت و سروشتی دۆزی نەتەوایەتی و بیر و هەڵوێستی تاکی کورد. له شوێنەکانی دیکەدا به درێژی لەسەر ئەم خاڵه ڕۆیشتووین و چەند بارەکردنەوەی به پێویست نازانین.

***١٥٣ ـ { که سەقافەتی سەر به چینایەتی بڵاوبۆوه بیروڕا لێکتر جودا بوونەوه بایی جوداوازیی نێوان پێوانەی قەومی و پێوانەی چینایەتی بەوەشدا تاوانبارکردنی ئەو هەڵوەسته قەومییانەی لەگەڵ "امميـة"دا ناگونجێن کارێکی ئاسان بوو لەبەرچاوی هەڵگرەکانی دروشمی" امميـة". عەیبوعاری بۆرژوازی و دەرەبەگ وەپاڵ بیروباوەڕی قەومایەتی درا گۆیا زادەی ئەو قۆناغەیه که مەحکوومه به مردن. ئنجا***

***بابایەکی کوردی قەومی کە وێڕای قەومایەتی باوەڕی بە چینایەتیش هەبوو تووشی سەغڵەتی دەبوو لە هەوڵی راست رۆینێکی کە لایەنی هەڵگری دروشمە قەومییەکەی خوار نەبێتەوە بێ ئەوەی ئاگاشی لەخۆ بێت پەسترایە گۆشیەکی لاچەپی "انفصالية" و لاتەریکییەوە کە بە لای کەسێکی ئومەمیەوە چینی زەحمەتکێشی کورد دادەبڕێت لە تێکڕای زەحمەتکێشانی ئەو گەلەی لەگەڵ کورد پێکەوە دەژین لە یەک وڵاتدا}.ل ١٢٨***

نـــاحەزانی بیـــری نەتەوایەتـــی لە خۆپەرســـتان و کۆســـمۆپۆلییەکان و ئەوانەی نێـــونەتەوەیی بە دیـــدی ئایـــدۆلۆژیا و ئـــاییینەوە بیـــردەکەنەوە و دەڕوانـــن. بیـــری نەتەوەیی دەستەوتاقمێکی دیار، لە خۆپەرستتان و کۆسمۆپۆلیتییەکان و ئەوانەی لە دیدی نێونەتەوەیی ئایدۆلۆژیا و ئاییینەوە دەڕوانن، بە توندی دژایەتی دەکەن.

دوای سـەرکەوتن بەسـەر ئەڵمانیـای نازیـدا، یەکێتـی سـۆڤیەت و هەمـوو وڵاتـانی ئەوروپـای ڕۆژهەڵات، توانـایەکی مـاکی و مینـۆکی بێشـوماریان بـۆ بڵاوکـردنەوەی ئایـدۆلۆژییەکەیان خسـتە گەڕ. لایەنگرەکـانی م.ل لە وڵاتـانی دواکەوتـووی جیهـانی سـێیەمدا، بـێ ئەوەی بە نیوەنـاچڵیش لەو بیـر و فەلسـەفەیە تێگەشـتبن، نەزانـانە بە کـاوێژ کردنەوەی کۆمەڵێ دروشـم، حاڵیـان لەخۆیـان دەهێنـا و بەرامبەر بە ئەوانـی دیکە، ئەوانەی لەگەڵیاندا نەبوون، ڕادیکالانە هەوڵی پراکتیزەکردنی پرنسیپەکانی ئەم ڕێبازەیان دەدا. ڕۆڵ و خەبـاتی میللەتێکی بندەسـتی وەک کـورد، بەتـایبەتی ئەوانەی هەڵگـــری دیـــدێکی نەتەوەییـــانە بـــوون، بـــۆ گەیشـــتن بە ئامـــانجی ســـەربەخۆیی تێدەکۆشـــان، بە ناپـــاک و دوژمـــن و دواکەوتـــوو دادەنـــرا. ڕوانـــگەی نەتەوەییـــانە ســـەرگەرمی هەڵبژاردنـــی ڕێگـــای خەبـــاتی ســـەربەخۆیی و دیـــاریکردنی میکـــانیزمی تێکۆشـــان و لەبەرچـــاوگرتنی ئامـــانج و دروشـــمەکان بـــوو . لایەنگرانـــی م.ل ئەم شـێوازی بیـر و خەباتەیـان بە کۆنەپەرسـتی و دەسـتی بێگـانە و ناپـاکی لە چینـی کرێکـاری دەوڵەتە داگیرکەرەکـان دادەنـا. ئایدۆلۆژی و دروشـمی خەبـاتی چینـایەتی نەتەوە وا شـەقوپەق و کەرتکەرت دەکـات، هەناسـەی لـێ دەبڕێت. ئەمەش لەخـودی خۆیدا، خاڵێکی زیانبەخش و کۆسپێکی بەردەم خەباتی نەتەوایەتییە.

ئەوەی لە دەرەوەی ئەم ئاڕاستە و هێڵە درشتەی خەبات و پێناسەی چینـایەتی و ئایۆلۆژیدا بووە، بە بیانووی ئەوەی خەباتی کرێکارانی عێراق و سـوریا و تورکیـا و ئێـران زیـانی پێـدەگات!! بڕیـاری وەتاقخسـتنەوەی خـۆی و بـزاڤەکەی دراوە و بە

جیاخواز و گۆشەگیر تاوانبارکراوە. شۆڕشی شێخ سەعید زۆرجاران ئەیلوول و ئەوانی دیکەش بە خووتوخۆڕایی تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەسترا. ڕۆسۆ دەڵێ:

"هەندێ کەس چینی خۆش دەوێ، بۆ ئەوەی لەو ئەرکە سەرەکییانەی خۆشەویستی خەڵک و وڵاتی خۆیان، ڕزگاریان بێت".

***١٥٤ ـ{ ئەو فکرە نوێیانەی رەویان هێنا بۆ مێشکی کورد فراژی بوو و پەرەی ستاند تا ئەوەی زۆرینەی گەنجی کوردی ئەوروپا و بەشێکی بەرچاویشی لە کوردی وڵاتنشینی خاوەری ناوەڕاستدا گەیاندە پلەیەک کە هەموو شۆڕشە بەسەرچووەکانی کورد تاوانبار بکات بە تۆمەتی بێ بەش بوونیان لە مەزموونی چینایەتی و لەبەر سەرۆکایەتی دەرەبەگ و و پیاوانی سەر بە ئایین لەو شۆڕشانەدا، بگرە سەیرمان بیست لە عاجباتی قسەی کەسانێک دەڵێن بۆرجوازیەتی کورد خەڵق دەکەین و دەیرمێنین هەر هەتا بگەین بە سۆسیالیزم و بەوەدا بیردۆزیی قۆناغە مێژوویەکانی مارکسیزم بەراست بگەڕێت}.ل ١٢٨ ـ ١٢٩***

هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەو جۆرە هزر و جیهانبینییانە زۆرن و ئێمەش پێشتر ئاماژەمان بە هەندێکیان دا. ئەوەی لێرەدا مەبەستە قسەکردنە لەسەر نەزانی و ناواقیعی هەڵگرانی ئەم بیر و ئایدۆلۆژییە، شتی بەتاڵ، بەهەر تەنێک پڕ دەکرێتەوە.ـ دەبا تەماشای ئاڵا بەدەستانی هەمان ڕێباز، لای تورک و عارەب و فارس بکەن و لەوانەوە کراسێک دادڕن ـ دەنا گەرەکمان نییە شەنوکەوی بنەما هزرییەکانیان بکەین.

کاتێ ڕۆڵەی میللەتێکی بندەست بەو شێوازە دەکەوێتە وێزەی مێژووی خۆی و هەمووی تاوانبار دەکات بەوەی شۆڕش و مێژووی نییە، چونکە پرۆلیتاریا نەبووە، دروشمی خەباتەکەی چینایەتی نەبووە، ئاڵای دەستی چەکوش و داس نەبووە، ئەوە گوناهێک دەکات، مەگەر دوژمنی ئەو میللەتە بەرامبەری ئەنجامی دابێت. بگرە زێتریش، چونکە نابێ خاڵێکی گرنگمان لە بیر بچێ، داگیرکەر و شۆڕشگێڕ و نووسەری ئازادیخواز گەلێک لە یەکتر جودان. ئاشکرایە کەرەسەی هەرە سەرەکی و سەرەتایی ئەم ئایدۆلۆژییە، چینی کرێکاری چەکوش بەدەست و بۆرژوا و سەرمایەدارە..کە هیچیان وەک بوونێکی مادی لە کوردستاندا نەبوون و بەم زوانەش پەیدا نابن.

دوای گلاسنۆست و پێرۆسترۆیکا، بەشێکی گەورەی ئەو نەهامەتی و زیانانەی بەسەر گەلانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا هاتبوون، دەرکەوت و لە زۆر شوێنیش کاریگەریێتی نەرێتی هەرماوە، ساڵانێکی دوورودرێژی دیکەش توانای قەرەبووی

ڕۆژ و ساڵە لە دەستچووەکانیان بۆ ناکرێتەوە. وەک ئاماژەم پێدا، ئامانجی ئەم کۆمێنت و ڕوونکردنەوەیە، شیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە لەسەر پووچەڵی ئەو ئایدۆلۆژیایە نییە، چونکە ئامانجی ئەم نووسینە ئەوە نییە و ئێرەش گۆڕەپانی یەکلایی کردنەوە نییە، بەڵکو قسەکردنە لەسەر هەڵوێستی هەڵگرانی ئەم ئایدۆلۆژییایە، لە کوردستاندا و گێڕانەوەی ڕووداوگەلێکە، بۆ سوود وەرگرتن لێیان، تا ببنە پەند و وانە.

***١٥٥ ـ { ئەو گیروگرفتە تایبەتمەندانەی کورد لەژێری دەرزێتەوە و هۆشی تێدا گێژ دەبێت و حیسابی دەبزرکێت و کیتابی دەفۆتێت و "نصاب"ی دەلەنگێت ریشەیان دەچێتەوە بۆ دووایی سێیەکی سەدەی شەشەمی بەر لە زایین کە تەرازووی چارەنووسی وەرگەڕا بە لەدەستدانی دەوڵەتەکەی "ماد" و راگوێستنی دەسەڵات بۆ هاخامەنشییەکان لە فەرمانفەرمایی کۆرشی گەورەدا. لەو رۆژەوە، بێ سوود خەریکە پژاو کۆبکاتەوە و رماو هەڵسێنێتەوە و شکست هەڵبەستێتەوە و هەڵوەشاو بچنێتەوە و کەلێن بگرێتەوە، کە برینیشی لێ بە قووڵدا چوو لە هەموو دەرمانان شیفا بەخشتر ئەوەیە وازی لێبهێنێت لە خۆوە سارێژ بێت چونکە نە دەرمان هەیە نە پزیشک} .ل ١٤٥***

لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتدارێتی مادەوە، چرکەساتی مێژوویی کەوتنی گلۆڵەی کورد بەرەو لێژی دەست پێ دەکات. شکستێکی لەسەر دەستی فارس خوارد، ٢٥٠٠ ساڵە نەیتوانیوە لەژێر باری سەختیدا خۆ ڕاست بکاتەوە. ئیدی لەو ساتەوەختەوە، هەموو هەوڵەکانی گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی و مانەوە لەنێو بازنەی مێژوودا، تەواو نالەبار و تەسک بووە و تا دەرئەنجام کەوتە چاڵێکی قوڵی دەرەوەی ڕەوتی مێژووەوە. هەرچەندە نابێ ئەوە لە یاد بکرێ، کورد سەرباری کوێرەوەرییەکانی ژیان، سەرسەختانە پەلەقاژێی لە نێوان مەرگ و ژیاندا کردووە و دەیکات و تا ئێستاش بێهیوا نەبووە لە گەیشتن بە داوا ڕەواکانی.

"کورد سیزیفێکە نە کۆیلەی تەواوە، نە توانیویەتی ببێتە سەردار" د. عرفان مستەفا (١٨،ل٨). کورد گورزی کوشندە و جەرگبڕی خواردووە، هەموو دەسەڵاتەکانی چواردەوری لە دژی بوون و پاش پارچە پارچەکردنی، لە هەر لایەکەوە تەوق درا. هێزە جیهانییەکانیش بوونە هاوکار و دۆستی داگیرکەرانی کوردستان. ئیدی لەبەردەم کورددا، چ دەرەتانی بە ڕوونی و کراوەیی نەمایەوە، جگە لە ونبوون و نائامادەیی لە مێژوودا.

١٥٦ ـ { تاقیکردنەوەی تاڵم لەگەڵ ئەو زەرەرانەدا هەیە کە توندڕەوی چەپ بە بەرژەوەندی گەلەکەمی گەیاندووە و ئەو هەموو قوربانییە گەورە و بێبەرهەمانەی لە پێناوی ورێنەی چارەسەری ریشەییدا لە ماوەی ٤٥ ساڵدا داویەتی، ئەوانیش هۆکاری تایبەتین بۆ ئەوەی رایبگەیەنم کە ئەو بنەمایەی بۆ پەرستنی ستالین لە ماوەی سیی ساڵدا دانرا گەندەڵە.

ئەگەر بە پێی بۆچوونی سەرجەمی مرۆڤایەتی لستی ئەو تاوانە گەورانەی کە ستالین ئەنجامی داوون خۆبەخۆ بەشی ئەوە بکات سەد ستالینی پێ تاوانبار بکرێ، ئەوا موعامەلە دۆڕاوە بچووکەکەی لەگەڵ "قەوام سەڵتەنە" کە هەردوو کۆماری "مەهاباد" و "ئازەربایجان" بەرانبەر بەشێکی نەوتی ناوچەیەکی سەر بە مەهابادی کوردی پێ کران بە قوربانی و ئەنجامیش ئیعدامکردنی قازی محەمەد و هاوڕێکانی بوو لە "چوارچرا"، سووتانەکەی زیاتر کرد و بۆنی گۆشتی برژاوی کوردی درێژتر کردەوە لەسەر پشکۆی ئاگردانەکەی ستالین کە لە هەندێ رۆژگاری ساردی دۆڕاندندا بەرانبەر سەڵتەنە خۆی لەبەر گەرم دەکردەوە. گەورەیی کارەساتی نەتەوەیی لە لێقەومانی مەهاباددا ئەوە تاکە دڵنەواییەکەی بوو کە ستالین لە موعامەلەکردنی لەسەر کوردستان و ئازەربانجان، دۆڕاندی چونکە لەگەڵ ئەو شێوە ناشیرینە تێکچووەی رێکەوتنە سووکەشدا تێکۆشەری کوردی چەکدار بە بیری چینایەتی و دەروێشی وەهمی ئومەمییەت، لەسەر تاڵانفرۆشی کوردستان، سووربوون لەسەر پێداهەڵدانی ستالین بەو حیسابەی بۆ پاراستنی ئاشتی جیهانی، لە پێناوی گشتدا قوربانی بە بەشێک داوە.

ئەگەر لە ئایینی ئومەمییەتدا خوایەتی ستالین دوای دۆڕاندنی ئەو موعامەلەیە لای کورد سەلمابێ و دیسان بە خوێنی شەهیدانی مەهاباد رەنگ کرابێ، ئەی ئەگەر موعامەلە نەوتییەکە سەرکەوتوو بوایە و ببوایەتە بەڵگەی عەبقەرێتی و زیرەکی و گەورەیی و زانیاری و سوارچاکی باوکی گەلان و برای گەورە و هەرە پیرۆزی تێکۆشەرانی پێشکەوتوو، "ستالین"ی بەخشندە و میهرەبان و زانا، لە خوایەتی و یەکایەتی و تاقانەییدا بە کوێ دەگەیشت؟ لەبەرئەوە، دۆڕاندنەکەی بوو بە تاکە دڵخۆشیمان.

***با هاورێ گۆرباشۆڤیش تەواو دڵنیا بێ کە کوردی ئومەمی هەتا ئێستاش سووره لەسەر ئەوەی کە کارەکەی ستالین لە مەسەلەی کوردستان و ئازەربایجاندا راست بووە و باوەڕ ناکا هیچ سیاسەتێکی شەریفانە هەبووبێ جێی ئەو سیاسەتەی ستالین بگرێتەوە و ئەوەندە بەسە کە بڵێین کە نموونەی "ئەوەی کار نەکا هەڵە ناکا" دەهێنێتەوە، ئەوەش بۆ پشتگوێخستنی پرسیاری ئەوانەی کە دەپرسن ئەگەر سەلامەتی و ئاشتی دنیا ئەوەندە بەرز و شیرین بوو کە لە ئەنجامدا ئەو تاوانانە لەو میهرەجانەدا بکرێتە قوربانی کە بۆ دۆستایەتی و ئاشتی بەرپا دەکرا، بیانووی سەرهەڵدانی ئاواتی کورد و ئازەری بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەییان هەر لە سەرەتاوە چی بوو؟ بەهەرحاڵ کوردی ئومەمی دان بەوەدا نانێ هەڵە لە سیاسەتی سۆڤیەتدا روویدابێ و سۆزی بۆ سەردەمی ستالین هەیە و ئاواتەخوازە هەر لاپەڕەیەک هەڵەی ستالین ئاشکرا دەکا داخرێت و رەنگە ئەوە خەسڵەتی هەموو ئومەمییەک بێ لە هەموو جیهانی سێیەمدا}.ل ١٤ ـ ١٥***

ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە، هێندەی گەڵای دار، کتێب و سەرچاوە و لێکۆڵینەوە و ئارگومێنت لەسەر تاوانە لە ژمار نەهاتووەکانی ستالین هەیە لە جیهان دا. سیاسەتی ڕاگوێزان و تەفروتووناکردن و قەدەغەکردن، کە داگیرکەرانی کوردستان بەدرێژایی سەدسالّی ڕابووردوو، لەسەر کورد تاقییان کردۆتەوە، زۆربەی هەرە زۆری لەسەر دەستی ستالین دا،دەرهەق بە کورد ئەنجام دراوە. بۆ نموونە ڕەنگە تەنیا ئاماژەدان بە چیرۆکی تراژیدیائامێزی ژیننامەی پرۆفیسۆری ناوداری کورد " نادری نادرۆڤ"، لەم ڕووەوە بەس بێت.

فەیلەسوفێکی دیار و گەورەی وەک سیر .کارل پۆپەر، لەسەر کێشەی توندوتیژی مارکسی و کۆمەنیستەکانی ڤییەنا، وازی لەم ڕێبازە هێنا و ببڕای ببڕای نەچۆوە بەلایدا و کەوتە ڕەخنەگرتن لێی. کاتێ جولەکە بە پلەی سەرەکی، بووە قوربانی سیاسەتی هیتلەر و نازیزم، هەلا لە دنیادا دروست بوو هەتا ئێستاش بگرە و بەردەکەی، دانەمرکاوەتەوە. دەسەلات و میدیای جولەکە هەرچی لە توانایدا بوو، بۆ ڕیسواکردن و شەرمەزارکردن و سزادانی نازیزم کردی و سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا. بەداخەوە میللەت و هێزێکی وەک جولەکە، لە پشت تاوانەکانی ستالینەوە نەبوو بۆ ئابڕووبردنی.

کـورد و ســەرانی و قوربــانی و مــامەڵەی دەســتەڵاتدارانی دنیــا، لێــرەدا بە دیـاریکراوی شـورەویی بەنـاو قەڵای پـارێزەری گەلان و خـودی سیاسـەتی سـتالین چۆن لە پێناوی چۆڕێ نەوتدا ڕەزامەند بـوو. کۆمـاری کوردسـتان هەراج بکات و چــاوی نووقانــد لەو کارەســاتە دڵتەزێــنەی بە گورگــان خــواردنی کۆمــار و لە سـێدارەدانی پێشـەوا و ئـاوارەبوونی زۆرێکـی دیکە لە خەڵـک و تێکۆشـەران. چەپی کورد بۆ داپۆشینی هەڵە و گوناهـ و تاوانەکەی شورەوی و ستالین سەرقاڵی بیـانوو هێنـانەوە و داتاشـینی چیرۆکـی سەیروسـەمەرەن بـۆ پاسـاوهێنانەوە بـۆ سیاسـەتی ستالین، ئەو ستالینەی لە سەرتاسەریی دنیادا کرابووە بتێک و لە جێی خودا لەسـەر زەمین لە لایەن کۆمەنیست و چەپەوە دەپەرسـترا. ڕەنگە ڕەخنەیەکی بەجێ لێرەدا ئەوە بێـت، کە تـا ئێسـتا لێکـۆڵینەوەیەکی مەیـدانی و بـابەتی پشـت ئەسـتوور بە هەڵوێست و ڕەفتارەکانی چەپی کورد نەکراوە و کەس قسـەیەکی شـێلگیرانەی وەک پێویسـت لەسـەر ئافـاتی ئەم ئایـدۆلۆژییە نەکـردووە، کە لەراستیشـدا ئەمە ئەرکـی لێکـۆڵێرەران و مێژوونوسـان بەگشـتی و خـودی چەپـی کـوردە بەتـایبەتی، مێـژووی ڕاستەقینەی خۆی بێ ڕتووش بنووسێتەوە.

شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

**ئەی بابە، بۆ چرای ئالآی**
**ناو بەفرانباری مەهاباد**
**لە تەمەنێکی زۆر کورتدا**
**کورتتر لە گوڵی دارچواڵە.**
**کورتتر لە خەونی پەپوولە**
**پرشنگەکانی هەڵوەری**
**دڵی وەستا؟!**
**کورم فووی ڕووس**
**فووی "ستالین" و "سەڵتەنە" و گۆڕینەوەی**
**خوێنی کوردستان بە نەوت و**
**مەزاتە مەزاتە گەورەکەی دنیا.**

***١٥٧ ـ{ لەگەڵ ئەوەشدا پێم خۆشە بەڕاشکاوی ئەوە بڵێم کە بەڵگەهێنانەوەم لە واقعی خەباتی کوردەوە هەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانمە چونکە ئەو واقیعە، خۆم تێیدا ژیاوم و لێی وورد بوومەتەوە و بۆ ئەوەم نییە لۆمەی سیاسەتمەدارانی سۆڤیەت بکەم جا لە سەردەمی ستالیندا بێ یا غەیری ئەو چونکە ئەوان وەکیلی کورد نەبوونە تا بە خیانەتی وەکیلایەتی تۆمەتباری بکەم. ئەگەر لە موعامەلەیەکی ناسەرکەوتووشدا کوردی فرۆشتبێ، فرسەتی داومەتێ بۆ دڵڕەقییەکی رقم لێی بێ نەک گلەیی لێ بکەم. خۆ ئەو مافەشی پێداوم منیش ئەو یا بەرژەوەندییەکانی ئەو لە دەرفەتدا بفرۆشم. گلەییکردن لەم حاڵەتەدا شانی ئەو کوردە دەگرێتەوە کە خۆی و گەلەکەی بیرچۆتەوە و ئەو کەسەی خۆش دەوێ کە خراپەی بەرانبەری کردووە.***

***بە زەرەری نازانم زانیاریت زیاد بکەم کە سیاسەتی سۆڤیەت بەرانبەر بەرژەوەندی گەلی کورد، لە سیاسەتەکانی تری تەماوی ترە بۆیە کورد ناڕازیە لە سیاسەتی سۆڤیەتی و هەر لەسەرەتای دەسەڵاتیەوە ئاگادار بووین کە شۆڕشی کوردی لە بیستەکاندا تۆمەتبار کرد گوایە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئیستیعماری ئەو سەردەمە دەکا و ویژدانیش لە شۆڕشگێڕانی ئۆکتۆبەری دەویست بەرچاویان فرەوان بێ تا مافی ئەوە بە گەلی کوردی لاوازی بەر هەڕەشەی زۆرداری دەوڵەتێکی بەهێز بدەن بەو چەکەی لەبەر دەستیدا هەبوو بەرگری لە خۆی بکا و ئەگەر وا رەێکەوت ئەو داواکارییە رەوایە لەگەڵ بەرژەوەندی ئیستیعمار یا شەیتان یا میکرۆبی نەخۆشیشدا یەکی گرتەوە، دەبوو بەرانبەر لایەنی بەهێز نارەزایی دەربڕێ کە وای لەو گەلە لاوازە کردووە بەرانبەری بوەستێتەوە}.ل ١٦ ـ ١٧***

مامۆستا مەسعوود، لێرەدا بە ڕاشکاوی هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێ و چ گلەییەکی لەسەرانی شورەوی و ئەو وڵاتانە نییە، کە دوای بەرژەوەندی خۆیان کەوتوون، بەئەندازەی ئەوەی دەیەوێ دیالۆگێکی بابەتی، لەگەڵ رۆڵەی نەتەوەکەی خۆیدا بکات، پێی بڵێ: براله تۆ دوای تراویلکە کەوتوویت و لە ئاکامدا هەر رەنج بێوەر دەبیت. چونکە لە هیچ کات و شوێنێدا بەرژەوەندی فرە رەهەندی شورەوی لەگەڵ قەبارەی بچووکی نەتەوەی بندەستی کورد دا هاوتا نایەتەوە. پارووی چەور، لە دۆلار و نەوت دایە، و ها لای داگیرکەرانە.

مەکیاڤیللی دەڵێ " لە نێوان دەوڵەتاندا یاسایەک نییە ئاشتی دابین بکات، بەڵکو بە بەردەوامی جەنگێکی ڕاگەیەندراو و نەگەیەندراو هەیە".

بۆ نموونە کەمالیزم لە تورکیادا، هەرگیز دۆست و نێزیک و هاو ستراتیژی لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا نەبووە، کەچی بەرژەوەندی ڕووسیا، وای لە لینین کرد بێتە هاوکار و هاوپەیمانی ئەتاتورک. حیزبی بەعس لە سوریا و عێراقدا، هەرگیز هاوئاقاری دروشمە بنەڕەتییەکانی پارتی کۆمەنیستی شورەوی نەدەهاتەوە و نایەتەوە، کەچی بەرژەوەندی بالای ئابووری و سەربازی، هەر دوولای هێنایە سەرخەتی ستراتیژێکی یەکگرتوو. دوای ڕووخانی شای ئێران بینیمان چۆن پارتی تودە، لەسەر داوای شورەوی بووە هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی. هاوکات، بە بەراورد بەو دیاردانە، دەوڵەتە دەستکردەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، بەردەوام لە ناکۆکی و شەڕ و ململانێی نفوزی ڕاگەیەندراو و نەگەیەندراودان، کەچی هەر هەموویان لەسەر دژایەتی نەتەوەی کورد، هاوباوەڕ و هاو ستراتیژ و هاوپەیمان و هاوهەڵوێست و هاوبەرەی ئاشکرا و پەنهانی یەکترن.

***١٥٨ . { من دەزانم شۆڕشەکانی کورد بە هۆی بارودۆخی نارەحەتی دەوروبەرییەوە بە خۆکوژی دەچوون بەڵام کە کورد سواری کەشتی مەرگ دەبێ نابێتە بیانوو بۆ ئەوەی دەستخۆشی لە بکوژەکەی بکرێ و پێموایە ئەوە بەڵگەنەویستە و دەمەتەقێ هەڵناگرێ}.ل ١٧ ـ ١٨***

با نموونەیەکی هەنووکەیی بهێنینەوە. لە شەڕی دووەمی کەنداوەوە، کوردی باشووری کوردستان، بەهۆی هەندێ بەرژەوەندی ناوچەیی و جیهانییەوە، هاوبەشی کاروبارەکانی لەتەک بەرەی ڕۆژئاوادا، بە سەرکردایەتی ئەمریکا یەکانگیر بۆتەوە. لەوەتەی ڕێکخراوی تیرۆریستی "دەوڵەتی ئیسلامی ـ داعش"یش سەری هەڵداوە، ئەم پێوەندییە پێی ناوەتە قۆناخێکی تر و لێک نزیکبوونەوە زیادی کردووە. ئەمە گوناهی کورد نییە ئەم سەنگەرەی هەڵبژاردووە، وەک کۆمەڵێ سەلەفی و چەپ و کۆمەنیست و شۆڤێنی میللەتانی سەردەست کوردی پێ تاوانبار دەکەن.

ئیرەیی بەم هەڵکەوتەی کورد و چوونە نێو هاوکێشە نێوچەیی و جیهانییەکانەوە. ئەم پێگە و دۆستایەتییەی کورد لەگەڵ ڕۆژاوادا، هەنگاوێک نییە بۆ دژایەتی رووسیا. بۆیە لەم هەلومەرجەدا رووسیا نابێ گلەیی لەو پەیوەندییەی کورد بکات و بە پێچەوانەوە بچێ دەستخۆشی لە دەسەڵاتدارانی بەخدا، مالکی و عەبادی بکات، دەرهەق بەو سیاسەتی کوشتن و سزادانی ئابووری گەمارۆدانەی دژ بە کوردستان ڕایانگەیاندووە. ئەوەی ئیمڕۆ ڕووسیا بۆ داکۆکی لە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد لە سوریادا دەیکات، هەر کاتێک بە هەمان ئامادەگی و هێزەوە هەمان شت بۆ کوردیش بکات، وا کورد هیواکانی خۆی لەسەر پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا زیاتر هەڵدەچنێ. بەڵام بەداخەوە تاقیکردنەوەکانی رابووردوو پێمان دەڵێن، شوورەوی دوێنێ دۆستی ئەتاتورک و قەوام سەڵتەنە و ح. ئەسەد و سەددام بوو. ئەمانەش بە ئاگر و ئاسن پەلاماری کوردیان دەدا، هەر بۆ داکۆکیکردن لەو دەوڵەتانەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی بۆیانی دروست کردبوو. ڕووسیای ئیمڕۆش دۆستی ئەنقەرە و بەغدا و تاران و دیمەشقە.

ڕەنگە کورد لە هەڵکەوتێکی نالەبار و گەمارۆدراودا، تووشی هەڵە و لادان بوو بێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە دەستخۆشی لە سەدام و ئەسەد و ئەتاتورک و خومەینی بکرێ بەرانبەر بەو سیاسەتی ئاگر و ئاسنەی لە کوردستاندا پێڕەویان دەکرد. ئاخر لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا نەبووە، جەللاد ڕێز لێ گیراوتر بێت لە قوربانی.

***١٥٩ ـ {کوردی نەتەوەیی، بۆ رەوایەتیدان بە تێکۆشانی نەتەوەیی خۆی، دەستەواژەی لە گوتەکانی مارکس و لینین و ستالین هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی کۆمۆنیستەکانی عێراقیش لە کارەکەی رازی بکا و دەتگووت کارێکی گوماناوی بەدەستەوەیە و پێویستی بە پاکانە هەیە}.ل ٨١***

هەژموون و زاڵبوونی بیری م.ل گەیشتبووە ئاستێک، پارتێکی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق، بەشی هەرە زۆری ئەوانی دیکەش لە پێڕەو و پرۆگرامی خۆیان ئاماژەیان بۆ ئەم ڕێباز و ئایدۆلۆژییە کردووە کوێرانە دوای کەوتوون. کە زۆربەیان تا ئێستاش شنەی شەماڵی پێڕۆشترۆیکا و گلاسنۆشیان هەست پێنەکردووە.

له کوردستاندا به دەگمەن نەبێ ـ پاسۆک بۆ نموونه ـ حیزبێک، پەی پێنابرێ له پێڕەو وپڕۆگرامەکەیدا، گەر بۆ خۆیی چێشتیش بێت، ئاماژەی به ئایدۆلۆژی و ڕێبازی م.ل و ماوسیتۆنگی نەدابێ. هەنووکەش گەلێ لەو حیزبانه و سەرکردەکانیان، هەر چاوەڕێن پارته کۆمەنیستەکان، ناسنامەی نیشتمانپەروەرییان بۆ مۆر بکات. گەر پارتییەک ستراتیزی تێکۆشان بێت، بۆ یەکێتی خاک و ڕاگرتنی دەوڵەتی تورکیا،ئێران،عێراق و سوریا بێت و باسی برایەتی داگیرکەر و داگیرکراو بکات،ئەمه و کوردایەتی و خەبات و شۆڕشگێڕی کوجا مەرحەبا.

## پەرەیسترۆیکای گورباشۆڤ

***١٦٠ ـ { هەر نەتەوەیەک زۆرینەی ئەو خەڵکەی که له پلەوپایەی بەرزدان دڵسۆز و خۆبەختکەر بن ئەوپەڕی تەندروست و سەلامەته}.ل ٨٢***

چاکترین دەسەڵات، له خەڵکی دڵسۆز و ئەکادیمی و تەکنۆکرات پێک دێت. تاکی دڵسۆز و خزمەتگوزار، بەردی بناخەی دەسەڵاتێکن، که هاووڵاتی لێیان ڕازی بێت. هەموو ئەو جۆره دەسەڵاتانه، به له بەرچاوگرتنی هەڵه و پەڵەی ڕۆژانەوه، شانسی ئەوەیان هەیه درێژخایەن و چەسپاو بن. کاتێ خەسڵەتی دڵسۆزی و ناگەندەڵ و خۆبەختکەر، له تاکێکی دەسەڵات بەدەستی ئەکادیمی، ڕۆشنبیریی و سیاسیدا بەرجەسته دەبێت و بەم پێوەره، کار بۆ جەماوەر و نیشتمانەکەی دەکات، ژینگەیەکی تەندروست و ئارام بۆ ژیان له نێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتداراندا دەخوڵقێنێ. هەربۆیەشه تا ئێستا وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، کەموزۆر لەم مەیدانەدا پێشەنگن و ڕۆژانه هەنگاو بەرەو پێشەوه دەنێن و بەردەوام درێژه به داهێنان و خزمەتەکانیان له بواری تەکنەلۆژیا و پیشەسازی و مەیدانەکانی دیکەی ژیاندا دەدەن.

***١٦١ ـ { به شێوەیەکی ڕوونتر بەدیهێنانی دەسەڵاتی کۆمۆنیزم لەناو میللەتێکدا دەبیەخشن که نه کیانی سەربەخۆی هەیه نه ئابوورییەکی به واتای سەردەم هەیه و له لایەکەوه له ناوخۆدا له دواکەوتوویی سێ هەزار ساڵ لەمەپێش دەژێ و له***

***لا یەکی ترەوە بارودۆخی نێودەوڵەتی ڕێی یاخیبوونی نادا جگە لەوەی زاڵبوون بەسەریدا مەحاڵە، بۆیە ئەنجامەکە دوانن:***

**** یەکەم : لاوان بە هۆی جیاوازی ئایدۆلۆژیاوە لەسەر ئەوەی خەباتی چینایەتی بکەن یا نەتەوایەتی، دەبنە چەندین بەشی دژ بە یەک.***

**** دووەم: ئەو ئامانجەی کە ڕێی تێدەچێ بەدەست بێ، دەبێ بە مەحاڵ چونکە هەوڵەکان بۆ ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان بە خەرج دەدرێن و ئیتر هەوڵەکان بە تەواوەتی لەدەست دەچن}.ل ٣٤٠ ـ ٣٤١***

گرتنەبەری ڕێباز و باوەڕی کۆمەنیزم و دەسەلاتی چینی پرۆلیتاریا بۆ نەتەوەیەکی بێ دەسەلات و بێ قەوارە ــ بەتایبەتی وەک کورد ــ هەڵە و سەرلێشێواوییە، چونکە ئەو تیۆرییە چ هەژمارێکی بۆ کورد نەکردووە. بە واتایەکی دیکە، دەرد و ئازاری جەستەی کورد بەو دەرمانە تیمار ناکرێ و ئامانجەکانی ئەم ڕێبازە، تەواو دوورە لە خواستی نەتەوایەتییەوە، هەروەک هەڵگرانی ئەم بیرە لە واقیعی حاڵی کورددا تەرجەمەیان کردووە. بۆ نموونە داکۆکی لە کرێکاری ولاتێکی دەستکرد و دەستنێژی ئیمپریالیزمی وەک عێراق. کرۆکی فەلسەفەکە کار لەسەر ئەوە دەکات میللەت دابڕ دابڕ بکات بۆ چینەکان و بەردەوامی بە شەڕی خوێناوی چینایەتی دەدات. ئەو برە خەڵکەش کە دەبنە هەڵگری ئەم ئایدۆلۆژیایە، خۆ دەکەنە نوێنەری دەستە و تاقمێ. کە هەڵگری هەمان ئایدۆلۆژیان، لەبەرئەوەی خۆیان بە نوێنەری تەواوی نەتەوە دانانێن.. کە دەڵێین کورد، مەبەستمان ناوهێنانی کورد نییە، بەڵکو تیۆرییەکە حاڵوباری کوردی تێدا نەخوێندراوەتەوە و وەلامی سادەترین پرسیارەکانی دۆزی کوردی تێدا نابینرێتەوە. ئاخر بۆ دەبێ کرێکاری کورد لەگەڵ کرێکاری سیبریادا یەکگرن و ستالین لە مۆسکۆ حاکمیان بێت!؟.

خەباتی نەتەوایەتی لە کورد حەرامکرێت و هەرچی پارتی کۆمەنیست و چەپی دنیا هەیە، تێبکۆشێ بۆ دامەرزاندنی دەوڵەتی فەلەستین!؟. رووس و ئۆکرانی و سەرب و بولگاری خاوەن دەوڵەت بن و کوردیش هەڕەشەی مەرگ لەسەر ژیانی بێت و بە ژێردەستی داگیرکەران بمێنێتەوە و بە درۆی برایەتی و دروشمی ئاڵووالا بخەپێندرێ.

## گەشتی ژیانم

***١٦٢ -{ کورد نابێ بە هەوای ناو نەزەرییان خۆ بکاتە مەسیحی سەدەی بیستەم و بیستویەکەم لە پێناو سەلامەتیی جیهانی بێپایان و سەروبن. خۆ ئەوەی راستی بێت من و غەیری من کە دێین لە خۆمانەوە دەبین بە وەکیلی میللەتی کورد بۆ قوربانی دان و سەر بە قورِی چ ئیمزایان لەو میللەتە وەرنەگرتووە تا فتوای بە پەتەوە بوونی دەرچوێنین. ئێمەی هەژاری کەساسی بێپەنا ئەگەر بتوانین بەرە شەرەی خۆمان لە ئاو دەربهێنین، کە پێشمان دەرنایەت، ئەوپەڕی ئامانجی مومکینمان جێبەجێ کردووە، کە پێشمان ناکرێت لەو سەردەمەدا پارتایەتی خۆی سیفەتی قانوونی نەبوو ئینجا وەرە بۆ سەربار تۆمەتی ئینترناشنالیزمیشی لێ بار بکا. من چیمە بەسەر بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازی کە لە دوو لاوە رێی منی بۆ نەدەرۆیشت، لایەکیان ئەوەیە ئەم بزووتنەوەیە لە نەزەر حکومەتدا بێقانوونی بوو چونکە سەر بە ڕارەوێکە رووی لە دەرەوەی عێراقە. من نەتوانم پارتایەتیی خۆم ئاشکرا بکەم لە ترسی گیران و ماڵوێرانی بۆچی وەها ئازابم لە ئاشتیخوازیدا بچمە چاوی حکومەتەوە بانگی بۆ رابهێڵم، عسعس مارابگیرا! کە تۆمەتی خۆڕاییم درایە پاڵ و هەڵوەستی قانوونیم بێهێز بوو لەبەر شتێکی نە کوردایەتیی تێدایە و نە کەسیشی پێ مەمنوون دەبێ لە کورد کام پەڵە دەغڵم درووەتەوە! کام دیوارم راست کردۆتەوە بۆ لێقەوماوێکی کورد! کام بنگەی مافی نەتەوایەتی وەیا چینایەتیی کوردم چەسپاندووە! لە زەرەری خۆم و کورد بەولاوە چ بەرهەمێکم پێشکەش بە کوردستان کردوە؟ لای دووەمی ئەوەیە کەوا بە رادەی پەرەستاندنی ئەو بزووتنەوەیە لە کوردەواریدا پارتایەتیی و بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئاست خاوەنانی ئاشت یخوازیدا بێهێز دەبوو}.ل ٢٩٦***

کێشەی بەردەوامی کورد ئەوەیە، خۆی کتومت بە دەقی تیۆریی نامۆ، بە بارودۆخی کوردستانەوە دەبەستێتەوە و هەوڵ دەدات وەک ئایین و ئیمان، ڕەفتاری پێدەکات. لەمەش وەک دەڵێن: "کوچک لە ئاگر گەرمترە"، پێڕەو دەکات و تا بێت زیاتر زێدەڕەوی دەکات و لای بێگانە، هەمیشە خۆی دەباتە پێشەوە و وەک سوورەی بەرلەشکر خۆی نمایشت دەکات. تا لە ئاکامدا، دەبێ بە قوربانییەکی خۆڕایی لە بیرچوو و باسنەکراوی بەرژەوەندی خەڵکانی دیکە.

**بڕووسکەیە**

**پەلە نییە**

**شیعریش نییە**

**بەناوی هەڵەبجە و پێنج هەزار (مانگ)ەوە**

**بەناوی مەولەوی و پێنج هەزار گوڵەوە**

**بەناوی گۆران و پێنج هەزار کۆترەوە**

**بۆ زانا بلیمەتەکانی وڵاتی پۆشکین، وڵاتی جاک لندن**

**وڵاتی بایرۆن ،وڵاتی ڤان کۆخ**

**وڵاتی...وڵاتی ...وڵاتی...**

**سوپاس بۆ ئەو دیارییەی کە بە کۆمەڵ سەرلەبەیانی**

**ڕۆژی ١٩٨٩/٣/١٦، لە ڕێگەی بەغداوە**

**بۆ گوڵ و کۆتر و و شیعری کوردستانتان نارد** (شێرکۆ بێکەس)

***١٦٣ {بەرژەوەندی قەومایەتی نوێژ و ڕۆژوو نییە بە هەویای پاداشی پاش مەرگ بێت، هەروەها چاویش نابڕێتە بەرەکەتی ئەو بەهەشتەی سەر دنیا کە لە ئاکامی سەرکەوتنی شۆڕشی پڕۆلیتاریای جیهانی دەڕازێتەوە. کە ئەو بەهەشتە مەوهوومە پەیدا بوو سەد جاران دیمانەی بەخێر بەڵام بە تەمای نیسکێ لە ئیمان نەگەڕێ... ئەوی دیکەیان بەرژەوەندی گوزەران و چارەسەکردنی گیروگرفتی کۆمەڵایەتییە. من باوەڕم بە فەلسەفەیەک نەهێنابوو کە بە تێک بەردانی خەڵق و نانەوەی ئاژاوەی ناوخۆیی، مامە کوردە دەگاتە خۆشی و ئازادی. کورد ئەگەر هەمووی برا بایە بایی هەڵگرتنی ئەرکی مێژووکردی لایەنی قەومایەتی و کۆمەڵایەتی هێزی پێوە نەبوو}.ل ٣٣٣***

**کەوتوومە ڕێگا لەگەڵ کاروانا**

**پاداشتم ناوێ لە تێکۆشانا**

**تا دڵ لێ بدا و خوێنم تیا مابێ**

**بۆ کورد ژیانم هەر ئەبێ وابێ** ( کامەران موکری)

کەسێک مرۆڤی لا مەبەست و پیرۆز بێت نایەت سەرەڕۆیی بە گیان و ژیانی خەڵکی دیکە بکات. تۆ ناکرێ هاوکاری کرێکار بکەیت بۆ کوشتن و خنکاندنی خاوەن سامانێک، هەر لەبەرئەوەی تیۆری م.ل وای داناوە. مەسعوود محەمەدیش لەو کەسانەیە لە بنەڕەتەوە باوەڕی بە زەبروزەنگ و کوشتن و بڕینی خەڵک نییە. چەندی پێکرا بێت، بە هزر و قەڵەم بۆ بەختەوەری مرۆڤ تێکۆشاوە. هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە، ئۆتۆماتیکی و ناچارانە سەنگەری بەرایی لە دژایەتی بیرۆکەی خەباتی چینایەتی گرتووە. هەوڵی پووچەڵکردنەوەی ڕەهەندەکانی ئەو ڕوانگەیەی داوە، کە لەپشت ئەم بیر و کارەوەن. داکۆکی لە بەرژەوەندی نەتەوە، بۆ هیچ مەبەست و ئامانجێکی کەسی و خۆیی نییە، بەڵکو ئەمە خەسڵەت و نیشانەیەکی بێنیازی و پاکێتییە.

دروشمی هەرە بەرز و دیاری فەرەنسا لەسەدەی ١٨ دا بریتی بوو لە "هاووڵاتی بۆ نیشتمانی فەرەنسا لەدایک دەبێ ودەژی و دەمرێ". فەرەنسای بەهێزی ئیمڕۆ، لەسەر زەمینە و واقیعی چەپکێ دروشمی لەم چەشنە دروست بووە.

***١٦٤ ـ { من کوردم بە کورد قبووڵە هەتا ڕۆخی خیانەت... دیسان قبووڵمە لە خیانەت بێتەوە دەرێ چونکە کورد وەک هەتیمی هەژارە لەوەدا نییە کولێرەی بێڕۆن بەلاوە بنێت}.ل ٤٣٥***

شەڕی یەکترکردن و پاڵنان بە لایەنێکەوە بکەوێتە سەنگەری دوژمنانەوە، زیانە لە کورد دەکەوێ. کورد پێویستی بە ووزە و توانا و بوونی هەر تاکێکە، بۆیە لەمەدا دەبێت هۆشیارانە مامەڵە بکات و دیاری خۆڕایی پێشکەش بە داگیرکەرانی نەکات. دیارە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین یاسای سزادان بۆ بکوژ و خراپەکار هەر بەرقەرار دەبێت. گەر تاکێکی کورد بچێتە خانەی دوژمنەوە، ژمارەیەکی کەم دەبێتەوە و زیانی پێدەگات و بازووی دوژمنەکەی بەهێزتر دەبێت. لەوانەیە ئاماژەیەک بە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی باشووری کوردستان و ڕۆڵی ئەو جاشانەی تا ئەو چرکەساتە لەپاڵ دوژمن دا بوون و دوایش شالاویان بردە سەر دامودەزگاکانی بەعس، باشترین نموونەی ئەم بۆچوونەی مامۆستا، بێت. کورد دەڵێ " کوتەک دەزانێ قۆناخ لە کوێیە". گەر کورد بێتە خاوەنی دەسەلات و دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێ، ئەم دیاردەیەش ئۆتۆماتیکی کەم دەبێتەوە تا بەسەردەچێ.

***١٦٥ـ { گەلێک جاران، بە تایبەتی کە (ابو جومرد) لە عەممان بوایە، دەچووینە نادی سەلاحەددین شەوێکیان ٦ـ٧ گەنجی کوردی ئوردونی منیان لە مەجلیسی کاملان دابڕی، هەر لە سەعات نۆوە هەتا یەکی پاش نیوەشەو لەگەڵیان دوام، کە بڵاوەشمان لێکرد بە ناچاری بوو، چونکە دوو کەس لەو کۆمەڵە دەبوو لە ١،٣٠ ، یەک ونیو بگەنە ئۆتۆمۆبیلێکی بەرەو شام دەڕۆیشت. پرسیارێکی زەقیان کرد گوتیان، چۆنت را لە گەنجی کوردە؟ گوتم هەتا سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو بەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کوردیدا نەسەپێنن هەمووتان چیلکەی ئاگرن، منیش کە دێم بێ پێچوپەنا بیروڕا دەرببڕم لەوەوەیە کەسەر بە هیچ لایەنێک نیم و بەرپرسی ناتەواوی وەیا نالەباری و ناقۆلایی و هیچ رووداو و کردارێک نیم بە خۆمدا بشکێنێتەوە لە رەخنەگرتن و نارەزایی}.ل ٤٨٢***

داواکردنی سەرکردە و سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی بەهێز، کە بڕیار و دەسەڵات بەدەست و هەڵگری گوتارێکی یەکگرتوو بێت، ئەو بنەما و دروشمانەن، کە کوردایەتی لە پێناویاندا تێدەکۆشێ. ئەو سیما ئەرێنییەی وا بەناوچەوانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردەوە، بریتییە لە پەرشوبڵاوی و یەک نەگرتوویی. لە پێش سەردەمی حەزرەتی خانییەوە هەتا ئەم چرکەساتە دەنگە نەتەوەییەکان، پڕ بە گەرووی ئاگرینییان داوای تەبایی و یەکێتی و یەکگرتن لە پێناوی ئامانجی ڕزگاریی و سەرکەوتندا دەکەن. مەگەر هێز لە یەک گرتندا نییە؟!.

***١٦٦ـ { دەمزانی چەپایەتی کورد شۆڕشەکە بەلای نیازی خۆیدا دەباتەوە و دەیکات بە تێبەستە و پاشکۆی ئینتەرناشینال و لە ئاکامدا هەر قوربانییەکی کورد بیدات و دابێتی دەبێتە رەنج بەخەساری و هیچی لێ شین نابێتەوە جگە لە شەڕی چینایەتی کە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە ماڵ کاولی کورد و ئیفلاسی هەوڵەکانی}.ل ٥٠٦***

لە کاتێکدا چ ڕەوا نییە لەبەرخاتری ئایدۆلۆژی هەر ئاواتێکی دیکەی پرس و ئامانجی نەتەوایەتی هیچ گەلێ بە کوردیشەوە، بکەینە قوربانی. ئەم بۆچوونەش لەخۆیدا هەڵگری ئەو مانایەیە، هەر خەبات و ئامانجێک، بۆ کورد نەبێ وەک میللەتێکی بندەستی نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراو، دەبێتە سپڵی لاورگ و چ

خزمەتێک بە نەتەوە و خاکی کوردان ناگەیەنێ. ئاکامی هەر بەلاڕێدا بردنێک و خۆگێلکردن و نکۆڵیکردنێی ئەم دروشم و ڕاستینە مێژووییە، هەر شکشتخواردن و سوڕانەوەی لە بازنەی دۆڕاندایە. ڕۆزڵفت دەڵێ: "ئەو کەسەی جیاوازی نێو نیشتمانی خۆی و نیشتمانی تر نەکات، وا ئەو تاکە، ئەندام و توخمێکی زیانبەخشە، وەک ئەو پیاوە وایە کە جیاوازی نێوان ژنی خۆی و ژنانی تر ناکات".

## کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی..؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ..؟

***١٦٧ - {چەند ساڵێکە دەڵێم ئەگەر بتوانم دەوڵەتێکی کوردی دا مەزرێنم تەندەرێکی بەڕێوەبردنی رادەگەیەنم تا یەکێ لە کۆمپانیاکانی سکەندەناڤیا بەڕێوەی ببا، چونکە ئەوان بە سێیەکی نرخیش بە باشترین شێوە حکوومەت بەڕێوە دەبەن.. لە رووی رازیبوونیشەوە بە واقیع، گووتوومە ئەگەر بتوانم حکوومەت دامەزرێنم لەسەر عەموود دایدەمەزرێنم تا لە گێرەشێوێنەکانی سەر زەوییەوە دوور بێ. خوا کار و مەبەستی بە خەڵکی خۆی هەیە} .ل ٣٠***

مامۆستا دەیتوانی بڵێ دەوڵەتێکی وەک بەریتانیا یان فەرەنسا، بەڵام بە هۆشیارییەکی بەرزەوە سوید و دانیمارک دەکاتە ئایدیای ئاوات و خەونەکانی. مۆدێلی دەوڵەتانی سکەندەناڤیا لە دنیای ئیمڕۆدا، نموونەی هەرە پێشکەوتووی جیهانن. ئەم دەوڵەتانە لە ڕێگەی سیستەمی دیموکراسی، زامنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری هاووڵاتیانی خۆی لەوپەڕی پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی و فێرکاریدا دەکات. دەرگای هەموو ئیمتیاز و بەختەوەرییەک لە بەردەم رووی تاکەکانیدا کراوەتەوە. ڕۆژهەڵات کە لەژێر باری قورسی دواکەوتوویدا ناڵەی لێ هەڵدەستێ، هێشتا گیانی تێکدان و ڕەفتاری دزێو و هەوڵی گێرەشێوێنی تێیدا بەرقەرارە. دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر عەموود، بیرۆکەیەکە پاراستنی دەستکەوتی دامەزراندنی دەوڵەت لەدەستی بەدکار و ئاژاوەگێڕان بەرهەمی هێناوە. ئەوانەی لەیەکەم پشێویدا، یاخود هەر بە میزاج، پەرلەمان و نەخۆشخانە و زانستگە و قوتابخانە و شوێنە گشتی و خزمەتگوزارییەکان دەکەنە ئامانجی تاڵانی و سووتاندن.

***١٦٨ - {پاراستنی کەلەپووری کۆنی کۆمەڵگە لە پەیوەندی نەتەوایەتی هەستی گشتی و قووڵکردنەوەی رەگی بوونی ماددی و مەعنەویماندا سوودی گەلێ زۆرە بەڵام ئەوە زەحمەتییەکی زۆری دەوێ چونکە دەبینی و هەست دەکەیت و دەزانی زۆربەی لەدەستچووەکانی نەریت لە نیشانە بەسوود و بەرزەکانە}.ل ٦٧***

کەلەپووری ئایین و ئاینزاکان لە کوردستاندا، فەرهەنگی مۆزیک و کاری دەسترەنگینی و پاشماوەی شوێنەواری کۆن و کەرەسە کۆنەکانی دیکەمان، چیرۆک و بەڵگەنامەکانی کوشتارەکانی داگیرکەران لە کوردستاندا، تابلۆی دوانزە سوارەی مەریوان و دەست کێشەکەی خانی لەپزێڕین و جلوبەرگەکەی مەستوورەخانم و خەنجەرەکەی شێخی نەمر و بارزانی نەمر، لە مۆزەخانەیەدا. شارێکی وەک بەرلین نێزک بە ١٦١ مۆزەخانەی جۆراوجۆری تێدایە. دەبا لەهەر شارێکی کوردستاندا دەیان مۆزەخانە هەبێت، ئاخر کەرەسە بەشی هەموویان هەیە. وڵاتێکی خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژی رووداو و بەسەرهات و لانک و مەڵبەندی گەلێ ئایین و ئاینزا.

***١٦٩ - { وەزارەتی بەرگری چەقۆیەکی نەبوو پیازی پێ پاک بکا لە کاتێکدا پێشمەرگەی دوو حیزبە رکەبەرەکە لە تەوقی سەرەوە تا بنی پێی چەکدار بوو و ئەو چەکەش ئەو سوودەی هەبوو ژمارەی کوژراو و بریندار وماڵوێرانان و تێکشکاندنی پەیوەندی خزمایەتی و لاوازبوونی زانست و کزبوونی ئینتمای نەتەوایەتی زیاد بکا و ئەو لایەنە ئەرێنیانە تێکبشکێنێ کە مرۆڤ لە کەمتیار و گورگ و زێبرا جیا دەکەنەوە}.ل ٧٥***

دەوڵەتی بیژۆکی عێراقی تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ش هەر لاواز بوو. لەمێژوویەکی کورتدا چەندین کودەتای تێدا رووی دا. هێزە ناوخۆییەکان دوور لەیەک دژایەتی توندی یەکتریان دەکرد. ناوەند بێدەسەڵات بوو، سوپا شپرزە و بێ دیسپلین و بێ چەکی کوشندە بوو. کورد دەیتوانی بە خەنجەر و بڕنەوەکەی لەو دەرفەتە سوود وەرگرێ. کاتی ڕکەبەری نێوان لایەنە ناکۆکەکان بە ئاکامێک دەگات بۆ ملشکاندنی یەکتر، بە بیانووی جۆراو جۆر پێش لەشکری داگیرکەر کەوتن بە سواری تانکی دوژمنەوە، یاخود بێ بنەما دەکەوتنە مفاوەزات و باسی مەترسی بۆ

سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی داگیرکەر دەکەن و هانا بۆ بەغدا دەبەن. شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

**ئەبینن!؟ وا دیسان رابووردوو**
**بە خۆی و گۆچانی تاریکیی دەستییەوە**
**دێتەوە ناومان و فوو ئەکا**
**لە چرای دوارکۆی رۆحمان و**
**سەعات هەتاوی دوارۆژمان ئەدزێ!**
**ئەبینن**
**بەغدا داوە، کەچی قاچم ئەچێ بۆ لای**
**بەغدا پەتی سێدارەیە، کەچی ملم ئەچێ بۆ لای**
**بەغدا پەرداخێ ژەهراوە و**
**کەچی دەستم وا خەریکە قووتی بدا**
**بەغدا تاتەشۆری گوڵ و هەقە و**
**کەچی منیش ئەیکەم بە ئاوێنە و بە ئینجانە.**

***١٧٠ -{ من کوردم بە کورد قەبووڵە تا رۆخی خیانەت.. ئەگەر بشچێتە ناو خیانەتکارییەوە و بەدڵێکی پاکەوە لێی بکشێتەوە، قەبووڵمە چونکە من خۆم بۆ ئەوە تەرخان ناکەم خائین پێشکەشی دوژمنی کورد بکەم چونکە بەوە، ئەوان ژمارەیەک زیاد دەکەن و منیش ئەگەر تۆبەی لێ قبووڵ نەکەم ژمارەیەک کەم دەکەم}.ل ٩١***

کورد هەر وەک کورد دەمێنێتەوە، بەتایبەت کاتێ بیر و هەڵوێستی تەندروستی بەرامبەر بە ئەرکە نیشتمانییەکان هەبێت. لەدەستدانی تاکێک بە قازانجی دوژمن، زیانە. ئەرکی بەرەی نیشتمانپەروەر گێڕانەوەی ئەو تاکانەیە کە خزاونەتە کەناری خراپەکاری. مەسعوود محەمەد بۆ خۆی یاساناس و پارێزەرێکی دیار و لێوەشاوەیە، دەزانێ خراپەکاری و خیانەت چ گوناهێکە و سزاکەی چەندە. بەڵام دیدی ئەو لێرەدا رەهەندێکی دیکەی هەیە و بۆ شەڕی داگیرکەران پێویستی بە توانای هەر تاکێک هەیە و گەرەکی نییە، بەخۆڕایی ژمارەیەک لە کورد بۆ داگیرکەرەکانی کەمکاتەوە.

***١٧١ ـ {شەڕی بەرگریکردن شەرەفێکی گەورەیە و ئەوەشی دەخەمە سەر کە وەرگرتنەوەی زەویی داگیرکراو شەرەفێکی گەورەترە}.ل ١٢١***

داکۆکی لە خۆکردن بە پێی یاسای زەوی و ئاسمانیش، مافێکی رەوایە. شەڕ لە ڕەهەندی خەباتی ڕزگاریی سەربەخۆیی نیشمانی داگیرکراودا رەوایە رەهەندی گەورەتری پیرۆزتر. لەم خوێندنەوەیەدا ئیستێک لەسەر بەهای گەورە و مانای پیرۆز "خەباتی سەربەخۆیی" بۆ نەتەوەو وڵاتی داگیرکراوی کوردان دەکەین.

***١٧٢ ـ { وای لەو دەستخەڕۆیی و بەدبەختییە! هیچ قسە و ئامانجێکی چەپی توندرەوی کورد لە چلەکانەوە نەهاتۆتە دی ئەوە نەبێ،کە لە نامیلکە بەدناوەکەیاندا هاتبوو و خۆی بەوەوە هەڵکێشابوو کە کورد نەتەوە نییە!! نازانم بۆچی پەرەیان بەو بابەتە نەدا تا ئەوەی بە عارەب بڵێن: ئێوە ئوممە نین چونکە دابڕاون و لە زیاتر لە بیست دەوڵەتدا دەژین و خاکتان یەک پارچە نییە و خۆتان کۆیلەکراون و تورکیش نەختێ لەو نەخۆشییەی بەرکەوتووە چونکە لە یەک دەوڵەتی تورکی زیاتر هەیە و دوو ـ سێ نیشتمان زیاتریان هەیە و فارسیش درێژەیان لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیاندا هەیە کە دەوڵەتیان نییە... بلوجیش لە راستیدا وەک جمکی کورد بەڵام کۆمۆنیستی کورد زامداری نەکردوون...}.ل ١٧١***

مامۆستا مەسعوود، وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە پێیان وایە، کوردستان پارچەپارچەیە و ئیدی هیچ پارچەیەکی بنەما و خەسڵەتی نەتەوەبوونی تێدا نییە. بۆیە کورد نەتەوە نییە. نووسەر، دێت و نموونە لەسەر کەرت کەرتبوونی عارەب لە زیاتر لە ٢٠ دەوڵەتدا و ترک و فارسیش لە چەندانی دیکەدا دێنێتەوە. ئەی بۆ چەپی عارەب بۆ نموونە نەیووت فەلەستین نەتەوەنین و مافی دامەزراندنی دەوڵەتیان نییە. خۆ ئەوانیش بەشێکن لە بیست بەش. کەچی بە پێچەوانەوە هەم خۆیان هەم داوایان لە دنیای چەپ و ڕاست دەکرد، خەباتیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین تەرخان بکەن. پرسی فەلەستین، پرسی سەرەکی و ستراتیژی باڵای چەپ و ڕاستی عارەب و کۆمەنیستەکانی ناوچەکە بوو. کۆمەنیست و چەپ و راستڕەو و مەزهەبی و لیبەراڵ و دیموکرات و موسڵمانی فەلەستینی و عارەب و ناوچەکە و جیهان تێدەکۆشان و پشتیوانیان لە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین و لەناوبردنی جولەکە دەکردەوە و دەکەنەوە. ئەم مافە بەوان ڕەوا بینراوە و بۆ کورد ئاوەژوو کراوەتەوە.

١٧٣ -{ ئەوە و زۆر شتی تر هەمەچەشنەی بواری رۆشنبیری و زمانی و(چی) یی هەستیاری دەستکرد و نادەستکرد زەق دەکەنەوە (واتە لە منداڵدانی نەفامی) لێرە و لەوێ کەوتوونەتەوە و هەمووشمان دەزانین بوونمان لە مەترسیدایە.. دووبەش لە پێنج بەشی رووبەری کوردستان لە دانیشتوانی کورد چۆڵ کراوە و ئەوی تریش بەرێوەیە. زۆر جوانە دانیشتوانی شارێک یا ناوچەیەک هەوڵ بدەن بارودۆخیان باشتر بکەن و هونەر و رۆشنبیری و بیناسازی تا ئەوپەڕی ببوژێننەوە، بەڵام لەسەر حیساب و لە رووی حەسوودی کەسانی ترەوە نەبێ کە مافی پێشخستنی بوارەکانیان هەیە. هەموومان دەزانین هەموو کوردستانی گەورە، نەک هەر عەبابەیلێ و سەنگەسەر، بەدەست چ دواکەوتوویییەکەوە دەناڵێنێ. ئەو نموونانە لەوەدا خزمەتی رۆشنبیری کورد دەکەن کە چاو و دەماغی بەرەو واقعی کورد بکاتەوە کە هەمووی کارەسات و کەمایەتی و کڵۆڵییە: فەرەنسا و بەریتانیا جادەیەک بە بن تەنگەی دۆڤەردا بە یەکیانەوە دەبەستێ کەچی وەزیرێکی کورد بە بیانووی نەوتی کەرکووکەوە، فێڵ لە کۆیە دەکا تا بە رانیە نەبەسرێتەوە. ئەو قەومە چەند کڵۆڵە وەزیرەکەی خیانەت لە ئەمانەت دەکا و فێڵ و پێچوپەنا دەدۆزێتەوە!! نازانم بۆچی هەیبە سوڵتانی لەسەر نییە و زێی بچووکی پێدا نارِوا و مەترسییەکەی زیاترە. نە مەترسی لە ئارادایە و نە هیچ، بەڵام نەفسی فەرمانرەوا و ویژدانی وێران و لەعنەتی رێ بۆ گوناهە گەورەکان خۆش دەکەن.ئەوە دەڵێم و سلێمانی بە دڵی کوردستان و دەماری هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و قوربانیدان دەزانم و منیش وەک شێخ رەزای تاڵەبانی دەڵێم:

**مەربووتە حەیاتم بە سلێمانی و خاکی**

خۆشم دەوێ و بە لامەوە پیرۆزە و شانازی پێوە دەکەم، لە پێناوی خۆی و کوردستاندا بە گشتی و لەبەر ئەوەشی شانازیم بە سەروەرییەکانی و پیرۆزییەکانی و پاشاکانی بابانی و مەولانا خالیدی و کاکەحمەدی شێخ، بە خوێنمدا دێ و دەچێ و شانازی بە بەرەڵاکانی کۆڵانیشیەوە دەکەم کە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و فشەیان بە دنیا دێ. بەبێ سلێمانی،کوردستان لەسەر یەک لاق دەشەلێ و کوردستان بە یەک چاو دەروانێ و کوردستان بە کەللەسەرێکی نیوەبەتاڵ تێدەفکرێ}.ل ١٨٨ - ١٨٩

نووسـەر دژ بە بڕوبیانووی ئەوەی باس دەکرێ لە ئاوەدان کردنەوەی شـار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە نووسیویەتی و باس لە خراپە و گەندەڵی وەزیرەکان دەکـات. دیـارە بە گیـان و هەسـتێکی گەورەی و بەرزی دژ بە نـاوچەگەریتییەوە، تەماشاکەن، وەک کۆییەک، چ هەستێک بۆ یەکێ لەشارەکانی کوردستان دەردەبڕێ و لە پشت مانای ئەم چەند دێڕ زەلاڵەوە، نووسەر کامە تیشکی زێڕین دەخاتە سەر پێگە و بایەخ و هەڵکەوتی شارێکی نازدار و هەڵکەوتووی کوردستان و ڕۆڵی لە مێژوو و بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕۆشنبیریی کوردستاندا. شاری سلێمانی بەو ڕۆڵ و مێژووەی لە مەیدانە جیاجیاکانی کوردەواریدا تۆماری کردووە، بۆتە جێی هیوای سـەرجەم کوردسـتانی گەورە. هاوکـات سـلێمانی بۆ خـۆی لانکی سـەدان شـاعیر و نووسەر و تێکۆشەری کوردایەتی کەسایەتی هەڵکەوتووە، هەربۆیە لە دڵی هەموو کوردسـتاندا دەژی و بـۆتە سیمبۆلێک بە دەیـان پارچە شـیعر و مۆسـیقا و تـابلۆی هـونەری پێشـکەش کـراوە. سـۆز و گەرمەشـینی دوو چـامەکەی نـالی و سـالم لەم تەوەرەدا، شـاکارێکن، بـۆ هەتاهەتـا سـلێمانی بە زینـدوو نەمـری دەهێڵـنەوە. دەیـان شـاعیری وەک شـێخ ڕەزا و پیرەمێـرد و زێـوەر و گـۆران و شـێرکۆ بـێکەس، شاکاریان پێشکەش بەم شارە کردووە.

**بە گەنجی قاروونی نادەم خاشاکی کوچە و کۆڵانی**
**بەبێ تۆ ناژیم، شارەکەم سلێمانی** (سمایل خورماڵی)

## ژیان و جیهانبینی

### ***١٧٤ - {کوردایەتی بەدیلێکی بەشەرەفە بۆ هەرچی کوردی بەشەرەفە}.ل٢٥***

کـوردایەتی ،وەک بیـر و ڕێبازێـک، چـوار کـوچکەی ئـازادیی و یەکسـانی و سەربەخۆیی و دیموکراسی، کردۆتە بنەمای خۆی و لەسەر ئەم زەمینە شین بووە. کوردایەتی بیر و هەستێکی ڕەسەنی هەڵقوڵاوی نێو ناخی ژان و ئازارەکانی کورد و بیر و ڕێبازێکە، ڕەنگ پێ دەرەوەی بەرژەوەندییە بالاکانێتی. مەسعوود محەمەد بە شێوەیەکی گردەبڕ، شارێی خەبات و تێکۆشان بۆ کورد پێناسە و دیاری دەکات.

***١٧٥ ـ{ بەڵێ من لە گۆشەی حەقیقەتی رووتەوە گووتوومە هەتا گەلێک کیانی سیاسی) واتە: حکوومەت)ی نەبێ جارێ لە پزدانی مێژوودایە و نەبۆتە منداڵی تازەزاو، بەڵام ئەم راستییە مافی وەدەستهێنانی یەکیەتیی مەفتەن و نەتەوەی رەش ناکاتەوە وەک کە منداڵی ناوپزدانی دایکیش مافە سەلمێندراوەکانی رەش نابنەوە، کەسیش نازانێ ئەو منداڵە مردەزاد دەبێ یا بە زیندوویی!!}.ل ٣٠***

کەواتە تا کورد نەبێتە خاوەنی دەوڵەت وا هێشتا قۆناخی کامڵبوونی پرۆسەکەی تەواو نەکردووە. بەستنەوەی چارەنووسی کورد بە چەمکی دەوڵەتەوە، لە رێگای ئەم دەق و بۆچوونەوە، رایەڵەیەکە دەمانخاتەوە نێو کایەی گرنگی و هەستیاری و پێویستی هەبوونی دەوڵەت .

تیۆدۆر شیدەر[1] **<u>دەڵێ</u>**: "دەوڵەت بەدیاردەیەکی مێژوویی لە قەڵەم دەدات". لە ڕوانگەی هێگلیشەوە: "دەوڵەت قەوارەیەکی رۆحی گوزارشتە لە بیری جیهانی، بۆیە هەیبەتی خودایی هەیە".(١٥،ل ٣٤).

***١٧٦ ـ { پێناسەی هەموو میللەتێک دەبێ وەک هی دراوسێکەی و هی هەرە دووریش بێت، راستییەکەی ئەگەر مەیلی تەڕدەماغی فەلسەفی نەبێ ئەم مەسەلەیە هی دەمەتەقە نییە، رۆژێکیش دێت مرۆڤ شەرم دایدەگرێت بەدیهییەی وەها ئاشکرا و روون بکوتێتەوە. چی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، نەتەوەی ژێردەست خەریکی خۆڕزگارکردن بێت بە شێوەیەکی عاقڵانە، دوور لە عاتیفە و دوور لە دەمارکشتی و بە تەبایی و رەبایی هەموو لایەک و بێ شەڕی چینایەتی و دینایەتی و ئەو جۆرە حیسابەی بێوەخت ناجۆر: کورد وەکوو سپایەکە لە خەندەقی جەنگ کردن لەگەڵ دوژمندا، دوژمنەکەشی دەیان جار لە خۆی بەهێزتر و فرەنفووسترە و کەرەستەی شەڕ و تفاقی دەمی بێ شەڕیی جارەها لە هی کورد تێروپڕترە، شەرعییەتی نێودەوڵەتان و یاسای نەتەوە یەکگرتووەکانیشی پاڵپشتە، چەندێکی کوردەواری بە تێکڕایی لە رێی:***

***١ ـ یەکێتی هەوڵ***

***٢ ـ شارەزایی بەرژەوەند***

---

(1)Theodor Schider

***٣ ـ رەفتاری لایەق بە مرۆڤی سەردەم بخەبتێت شتێکی کردووە ئەگەر نەیکات دەبێتە حەیاچوون، بۆ خۆشت لێتەوە دیارە دنیای کوردەواری لە چ بارودۆخێکدایە. بەداخەوە لە مانای دیمۆکراسی و ئازادیی کۆشەش، جارێ هەر ئازادیی لەت لەت بوون و براکوژی پلان و پرۆژەی خەباتگێڕانە. دەردی دواکەوتوویی ٢٥٠٠ ساڵ وەک شێرپەنجە لەو خۆبەختکەرانە بە دەر دەداتەوە}.ل ٣٤ ـ ٣٥***

دیاریکردنی ئەرکی نەتەوەیی میللەتی بندەست و دەست نیشانکردنی شێوازی خەبات و دروشمەکانی لە مەیدانی چارەنووسدا، هاوکات وەبیر هەموو لایەک دێنێتەوە، کورد کێیە و لە کوێدایە و بەرانبەرەکانی کامانەن؟. ئا لەم ڕوانگەیەوە پێویستە چی بکات و چۆن بیر و کرداری بنەخشێنین. بەڵگەنەویستە هەر لادانێک لە ڕاستە شەقامی خەباتی کوردایەتی و نواندنی کەمتەرخەمی لە ئاستیدا، بە گوناهـ و ماڵوێرانی گەورە دادەنێ. کەواتە هەموو هەنگاوەکانی کورد وەک نەتەوەیەکی مافخوراو، پێویستە پێرفێکت و دوور لە خەوش و هەڵە بێت، ئەودەم، ڕەوانی مامۆستا مەسعوود و هەموو گیان بەختکردووان و دڵسۆزانی تری ڕێی سەرفرازی نیشتمان، ئاسوودە دەبێت. ئەمەش نە خەونە و نە خەیاڵ.

***١٧٧ ـ {کورد ئێستاکە لە بارێکدایە، ئەگەر هۆشی بە بەرژەوەند و فەرمانی ژیان و مێژوو بشکێت، دەبێ ئامانجی هەرە هەرە سەرەکی و بنەکی و ناوەندەکی و ڕاستەکی و چەپەکی و ژێرەکیی بەردەوام بوون... نەبڕاوە.. لە خۆڕایی نەسووتان و نەڕمان.. قرتێ نەکەوتن بێ. جارێ چ دەسەڵاتێکی چەسپاوی سەلمێنراوی (نە کەرەستەدار نە بێ کەرەستەی) نییە دەمەتەقە لەسەر هەڵسەنگاندن و کێشانە و پێوانەی چاکتربوونی ڕێی شەمەندەفەر یان ئۆتۆمبیل هەڵستێنێ.. نیسبەتی باج لەسەر داهات سەدی پێنج بێت یان سەدی پەنجا.. تەمەنی حەقی شووکردنی کچ ١٥ ساڵ بێ یان ١٥٠ ساڵ... خانووبەرە لە دەنهۆم تێنەپەڕێ یان لە دەو نیو... شاقەڵی عەبا بگاتە سەر پشتی پێ یان گۆزنگی پێ، وەک ئاوی دەستنوێژ.. لە کونەلووتی چەپەوە یان ڕاستەوە، ڕۆژانی دووشەمۆ هەناسە هەڵمژێ.. هەڵبەت دەزانم و باشتر لە خەڵقیش دەزانم لە سێبەری ئەو وەزعەدا کە کورد تێیدا قەتیس ماوە، هەر هەڵێکی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی گشتی وەیا بەرژەوەندی ڕەوای تاک بێت، هەڵکەوت، دەبێ پتر لە تاکی میللەتێکی هەڕەشە لێ***

***نەکراو چڕنووکی لێ گیر بکات. هەر فێڵ و فەرەجێکی بە کاری بهێنێ دژ بەو قانوونانەی پەکی مافەکانی دەیەخەن، هەمووی شەرەف و کەرامەتی لێ دەپژێت.. ئەگەر بتوانێ بە بەرتیل یان بە فێڵی ساحیرانە لە جیاتی قوربانییەکی بێگوناحی کورد جەللادەکەی هەڵواسێت، بایی هەزار و یەک حەج خێری دەگاتێ..} ل ٣٥ ـ ٣٦***

وەک ڕاستییەکی بەڵگەنەویست و درەوشاوە، لەم کورتە تێکستەدا هاتووە، پێویستە نەتەوەی بندەست و هەڕەشەلێکراو، هەموو لێهاتوویی و حیکمەت و تاکتیک و ستراتیژی بخاتە کار، لە پێناوی خۆپارێزیی و دووربوون لە فەوتان و لەناوچوون، چونکە دوژمنەکانی بەهێز و دڕندن و خۆیشی تەنیا باڵە. لەم سەرەڕێیەشدا، کورد پەنا بۆ هەر میتۆد و بیرکردنەوەیەک بەرێ، بە ئامانجی داکۆکی لە خۆ و خۆش گوزەران کردنی ژیانی، ڕەوایە.

***١٧٨ ـ{ کورد لە بارێکدایە ئەگەر لە تەشبیهدا نموونەیەکی مەیلەو خۆشکەلانەی بۆ بهێنینەوە، وەک کاروانێکە رێگر دەستی بەسەردا گرتبێت: بۆ دەربازبوون هەرچی بیلێ و بیکا لە چاک و بەد و ڕەوا و ناڕەوا نەک هەر دروستە بەڵکوو واجیبە و نەکردنی دەبێتە ڕووڕەشی}.ل ٣٦***

چارەنووسی هەموو کورد،وەک یەکە، چونکە وەک نەتەوە داگیر و دابەشکراوە و وەک کورد دەکوژرێ و لەناو دەبرێ. ئەمەش ئەرکێکی برندەی بەسەردا دەسەپێنێ، بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزی سەربەخۆیی پەنا بۆ هەر جۆرە شێوە و شێوازێکی خەبات بەرێ بۆ خۆ رزگارکردن لەو واقیعە ناسروشتی و تاڵەی بەسەردا سەپاوە، لەم بارەی کورد دا، بردنەوەی شەڕ یان دۆڕاندنی لەگەڵ داگیرکەراندا، بەش و چارەنووسی هەموو کورد نەخش دەکات، نەک تاک و بەرە و لایەنێک. هەربۆیەکا بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئەم چارەنووس و قەدەرە، پێویستە یەکڕیز و یەک بەرنامە بێت .

***١٧٩ ـ{ ئەگەر مرۆڤایەتی ڕاست کات و ستەمدیدە بلاوێنێتەوە، کورد لە ریزی هەرە بەرایی میللەتە ژێر چەپەڵۆکەکاندا دێت...}.ل ٣٦***

مرۆڤـایەتی گەر ڕاسـتییەکیش بێـت، وا بە درێژایـی تەمەنـی خـۆی، هەڵوێسـتی بەرانبەر کورد پاسیڤ و نەرێنی بووە. منیش هـاوڕای مامۆسـتام کێشـەیەکی هەق و ڕەوای وەک دۆزی کورد، دەبوو بەرەی بانگاشـەکەری مرۆڤایەتی، بەوپەڕی ڕێز و سـتایش و پیـرۆزییەوە، پەرۆشـخۆری ژیـان و چارەنووسـی گەورەتـرین نەتەوەی بێدەوڵەت بگرنە ئەستۆ. وەک دەزانین هێشتاش کوشتن و بڕین و نەمان هەڕەشە لە ژیان و بوونی دەکات.

بێشـکچی دەڵـێ: " کوردەکـان لە هـیچ شـوێنێک وەک کـورد سـەیر نـاکرێن".. لە شـوێنێکی دیـکەدا دەڵـێ: "ئەمەریکـا لە توانایـدا نەبـوو گـازی کیمیـاوی لە ڤێتنـام بەکاربهێنێ، شـورەویش بەهەمـان شـێوە لە ئەفغانسـتان و ئیسـرائیلیش لە فەلەسـتین نەیانتوانی ئەو کارە بکەن"(١٢،ل ٣٥).

هەڵەبـجە، شـارێکی قوربـانی دەسـتی بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـاوییە لە لایەن داگیرکەری عێراقییەوە. بەرانبەر بەم تاوانە شـورەوی بەنـاو قەڵای پشـتیوانی گەلان، نقەی لێوە نەهـات و ئەو کـۆمەڵە و ڕێکخـراو و قوتـابییە کوردانەی لەو وڵاتە بـوون پرۆتسـتۆی ئەو کـارە بەربەریـیەی سـەدام و بەعسـییان دەکـرد، قەدەخەکـران و زۆریشیان لە شورەوی دەرپەڕێندران.

ئـاخر مۆسـکۆ پەیمـانی سـتراتیژی لەگەڵ ڕژێـمەکەی بەعسـی عێراقـی هەبـوو. تـاریق عەزیز دوای کۆتاییهاتنی شـەڕی یەکەمـی کەنداو، سـاڵی ١٩٨٩لە پـاریس، بە بەرچـاوی ئامـادەبووانی کـۆنگرەی قەدەغەکردنـی بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـاوی، هـاواری کرد: ئێمە چەکی وامـان هەیە دوژمنەکانمـان ـ مەبەسـت ئێـران بوو، کە لە ڕاستیشدا کوردیشـی دەگرتەوە ـ وەک مـار و مێروو دەسـووتێنین و لەنـاو دەبەیـن. کەچـی نە ئەمریکـاو هاوپەیمانەکـانی و نە نەتەوە یەکگرتووەکـان، هەڵوێسـتێکیان وەرنەگـرت. جیهـانی ئیسـلامی و هەمـوو ڕێکخراوەکـانی بەنـاوی ئیسـلام و خـواوە حیزبایەتی و کـار دەکەن، هەم چاوی خۆیـان نوقانـد و هەمیش دەمیـان داخسـت. لە زۆر باریشدا، دەستخۆشی و پشتیوانیان بۆ سەدام نیشان دا. ڕەنگە شـایانی ئامـاژە پێـدان بێـت، کەوا تەنیـا چەن وڵاتێکـی کەم مەحکـومی ئەو کارەیـان کـرد لەنێویانـدا دەوڵەتی ئیسرائیل.

مامۆستا شێرکۆ بێکەس لە قەسیدە شیعری "ژەهر" دەڵێ:

**ئەم زەمینە باڵۆنێکە لای دێوە سیحربازەکان**
**ئەم دێوانە گیرفانیان قیبلەنمایە قیبلەنما ئەگەڕێن و وەرئەچەرخێن**
**لەهەرکوێ بن روو ئەکەنە قیبلەی خۆیان روو ئەکەنە**
**بانق و بازاڕ چاو ئەبڕنە چاوی زێڕو دەست ئەکەنە ملی دینار.**
**قیبلەنما رووی لە کوێ بێ، داد لەوێیە ماف لەوێیە. چارەنووسی عەرد و ئاسمان هەر لەوێیە!**
**با ئەو دادە لەسەر کورسی ئێسکی مێژووم دانیشتبێ.**
**با ئەو مافە بەرمی خۆی کەللەسەرمی هەڵگرتبێ.**
**با ئەو بانقە سەرچاوەکەی خوێنی من بێ.**
**ئەو بازاڕە چاوی من و پەنجەی من و هەناسەمی تیا بفرۆشرێ.**
**ئەو مەزاتەیش شاخ و بەهار و باران و هەتاومی تیا مەزات کرێ!.**

***١٨٠ -{ مرۆڤی نەتەوەیی دەبێ وەکوو ئەو مرۆڤە وشیار و دادپەرست و دوورخوێن و ووردبین و زانستی بێت کە هۆزی جودایە لە هۆزی نەتەوەیی دەنا بەکەڵکی کارەکەی خۆی نایەت و شارستانەتی سەردەمیش دەیتفێنێتەوە}.ل٣٩***

وەک بیریارێک بە هۆشیارییەکی بەرزەوە و زۆر هەستیارانە چوارچێوەی گشتی خەبات بە چەند خەسڵەت و ئاکارێکەوە، بۆ کەسی نەتەوەیی دەکێشێ. هاوکات ئەو مەترسییانە دەخاتە بەرچاو، گەر بێت و کەسی نەتەوەیی بەئاگا و دیقەتەوە پێڕەوی لێ نەکات. دوورییەکانی ئەم پێناسەیەی مەسعوود محەمەد لەڕاستیدا بەم چەند ووشەیە کۆتایی نایەت، بەڵام دڵنیام لەوەی پەیامەکە بە ڕوونی گەیشتووەتە خوێنەر.

***١٨١ -{ بەلای باوەڕی منەوە بایی ئەوەی کە (گەل) بەرینترە لە چین و کورد هەژارترە لە گەلێکی دیکە، دەبێ نەتەوەویستی کورد ژیرتر و هێمنتر و دوورەندێشتر و دەستپارێزتر و بەرژەوەندبینتر بێت، لە برا کۆمیونیستێکی کە سەرکەوتنی کرێکاری جابولقا و جەزیرەی واقلواق بە میراتی خۆی دەزانێت. واقیعییەت وەها داوا دەکات لە مرۆڤی نەتەوەیی لە هەڵوەستی سافیلکە و عاتیفی و خۆشباوەڕی خۆگیری بکات و هەرگیز برا مێرخاسەکانی دەمی لێقەوماویی گەلێکی تر بە وەکیلی خۆی دانەنێ لە بڕیاردان و بەرنامە دانان}.ل ٣٩***

ئەو ئەرک و پێناسانەی مامۆستا دیاری کردوون، بۆ کەسێکی نەتەوەیی، مانای هەڵگری دەلالەتی تاکێکی سوودبەخش بۆ مرۆڤی کورد دەست نیشان دەکات. تاکێکی چەکدار و پۆشتە و پەرداخ بە واقیعبینی و باوەڕ بە خۆبوون. کاتێ لەم گۆشەنیگایەوە تەماشای بابەتە دەکەین، ئەوسا تێدەگەین، ئەرک و بەرپرسیارێتی کەسی نەتەوەیی هێجگار گەورە و گران و هەستیارە.. هەر بۆیەشە هەموو کەسێ ناتوانێ بێتە ڕیزی کاروانی ئەم ڕێبازەوە.

***١٨٢ ـ { ئەگەر لە تواندا بێت، هەتا تاکی کورد لەو مەیدانانەی پێشکەوتن تێیاندا مایەی شانازی بێت بەرەو پێش بچێت و ناوی تێدا دەربکات، بە سوود و سەرمایەیەکی گەورەی کورد دەژمێردرێت.. لە نێوان بێگانانداو بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژاوادا، دەبێ کورد شەرەفی کوردایەتی بپارێزێ بە رەفتاری پاک و بە کردەوەی چاک: کە نەکرێ لە مەیدانی بەزاندنی دوژمنی پاتەوپات سواری رەخشی رۆستەم بین و شمشێری زولفەقار هەڵکێشین، خۆ دەشێ وەکو مرۆی بەڕێز هەنگاو هەڵێنین. کە ئەمەمان لە خۆمان بەزیاد گرت، بیری نەتەوەیەتیمان لێ دەبێتە فشەفشی قۆڕە دەماخی و لووتبەرزی، تا رادەیەکیش،مفتەخۆریی بێشەرمانە}.ل ٣٩ ـ ٤٠***

سەرەتا دەروازەی دڵ و دەروون و بیر و هزری مامۆستامان بەروودا دەکرێتەوە، چەند خۆشحاڵە بەسەرکەوتنی تاکەکانی نەتەوەکەی، جا لە هەر بوار و مەیدانێکدا بێت. هەوڵی خۆ دروستکردن و خۆپێگەیاندن لە ڕێگای فێربوون و زانستەوە، لەهەر شوێنێکی دنیادا بێت و بە تایبەت لە نێو بێگانانداو دەبێت نوێنەر و سەفیرێکی ڕووگەش و جوامێری پرسی نەتەوەکەی بێت ئیدی مەرج نییە هەر کەسێ بانگاشەی خزمەت و کوردایەتی کرد، چەکدار و پێشمەرگە بێت. ئەوەی لێرەدا مەبەست و گرنگە. ئەوتاکە، هەتا بتوانێ لە هەر بوارێکدا بۆی لوا جێ پەنجەی نەخش بکات و ڕەفتار و گوفتاری خۆشەویستانە و مرۆڤ دۆستانە و شارستانێتی بێت.

***١٨٢ ـ { کوردایەتیش تێکۆشانی ژیرانە و دڵسۆزانە و زانستکارانەیە بۆ گەیشتنی کورد بە مافە رەواکانی خۆی لە ئازادی و سەربەخۆیی و کامەرانییەکی لە ئیمکاندا***

***بێت: هەڵبەتە "سەربەخۆیی" کە قەڵغانی سەلامەتی و بەزاندنی خەتەری تەفروتونابوونە، بەر لە هەموو مەبەستێکەوە دێت، دواتر حیسابی کەرامەتی تاک و دادی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆ... دێت. کە ئەمانەش دەبێ لە سەرەتای خەباتەوە بەشێکی فەلسەفەی تێکۆشان بن، نەک دواتر کە حاکمی کورد بوو بە جەللاد (وەک لە هەموو میللەتێکی تازە رزگاربووی دواکەوتوو رابەرەکەی بە عادەت دەبێتەوە میری سەربڕی خۆماڵی) سەرلەنوێ خەڵقەکە گۆڕەوشار بدرێتەوە بۆ ئازادبوونێکی تازەزاو}.ل ٤١ ـ ٤٢***

پێناسەیەکی ڕۆشنبیرانەی هزرڤانانەی کوردایەتی کە داوای خەباتێکی ژیرانە ناوەڕۆک دڵسۆزانە و بە ئەقڵ زانستکارانە بۆ مافەکانی کورد دەکات. مافی ئازادی و سەربەخۆیی. ئەمەش قۆناخە زێڕینەکەی (سەربەخۆیی) کە زامنترین فاکتی خۆپارێزی و گوزەران کردن و بەختەوەریی ژیانە. ئەم دروشم و شۆڕشگێریەش وەک ئامانجی سەرەکی دەبێ بەرنامەی کوردایەتی پێک بهێنێ.

بەهاکانی دیکەی خەباتی کوردایەتی لە کەرامەتی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی...هتد. دەبێت بەشێکی زیندوو و لەبیرنەکراو و دانەبڕاوی فەلسەفەی خەباتەکە بێت.. دەنا دەرئەنجام دەگەینەوە چوارچێوەی یەکەمی زوڵم و زۆرداری و شۆڕش و خەبات و کوردایەتیەکەمان دەبێتە ماکینەی هاڕین و خواردنی ڕۆڵەکانی خۆمان. سەرکردەی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕی پاک و بێگەرد، لە پێناوی حەزەکانی دەسەڵتدا دەبنە ستەمکار و ملهوڕ و گەندەڵی ناپاک. ئەگەر یاسای حیزبایەتی، دوای لادان لە ئامانجی رەوای نەتەوایەتی بۆ مەرامی دەسەڵاتگرتنەدەست بێ نەک بۆ ڕزگاریی نیشتمان.

مووشە دایان، لە بیرەوەرییەکانیدا، دوو مەرج دیاری دەکات کە شەڕی براکوژی مەحاڵ کردووە، دەڵێ:

"یەکەم: ئێمە هەرگیز لایەنگرانی خۆمان بەوە گۆش نەدەکرد کە دژی مێملە سیاسییەکانمان بن، چونکە ئەوە دەتهاوێژێتە سەر کەڵکەڵەی شەڕی براکوژی.

دووەم: هۆیەکی تری ئەنجامدانی شەڕی براکوژی نیازی چوونە سەرتەختی دەسەڵاتە. ئێمە هەرگیز نەجەنگاوین بۆ دەسەڵات گرتنە دەست، بەڵکو تەنیا بۆ دامەزراندنی ئیسرائیل دەجەنگاین".(٢٦،ل ٢٠).

١٨٣ ـ{چی کاریگەرێکی سەر بە دروستبوونی کیانی کورد کە لە خواز و ئیرادەی کورددا هەیە ئەویان جێی خۆ پێوە خەریک کردنە کە لە ناوتوێژیاندا، هەرچەند بە هونەری کوردیش نەبێ، تەمای رەزامەندیی سیاسەتی عالەمی کاریگەرێتی بنەڕەتییە وەک وەرزێر بە تەمای باران زەوی تۆو دەدا و بارانیش لەفەرمانی ئەودا نییە: لەدەست کورددایە خۆگیری بکات لە کاری بەدی نامرۆڤانە... لەدەست کورددایە خۆی توند و تۆڵ بکات، بە رێکخستنی ریزی بەربەرەکانی لەگەڵ باری نالەباردا... لەدەست کورددایە وازبێنێ لە دووبەرەکێ و دەحیزبایەتی و شەڕەدندووکێی عەقائیدی... بەکورتی لەدەست کورددایە هەموو لایەنی ناوخۆییی کاروباری گوزەران و یەک ئامانجی و پتەوکردنی هێزی بەرگری و کپکردنی دەنگی جوداوازیی عەقویدە و بیروباوەڕ.. ئائەمانە و هەرچی وەک ئەوان هەیە، وەک سەرکاری کارامە و لێزان، بخاتە قالبی رێکوپێکەوە، بایی ئەوەی کە هەر تاکە کوردێک، بێ مامۆستاش،تا سنووری مومکین ماڵەکەی خۆی رێک دەیەخێت هەرچەندە رێکیشی نەیەخێت جوانەمەرگ نابێت ئیتر بۆ دەبێ کورت بێنێ لە بەرژەوەندێک کە بریتییە لە سەلامەتیی هەموو کورد و بێ ئەو بەرژەوەندە چ ماڵێک، بگرە چ حەیاتێک، لە کوردستان هەڕەشەی نەمانی لەسەر هەڵناستێ... چەند سەیرە بابایەک خاوەن خەرمان، لەوەی پێی دەڵێن "گەلەخەرمان" ئاگبڕی نەکات لەو ئاگرەی بەرەو گەلەخەرمان دێت و بەخۆ و سەتڵە ئاوێکەوە لە تەنیشت خەرمانی خۆی راوەستێت بەخێر کە ئاگری لێ نزیک بۆوە ئاوپرژێنی بکات.. موژدەی لێ بێ خۆیشی تێیدا دەسووتێت..

کورد وەک لەشکرێکە لە سەنگەردا شەڕ دەکات، شەڕکەریش مەگەر زێدە گێل بێ وەیا بەکرێ گیرابێ، دەنا بەبیریدا نایەت لە شەڕکەری تەنیشتیەوە بپرسێت تۆ لەسەر چ دین و مەزهەبێکی؟ باوکت مووچەخۆرە یان پارەدار یان رووت و رەجاڵ یان دەرەبەگە؟ چونکە دوژمن کە تەشریفی بەخێر دێت لە پێناسەی ئەو خەڵقە ناپرسێتەوە گۆیا رۆڵەی هەژار یان بەگزادەن. بە کورتی و بە کوردی پلەی ئێستاکەی کوردی تێدایە دوو ئامرازی هەرە گرینگی گەرەکە :

یەکیان...خۆ قاڵکردنەوەیەک (لە هەموو روویەکەوە کە پێی ناوێ فەلسەفەی تێدا خەرج کەین و لەخۆوە دیارە خۆ قاڵکردنەوە بۆ هەنگامەی خەتەری لەناوچوون چۆن و چییە) دەست بدات بۆ رووبەرووبوون لەگەڵ هەڕەشەی کوشندە... لەناو توێژی قاڵبوونەوەدا خۆگیری کردن لە داوای موستەحیل، یەکێکە لە مشتوماڵدانی

***ئەو ئـامرازە وەک کە لە خـۆڕایی خـۆ نـاحەزکردن بەلای دۆسـت و دوژمـنەوە ژەنگهێنانەوەیە.***

***دووەمیان.. هەست ڕاگرتن بەسەر نەبزی سیاسەتی جیهاندا بە نیازی هاوئاهەنگ بوون لەگەڵی}.ل ٤٥ ـ ٤٦***

بێ دوو دڵی پێموایە، ئەم بۆچوونەش دیوێکی تری گەوهەری باوەڕی کوردانەی مامۆستا نەخش بکا. پێویستی بەهیچ شیکارێک و ڕوونکردنەوە و پەراوێز بۆ نووسین نییە.

***١٨٥ ـ { هەرچی کوردەکە بوو، دەردی شەپڕەی مێژوویی کە من ناوم ناوە "نەزیفی ئابووری"و لە بەرگێکی کتێبی حاجی قادر، یان شوێنێکی ئەوتۆیی، بایی توانا ڕوونم کردۆتەوە کە کورد دوای تێچوونی (ماد) دەورە درا بە سێ ناوچەی حوکمی پیت و بەرەکەت ڕاکێش. فارس لە ڕۆژهەلات و چی یۆنان و ڕۆمان بوو لە باکوور و ڕۆژاوا و بابیل لە باشووری کوردستان بە درێژایی مێژووی پتر لە هەزار ساڵی هەر بەرهەمێکی خامی کورد هەبووە، وەک ئاوڕێژی شاخەکانی کە ڕژاوەتە ئەو سێ ناوچەیە، ئەویش لەگەڵ ئاوەکانی ڕژاوەتە هەمان سێ ناوچە و هەرگیز نەشیا "سەرمایە" لە کوردستان پەیدا بێ.. کورد وەک مەلی ناو قەفەس بووە، سیخناخ کراوە، چەندێکی سپای هێرشبەری ئەم لا یان ئەولا ڕەوی بردووە بۆ سەر لایەکەی تر کورد و خاکەکەی پامال بووە.. تا دەمێک کە گەیشتە دەورانی ئیسلام و لەو ماوەیەدا کە یەک دەوڵەت فەرمانڕەوای خاکی موسڵمانان بوو (بە چاوپۆشی لە ڕووداوی پەراوێزتەسک) حاڵەتێک بۆ کورد پەیدا بوو لە دوو ڕووەوە تێیدا سوودمەند بوو.***

***یەکیان.. ئەوە بوو کە ئەویش وەک نژادی غەیری عەرەب بوو بە ڕەعییەی حکوومەت.***

***دووەمیان.. ئەوە بوو کە گەشەکردنی خوێندنی مزگەوتان لە کوردستان گەیشتە پایەیەک، هەزاران مەلا و فەقێ بە درێژاییی ڕۆژگار ئەمسەرەوسەری خاکی کوردستانیان دەپێوا بۆ خوێندن لای مەلای ناودار، وەک دەگوترا، مەلای دوازدە عیلم، زانستەکان دوازدە بوون، ئیتر ئەو فەقێ و موستەعیدانە بۆ خوێندنی هەر زانستێک بایە، خۆیان هەڵدەکوتا بۆ لای مەلایەکی ناوی دەرکردبێ لەو زانستە.***

***لەمەوە فەقێ و مەلا و موستەعید بێ ئەوەی مەبەسیان بێ دەبوونە هۆی بەسترانەوەی ئەمسەرەوسەری کوردستان بە شادەمارێکی پێوەندیی نێوخۆیی کە پچڕانەوەی نەبوو، بابەتەکەشی پۆپی ڕۆشنبیریی ئەوسا بوو. ڕاستییەکەی ئەم دەورەی خوێندنی فەقێیان دیتی لە ئاشناکردنی سنە بە دیاربەکر و ناساندنی کرماشان بە شوێنانی دوورەدەستی کوردستان و بەردەوامبوونی هەستی کەسایەتی و خۆییاتی گەلی کورد بە یەکترەوە ژووررووی هەموو جۆرە هۆیەکی پێوەندی و ئاشنایی بوو لە نێو کوردان کە دەزانین هەرگیز لە ڕێی بازرگانی و ئاڵ و وێری کەسابەتەوە سەدیەکی ئەو بەیەکتربەستنەوەیە وجوودی نەبووە چونکە، بەداخەوە، سەرمایە نەبوو لە کوردستان پەل بکوتێ بۆ چالاکی. ئەگەر یەکێک لە کوردان پارەوپوولێکی بووبێت یان گوێستۆتیەوە بۆ شارێک لە شارەکانی غەیری کورد یان هەرنەبێ بازرگانێتەکەی لەگەڵ غەیری شاری کورد کردووە کە دەزانین، بە زۆری هەرە زۆر، شارۆچکەکانی کوردستان بابەتی یەکچوونیان هەبووە کە ئیتر لزووم نامێنێ ئەرکی ڕاگوێستنی هەڵبگیرێ بۆ ئاڵوگۆڕ، پیشەسازیش نەبووە مادەی خام لەکاربهێنێ}.ل ١٠٨***

ساتەوەختێ کورد وەک بکەرێک/کارایەک لە مێژوودا نابێت و فڕێ دەدرێتە دەرەوەی ڕووداوەکان و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانەی فارس و عارەب و ڕۆم و بنچینەیەکی ئابووری لە کوردستاندا پەیدا نابێ. بە واتایەکی دیکە، سەرلەبەری سامان و داهاتی کوردستان لە لایەن ئەم دەسەڵاتانەوە بە تاڵان دەبرێ، ئیدی زەمینەی لە دایکبوونی (سەرمایە)ساز نابێت. سەرمایەش مانای هەبوونی دەسەڵاتێکی ئابووری تۆکمە و خۆماڵییە، پێگەی وڵاتێکی پێ بەهێز دەبێت. کە هێزیش بەرقەرار بوو، بەرژەوەندی سەرهەڵدەدات و دەتوانێ بەرژەوەندی بپارێزێ. ئەوجا کەسایەتی دروست دەبێت و ئەوەش دەبێتە هۆی لەدایکبوون و نوسینەوەی مێژوو. قەوارە و سنوور دەکێشرێ، بیر لە خۆپارێزی و داکۆکی لە بەرژەوەندی و دەسەڵات دەکرێتەوە. لەشکر و سوپا و داموودەزگا ئامادە دەکرێن. هەموو ئەم بنەمایانە، دەبنە هێزی ماکی و مینۆکی و ڕۆڵی کاریگەر و گردەبڕ لە چارەنووسی سیاسی و نەتەوەیەدا دەگێڕێن. ئاخر وەک دەڵێن: گەر پیاو چەکوشی بەدەستەوە بوو، هەموو شتێ بە بزمار دەبینێ.

دوای هاتنی ئیسلام بە بەراورد بە رۆژگاری پێشوو مامۆستا ئاماژە بە گرنگی دوو خاڵ دەکات. فەقێ و موستەعیدەکان تیرەی بەستنەوەی ئەمسەرەو سەری کوردستان بوون پێکەوە. ئەمەش ڕاستییەکی مێژووییە و نکۆڵی لێکردنی دەکاتە بەدرۆخستنەوەی مێژوو.

***١٨٦ - { خوێنەری ئازیز!! عەرەب قسەیەکی هەیە دەڵێ"ثبت العرش ثم انقش - عەرش بچەسپێنە لە پاشدان بینەخشێنە". ئێستا رۆژێک نییە ووردە حیساب و دەفتەری کۆن بخوێنینەوە. ئامانجی سەرەکی پاراستنی کورد و کوردستانە. ناشێ هیچ هەرایەکی لاوەکی لەسەر دین یان چین یان گیانی ناوچەپەرستی یا دەمارکرژیی حیزبایەتی یان بابیبوون بە خۆپەرستی ببێتە لەمپەر لەپێش بەرنامەی تەبایی و رەبایی کە بەداخەوە بەر لە هەموو ئامانجێک ئەمیان کە گیانی کوردە و ئێستا و دوارۆژی کوردە، بۆتە قوربانی لە سەرووی لیستەی قوربانییابن، تەنها مەترسییەک، لەلایەن دینەوە، لەوەدایە بەناوی خوا و دروشمی قورئان، کوردایەتی بکرێتە کۆیلەی لایەنێک کە بەناوی دین دنیا دەخوات وەک کە جارەها بەناوی ئینتەرناشناڵ و پرۆلیتاریا کوردایەتی تاوانبار دەکرا گۆیا فکرەی سەر بە نەتەوایەتی زەنەی بۆرژوازییە و دژی سۆسیالیزمی زانستییە.. کورد ئەگەر بۆی رێک بکەوێ مەلای روونبینی زەین فراوانی هەبێ لەم پلەیەدا تەیمانێکی مەحکەم لە بیرورای دینی بە دەوری کوردایەتییەوە هەڵستێنێ و نەیەڵێ خەڵک قسەی عەوامخەڵەتێن تار بن لە ئامانجی سەرەکیی (کوردپارێزی)، کارێک ئەنجام دەدرێ بەشێکی زۆری چالاکیی سیاسیی کورد کە لە رەتکردنەوەی تۆمەتی لادینی خەرج دەکرێ، ئا ئەو بەشە چالاکییە یەکسەر دەچێتەوە بۆ دەخیلەی ئایەتیی "ئەرێتیی" بەرژەوەندی کورد جگە لە خامۆشکردنی چەقەچەقی نێوان دیندۆست و دینەویستی کورد}.ل ١١١***

هاوکێشەکە هاوسەنگ و بێگەردە. چ تەمومژێک بە پەیامی مامۆستاوە دیار نییە ئەم داخوازییانە کرۆک و مۆرکی بیر و ڕێبازێکە کە هەڵقوڵاوی لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای کوردە لەم قۆناخە و ئایندەشدا. "تەبایی و یەکگرتوو" ئامانجی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی هەڕەشەکان و ڕزگارکردنی کوردە لە فەوتان و نەمان..لە ڕووی ڕیال پۆلەتیکیشەوە لەم داوایەی مامۆستا بڕوانین، نووسەر، پرس و ستراتیژی "کوردپارێزی" بە هونەری سیاسەتێکی بەرەنگاربوونەوەی ئاقڵانە و

هۆشیارانه دەخاتە سەرووی لیستەی هەموو ویست و داواکانی ترەوە. بە تایبەتی ساتەوەختێ کە دەزانین واقیعی تاڵی داگیرکراوی دابەشکراوی چ هەڵکەوتێکی خولّقاندووە، سیاسەتی دڕندانەی بەربەریئاسای داگیرکەرانیش چەند مەترسی و هەڕەشەی ترسناکیان ساز داوە.

***١٨٧ - {من کە یەقینم بە "موتڵەق"ەوە بەستراوە کوردایەتییەکەم "مەوسمی - هی کژوکات" نییە، بێگۆڕانە، ئەگەر بزانم کەمایەتیی نەتەوەیەک بەدەست کوردەوە مەغدوورە من لایەنی ئەو کەمایەتییە دەگرم لە نوختەنەزەری مەغدوورییەیەکەوە}.ل ١٥٢***

هێڵی گشتی لە بیروباوەڕی مامۆستادا هێندە تۆخ و درشتە کۆڵەکەکانی هێندە مەحکەم و دیدگەی ئەوەندە ڕۆشنە، مەحاڵە بۆ هەر مەرامێک بێت، چاو بتوانێ باز بدات بەسەریدا. بە درێژایی تەمەن و نووسین و بیرکردنەوە و هەڵوێست نواندن، ئەم ڕاستینە هاوڕا و هاوشان و هاوتەریبی گوفتار و ڕەفتاری مامۆستا ڕەوتی کردووە...

خۆشەویستی و قەناعەتی قووڵ و بەرزیشی بە "کوردایەتی" مۆرک و خەسڵەت و هەستێکی پێداوە، گەر بێت کوردیش ستەم لە کەمینەیەکی دیکە بکات، ئەو دژ بە ستەمکاری لە لایەن نەتەوەکەی خۆشییەوە دەوەستێتەوە. ئاخر کوردایەتی پرنسیپ و باوەڕ و ئیمانێکە، لەناوەڕا باوەڕی بە زوڵم و ناهەقی لەکەس و لایەک نییە. کوردایەتی ڕاستەقینە لە پێناوی بەختەوەری مرۆڤایەتیدا لە خەباتێکی درێژخایەنی سەخت و گران دا.

کوردایەتی لە هەناوی خۆیدا هەڵگری هەستی دادپەروەری و مرۆڤایەتییە. لە ڕاستیدا کوردایەتی بۆ مافەکانی کورد لە تێکۆشان و خەباتدایە، هاوکات بە سەختی داکۆکی لە مافی گەلانی بندەستی دنیا و لێقەوماو و مەینەتباران دەکات. لێرەدا بەهای گەورەی مرۆڤ چڵە پۆپەی باوەڕ و مەبەستە. لە سیاسەتی کوردی و ئەدەبی کوردیدا بەهەزاران نموونە لەم ڕووەوە بەرچاو دەکەون.

***١٨٨ - {لێرەدا نامەوێ یەخەی خاوەن بیروڕای جودا سەر بە کوردایەتی بگرم، من خەست و خۆڵ و بێ خەوش و بێ تەئویل بەولاوە هەرچی ئایدۆلۆژییەکی سەر بە چینایەتی و دینایەتی و ڕاڕەوی ئەدیبایەتی و هونەرایەتی هەیە کە کەندرک دەخاتە ریزەکانی "سی ملیۆن کوردی نامزدەی مەرگ: تێکڕایان گوناهبارن، ئۆباڵ***

*له ئەستۆن، گومڕای مرۆڤایەتین، کوتەکی دەستی شەیتانن، خائینی نامووسی دایک و خوشک و کیژ و ژنی خۆیانن... بایی ئەوەی کە ئەندامانی یەک خێزان دەبێ بەری بن لە خوێنمژینی یەکتر (لە حەقیقەتیشدا بەرین) هەروەها کوردی هەموو کوردستانی گەورە دەبێ بەو چاوە تەماشا بکرێن و تەماشای یەکتر بکەن... منداڵی ناو بێشکە کە کورد بوو حیسابی سەربازی لەگەڵدا دەکرێ بە بەڵگەی ئەوەی دەیان و سەدان هەزار منداڵی کورد کەرت و پەرت کراون، ئەوجا ئەگەر یەکێک و لایەنێک، بە پەندێک لە پەندەکانی و خەونێک لە خەونەکانی ویستی جێپێی یەک سەربازی بەچەک و بێچەک لە ریزی دابەستەی قوربانییەکانی کورد لەق بکات، نەکا تریفەی تابلۆکەی کز بێتەوە، ئا ئەو کەسە و ئەو لایەنە و تابلۆکەی و بلیمەتییەکەی زادەی زۆڵی و بێناموسین.. و بمبەخشن لەو زارهەراشییەی ناچاری کە کورت دێنێ بە بەر بەژن و باڵای خیانەت...}.ل ١٥٥ ـ ١٥٦*

بەم بەشدارییەش مامۆستا جەخت لە بەها و گرنگی یەکێتی و تەبایی نێو ریزەکانی کورد دەکاتەوە. بە راشکاوانە دژ بەوانە دەوەستێتەوە، کە لەسێبەری دروشم و ئامانجگەلێکی دیکەدا، لێکترازان و پارچەپارچەبوون بەرهەم دێنن. نوسەر پێی وایە پێویستە وەک پرنسیپ، هەمیشە بەچاوی بەنرخی کوردبوونێکی دروست و تۆکمەوە لە یەکتر بڕوانین. چونکە هەموو کورد بە گەورە و بچووکەوە، لەلایەن داگیرکەرانەوە مەحکومە بە یاسا و رێسای کوشتن و بڕین. دوژمنان تا هەنووکە هیچیان نە سڵ لە کوشتنی کورد دەکەنەوە، نە شەرم لە مرۆڤبوونی خۆیان دەکەن.
هەربۆیە مامۆستا پێی وایە، ئەوی پێڕەوی ئەم ئەرک و فەرمانە نەکات، لێی لابدات، دەکەوێتە بەر نەفرەتی مێژوو و نێو خانەی ناپاکییەوە. کەواتە هەر دەگەینەوە کەناری دروشم و فەلسەفەی "پێش ئەوەی هەر شتێ بین،کوردین".

***١٨٩ ـ{گەورەترین ئاواتم رزگاربوونی "مرۆ"یە لە ستەم کە کورد یەکێکە لە نەتەوە ستەمدیدەکانی هەرە زەق و زۆپی رۆژگار..}.ل ١٦٨***

کوردایەتی کورد، مرۆڤایەتییە. پاسۆک، دروشمێکی لەم چەشنەی بەرز کردۆتەوە. بەو واتایەی کوردایەتیکردن لە پێناوی رزگاربوونی ملیۆنەها مرۆڤی کورددا، بۆ خۆی هەنگاوێکی گەورەی بیر و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بە وێستگەیەکی تەندروستی هەواری مرۆڤایەتی راستەقینە. لە لایەکی تریشەوە، ئەم بیرکردنەوەی مەسعوود محەمەد، وەرامێکی گورچک بڕە، بۆ هەموو ئەوانەی تۆمەتی ناڕەوا

دەدەنە پاڵ هەڵگرانی بیری گەشی مرۆدۆستی نەتەوەیی، کە گوایە کەسی نەتەوەیی بەرچاوتەنگ و بیرتەسکن و هەر خۆیان لە یادە. نا، نا تۆمەتەکەتان پووچ و بێ بنچینەن، چونکە دیدی نەتەوەیی پێی وایە، هەر بیر و خەباتێ کورد لە بیر بکات، یاخود بیکاتە پاشکۆی ئامانجی شتەهایەکی دیکە و قوربانی ئایدۆلۆژیا و ئایینێکی نامۆ بە ویست و خواستی کوردایەتی، ئەوە تاوان بارە، هەر کەسێ ڕەدووی بکەوێ وێڵ و گومڕا دەبێ و ئەوەشی بەرەنگاریی بێتەوە، دەکەوێتە سەنگەریی ناپاکییەوە.

***١٩٠ ـ{ میللەتێک حکوومەتی خۆی نەبێت و سنوور بەدەوری نیشتمانەکەیەوە نەکێشرابێت، وەک دەغڵێکی نەکرابێتە خەرمان، بەشی زۆری لە پەرێز پەرتوبڵاو دەبێت. لە حاڵەتی دابەشکراویشدا پێناسە بۆ کەرتەکانی پەیدا نابێ}.ل ٢١٠***

" دەبێت کورد خاوەنی ڕایەکی تایبەت بێت لەسەر مێژوو و کۆمەڵ و جیهان. بەچاوی خۆی تەماشایان بکات، تێگەیشتنی کورد لە مێژوو و کۆمەڵ لە هی تورک و عارەب و فارس جیاوازە لەسەر مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا هەروایە.. بۆ نموونە : کورد پەیمانی لۆزان تەواو بە کۆیلەیەتی دادەنێ، کوردستان بەپێی ئەم پەیمانە لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەش و پارچە پارچە کرا، کوردیش دووچاری کۆیلەیەتیەک کرا، کە لە هیچ شوێنێکی تر وێنەی نییە.. بەڵام ڕێکەوتنی لۆزان لای تورک مانایەکی تری هەیە". بێشکچی(١،ل٢٦-٢٧).

خێزانێکیش، تا نەبنە خاوەنی خۆیان لە چوارچێوەی چوار دیوار و بن میچێکدا نیشتەجێ نەبن، وەک کۆچەر و قەرەج تەماشا دەکرێن. گەر بێت و ئەم خێزانە لەسەر شەقام و کۆچە و کۆڵانان ژیان بەسەر بەرن، چ پێناسەیەک وەردەگرن؟!

ئادەم موللەر دەڵێ: دەوڵەت قەوارەیەکی زیندەگییە و هەموو هێزەکانی نەتەوە لەخۆ دەگرێ".(١٥.ل ٥٢).

***١٩١ ـ {هۆکاری یەکەم دین... هۆکاری دووەم کە شیرەخۆرەیە بریتییە لە بیری کوردایەتی. هەرچەند سوود و بەرژەوەندی سەر بە نەتەوە لە یەکیەتیی گەلدایە بە تایبەتی لە دەمی تەنگوچەڵەمەی خەباتخەسێن و زەرفی زێدەسەختی کورد و کوردستان وێڕای نەبوونی پاشخانێکی مێژوویی و سەقامگیر نەبوونی فکرەی خەستوخۆڵی نەتەوایەتی بۆتە هۆی بڕبڕ بوونی خەڵکەکە تا ئەوەی هەل پەیدا بووە بۆ متوربەکردنی چ تیرێژێکی ئارەزۆ بکەیت لە بەشی زۆری کوردستاندا، تا***

***رادەیەک زۆر جێی سەیرپێهاتن نییە دین و شیووعییەت پەلەی خۆسەپاندن بکەن و نەتەوایەتییەکە بکەنە خورجینەی تێشووی سەفەر، بەڵام وردە تیرێژی سەر بە فکرەی سۆسیالیستی و نەتەوایەتیەکی تێکەڵ بە دادپەرستی و یەکسانیی عاتفی کە وەک دوومەڵان هەڵدەپۆقێن پتر لە رووی دوو ئاوێنەوە رەنگ دەدەنەوە:***

***یەکیان، ناکۆکیی ناوەوەی بزوتنەوەی سەر بە نەتەوە کەوا هەم کەلێن دەدا بۆ فرەبوونی رێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر و هەم بەهانەش بەدەستەوە دەدا بۆ خۆپارێزی لە خەباتێکی بەلای مەرگدا بچێت.***

***دووەم، ئەوەیە کە رۆشنبیریی ئەوروپا بە خۆی و بێسنووریی چەشمەندازەکانی و هەمەرەنگیی بۆچوونەکانی و فرەبابەتیی خوازەکانی و کراوەییی ئازادیەکانی دڵی گەلێک کەس دەبزێوێ و بۆ نماییشتێکی مرۆڤانەی خۆرازێنەوە بە پەلکەزێرینەی ئامانجی یەکسانی و داد و مافە بنەرەتییەکانی ئادەمیزاد}.ل ٢١٣***

لە میانەی ئەم، دەربڕینە بە بڕشتەدا، کە باس لەو هۆکارانە دەکات، کە کاریگەرێتییان لەسەر ئەقڵی کوردی دروست کردووە. وەک بەرچاومان دەکەوێ، دوو دیاردەی کەموزۆر نامۆی دەرەکی لە دینی ئیسلام و باوەڕی کۆمۆنیستی، پێشبڕکێ دەکەن لەسەر داگیرکردنی گۆڕەپانی کوردستان.. بەرانبەر بەمانە، بیری کوردایەتی، کەوتۆتە پاشەوە.

هۆکاری ئەمەش بۆ ناتەبایی و دیاردەی فرە حیزبی و پەرشوبڵاوی بەرنامە و پێڕەوی ئەو هێزانە دەگەڕێتەوە. ئا لەم کاتەدا کە کوردایەتی خانە و پێگەی سروشتی خۆیدا نییە، شەپۆلێک لە بیروباوەڕی جۆراوجۆر و تەوژمی هزریی و رۆشنبیریی لە ئەوروپاوە هاتۆتە کایەوە و بەردەوام شتێ نوێ لە ژێر چەمکی مۆدێرنێتیدا دروست دەبێ، ئەمەش کاریگەرێتی خۆی هەیە و پاشماوەی نەرێتیشی جێهێشتووە. بە هەرحاڵ بەرپرسیارێتی ئەم بارودۆخەی بیری کوردایەتی، دەکەوێتە سەر هەڵگران و لایەنگرانی ئەم رێبازە، کە بە میتۆد و شێوازێکی باشتر و حیکمەتێکی وورد و کرداری زانستپەروەرانە، بۆ تێهێنانەوەی باری لاسەنگ تێهەڵچن و بکەونە کار. هەر چۆنێک بێت، ئەم تێزە کوردانە، شایانی سەرنج لێدان و هەڵسەنگاندنی زێترە و پێویستە خەمخۆرانی پەیوەستدار، قۆڵی دڵسۆزی لێهەڵماڵن و بۆی بکەونە خۆ.

*١٩٢ ـ {} بێگومان کوردستان بە لەتکراوی ئەو هێز و هۆکاریەی نامێنێ لەچاو کوردستانی یەکپارچە لە رووی هیچ شتێکی سوودی تێدا بێت بۆ کورد، لە نێویاندا سوودی هاوچوونکردنی هەست و هۆشی سیاسی سەر بە چارەنووسەوە، لەتبوونەکە خۆی لەمپەرێکی زێدە زلە دژی تێککردنەوەی خوێنی ماددی و مەعنەوی لە هەموو لەش و دڵی کوردستان و کورددا وەک کە جۆگەلەی ئاو نیو مەتری بە خۆڵ و بەرد پڕکرایەوە خورگەی دەبڕێت: لە حاڵەتی نەتەوە و مەفتەندا نەک تەنها خورگەی دەبێت، بگرە بەرەو وشکییەوە دەچێت. ئنجا ئەگەر پارچە لێکدابڕاوەکان خۆیان جۆگەلەی کێڵگەکانیان لە ماڵە دەستبەسەرەکانیاندا کوێر کردەوە هەر دەبێ سەڵەواتی بۆ لێ بدەیت لەو "هضم النفس"ەی دەروێشایەتی کە لەززەت دەبا لە خۆ ئازاردان.*

*ئەم شریتەی قسان هی دەمێکە کە کورد تێیدا لەتلەتە و رێی نییە گیانی نەتەوەپەرستی لە لەش و هۆشی میللەتەکە بگێڕێت. بێ ئەوەی هەموو لایەنێک خورد بکەمەوە دەڵێم: ئایا ئەو رۆژە پیرۆزەی کورد تێیدا لە پارچەکراوی رزگار دەبێت و دەوڵەت بۆ هەموو کوردستان دادەنێت چ رەفتار و کردارێکی لێ چاوەڕوان دەکرێت؟ خەباتگێڕانی ئەوسا کە پێشتر بە لەتکراوی یەکتریان دەدزاند و لێکتریان دەکوشت ئایا کە ترسی داگیرکەریان لەسەر هەڵستا و لە سێبەری ئازادیدا دەستیان کرایەوە چ پانۆڕامایەکی تازەبابەتی سەربەخۆیی و بێ ترسی داگیرکەر لە کوردستان بەرپا دەبێ؟ کە دنیاکە بۆ تاکە لایەن مایەوە و ترسی بەربەرەکانیی ناوخۆیی نەما ئاخۆ چەندین ساڵەهای دەوێ، ئەو لایەنەی بە درێژاییی خەباتی چەندەها ساڵ خەریکی شەڕی براکوژی بووە لەسەر رابەرایەتی، پەنجە شل بکاتەوە لە بینەقاقەی میللەتەکەی؟ گومانت نەبێ ئەگەر ناکۆکی و دووبەرەکی و براکوژی و نیازی شەخسی و قۆڕدەماغیی پێش دامەزراندنی دەوڵەت نەپێچرێتەوە و ئیمانێکی پتەو بە داد و یەکسانیی دیمۆکراسی رەگ دانەکوتێ سەد جار قوڕ بەسەری میللەت لەوەی بەسەری دێت لەدەست تازە حاکمەکەی چاوبرسی سکبرسی هەموو ئەندامێک برسی و بەتاڵ لە بەزەیی و داد:*

*کابرایەک لەدەمی هەرا و هەرەشەی تێچووندا کۆمە نەکا لە کوشتن و ستاندن و بەستن و سووتاندن ئیدی چ تەمایەکی وەک شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و دادپەروەر،*

***لێ دەکرێ جگە لەوەی خۆ بە خوا بزانێت...؟ بە پاڵپشتی ئەم رایەم دەڵێم: سەیرێکی حاڵ و باری دەوڵەتی میللەتەکانی جیهانی سێیەم بکە، جگە لە چەند دانەیەکی، ئەوی دیکە هەمووی دەتلێتەوە بە کێشەی نێوان حکوومەت و بەرەی تێکۆشەران (کە ئەمانیش بوون بە حکوومەت دەست دەدەنە بستێنە، بگرە، ببەستە... لە گەردنی دە) ئاپۆرەی خەڵقەڵڵاش مامەڵەی شیردەر و هێلکەکەر و بارەبەری لەگەڵدا دەکرێت، هەڵبەت دەشبێ هەڵپەرێت لە سوخرەی ئیجباری بۆ پاراستنی کوردستانی رەنگین و بەنگین و سەنگین و هەنگوین..}.ل ٢١٤ ـ ٢١٥***

دەتوانین بڵێین ئەگەر کوردستان لەژێر چنگی ئیستعمارێکی وەک ئینگلیزدا بوایە، لەمێژبوو رزگار ببوو. ئەمە بۆچوونێکی بێشکچییە. لە نموونەدا وڵاتی ئۆگەندە دێنێتەوە:

"وڵاتێک بەناوی ئۆگەندەوە هەبوو. وڵاتێکی بەکۆلۆنیکراو بوو بە سنووری دیارکراوەوە. خەڵکێک لەو وڵاتەدا دەژیان کە ئینگلیز نەبوون. خاکی ئۆگەندە وەک خاکێکی ئینگلیز یاخود بە خاکی ئینگلیز دانەدەنرا. هەوڵیش لەبرەودا نەبوو بۆ بە ئینگلیزکردنی خەڵکی ئۆگەندە. ئەم خاڵانە چ لە ئینگلیزەکان و چ لە ئۆگەندەییەکانیش ئاشکرا بوو. لە ١٩٦٠ کاندا لە سەرئەنجامی گفتوگۆ و ئاخافتنێکی کۆنستتیوتیەوە ئۆگەندە بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سنوورەکانی نەگۆڕا. ئۆگەندە لە نێو هەمان سنووردا سەربەخۆ بوو". (١٢،ل٣٤).

کورد کاتێ هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەی بە گفتوگۆ لەگەڵ داگیرکەرەکەیدا داوە. سەرکردەکانی بە فروفێڵ گیراون و لە سێدارەدراون و تیرۆر کراون.. شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، سەید ڕەزا، سمکۆ، پێشەوا، قاسملۆ ...هتد. باشترین نموونەن.

کوردستانێکی ٦٠ ملیۆن سەر و دڵ و ١٢٠ ملیۆن قاچ و دەست و چاو تەواوە، کە نە دەستی نە لاقی قرتێندرا بێت. بەم جۆرە ئەم بوونەوەرە چالاکترە لە کەسێکی یەکێ لەو ئەندامانەی کەم بێت، یاخود هەر نەبێت.

بە کۆلۆنیال کردنی کوردستان گەورەترین و ناقۆڵاترین فاکتی بەردەوام بوونی کەماسییەکانە. ئەم ڕاستییەش لە حوکمی بەڵگەنەویستدایە.

۱۹۳ ـ***{لەگەڵ هەمـوو دزێـوییەکی حکـوومەتی خـۆولاتی دیسـانەوە لەچـاو داگیـرکەری دراوسـێ و خومـان ئاسـاییەکان هەر بیسـمیلترە، چ نەبێ ئومێـدێکی دوارۆژی لـێ دەکـرێ. دزێـوی سـتەم وای لـێ خـۆش هێنـام پـڕ بە دەم بڵـێم، کۆمپانیایەکی سوێدی یان نەرویجی حکوومەتی کوردستانم لێ بە قۆنتەرات بگرێ سەدجار پەسەندتری دەکەم بەسەر حکوومەتێکی کوردی کە خۆم تێیدا سەرۆک بـم: بێگومـان بە نیـوە مەسـرەف، لە چـاو حکـوومەتی کـوردی، کـارم بـۆ هەڵدەسووڕێنێت و خیانەتیشی تێدا ناکات وەک کە لە دروستکردنی کارخانەیەک و هەڵنانی بناوانێک و قیرتاوی رێگاش خیانەت ناکات}.ل ۲۱۵***

دروشمێکی پاسۆک دەڵێ: "شەرمە بێگانە حوکمی کورد بکات" ئەمەش ئەو دید و روانگەیە، کە مامۆستا تەماشای پرسی نەتەوەکەی لێوە دەکات، چونکە لە خراپترین بـاری نـاهەمواری و خراپەکـاری و زوڵـم دا، هێشـتا هیـوایەک بە ترۆپکـی ئاسـۆوە هەرمـاوە، دەگـۆڕێ، بیگـۆڕن.. لە تەک ئەمانەشـدا مامۆسـتا سـەرلەنوێ بێـزارە لە دزێوی و هەر چاوی حەز و ئاواتی لە دامەزراندنی دەوڵەتە. ئەویش بەو مۆدێل و شـێوە سیسـتەمەی ولاتە هەرە پێشـکەوتووەکانی جیهـان ولاتـانی وەک سـوید و نەرویـج (خەڵـک و حکـومەت) هەمـوو سـاڵێ لە راپـۆرتی سـالانەی دەزگاکـانی ئاشکراکردنی گەندەڵیدا، باشترین ولات فینلەندە و سوید و دانیمارک و نەرویج بە پلەی یەکەمـی پاکێتی دەردەچن، کە رێـژەی گەنـدەڵی تێیانـدا هەر نییە یاخود زۆر زۆر دەگمەن و نزمە. هاوکات جێی ئاماژە پێدانە، لە رووی خوێندن و سەرکەوتن لە بواری فێرکاری و فێربووندا دیسانەوە ئەم ولاتانە هەر شۆڕەسوارن. هەر لەم میانەدا.

بێشـکچی دەڵێ: "کوردسـتان بە ئـامراز و شـێوازی زۆردارانە و سـەرکوتکەرانە بەرێوەدەبرێت. دەبێ لە سایەی هەلومەرجی وادا باسی مافی کورد بۆ چارەنووسـی بکرێت. بۆچی دەبێ کورد لەلایەن تورک و عارەب و فارسەوە بەڕێوە ببرێت؟ ئەوە مافێکی سروشتییە کە کورد خۆی خۆ بەڕێوە ببات و شایستەی ئەوەیشە شێوەی خۆبەڕێـوەبردنی کـورد بـا خـراپیش بـێ لە بەڕێـوەبردنە باشـەکەی ئیسـتیعمار و رەگەزپەرستان و هێزە فاشییەکان ،باشترە".(۱،ل٦٣).

***١٩٤ -{دەبێ بزانین لێکتر دابڕانی کەرتەکانی کوردستان و مەحکوومبوونی بە پتر لە سێ دەوڵەتی ڕەگەز جودا( تورک، فارس، عەرەب) و گومانـاوی بەرانبەر کورد دەستی وەشاندووە لە پێکهاتنی (هۆش)ێکی کوردی، بەجۆرێکی سەلبی}.ل ٢١٩***

قوڵایی داگیرکراوی و دابەشکراوی کوردستان ،کاریگەریتی سایکۆلۆژی قورس و گرانی لەسەر کەسایەتی و هەست و نەستی تاکی کورد کردووە. تاکێکی هۆش کول بە خودی خۆی و هەموو ڕەهەندەکانی هزر و کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی و سیاسی، دەبێت چ دەعبایەک بێت، و گەرەکێتی لە زەمینەی بێئاگایی و نامۆییەوە، کار لەسەر چی بکات و چ دەستکەوێ بەرهەم دێنێ و کامە بەرنامە بۆ نەتەوەکەی ساز بدات. ئاخر دەبێت تیۆریی داس و چەکوش کەی بۆ بالای جوتیاری شارەزوور و دەشتی خۆشناوەتی و دۆڵی مەجیدخان بەدەرد دەخوات. ماکس ڤیبەر پێی وایە: نەتەوەکان پێویستییان بە دەوڵەتی خۆیان هەیە. نەتەوە کۆمەڵگایەکی خاوەن بەهای ئەوتۆیە کە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی خۆیدا دەتوانێ خۆی دەببڕێ، بە واتایەکی تر نەتەوە کۆمەڵگایەکە کە بەشێوەیەکی ئاسایی هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی دەدات.

کورد لە لایەن دەوڵەتی ٣ ڕەگەزی جیاوازەوە دەچەسێندرێتەوە. ئەم دەوڵەتانە بەردەوام بەتاک و بە کۆ هەوڵی دابڕ دابڕی زیاتری دەکەن و سنوور لە ناو جەرگ و دڵیدا دروست دەکەن و چاڵی قووڵ و دیواری بەرز بەروویدا دروست دەکەن.

**١٩٥ -{ ڕۆشنبیر و خەباتگێڕی کورد لە بلیمەتیی خۆیەوە، بێ مامۆستا، مەتەڵی قرتێخستنی کوردی هەڵێناوە!! }.ل ٢٢**

لەسەر ڕۆشنبیر قسە زۆرکراوە و لەگەڵی ڕوانگەوە پێناسەکراوە. کارل پۆپەر و ئیدوار سەعید زۆر باسیان لە خراپەکانی ڕۆشنبیر کردووە .پۆپەر[٦] دەڵێ: "دەزانن بۆچی من وا بیردەکەموە، کە ئێمەی ڕۆشنبیر دەتوانین هاوکار و پشتیوانی بکەین

---

[٦]Karl Popper

(مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانە - بەرزنجەیی)، بە کورت و کرمانجی، لەبەرئەوەی ئێمەی ڕۆشنبیر هەزاران ساڵە قێزەونترین زیان و خراپەکاریمان ئەنجام داوە".

لە وڵاتی ئێمەشدا بەشێکی ئەو ڕۆشنبیرانە ئەکتەر و کاراکتەری خراپی بواری ڕۆشنبیریی کوردی بوون. هەندێکیان ڕێ خۆشکەری شەڕی براکوژی بوون. کوردستان لە بارێکی ئالۆز و شپرزەدا دەژی بۆیە لەشکری قەڵەمفرۆشان تێیدا فاکتێکی کاران.

بەداخەوە سەردەمانێ گەلێ لەم بەناو ڕۆشنبیرانە و ڕەنگە ئیمڕۆش هەندێکیان هەر مابن، کورد کوشتانیان بە فەلسەفە دەنرخاند و ڕەوایەتییان پێ دەبەخشی. دەبێ کوژرانی هەزاران ڕۆڵەی کورد بەدەستی کورد چ فەلسەفەیەک بنوێنێ؟!! داخۆ تیۆری خەباتی چینایەتی چ بڵێ لەسەر ئەوەی دوو کوڕی دایک و باوکێک لە دوو حیزبی جیاوازدا دژ بەیەک دەوستنەوە؟! ئایا فەرزە لە سەریان یەکتر بکوژن؟.

***١٩٦ - { دەبێ بزانین، نەبوونی دەوڵەتی کورد بە ناچاری و بە بڕیەی وشاری هێزێکی وەک هی "اجل مبرم" پەیدا بوونی تارمایی بیرورایەکی گشتیی کوردی لە یزدانی مێژووی کورد سڕیوەتەوە، حەز بکەیت دەتوانیت ئابووریش بخەیتە سەر بیروڕای گشتی کە مومکین نییە بە دوژمنایەتی حکوومەتی داگیرکەر ئابووریی کورد یا هەر میللەتێکی ژێردەستی جانەوەری جیهانی سێیەم چرۆ بکات. کە ئابووریت نەبوو دەست بشۆ لە دووان لە بابەت هونەری خانووسازی.. ڕێوبان هەموارکردن.. هەندەسەی پرد بەسەر رووبار و زێوە.. خولاسە دەست بشۆ لە هەموو لایەنێکی پێوەندیی هەبێ بە "ژیار - حضارة"ەوە. ئەوجا کە حاڵ وەها بوو ناشێ بیر بکەیتەوە لە:***

***١ - پلانی عەقڵی. ٢ - بێپلانی و کتوپڕی، لە ڕەفتاری ئەمیرێکی یاخود سەرەک عەشیرەتێکی بەر لە سەدان ساڵ کە هەلی جموجووڵێکی بۆ پەیدا بووبێت چونکە پێش ئەو هەلە لە بارێکدا نەبووە پشوو درێژ بکاتەوە بۆ هەڵبژاردنی پلان}.ل ٢٢٤***

م. جەعفەر دەڵێ: "پێویستە رەچاوی ئەوەش بکرێ کە هۆی بنەڕەتی بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی سەرانسەری نابێ لە هەلومەرجی مێژوویی جیا بکرێتەوە. ئەو هۆیە جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. (١٩، ل٢٥). نەگونجان و نالەباری هەڵکەوت و گۆڕین و هەمواركردنی واقیعی دژوار بۆ خەباتێکی سەخت و بێوچان، کار و هونەری زۆر حەکیمانەی دەوێت. باری کۆمەڵایەتیش کە لەوپەڕی هەلاهەلابوون و هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکەکەش، بەو سەختییەی هەستی پێدەکەین، فاکتێکی تری ماڵوێرانکەرە، بە ملی کوردەوە.

میحنەتی بێ دەسەڵات و بێ دەوڵەتی، وەک هەزارپێ پەلی بە هەموو ژیان و جەستەی کورد و تاکەکانیدا کێشاوە. دەوڵەت کەخۆی ماکینەی ئابوورییە، ئابووریش سەرچاوەی ووزە و بزواندنی ماکینە بێت، ئەوا مەحاڵە بێ ئەم دەزگایە و ئابووریەکەی بتوانی بیتە گوڵێکی نێو باخچەی ژیان. بە تایبەت کە هیچ کاتێک بە درێژایی چەندین سەدە، سەقامگیریی باڵی بەسەر نیشتماندا نەکێشا بێت و هەمیشە وڵات مەیدانی ململانێی دەسەڵاتە گەورەکان بوو بێت.

***١٩٧ ـ { رۆژگار بە بانگڵۆز گەییشتە دەورانێک بیر و ئایدۆلۆجی و هونەر و زۆربەی بەرهەمی زانست و ژیاریی ئەورووپا لەسەدی نۆزدەمەوە گەییشتە کوردستان بێ ئەوەی بنگە ئابوورییەکان و فابریقەکانیان رێیان هەبێ بۆ چۆڵگەی کاکی بە کاکیی کوردنشین بکەونە رێ، جێگەیەکی وەکو کۆیێ لە ساڵی ١٩٥١ مەکینەی کارەبای گەییشتێ و بوو بە شەشەمین ئاواییی کوردستانی عێراق پاش هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە.. زۆر بە سەیری، رەنگە سەیریش نەبێ، لەسەر ساجی عەلییەوە گەنجی کورد بوو بە هەڵگری دروشمە نەزۆکەکانی ژیاریی ئەورووپا کە هەمووی بەندە بە زانست و تەکنیک و دیمۆکراسی و ئاوەدانی و ژێرخان و ژوورخان و رابووردووی سەدان ساڵ لە فراژبوون و راهاتن بە رەفتاری ژیاری و چی و...چی، کە نایەتە ژمار و وێنەگرتنەوە.. ئیتر لە رێگەی کورتەوە دەگەمە ئەوەی بڵێم وا ئێستا کوردی پرزۆڵ و دەرۆزەکەر دە جاران بایی خۆی حیزب و حیزبێنی و بیروڕای سەر بە خەبات و پرۆژەی رۆشنبیریی لێکتر جودا و مەیلە و مەحاڵ، وەکوو نێرگەلە و جگەرە، دەکێشێت و دووکەڵەکەی بە فیزەوە لە کونی گوێچکەکانی وەدەر دەنێت (نەکا پێی بڵێن***

*کۆنەپەرست). فەلسەفە و بەرنامەی جوداجودای جیهانی پێشکەوتوو تا بڵێی فێرگەی فەلسەفی و سیاسیی جوداجودای بە کورد گەیاند بێ بنەما و ژێرخان وەک ئەوەی لە دوورەوە بە نووسین فێری بیست جۆرە لێنانی بریانی و پەقلاوە و دۆڵمە و شێخ مەحشیت بکەن بەڵام کەرەستەی هیچ کامیانت نەبێ بگرە لە خوێ هەتا دەنکە کفریتی ئاگرکردنەوە.. ئەوجا لە سەریشی بەشەڕ بێیت و دیتت کابرایەک نیسکێنە هەڵدەقورێنێت بە خائینی دابنێیت.. هەڵبەت گلەیی ناچێتەوە بۆ ئەوروپا، ماڵیان ئاوا بێ کە بە پەنابەر کورد دادەکەن.*

*هاوکێشەیەک خۆی بەسەر زیهنمدا دەسەپێنێ:*

*بێدەسەڵاتی + نەداری + کەرتبوون + سەختی هەڵکەوت + فرەدوژمنی + نەریتی باری سیاسیی ناوچە دژ بە چارەنووسی کورد + دڵ و چاو نووسان لە ئاست خۆویستی + قوڵاییی ٢٥٠٠ساڵی ژێردەستی = ئەو حاڵەتەی بە چاوی خۆمان دەیبینین لە کوردستان}.ل ٢٢٥ ـ ٢٢٦*

ئەم نووسینە، هاوکێشەیەکە هەموو جومگەکانی مێژووی کوردی تێدا بەرجەستە بووە. مانیفێستێکی تژی لە مانا و هێمای هەڵکەوت و واقیعی پڕ لە تراژیدیای بوونی کورد و مێژووی تاریک و چارەنووسی خەمناک. هەڵبەت شرۆڤە و قسەکردن لەسەر هەر یەک لەم ناونیشانانە، بە ئاسانی کۆتایی نایەت. میللەتێکی بێدەسەڵات، بە درێژایی ٢٧٠٠ ساڵ و نیشتمانێکی ئابووریی تاڵانکراو، دەبێ بەرهەمهێنەری چ بوونەوەرێک بێت؟!. ئێستای کورد وێنەیەکی باڵانمای ئەو واقیعەیە کە هەیە.. کورد کەسایەتی خۆی لێ زەوتکراوە، شکۆی پێشێل و داغان کراوە و فڕێدراوەتەوە دەرەوەی بازنەی مێژووەوە. بەم هۆیەشەوە زەلیل و ملکەچی بندەستی فەرمان و حوکمی بێگانە بووە.

لە مێژووی فەرهەنگی کورد، هیچ نەبوو بخرێتە بەردەم گەلی کورد، بە واتایەکی دیکە داگیرکەر و دوژمن رێگەی نەداوە ئەوەی هەیە، پێشکەش بکرێ و بخرێتە بەر چاو و دەست. ئیدی خوێنەری کورد لە تینوێتی و نەزانی و بێئاگایی و لاساییکردنەوەدا گیری خواردووە.

***١٩٨ ـ {كورد لە مێژووەوە، بەر لە هەموو شتێک دەبێ فێری عاقڵی بێت کە بریتییە لە (١) یەکبوون. (٢) یەکبوون. (٣) یەکبوون.(٤، ٥، ٨٠، ...٩٩( یەکبوونە هەتا ئەو رۆژەی چ بە فەرمانی سیاسەتی جیهانییەوە بێت چ بەهۆی رووداوی رەخساوی رێکەوت بێت خۆی لە بارێکدا دەبینێت ئەویش وەکوو مرۆی جیهانی عادەتی مافی کورێنی و خۆگێلکردنی هەبێت کە بەراستی زێدەزێدە بەتامترە لە خۆ تاسولوسدان و ئاپلی و ساپلی بوون و بزەی سەری لێوان. ئەگەر مومکین بێ پێرەوکردنی ئەم بەیتەی نالی خارشتی تیرەی پشت دەرەوێنێتەوە:***

***بە ریا باری تەکالیف و رسوومی خەڵکی چ دەکێشی ئەمە بارێکە عەلاوەی کەرییە دوور لە رووی عاقڵان. بەچاوی خەیاڵ پێشمەرگەیەک لە شەڕی براکوژی ببینەوە کە ٤ پێشمەرگەی لە کوردە ناحەزەکەی ئەوبەری شەقام یاخود رووبار کوشتبێت، چ گەشاییەکی پێوە دیارە و چۆن چاوەکانی چریسکەی بەختەوەرییان لێ دەبریسکێتەوە.. دەبێ کورد لە پەندی مێژوو و نامێژوو فێر بێت کە چاوی بە کوشتنی پێشمەرگە نە بریسکێتەوە.. کوێربوون چاکترە}.ل ٢٢٦ ـ ٢٢٧***

دەست داگرتن.لە لایەن مامۆستاوە بەم شێوە خەستە لەسەر داخوازی و داوا و دروشمی "یەکگرتن" دەرئەنجامی لێکدانەوەی قوڵ و ئەقڵانی روانینە رووداوەکانەوە هاتۆتە کایەوە. مامۆستا باوەڕی وایە کە ئەم یەکگرتنە، دەرمانێکی گرنگ و بەرهەستی دەرد و ئازارەکانی کوردە. باشترین و کاریگەرترین چەکی شەڕی داگیرکەرانە.

ئەزموونەکانی رابووردووی مێژوو هەموویان جەخت لەسەر ئەم راستییە دەکەنەوە. مامۆستا چەمۆڵە لەو بیر و رێبازە دەنێ، کوردکوژی کردۆتە ئامانج و پاساوی بۆ دەهێنێتەوە. چەمکی یەکگرتن وەک داخوازی و دروشم لە ئەدەبیاتی کوردی دا بەلانی کەمەوە لای خانییەوە سەری هەڵداوە و بۆتە داوا و ئامانجێکی سیاسی و داخوازییەکی نەتەوەیی بەرجەستە و چەسپاو. پاش ئەویش حاجی قادری کۆیی لەسەر هەمان رێچکە رۆیشتتوە و لە ئێستاشدا، پەشیو ئاڵا هەڵگری هەمان قوتابخانەیە و بۆ ئاییندەش سەدانی دیکە وان بەرێوە. کەواتە ئەم پەیامە قەت نامرێ و ئەم قوتابخانەیەش، هەرگیزاو و هەرگیز کوێر نابێتەوە. هەر هەموو ئەمانەش دەمانگەیننە راستییەکی سەلمێندراو، ئەویش فێربوونی وانە و سوود وەرگرتنە لە مێژوو.

## پێشەکی کتێبی بەرکورتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا

***١٩٩ -{ بە نیسبەت منەوە کە تاکێکی کوردم و وتووێژم لەگەڵ ئەوە، چەندی بە قسەکانم ڕێی ئامادەبوونی کورد خۆش کەم بۆ بەهێزبوون و پەیداکردنی چەکی لەسەرخۆکردنەوە، ناگەم بە سنووری توهمە و تاوانی ستەمخوازی و دەستدرێژی، چونکە گەلی کورد لە بارێکدا نییە چاوەنواڕی ستەم و دەستدرێژی لێ بکرێت، هەتا پەل بکوتێ و تێلا بوەشێنێ، دەست و کوتەکی لە سنووری ماڵە کاولەکەی خۆی تێپەڕ ناکات، کەسێک بکەوێتە بەر کوتەکی کورد دیارە بە پێی خۆی هاتۆتە بەر ئەو کوتەکە و هەر خۆی دەستدرێژی کردووە لە سنور و ماڵ و ژیانی کورد.***

***بێگومان گەلی بێدەسەڵات پتر حەز بە خۆشی و برایەتی و داد و ئاسایش و هێمنی دەکا، چونکە هەر لەو مەیدانەدا ئومێدێکی بەسوود و بەختیاری هەیە.. ئەگەر ڕێم هەبێ و لێم بە عەیب نەگیرێ دەڵێم هەموو ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان دەخورێ ئامادەن مەزبەتەی حەرامکردنی کوشتن و بڕین و گۆشت خواردن مۆر بکەن، مەرج ئەوەیە شێر و پڵنگ و گورگ رازی بن و گۆشت حەرامکردن بسەلمێنن. گیانلەبەری بێ دەسەڵاتی گۆشت نەخۆری گۆشتخوراو هەر بەجارێ قڕانی دێت کە هات و لە خۆی غافڵ بوو و کەمتەرخەمی کرد لە خۆ بەهێزکردن}.ل ا و ب***

جگە لەوەی هەموو بیریار و تیۆریستەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نەتەوەی بندەست،نابێتە شۆڤێنی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕەوایە و بە سروشت ناوەڕۆک و مۆرکی دیموکراسی هەیە.چونکە لەجەوهەردا داکۆکی لە بوون و بەها و چارەنووسی خاک و نەتەوەیەک دەکات، دژ بە زوڵم و داگیرکاریی و وەستاوەتەوە، بەپێی ئەم یاسا و دەستووره هەرگیزاو و هەرگیز بزاڤی نەتەوەیی نەتەوەی بندەست ناچێتە خانەی شۆڤێنزمەوە. جگە لەوەش کورد چاوچنۆکی لەسەر خاکی کەس نەبووە و هەرگیزیش نەیویستووە و نایەوێ نەتەوە و میللەتێکی دیکە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بچەوسێنێتەوە. کاری لەم جۆرەی لە مێژوودا نەکردووە و ئێستاش ئامادە نییە، هەوڵی لەو شێوەیە بدات.

ئیدی، ئەوانەی ئەم تۆمەتە داتاشراوانە بڵاودەکەنەوە و لەپشت هەوڵی وا پووچەڵەوە دەوەستن، لەڕاستیدا هەڵپەیانە بۆ کپکردن و ڕاگرتنی خەباتی نەتەوایەتی نەتەوەی بندەست دەدەن و گەرەکیانە "کوردبە نموونە" بەو بارەی بە سەریدا سەپاوە هەر ڕازی بێت و دەستبەرداری خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی

خۆی بێت. بەواتایەکی دیکە دەیانەوێ میللەتانی بندەست بتۆقێنن و بە زۆردارەکی لە خانە و قەفەزی پاشکۆیی و بندەستییان بهێڵنەوە.
شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

**مێژووم و سەفەر ئەکەم و لەگەڵ خۆمدا شۆڕشەکانم ئەگێڕم**
**لە خۆم زیاتر کەس تەماشای خوێنم ناکات**
**دووکەڵم ئەسووڕێمەوە و لەگەڵ خۆمدا دێهاتەکانم دەگێڕم**
**لەخۆم زیاتر چاوی کەس ناکزێتەوە بەم دووکەڵە**
**لاواندنەوەم ئەخولێمەوە لەگەڵ خۆمدا سێدارەکانم ئەگێڕم**
**لەخۆم زیاتر کەس گوێ ناگرێ لەم کۆتەڵە**
**چیرۆکم درێژ ئەبمەوە و لەگەڵ خۆمدا قرچەقرچی شەقامەکانم ئەگێڕم**
**لەخۆم زیاتر کەس بۆنی بۆکروز ناکات**
**لە خۆم زیاتر لەخۆم زیاتر لەخۆم زیاتر**

هیچ گومانم لەوەدا نییە، تا چرکەساتی ئەم نووسینەش دەق و پەرەگرافێکی وا بەهێز و بابەتی و پڕشنگدار، لە نوسینی کوردیدا پەیدا نەبووە، بتوانی وەڕامێک لەمە لۆژیکی تری ئەو ناحەزانەی کوردایەتی بداتەوە. ڕەنگە هەموو شالاو و قورسایی، ئەو گوناهە بزانین یان دەستی گومان لە پای هیچدا، نرایە ملی کوردایەتی، دژی مرۆڤایەتی ناوزەد کرا. لە کاتێکدا داکۆکیکارە لەبەرژەوەندی ملیۆنەها مرۆڤی کورد، کە بەشێکی دانەبڕاوی مرۆییە، لەو پێکهاتەیەی ناوی مرۆڤایەتییە.
بەرانبەر هەر کایەیەکی کوردبوون، ناحەزانی ناوخۆ ڕاستە و ڕاست تۆمەتی قورسی وەک شۆڤێنێتی و رەگەزپەرستییان داوەتە پاڵ هەڵگرانی بیری کوردایەتی. ئاخر ساتێ ئەمانە دەسبەتاڵ و مێشک وشک و بیر داڕزاو بوون، چ پانتایی و قورسایی و بەهایەکی هەبوون و مۆراڵی لە ڕووبەریی هزر و ئایدۆلۆژیەکەیدا بەرانبەر بە کوردبوون هەبوو، ترسنۆکانە و بەزیوانە هانایان بۆ چەمکی زەبەلاح و ڕستەی بریقەداری چاوبەستەکی دەبرد و لە هەوڵی ناشیرینکردنی کوردبووندا بوون.
بێشکچیش لەم ڕووەوە بەشداریمان دەکات و دەڵێ: " کورد ناتوانێ هەستی نەتەوەیی خۆی دەرببڕێ و بەدەست فشار و چەوساندنەوە دەناڵێنێت. ناوەڕۆکی بزووتنەوەی کورد تەواو دیموکراتە چونکە دژی ئیستیعمار و چەوساندنەوەی

تـورک و عـارەب و فـارس بەرگـری لە خـۆ دەکـات. دیموکراسـی و شۆڕشـگێڕی توندوتۆڵ بەم بەرگریکردنەوە بەستراون.
لەبەر ئەم هۆیە داکۆکیکردن لە هەستی نەتەوایەتی و پاراستنی خاسیەت و بەها نەتەوەیەتییەکان مەرجێکی سەرەکی دیموکراسـی و شۆڕشگێڕییە بە لای کوردەوە. نەتەوەپەرستی کورد لە گەوهەردا لە ڕێبازیدا هیچ دوژمنایەتییەکی تێدا نییە". (١ ل ٤٤).

***٢٠٠ ـ{ من لە گۆشەی نیگای سوودی میللەتی کوردەوە سەیری ئەم نووسینانە و زانستانە دەکەم ئینجا بە تەرازووی ڕاستی و بێفێڵی هەڵیان دەکێشم. بێگومـان هەمـوو زانسـتێک و ڕۆشـنبیرییێک بـایەخی خـۆی هەیە، بەڵام بـۆ میللەتێکـی پـارچەکراوی مـافخوراوی وەک میللەتـی کـورد ئەو نووسـینانە و زانسـتانە و ڕاستییانەی کە ڕاستەخۆ پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە و دەوروبەری تاریک و نەزانراوی ڕۆشن دەکەنەوە و چەکێکی لەسەرخۆکردنەوە دەدەنە دەستی یەکجار بەکەڵکتـر و پێویسـتترن لە زانسـت و ڕاسـتییێکی سـادە و دوورەپەرێـز لە سـودی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئابووری..}.ل ج و چ***

خوێندنەوەی بەرژەوەندی کورد، لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ماکی و مینۆکیدا، ئامـاژەی قـوڵی بیرکـردنەوە و فراوانـی ئاسـۆی کـوردایەتی مامۆسـتا مەسـعوودە.. زانست و ڕاستی و زانینیش هەمیشە وەک چەکێکی داکۆکیکەری زیادەی بە بڕشت بۆ بەرگریکردن لە مافی ڕەوای نەتەوەیەکی بندەستی دادەنرێت. دیارە ئەو زانست و ڕۆشـنبیریەش ڕەواجـی زیـاتر دەبێت، کە ڕاسـتەوخۆ لەسـەر ئازارەکـانی ژیـانی کورد قسەی هەبێت.

٢ ـ ***{خۆناسین یەکێکە لە کەرەستە و چەکی بەرگری}.ل ح*** ٠١

سـەبارەت بە هەر تاکێـک خۆناسـین و ئاگـاداربوون لە رابـووردووی خـۆیی و گەلەکەی کـارێکی بـاش و بەسـوودە بـۆ ڕۆڵەی نەتەوەیەکـی هەڕەشـەلێکراو، دەیـان قات باشتر و پێویستترە، بگرە ئەرکێکی نیشتمانیشـە کە دەبێت خـۆی و نەتەوەکەی بناسـێ و لە سـەنگەری بەرگریـی و مـانەوەدا، تـا بتـوانێ بەم چەکە خەبـاتێکی شێلگیرانەی ئاقڵانە لە پێناوی مانەوە و بوون و ژیانیدا بەرپا بکات.

+++++++++++

مامۆستا مەسعوود، خاوەنی چەندان وتاری جۆراو و جۆرە، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و شوێنەکانی دیکەدا بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی لێرەدا لەبەردەستی مندایە و چی پەیوەندی بە ڕەهەندی ئەو چەمکانەوە بێت، کە کارمان لەسەر کردووە، ڕایان دەگوازم بۆ بەرچاوی خوێنەر. جێی ئاماژەیە، کە بەشیکی باشی وتارەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی "کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ" کۆکراوەتەوە و دەزگای "ئاراس" بەم کارە هەڵساوە و بە چاپی گەیاندووە.

## کەوچکێك شەکر بۆ قاوەی تاڵ

***٢٠٢ -{عەبدوڕەحمان پاشا یەکەم ئەمیری بابان بوو دەستی دایە کوردایەتی و لێشی بەدیار کەوت، واتە ئەم مرۆڤە لەوە دەرچوو وەک میرێکی عادەتیی حوکمخواز و دنیادۆستی رووت بێت چونکە وێڕای نیازی شەخسی لە حوکم و دەسەڵاتدا هەستی نەتەوایەتیش پاڵی پێوە دەنا بەرەو وەدەستهێنانی چارەنووس بۆ میللەتەکەی. خوێندنەوەی ئەم هەستە پیرۆزەی نەتەوایەتی لای عەبدوڕەحمان پاشا لەوانە نییە چاو و زەینی سەرنجدەر ماندوو بکات چونکە لە زۆر لاپەڕەکانی ژیانی ئەم ئەمیرەدا کردە و گوتەی ئەوتۆ نووسراوە کوردایەتیی بێ فێڵ دەڵێنەوە: یەک لەوان قسە بەناوبانگەکەیەتی لە ئاست ئەو پێشنیارەی بۆی کرا کە ببێتە والیی بەخدا بە روتبەی وەزیری ئەویش هات و گوتی یەک فرە بەفراوی کوردستان بەوە ناگۆڕمەوە}.ل ٩١***

دەبزانە گەورە پیاوێکی کورد، بەرانبەر بەو هەڵوێستەی نواندوویەتی، هەر بە تاکە دێڕێک، چونکە ئامانجی کوردایەتی بوو، چەند بە گەورەیی چۆتە نێو لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەی خۆیەوە. کەچی سەرانی کورد لە ئێستادا، لە بەر ئەوەی بۆ بەرژەوەندی خۆیان و حیزب و دەوروبەرەکەیان دەژین، فەرامۆشی پرنسیپ و ئامانجەکانی کوردایەتییان کردووە، لەسەر حسابی کوردایەتی چ هەوڵ و تەقەلایەک دەدەن، هەر بۆ ئەوەی ببنە وەزیر یان سەرەککۆمار، لە یەکێ لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە. گومانی تێدا نییە لەکاتێکدا، هەر ئەو دێڕە بۆتە مایەی، درەوشانەوەی مێژووی عەبدولرەحمان پاشای بابان. بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بەرینەوە، مێژووی ژیانی ئەم پاشایەی بابان پڕە لە سەروەریی دیکەش.

تا ئێستا چوار سەرەککۆماری سوریا کورد بووە، لە تورکیا چەندانێکی تر و لە عێراقیش دوو یان زێتر، لێ بە هەموویان نەیانتوانیوە زیندانییەکی کورد لە سێدارە رزگار بکەن.

گەر لە خودی تورک و فارس و عارەب داگیرکەرچێتییان زیاتر نەکرد بێت، وا کەمتریان نەکردووە... ئەو کەسانەی پلە و پایەی دیاریان لە دەوڵەتە دەستکرد و

داگیرکەرەکاندا هەبووە، نە لە پەراوێز و نە لە سێبەری ئەو ڕستەیەی پاشای بابان دا جێگەیان نابێتەوە. مێژووی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد چ بەهانە هێنانەوەیەکیان پێ ڕەوا نابینێ. با هەزاران قەڵەمفرۆش و زەلیل، خەریکی ڕازاندنەوەیان و مکیاج کردنی ڕووخساریان بێت.

***۲۰۳ ـ{ ڕەمزی، ڕۆڵەی بەشەرەفی کورد و هەولێر! نامەوێ لە بیرەوەرتیدا چەتری فیز و ناز بە قەڵەمەکەم لێ بدەم و بڵێم، پێی ناوێ بۆ شەهیدان شێوەن و گرین.. بە هەموو ماناوە شاگوڵێک بوویت لە باخی کوردایەتیدا، بەر لە پشکووتن هەڵوەریت.. ئاواتێک بەناکامی لە کیس نیشتمانت چوویت. بزەیەک بوویت، لە شەبەقی بەیانیدا، بەر لە خۆرهەڵات بەسەرلێوانەوە وشک بوویتەوە. وای لە ڕەنجی بەفیڕۆ ڕۆیشتووت.. وای لە زیانی بێ ئامان و سامانی میللەتەکەت بە کوژانەوەت}.ل ٤٨٢***

بەسەرکردنەوەی مامۆستا مەسعوود، لەم کەسایەتییە، تۆمارکردنی لاپەڕەیەکی گەشی تێکۆشانی کوردایەتییە و هەڵکردنی چرایەکی ڕووناکە، لە ڕۆژگارێکی تاریک و نووتەکی مێژووی دیار و نادیاری نەتەوەدا. هاوکات دانەوەی قەرزێکە بە نەتەوە و خاک و مێژووی هەلا هەلا کراو. یادکردنەوە و پەسندانی ژیانی ڕۆڵەیەکی کورد، کە خەون و ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردی بووە و گیان بازیشی لەم ڕێگایەدا کردووە و ئامادەبووە دەست بخاتە نێو دەستی هەر دەستە و تاقمێ بە شەیتانیشەوە، لە پێناوی ڕزگارکردنی کورد و گەیشتن بە ئامانج. دواجار قوربانی بە ژیانی خۆی لەم سەرەرێ پیرۆزەدا بدات، ئەوە تۆمارکردنی داستانی قارەمانێتییە و پێویستە بکرێتە ملوانکە و لە ملی هەر قوتابییەکی کورد بکرێت. وەبیرهێنانەوە و باسی ڕەمزی نافیعی جوانەمەرگ، ئەمەکە بە مێژوویەکی هەلا هەلا بوو.

***۲۰٤ ـ { دەبێ کوردی خاوێن بە کردەوە لە وێنەی تایبەتیدا کوردی خۆش بوێت، پەرۆشیشی بۆ تێکرای ئادەمیزاد وەک پەرۆشی تێکرای ئادەمیزاد بێ بۆ کورد. ئینجا ئەگەر گوترا کورد هیچی بەبەرەوە نییە لە دوورەوە میللەتان بۆی بە پەرۆش بن یان لەسەری بەدەنگ بێن ئەوسا هەر بە جارێ کورد ڕزگار دەبێ لە پەرۆشخواردن بۆ غەیر چونکە کە لێی نەوەشێتەوە چاکەی لەگەڵدا بکرێ، دیارە لێشی هەڵناستێ لە کولەمەرگی و کوێرەوەریی خۆیدا بە غەیرەوە خەریک بێت}.ل ٤٩٢***

شـتێکی بەڵگەنەویسـتە، هەر کوردێـک بەرژەوەنـدیی و وابەسـتەیی بە دوژمنـانی کوردەوە نەبێت، پێویستە نەتەوەکەی خۆی خۆش بویَ. هەروەک چۆن خێزانەکەی خۆی خۆش دەویَ. خۆشەویستی بۆ نەتەوەی خۆت، دەروازەیەکە بۆ خۆشـەویسـتی تێکـڕای مرۆڤـایەتی. ئـاخر کـوردیش بەشـێکە لە مرۆڤـایەتی، تـا ئەو شـوێنەی مرۆڤـایەتی هەسـت و بەرپرسـیارێتی مـۆڕاڵی بەرامـبەر بە کـورد هەبێـت و نیشـان بدات. خۆشەویستی بۆ نەتەوە و مرۆڤایەتی دوو دیوی یەک مەدالیایە.

مـۆریس[7] دەڵـیَ: "ئـێمە لای یەزدان دەڵـێین نیشـتمان و مرۆڤـایەتی، بەڵام گەر لە ئاکامدا هاتە سـەر ئەوەی سەرپشکی نێوان نیشتمان و مرۆڤایەتی بین، وا دەڵێین: ئەوانەی دەڵــێن فەرەنســا لەســـەرووی هەمـــوو شـــتێکەوە، ئەوانە نیشـــتمانین و ئەوانەیشی دەڵێن فەرەنسا، بەڵام...ئەوانە، مرۆڤدۆستن".

***٢٠٥ ـ{ من کە کوردایەتی بکەم دەبیَ من هەژاری کوردم بەلاوە مەبەستتر و خۆشەویستتر بیَ نەک یەکێکی دیکە. لە رێی فەلسەفەوە پەرۆشی خۆی بە هەژاری هەموو دنیا دەبەخشیَ بەو پێیەش پشکی هەژاری کورد لە پەرۆش و هەوڵی ئەو تەرزە کەسە کەم نابێتەوە وەک ئەوەی کە دایکێک هەموو منداڵی دنیای بەقەدەر یەک خۆشویستن ناتوانیَ شەونخوونی بۆ منداڵی خۆی بکات چونکە دیارە پێی ناکریَ شەونخوونی بۆ منداڵی هەموو دنیا بکات}.ل ٤٩٢***

کــاتیَ خۆشەویســـتی بـــۆ کـــورد وەک چەق و وێســـتگەی یەکەمـــی دەرچەی خۆشەویســتی بێـت بـۆ دەرەوەی خـۆی، ئەوە نرخـی لۆژیـک زانـراوە و چـاوی واقیعبینیی کراوەتەوە.. چونکە دەرئەنجامی خۆشەویستی ئەو چەقە، سەرکەوتوانە هەنگاو بەرەو چوارچێوەی بازنەکە بنێین، ئاخر هەر بە گوێرەی یاسای ماتمـاتیکیش لە چەقەوە تیرە بۆسـەر هێڵی بـازە رادەکێشریَ. کاتیَ کەسیَ منداڵی خۆی خۆش بویَ، مانای وا نییە، ڕقی لە منداڵی دراوسێیە. رۆسۆ دەڵیَ: "هەمـوو کۆمـارخوازێکی ڕاسـتەقینە، لەگەڵ شـیری دایکیـدا فرچـک بە خۆشەویسـتی نیشـتمانەوە دەگـریَ. ئەمەش مانـای خۆشەویسـتییە بـۆ یاسـا و ئـازادی. ئەم خۆشەویسـتییەش بڕیـاری هەمـوو بـوونی دەدات.. ئەو تەنهـا نیشـتمانەکەی دەبینـیَ و هەر بـۆ ئەو دەژی. هەتـا ئەو خۆشەویستییەش نەبیَ ئەو هیچ نییە. وە نیشـتمانیش نەبیَ ئەو پووچ و سفرە. خۆ ئەگەر ئەمەش نەبێت، وا هەر زۆر خراپتر دەبێت".

---

(7) Charles Maurreus

٢٠٦ ـ {کورد هەست بە ئازاری هەڵکەوتی کوردەواری بە چنگ مێژووی بێ ڕەحمەوە بکات خۆی بەو ساوایە شیرەخۆرە دێتە بەرچاو کە لە سینگی دایکی دوورخرابێتەوە: لە سۆز و بژێو بێ بەش دەبێت.

لەو ڕۆژەوە کۆرشی هەخامەنشی بوو بە میراتگری خاڵوانە مادەکانی، دەمی بە مەمکی مێژووی کوردەوە ناو لە جیاتی کورد هەرچی میراتێکی هەبیبوو، لە مایەکی و واتایەکی، هەڵی شت بۆ ناو هەناوی حکومەت لە دوا حکومەتی هەخەمەنشی و ئەشکانی و ساسانی.. هەتا ڕۆژانی سەردەم کە کورد لەتەک فارسدا وەکوو منداڵی فڕێ دراوی کەس بەخۆیەوە نەگرتووی لێ هات و بوو بە مێوانی ماڵی خۆی.

ئەو بنچکەی بەر لە دوو هەزار و پێنج سەد و ئەوەندە ساڵە کۆڕش لە دەستمانی دەرهێنا جارێکی دیکە پەنجەمان لێی گیرنەبووە: مێژوومان بوو بە ماڵی بێگانە، تەپڵی تۆپانی پێ دەکات.. دایدەلەنگێنێ.. لێی دەقرتێنێ.. بۆیاغی دەگۆڕێ.. بەسەریەوە دەنێ.. بە ئارەزۆ دەی نەخشێنێ.. کە پێویست بوو لە قوڕی هەڵدەکێشێ.

بەڕەی ژێر پێمان کە خاکی نیشتمان بێ، بەکێشەکێش، لە بن پێمانی دەردەهێنێ و دەیخاتەوە سەر بەڕەی خۆی. ناوی لووتە شاخ و بێشەڵان و پۆشڵان و کەندەڵانەکانمان لێ دەگۆڕێ بایی ئەوەی لێمانی نەناس بکات... فەرەنجی لەبەر ئاوایەکانمان دادەماڵێت و زۆڵە پۆشاکەکەی خۆیان تێدائاڵێنێ.. ناسنامەی/تەزکەرەنفووسی خۆی بۆ نژادی کورد دەردەخات.

لە لایەن زمانەوە دووچاری دەستدرێژییەکی وێرانکەر بووین:

کۆرپەی ناو بێشکە هەمیشە گوێ دەگرێ بۆ لایلایەی دایکە دڵسۆزەکەی.. ئێمە بە تێچوونی دەوڵەتی (ماد)مان دابڕاین لەو لایلایەی کە دەبوو مێژوو لە گاتاکانی ئاڤێستاوە تا ئەبەد هەڵبەست و بەیت و گۆرانی و بەستە و لاوکمان بۆ بچڕێت. ئاڤێستا هەرچی لێی کەوتەوە لە ئێمە تار بوو، باوەشێکی بێگانە مێزی لێگرت و بە بەر مەمکییەوە نیشت. پتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە مژمان لە گۆی مەمکی دایکە ئاڤێستا نەمشتووە.

خەتی ڕەچەڵەکی ئاڤێستا خواربۆوە بۆ خاوەن دەسەڵاتی دەوڵەتی: هەرچەند زاناکانی زمان دەڵێن فارسی کۆن جودایە لە زمانی ئاڤێستا، بەڵام جوداش بێت

هەرچی ئاڤێستا و داب و دەستووری زەردەشتی و پێوەندی (بیهـ دینـ واتە خاوەن دینی چاک) بەدەوڵەتەوە بە هەموو ئەو سامانە ئەدەبی و دینی و کۆمەلایەتی و سیاسییەی لە ماوەی رۆژگاری نێوان تێچوونی ماد و تێچوونی ساسانییان زاوزێی کرد بێ بوو بە هی فارس. ئەو رۆژەی سپای ئیسلام رەوی هێنا بۆسەر ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان کوردی چارەرەش بریتی بوو لە رەعیەیەکی رەش و رووت کە هیچ پشکی نەبوو لە شیرنایی حوکم: هەزار و سەد ساڵ پتر بوو کورد لە پلەی هەرە بەرەژێری بێدەسەلاتیدا سوخرە و بێگاری بۆ داگیرکەر دەکرد. چەند نیمچە کوێخایەکی پەڕپووتی فەرتووتی کورد وەکوو رێوی چاوەش کلکە کوتەی بۆ شاهەنشا و مەلیک و ئەستەندار و سپەهـ بود و مووبەد و هیربەد و دەست رۆیشتووەکانی دیکەی دین و دەوڵەت دەکرد و نیمچە مەرحەبایەکی لالووتانەی لێ وەردەگرتنەوە و بەحاڵ نانێکی حەرامی پێ لە هەژاری کورد دەڕووتاندەوە. هەر چونکە کورد بە هیچ جۆرێک لە دینی زەردەشتیی دەوری ساسانییان کە بەلای چاکەی دەوڵەتدا خوار کرابۆوە هیچ سوودێکی نەدەدیت، بگرە لە زەرەر و ئازار بەلاوە لێیەوە بۆی نەدەهات، بایی خۆ خوراندنیش بەرگری بۆ ئەو دین و دەوڵەتە نەکرد و بە گژ عەرەبدا نەهاتەوە: لە ماوەیەکی زێدە کورتدا کورد نژاد دینی تازەی کرد بە جێگری دینی کۆنی، مەگەر لێرە و لەوێ خاوەن دەسەلات و قەلاتێک کە بەرژەوەندی لەگەڵ دەوڵەت و دەستگای دینی گونجا بێ نەختێکی خۆگری کردبێ ئەویش هەر بایی ئەوەی کە بەفری سبەینان هەتاوی نیوەڕۆی پێ بکەوێت و بتوێتەوە. هەرچی فارسەکە بوو چونکە خاوەن دەوڵەت و دەسەلات بوو حەشاماتێکی زۆری تێدا بوو پەرۆشی دینەکە و دەوڵەتەکەی بێت و بەدڵ پارێزگاری لێ بکات چونکە پارێزگاری لە بەرژەوەندی خۆی دەکرد، هی وەهاشیان تێدا بوو بە دڵ پێڕەوی لە دینی زەردەشت دەکرد تا ئەوەی بەشێکیان پەنایان بۆ چین برد. پێشتریش یەزدگورد خۆی داوای یارمەتی لە ئیمپراتۆت تای تسونگ Tai Tosung کرد بەلام لێی نەبیست.

تا دواتر دەڵێ:

یەکێک لە ئاکامی بەسترانەوەی بەرژەوەندی فارسەکانی سەردەمی فەتحی ئیسلام بە دەوڵەتی ساسانی ئەوە بوو کە دوای داگیرکردنی (مداین - پایتەختی ساسانی) لە خوار بەغدا، هەرچی فارس و زمانی فارسی بوو لەگەڵ فەرمانڕەوایی یەزدگورددا پێچرایەوە و ئاوەژووی دیوی ئێران بۆوە. کوردەکە چونکە پشکی لە هیچ شتێکدا نەبوو کەس بەلای دا نەچوو، هەر لە شوێنی خۆی مایەوە، بەڵکوو لەگەڵ ئەمەشدا فارس هەر مایەوە بە میراتگری فەرهەنگی هەزار و ئەوەندە ساڵەی

***ئێـران، زۆریشــی نەبـرد دوای لەدەسـت چـوونی حوکمیـان، سـەرلەنوێ، زمـان و ئەدەبیاتیان برەوەی ستاندەوە}.***

سەرچاوە: چەند ڕیشەیەک لە ڕیشاڵی زمانەکەمان
گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە (٥)، خولی سێیەم ئەیلولی ١٩٨٦

هەقــمە لێــرەدا بڵــێم ئەم خوێنــدنەوە بەدیــقەت و وورد و قــوڵەی مێــژووی بەسەرهاتی کورد و شکستەکانی و سەرەتای چیرۆکی بندەستی، مەحکوم بوونی کورد بە دۆڕانی دەسەڵات، شاکارێکە لە هەڵسەنگاندن و شرۆڤە دا وێنەی لە دنیای نووسینی کوردیدا تاقانەیە. دیسـان ئەم چەنـد دێڕە پانۆڕامـایەکی چڕ و خەستی مێژوویـی و بە دیـار خسـتنی سـەرەتا و پەردەی کوێرەوەرییەکـانی کـورد لەسـەر شانۆی ژیان، دوای لە دەستدانی دەوڵەتی ماد.. لەم تـابلۆیەدا هەمـوو ژان و ئـازار و مەینەتییەکـانی کـورد بە هێڵکـارییەکی جـوان کێشـراوە، ماناکـان دیـارن و ڕەنگەکـان قســە دەکەن. دوای لە دەســتدانی دەســەڵات نیشــتمان، ناچـارانە فەرهەنگـی بێگـانە دەبێتە بژێوی مینۆکی و دەکرێ بە گەرووی ساوا و منداڵ و لاو و پیریدا. ئەوساش هیچ نەمامێک لەسەر رەگی خۆی هەڵناسێ و هیچ تاکێک بەشێوەیەکی سروشتی لە کەشـوهەوای خۆیـدا گەشـە ناکـات. بەهەق نەخشەکێشـانی ئەم تـابلۆیە بە جـوانترین خوێندنەوەی مێژوو و چارەنووسی کورد و فاکتەکانی لەدەسـتدانی دەسـەڵات و ئەو کوێرەوەرییانەی لە ئاکامی بێ دەسەڵاتیدا پێش هاتوون ڕازێنراوەتەوە.

دەبـێ لە شـیر و فەرهەنـگ و مێـژووی رابـووردوو و سیاسـەتی نـاکوردی، بـۆ کوردێک چ بخوڵقێ و ئەوانە چمـان دەرخـوارد بـدەن. هەمـوو شـت بەس کوردبـوون نا.

کورد وەک منداڵێکی فڕێدراوی کەس لە خۆ نەگرتووە و بۆتە میوانی ماڵی خۆی. مێژووی کـورد چـی بەسـەر هـاتووە لە شـێواندن و سـەقەتکردن و ژاراوی کـردن و نەناسکردنی، هەر بۆ ئەوەی تاکی کورد بە مێژوو و فەرهەنگی راستەقینەی نـامۆ و نەزان بێـت.. کـورد ناچـارکراوە فرچـک بە ژەکـی گـووانی داگیرکەرانـی بکـرێ بە گەروویـدا. بەسـەرهات و کوشـتار و گۆڕسـتانەکان لە قەرەداخ و نەهاوەنـدو دۆڵـی کـافر و ئەسـحابان بەڵـگەی زینـدووی مێـژووی تـاڵی کـوردن. لە کاتێکـدا خـاوەنی فەرهەنگی ئاڤێستا و بەها جوانەکانی سێکوچکەی فەلسەفەی زەردەشـت بیـری چـاک و گوتەی چاک و رەفتاری چاک.

کوردســتان به عارەبســتان و تورکســتان و فارســتان کــراوە...٨٠%، نیشــتمانی ئێستای عارەب هی خۆیان نییە. هەمەدان پایتەختی میدییەکان و سەلمان پاک هی ساسانییەکان بووە. ئەوە مێژووی دروستی ئێمە و ئەوانە.. ئێمە لە کوێدا چەقیوین و ئەوان بە کــوێ گەیشــتوون! گەر بەعــس لەدەســەڵاتدا بمــایە تــا ئێســتا وا شــاری کەرکــووکی بریــندار و تێکــڕای باشــووری کوردســتان تەواوی ســیمای دەگــۆڕدرا. ئێســتا بەشــێکی زۆر لە خەڵــک، موســڵ و گــوڵاڵە و شــارەبان وەک کوردســتان ناناسێتەوە.

*******

***پرسیاری گۆڤاری رامان: زۆرکەس تۆ بە هزرڤان / مونەزیریی کوردایەتی، دادەنێ، کوردایەتی بە لای ئێوەوە تیۆرە یان فەلسەفە؟***

٢٠٧ـ مەسعود محەمەد: { کوردایەتی وجودە ـ بوونە ـ کەینونەیە، پێویستی بە کــراس نیــیە، پێویســتی بەوە نیــیە پێســتێکی لەبەر بــکەی، کــوردایەتی بــریتییە لە حەقیقەتێک وەک خۆم مرۆڤم هەروەها کوردم، چەند مرۆڤم، چەند کوڕی باوکی خۆمم، ئەوەندەش کوردم، کوردایەتی بوێرییەکی ڕەسەنە لەمن کە مومکین نییە بیسڕمەوە، لەکتێبی حمید مطبعی کە لەبارەی منەوە نووسیوە گوتوومە: خەڵک دەتوانێ لە دینی خۆی دەرچێ، لە نیشتمانی خۆی دەرچێ، لەنازانم چی خۆی دەرچێ، بەڵام ناتوانێ لە نەتەوەی خۆی بترازێ، ئەگەر کورد بێ ناتوانێ بڵێ من کــورد نــیم قــوڕ بە ســەری، کــوەردە مەگەر بێــژوو بــێ، چــونکە بە میــرات بــۆی مــاوەتەوە، کەواتە کــوردایەتی ڕەســەنتر و بەهێزتــرە لە هەر وەســفێ بــۆ مــرۆی دەهینــنەوە مــن (مەســعوود مــحەمەد)م... تەواو... بەڵام کــوردم، چاریشــم ناچــارە و کوردم، ئیتر فەلسەفە لە کوێ بهێنم کوردایەتیم بەرجەستە بکا یا جوانی بکا و باڵ و شاخی لێ دروست بکات کوردم و کورد حەقیقەتێکە بە ملمەوەیە و وەک عەرەب، عەرەبە و عەرەبایەتی بە ملەوەیە}.

" پــێش ئەوەی هەر شــتێ بــین دەبــێ کــورد بــین". ئەمە دروشــمێکی پــارتێکی نەتەوەی وەک پاســۆکە. ســەردەمانێک لەچەنــد بەرە و لایەکەوە درایە بەر شــاڵاوی گەورە. کەچی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و زۆربوونی ئازار و ژانی کارەساتەکان و کەڵەکەبوونی ئەزموونەکاندا، دەرکەوت، دروشمێکی زیندوو و پڕبەپێستی واقیعی کوردە. دیارە گەر ئەقڵێت و بیرکردنەوە و سیاسەتکردن، لە خولگەی کوردبوون دا بسوڕێتەوە، وا بوونی نەتەوەیی کورد هیچ پێناسە و نازناوێک پێشی ناکەوێتەوە..

کاتێ تاکێک لە زەمینەی نەتەوەی کورددا لە دایک دەبێ، ئیدی مەحکومە بەو چارەنووسە و ئەم مۆری کوردبوونە بەسانایی لێی ناسڕێتەوە و لە حوکمی بەڵگەنەویستیدا دەمێنێتەوە. ئاخر ئەوکات کوردبوون چارەنووس و هەتاهەتاییە .

ڕامان: پێت وایە ڕێبازی کوردایەتی لە کوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێ؟

***۲۰۸ مامۆستا مەسعوود : {پرسیارەکەت زۆر ئاسانە و گەلێکیش ڕوونە، واتە سەرچاوە لە خۆیەوە وەردەگرێ، کوردایەتی سەرچاوەی لە کوردایەتیەوەیە، ئەگەر کورد بێ و هەستێکی بە کوردایەتییەکە و هەستێکی بە بەرژەوەندییەکە هەبێ، ئەو شتە دەکاتە یارمەتی و ئەو هەست و ئەو باوەڕەی دڵنیا دەکات}.***

کوردایەتی وەک هەستێکی پاک و ڕەسەن هەڵقوڵاوی ناو ناخ و جەرگی کورد لەسەر بنەمای کوردبوون شین بووە. کە دەربڕ و داکۆکیکاری بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کوردە. هەر تێڕوانینێک لەسەر زەمینەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی کورددا لەدایک بێت، کوردایەتییە. دەستبەرداربوونی ناسنامەی نەتەوەیی کوردستانی، لە دیدی کۆسمۆپۆلۆتی و سەلەفییەتەوە، دەتخانەی خانەی (تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا) چێتییەوە، ئەو کیانە بیژۆیانە، قەوارەی کوردی نین، کەواتە ئەوسا دەستبەرداری ناسنامەی کوردبوون و هەست و گیانی کوردستانی دەبیت و ئەوسا، فەڕت تێدا نامێنێ و کەڵکی هیچت تێدا پێوە نامێنێ.

سەرچاوە گۆڤاری ڕامان ژمارە ۱۷ی تشرینی یەکەم ۱۹۹۷

*********************

گۆڤاری گوڵان: پرسیار لەسەر یەکبوونی کورد و دیاردەی فرە حیزبی دەکات.

***۲۰۹ مامۆستا مەسعوود: {کێشەی کورد پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە نەک چاوپێداخشاندن. من دژی کۆمەنیزم بووم کە گووتوویەتی ئەوەی بڵێ کوردم سەری دەبڕم، من دژی کۆمەنیزم بووم کە ڕاوە پێشمەرگەی کردووە، من دژی کۆمەنیزم بووم کە دەڵێ ئەوەی بڵێ کورد نەتەوەیە سەری هەڵدەقەنم، بەڵام بەڕاستی من زۆر بۆ کۆمەنیزم بە پەرۆش بووم کە زیانێکی زۆریان لە خۆیان و لە کورد دا. بڕوا بکە جارەهای جار لە داخی ئەو زیانانەی بە هەردوو لا کەوتووە گریاوم. هەزاران کوژران و یەخەی کوردیان گرت و نەیانهێشت ببزوێ ئەوی لە کیس کوردیان برد لە کیس خۆشیان برد}.***

بۆ نموونه چەپ و کۆمۆنیزم بە هەڵەکانی خۆیان زیانیان بە کورد گەیاند و خۆشیان ماڵوێران کرد. مامۆستا مەسعوود، بەردەوام لە پەڕۆشی ئەمانەدا بووە، جوانترین و گرنگترین و مێژووترین پەیامی ئاڕاستە دەکات و دەیان خاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی هەستیار و گرنگی مێژوویەوە، ساتێ داوایان لێدەکات، بەخۆیان بیروباوەڕ و فەلسەفەکەیانەوە وەرچەخێن بەلای ئامانجەکانی کوردایەتیدا، لە خەباتی ئازادیی و سەربەخۆیی و ڕزگاریدا. چونکە پێی وایە، ئەم دەستەیە، دەتوانن خزمەتێکی بەرچاوی بە بایەخ پێشکەش بە نەتەوەی کورد بکەن. کەواتە داواکەی، داوایەکی زانیستییانە و بابەتییانەیە، بەرامبەر بە کوردبوون و بەهاو کرۆکی کوردایەتی، بەمەش دژ بە هەموو بیر و ئایدۆلۆژیایەکی دیکەی ناکوردستانی وەستاوەتەوە.

گۆڤاری گوڵان ،ژمارە ١٣٩ ی ١٩٩٧/٩/٢٠

***گۆڤاری گوڵان: پرسیار دەربارەی یادی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکات.***

٢١٠ـ مامۆستا مەسعوود : {دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی لە شارێکی بێ کورد لە لایەن کەسێکی تەنیا و هەژاری کورد و بێ دەسەڵاتی کورد دوور لە ڕۆشنبیریی کورد چ وێنەیەکی واقیعی کورد دەگرێ؟ لەهەمان کات گیانفیدایی تاکی کورد دەگەیەنێ، کەسێک لە قاهیرە ڕۆژنامەیەکی کوردی دەربچوێنێ، بەبێ پشتیوانی بێ ئەوەی بزانێ چارەنووسێکی دیاری هەیە، ئەوە خۆی لە خۆیدا قارەمانیەتیەکە، لە خۆبووردنە، چونکە ڕۆژنامە کارێکی گەورەیە و شتێکی هەرە سەرووی کۆمەڵایەتییە کە بریتییە لە نووسین و چاپکردن و زانیاری دان و کۆکردنەوە و...تاد.

واتە ڕۆژنامەگەریی لەناو کورددا خۆی لوتکەیەکی بەرزە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەوەیان بەراورد ناکرێ، بەڵام بۆ ئێمە شانازیە کە ڕۆژنامەمان هەیە و خۆمان لە واقیعێکی نزمداین و ڕۆژنامەشمان لە لووتکەیەکی بەرز دایە.

٢٥٠٠ ساڵە کورد خاوەنی هیچی خۆی نییە، واتە (٢٥٠٠) ساڵە یەک ڕستە بە کوردی نەنووسراوە بەم دواییە شیعر پەیدابوو لەسەرەتای ئەم سەدەیەش قوتابخانە بە کوردی کرایەوە لە کۆیە قوتابخانەیەک لەسەر داوای باوکم (مەلای گەورە) کرایەوە، لە سلێمانی قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری هەبوو، لە کۆیەش

سلێمان نەزیف بروسکەی لێداوە و دەڵێ لەسەر شەرەفی مەلا محەمەدی ئەفەندی ئەم قوتابخانەیە دەکەینەوە، مەبەست ئەوەیە هەمووی (٩٠) ساڵێکە نووسینی کوردی و کتێبی کوردی پەیدا بووە. لەسەردەمی پیشەسازیی و ڕۆشنگەریی و کۆمۆنیکاسیۆندا، لەدەرەوەی نیشتمانی خۆی یەکەمین ئەستێرەی ئاسمانی رۆژنامەی کوردیی لە ئاسماندا دروەشایەوە کورد مادام بێ دەسەڵاتە واتە بێ رۆشنبیریشە بێ بازرگانیە، بێ زانستە، بێ هەموو شتێکە، جاران دەگوترا عەشیرەتگەری بووەتە هۆی دروستنەبوونی حکومەتی کوردی، بەڵام بەداخەوە لەم دواییە هەرچی نەزم هەیە هەمووی تێکچووە}.

لەسەردەمی پیشەسازیی و ڕۆشنگەریی و کۆمۆنیکاسیۆندا لەدەرەوەی نیشتمان، کاتێ یەکەم ئەستێرەی رۆژنامەی کوردی لە ئاسمانی نەتەوەدا هەڵبێت، ئیدی ئەوە بە رۆژ و رووداوێکی مێژوویی و گرنگ و جەژنێکی رۆژنامەگەریی دادەنرێ. بکەری ئەم رووداو و وەرچەخانە، دەچێتە لیستی تاکە هەرە دڵسۆز و هەڵکەوتوو و دیارەکانی نەتەوەی بێ دەوڵەتەوە. هەر بۆیەشە لەو ڕۆژەوە تا ئێستا، ١١٨ ساڵە، میقداد بەدرخان، وەک گەشاوەترین کەسایەتی دنیای رۆژنامەگەریی کوردی دەدرەوشێتەوە و بە سەدان بۆنە و ئاهەنگ و بیرەوەری بۆ کارە مەزنە نەتەوەییەکەی لە سەرتاسەری کوردستان بەڕێوە دەچێت. مەسعوود محەمەد ئاماژە بە تەنیا باڵیی کورد دەدا، وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و لەم دەلاقەشەوە، پیرۆزی تاکە هەڵکەوتووەکانی بەدیاردەخات.. تێکۆشانی تاکە هەڵکەوتووەکانی کورد دوور لە نیشتمان، بێ ئەوەی لە ئامانج دڵنیا بێت، ئەوپەڕی نموونەی قارەمانێتییە. ئێمەی کورد بن دەست و بێدەسەڵات کراوین، مێژوومان مێژوویەکی درێژە و نەنووسراوەتەوە چونکە بێ دەسەڵات بووین مانای لە دەستدانی هەموو هێز و کاریگەرێتی و رۆڵگێڕانەکانی لە کۆمەڵایەتی و مێژوودا. "ناسیونالیزمی دوورمەودا، بۆچوونێکی تری گەشەسەندووە لە تیۆریی ناسیۆنالیزمی (ئەندەرسۆن)، کە نەتەوە بە جڤاتێکی رامانکراو دادەنێت. لێرەدا خەڵکانی نەتەوەی ڕامانکراو، هەستی پێوەندارێتی هاوبەشیان هەیە، بێ ئەوەی ئەمانە هیچ جارێ یەکتریان دیبێ و ناسیبێ. ئەم هەستی پێوەندارێتییە، بۆ نەتەوەیەک، لە ناسیۆنالیزمی دوورمەودادا، لە ڕێگای زمانی هاوبەش و مێژووەوە، بەهۆی

سـیمبۆله هاوبەشـەكان و ئەفسـانەوە تینووتـاو وەردەگـرێ و بەسـەر سـنووری دەوڵەتە نەتەوەییەكاندا تێدەپەڕێ و دەیانبەزێنێ و پارێزگاریی لێدەكرێت".(٢٧).
گوڵان، ژمارە ١٧١ی ١٩٩٨/٤/٢٢

**رۆژنامەی بەدرخان**

بەدرخـان: بیروبـاوەڕی كـوردایەتی گەلـێ زەبـری بەركەوتـووە و زۆری فشـار خراوەتە سەر، بەتایبەتی لە لایەن كۆمەنیزم و ئایینەوە، ئێوە لەمبارەیەوە بیروڕاتـان چۆنە؟

٢١١ـ مامۆستا مەسعوود: { لەم دووەی كە باسـت كـردن بیـروڕام لەگەڵ هیچیـان نییە و هەتا بڵێی پێمناخۆشە. نەدەبوو دیـن بێـت و بەربەرەكـانێ بكـات لە تێكۆشـانی میللەتێكی مەغدوور. چونكە دنیا هەر نوێژ و رۆژوو نییە، ئەوەی كە كوردایەتیش دەكا بەشێكی زۆری نوێژ و رۆژی واز لێنەهێناوە و هەر موسڵمانە، جا ئەوەی خـۆ دەكاتە لەمپەر لە پێش هەنگاوی كوردایەتی، بە قەنـاعەتی مـن نوێژەكەشـی دروسـت نییە، حەجەكەشی دروست نییە و هەرچی ناوی لێدەنێیت دروست نییە، ئەوە فیكـری منە و ئیمانی منە}.

ئەگەرچـی لە نووسـینەكانی مامۆسـتادا، هەنـدەك ئـایەتی قورئـان و بەسـەرهاتی ئایینی بەرچاو دەكەون و خەڵكانێكیش هەن بە پشتبەسـتن بەم دیـاردەیە، دەیـانەوێ بەرگێكی ئۆلی بكەن بە بەری نووسین و بیروباوەڕی مەسعوود مـحەمەددا. پێمـوایە ئەم كـورتە وەرام و پەیـامە ڕوونە، بەڵگەیەكـی حاشـاهەڵنەگری هەرە زینـدووە، كە كوردایەتی مامۆستا مەسعوود تەمـومژی لەسـەر نییە و هێجگـار رەسـەن و بەهێـز بووە و هیچ ئیعتبارێك سەرووی ناكەوێتەوە.

كاكەوەیس دەڵێ: "حەج مەرجی خۆی هەیە و كێ ئەگەر خەمی نەتەوەكەی خـۆی هەبێ بەرەوای دەزانێ، خەڵكانێك خاكیان داگیركرابێ حەج بكەن؟ تۆ منداڵێك بەبێ سەرپەرشـتیار لە پێنـاوی حەجـدا جێبهێڵیـت، حەج نـاكەوێتە سـەرت، جـا وەرە، میللەتێك جێبهێڵە".(٢٥،ل١٢٢).
رۆژنامەی بەدرخان ژمارە ٨٣ی تەمموزی ٢٠٠٧

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

***گۆڤاری ڕەنگین: پرسیار دەربارەی نیشتمانپەروەری سەردەم دەکا،دەبێ چۆن بێت؟***

٢١٢ مامۆستا مەسعوود - { بێ فەلسەفە و زمان خواکردنەوە بەسادەیی خەریکی تەبایی میللەتەکەی بێت: کورد هیچی بەبەرەوە نییە بەقوربانی ئامانجی لاوەکی بکرێت بەحاڵ و ناحاڵ بەڕەی خۆی پێ لە ئاو دەردەهێندرێت یان نا! خەڵک تێکبەردان بە بەرنامەی سیاسەت، دین، چین پاشگەزبوونەوەیە لە پێداویستی ژیانی کورد. ئێمە ئەگەر هەموومان ئەندامی یەک خێزان، بێ جیاوازی و جودایی بین ئنجا ناکەین هیچ}.

لەم پێناسە کورت و سەر پێییەدا، جارێکی دیکە جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکێتی نەتەوەیی و تەبایی و یەک ڕیزی بە پەرۆشەوە.

ئەم داوایەش کوتومت باوەڕی سروشتی خۆیەتی و لە هەست و نەستی کوردانەیەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک خەمخۆرێکی دیار و ئالا بەستی ئەم مەیدانە. مێژووی ژیان و تۆماری ڕەفتار و گوفتاری لەم تەوەرەدا خولییان خواردووە و بەڵگەی زیندوون.

***ڕەنگین: پرسیار دەربارەی خواست و ئارەزووی مەسعوود محەمەد لە ژیاندا؟***

٢١٣ـ مامۆستا مەسعوود:{خواستی من حەسانەوەی هەموو ئادەمیزادە بەتایبەتی هی لێقەوماوان کە لەو بارەدا کورد پشکێکی زۆری بەردەکەوێت}.

ژمارە و ساڵی بڵاوکردنەوەی.................

خۆشەویستی مەسعوود محەمەد بۆ ئادەمیزاد سەرووی هەموو داخوازییەکانێتی، لەم میانەشدا مرۆڤی ستەملێکراو و چەوساوان.

ئا لەم چرکە ساتەشدا مامۆستا مەسعوود بێ ئەوەی شەرم بکا و بەخۆیدا بشکێتەوە لەوە سڵ بکاتەوە پێی بگوترێ کۆنەپەرست و نەتەوەیی، بە ئاشکرا و بوێرانە پەیامەکەی ڕادەگەیێنێ. وەک بیریارێک، هەمیشە نەتەوەکەی خۆی لەبیرە، کە یەکەمین زوڵملێکراوی جیهانە و کەس وەک کوردی بەسەر نەهاتووە و نموونەی لەسەرتارسەریی جیهاندا بەرچاو ناکەوێت.

کەواتە ئەم داخوازییە مۆڕاڵی و سەنگین و پیرۆزە، مامۆستا لە ژیاندا هەیەتی، دەقاودەق ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی ناخ و باوەڕی بەرزێتی بە مرۆڤ. ئاخر مامۆستا باش لەوە گەیشتووە، ئەم جیهانە پانوبەرین و بەرز و قوڵە، بوونەوەرێکی وەک مرۆڤی تێدا بەختەوەر و ئازاد نەبێت، وێرانە و کاولستانێکی رووتوقووت و زیندانێکی گەردوونییە. هەر لەم دیدەوە پێویستە کەس ئەوە لەیاد نەکات، کە مرۆڤ سەرەوەری ژیان و گەردوونە.

من گەورەیی و بەها و گرنگی مرۆڤم لە بیروباوەڕی مەسعوود محەمەددا، ناوناوە "فەلسەفەی مرۆڤدۆستی - هومانیزم" بە مۆرک و ناواخنێکی کوردانەوە. پێشموایە قورسایی هەرە سەنگینی بەرهەمەکانی مامۆستا لە پێناوی بەختەوەری مرۆڤدا بەرهەمهاتووە. مرۆڤ ئەکتەر و پاڵەوانی یەکەم و سەرەکی سەرشانۆی جیهانبینی مامۆستا مەسعوودە.

سەرنج: لێرەدا تەنیا ناوی ئەو کتێبانەی لە دووتوێی ئەم بەرهەمەدا خوێندنەوەیان بۆ کراوە دەنووسم، دەنا مامۆستا کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەیشی هەیە، کە پێوەندییان بە باسەکەمانەوە نییە. ئەم بەرهەمانە، ساڵی دەرچوونیان لەبەرچاو گیراوە. واتە بۆ نموونە کاتێ کتێبێک بە عارەبی لە ساڵانی ١٩٨٠ دا دەرچووبێ و لە دوو هەزاردا کرا بێت بە کوردی، وا لە رووی کرۆنۆلۆژییەوە ساڵی دەرچوونەکەی بە عارەبی لەبەرچاوگیراوە، بەڵام تێکستەکان لە دەقە کوردییەکەیەوە وەرگیراوە..تەنیا بۆ بەرهەمەکانی حاجی قادری کۆیی و مرۆڤ و دەوروبەر، کە هەر یەکەیان لە سێ بەرگ پێکهاتووە، ئەم پرنسیپە لەبەرچاو نەگیراوە. ئەویش بە مەبەستی ئەوەی خوێنەر لە ناوەڕۆکی زنجیرەی کتێبەکان دانەبڕێ و تووشی ماندوو بوون نەبێت.

**سەرچاوەکان:**


١ــ د. بێشــکچی، ئیســمائیل، کــورد و مەســەلەی کــورد.و.لاس، بڵاوکــراوەی ڕێخــراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا ـ سۆکسە ـ ،١٩٩٢

٢ـ عەلی،(ئازاد مستەفا) پاسۆک لە کڵاورۆژنەی دروشمەکانییەوە. عەلی، نەورۆزی ١٩٨٤

٣ ـ پەهــــلەوان، فەرهــــاد عەبدولحەمید،زەردەشــــت و ئاڤێســــتا و فەلســــەفەی یەکتاپەرستی،هەولێر٢٠١٣ خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٤ـ د. میران، ڕەشاد ، ئێتنۆگرافیا و یەکێتی ئێتنیکیی کورد. هەولێر ٢٠٠٩

٥ـ سمیس، ئەنتۆنی دی ، نەتەوەخوازی .و.هوشیار سیوەلی هەولێر ٢٠٠٤

٦ـ د. نەبەز،جەمال، گۆڤاری نیشتمان.سوید ١٩٨٥

٧ـ د.کەندال، کورد و ترک بەرگی دووەم.و، شێرکۆ هەژار ٢٠٠٩

٨ـ قەراخی، عەتا، کۆمەڵگای کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی.سلێمانی ٢٠١١

٩ـ بەرزنجەیی، هەڵۆ ، پرۆژەی گاپ، ئەڵقەیەکی تریی کۆلۆنیالیزمەکردنی کوردستان . بەرلین ٢٠٠٤ بڵاوکراوەی سۆکسە

١٠ـ د. نەبەز،جەمال، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد چاپی هەولیر ٢٠٠٧

١١ـ د. نەبەز، ج،فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا.چاپی ١ـ یۆتۆبۆری٢٠٠٩ بڵاوکراوەی کۆمەڵەی یارسان .

١٢ـ د. بێشکچی، ئیسمائیل، کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی و.ڕێبوار ڕەشید هەولێر ١٩٩٣

١٣ـ قەراخی،ع. چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردی دا.سلێمانی ١٩٩٩

١٤ـئازاد مستەفا،بێستون، ئازاد مستەفا لە دووتوێی نووسینەکانیدا.سلێمانی ٢٠١٣

١٥ــــ د.محمــــد صــــالح ،مــــحەمەد، گەشەســــەندنی بیروبــــاوەڕی ناسیۆنالیســــتی لە ئەوروپا.و.حەسەن یاسین ئەکادیمیای کادێران ٢٠١٣سلێمانی

١٦ـ کۆرن،دەیڤد ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عێراقەوە.و.ئاوات عەبدوڵڵا،ناوەندی خاک ٢٠٠٧

١٧ـ حەمە باقی، ،محەمەد مێژووی مۆسیقای کوردی.ئێران ١٩٩٦

١٨ـ د. مستەفا،عرفان، بوونی نەتەوەیی کورد.چاپخانەی ڕەنج،٢٠١١

١٩ـ جەعفەر، فازیل کەریم، مێژووی بیری کوردی.مەکتەبی بیر و هۆشیاریی ی.ن.ک ٢٠٠٥ سلێمانی

٢٠ـد.خەزاعی، خسرەو گاتاکان ،سروودە ئەهوورایییەکانی زەردەشت.و.هادی محەمەدی دەزگای سەردەم ٢٠١٢

٢١- محەمەد،مەسعوود، لە پەرۆشەکانی ژیان و. مەسعوود محەمەد ستۆکهۆڵم بڵاوکراوەی کتێبی هەرزان ١٩٩٧
٢٢ــــــ بەرزنجەیی،هەڵـــــۆ، دەســـــەڵاتی کورد،حەســـــەن عەلەوی و دەوڵەت...٢٠١٢
http://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=73520&authori
٢٣ـ خوێنـدکاری کورد،ژمـارە ٢٠ ی ١٩٩٥ و ٢٦ ی ١٩٩٨،بڵاوکـراوەی سۆکســە. دەزگـای چاپەمەنی شەهید فەرهاد .بەرلین
٢٤- شاکەلی،فەرهاد، کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە. هەولێر،٢٠١٠،دەزگای ئاراس
٢٥- بەرزنجەیی، هەڵۆ، پرسـیارەکان هێشتا تینـووی وەڵامـن، چـاوپێکەوتن لەگەڵ حەکیم کـاکەوەیس، کەرکوک،٢٠١٠،بڵاوکـراوەی ناوەنـدی ئاڤێستا (ناوەنـدی رونـاکبیری نەتەوەیی کورد(.
٢٦- بێگن، مەناخیم، راپەڕین، و.سەرداری سدیق ئەمین.سوید ١٩٩٦
٢٧ـ ناسیونالیزمی دوورمەودا،و.هەڵۆ بەرزنجەیی
:http://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=73489&authorid=443
٢٨- کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا،و.سـەعید ناکام،بەخـدا ١٩٧٩،چاپخـانەی کۆڕی زانیـاری کورد
٢٩ــ بەرزنجەیــی، عــومەر مەعروف،نووربەخشی،شــیعرەکانی مەلیکــی کوردســـتان شــێخ مەحموودی بەرزنجی ، سلێمانی ٢٠٠٦
- بڵاوکراوە و ئەدەبیاتی، پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک - .دیوانی شاعیران.
Hagen Schulze,Staat und Natio in der europäischen Geschishte.Verlag C.H.Beck1999
K.W.Deutsch,Nationenbildung-Nationalstaat-Integration.Universitätverlag Düsseldorf 1972
Rolf-Ulrich Kunze, Natio und Nationalismus Wissenschfliche Buchdesellschaft,Darmstadt 2005
Theodor Schieder,Nationalismus und Natinalstaat, Vandenboeck&Ruprecht,Göttingen 1991
Christian Jansen,Henning Borggräfe ,Nation Natinalität Nationalismus Campus Verlag2007
Ernst Gellner,Nationalismus,Kultur und Macht,Siedler…..?
Der Spiegel,Geschichte:Das Britische Empire,NR.1/2013